# ژنە نووسەرەکانی کورد

زامدار ئەحمەد

٢٠١٩

ژنە نووسەرەکانی کورد

زامدار ئەحمەد



بەرگ: ئەنجام انور

# ژنە نووسەرەکانی کورد

کوردستان موکریانی، شوکریە ڕەسووڵ، سۆزان جەمال، مەهاباد حەسەن، بەیان سەلمان، شیرین. ک، ڤینۆس فایەق، کنێر عەبدوڵڵا، گەلاوێژ خان، شیرین تاهیر، زێنەب یوسفی، کازیوە ساڵح، باران، چنار نامیق، چنوور نامیق، شلێر ڕەشید، نازەنین عوسمان، فەوزیە ساڵح، زارا ستاوەند، شیلان گەیلانی

**زامدار ئەحمەد**

**٢٠١٩**

**ناسنامەی کتێب**

کتێب: ژنە نووسەرەکانی کورد

ئامادەکار: زامدار ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: ٢٠١٩

شوێنی چاپ: چاپخانەی تاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٥٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.

## پێرستی بابەتەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٥ |
| ١ | کوردستان موکریانی | ٩ |
| ٢ | شوکریە ڕەسووڵ | ٤١ |
| ٣ | سۆزان جەمال | ٧٣ |
| ٤ | مەهاباد حەسەن | ١٠١ |
| ٥ | بەیان سەلمان | ١٢٥ |
| ٦ | شیرین. ک | ١٤١ |
| ٧ | ڤینۆس فایەق | ١٥٣ |
| ٨ | کنێر عەبدوڵڵا | ١٦٥ |
| ٩ | گەلاوێژ خان | ١٨٧ |
| ١٠ | شیرین تاهیر | ٢٠٣ |
| ١١ | زێنەب یوسفی | ٢١٩ |
| ١٢ | کازیوەساڵح | ٢٣٥ |
| ١٣ | باران | ٢٤٩ |
| ١٤ | چنار نامیق | ٢٥٩ |
| ١٥ | چنوور نامیق | ٢٧١ |
| ١٦ | شلێر ڕەشید | ٢٨٣ |
| ١٧ | نازەنین عوسمان | ٢٩٧ |
| * | نووسین منداڵان | ٣١٣ |
| ١٨ | فەوزیە ساڵح | ٣١٣ |
| ١٩ | زارا ستاوەند | ٣٣١ |
| ٢٠ | شیلان گەیلانی | ٣٣٩ |

# پێشەکی

خەریکی نووسین و ئامادەکردنی کتێبی "ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد" بووم. لەگەڵ دوکتۆر هاوژین سڵێوە، گەنگەشەی نووسینی کتێبەکەمان دەکرد، ئەو بڕوای وابوو، نێوی چەند ژنێکی زیندووی خاوەن قەڵەم لە کتێبەکەدا بوونی هەبێت. ئەو پێشنیارە، کۆبیری منی بەلایەکی تردا برد. دەستبەجێ و بەوردی خەریکی وەدەستخستنی زانیاری بووم، سەبارەت بە ژنانی نووسەری کورد، وەلێ هیچم وەچنگ نەکەوت. بەدەر لەزمانی کوردی چاوم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆگڵ کرد، زانیاری باش و زۆرم لەبارەی ژنە نووسەرەکانی زۆربەی وڵاتان دەستکەوت، بۆ وێنە: ژنانی ئەمریکی، ئەروپی، فارسی، تورکی و عەرەبی.. ئەمە بووە سەرەتایەک بۆ کارکردن لەسەر ژنانە نووسەرەکانی کورد. ماوەی چەند مانگێک دەستم لە نووسینی کتێبی "ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد" هەڵگرت، بەوردی بەدوای ئافرەتە نووسەرەکانی کورددا وێڵ بووم. پێوەندیم بە چەند خانمە نووسەرێکی هاوڕێمەوە کرد، پڕۆژەکەیان بەلاوە جوان و پەسەند بوو. خۆشم، بڕیاری تەواوم دابوو، کە کارێکی لەمشێوەیە بۆ قەڵەم بەدەستە ژنەکان ئەنجام بدەم. سەرەتا بڕیاربوو کۆی گشتی ژنە نووسەرەکانی کورد بخەمە نێو چوارچێوەی ئەم کتێبەوە،

لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی کتێب و شوێنە فەرمی و نافەرمییەکانی تایبەت بەم بوارە، لەپێوەندیدا بووم و لەهەر شوێن و جێگایەک باسی کتێب و نووسەران بکرابوایە، ڕاستەوخۆ دەمپرسی: ئاخۆ چ خانمێکی نووسەر دەناسن! لەم نێوەندەدا نێوی ژمارەیەکی زۆری خانمانم وەدەست کەوت. بەڵام ئومێد بەخش نەبوو، لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەک نەمدەتوانی کۆی گشتی ئافرەتە نووسەرەکانی کورد لای خۆم تۆماربکەم. ئەمەش پێوەندی بە سیستەم و میکانیزمی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، چونکە کتێبخانەیەکی نیشتیمانیمان نییە!، بۆ ئەوەی بەبێ گرفت سەردانی بکەم و لەنێو کوچە و کۆڵانەکانی کتێبدا ورد بمەوە و نێوی هەموو خانمان لای خۆم تۆماربکەم.

ئەگەر کۆی گشتی خانمانمان وەرگرتبووایە، دەبوو لە مەستوورەی ئەردەلانییەوە دەست پێبکەین، تا دواهەمین قەڵەم بەدەست، ئەمەش کارێکی سانا و ئاسان نەدەبوو، بۆ تاکە کەسێک، چونکە ئەمە کاری گروپ و هەرەوەزییە. هاوکات، نەدەتوانرا هەموو خانمان لەو کتێبەدا کۆ بکەینەوە، دەستم بەهەموویان ڕانەدەگەیشت، جیا لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوەی دەرچوونی زانکۆ و ماستەرنامە و دوکتۆرای خانمان کراوە بەکتێب و بەهۆکاری تایبەت و جیاوازەوە وازیان لە نووسین هێناوە و نێویان لە پانتایی نووسیندا نەماوە. هاوکات، لەوەدەچێ نێوی ژمارەیەکی زۆری نووسەرمان وەبیربچێ و نووسەران نیگەران ببوونایە.

بۆ ئەوەی کارێکی باش بکەین، شێوازی نووسین و ئامادەکردنی کتێبەکەمان گۆڕی، بەوەی تەنیا خانمە زیندووەکان لەکتێبەکەدا دابنێین و مۆدیل و ڕەوتی "زیندوو کوژی مردوو پەرست" بگۆڕین. ئەمەش ئاریشە و گرفتی بۆ وەپێش دەخستین. بەناچاری بڕیارماندا، ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی لە سەرووی دە کتێبیان بڵاوکردۆتەوە بخەینە چوارچێوەی کتێبەکەوە. بەمشێوەیە ژمارەیان زیادبوو و گەیشتە بیست خانمی قەڵەم بەدەست،

ئەگەرچــی بەشــێک لەو ژنــانەی لەچوارچێــوەی ئەو کتێــبەدا بوونیــان هەیە، ڕەخنەیان لە بنەما و پێوەری هەڵبـژاردن و میکانیزمی کارەکە هەبـوو، وەلـێ شـوێنگرەوەیەکی باشـتر بـوونی نەبـوو. کـارکردن لەسـەر چەنـدایەتی بـۆ ئەم پـڕۆژەیە، غەدرێـکە لە زۆر نووسـەری بەتوانـا و بەئەزمـوونی کـورد، کە جـێ دەستییان لەنێو نووسین و کتێبخانەی کوردیدا دیارە. ئەڵبەتە دەمخواست ژنە نووسـەرە کوردەکـانی چـوار پارچـەی کوردسـتان لـە کتێبەکـە دانـێم، بـەڵام سازنەبوو، ئەوەی بەردەست بوو تەنیا سێ خانمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

بەبەردەوامــی لەگەڵ نووســەرانی هێــژا لەپێوەندیــدابووم، بەشــێکیان هاوکــاری و هەمــاهەنگی باشــیان کــردم، لەپێــدانی کتێــب و زانیــاری و پێداویستییەکانی تایبەت بەم کتێبە. هاوکات، چەند خانمێکی بەڕێز، بە پاساوی جیـاواز ئامـادە نەبـوون هاوکـار و یارمەتیـدەربن، لەبەرئەوە نێویـان لەنێـو ئەو کتێبەدا نییە!، چەند نووسەرێکی دیکە خۆیان ئارەزووی بەشداریکردنیان نەبوو.

ڕیزبەنــد و دانــانی خانمــە نووســەرەکان لــەژێر بنــەمای ژمــارەی کتێبـەکانیان دانـراوە، کتێبەکانیشیان بەشێوەی ڕیزبـەندی لەکۆنـەوە بـۆ نـوێ دانراوە، هەروەها چەند کتێبێکی چەند نووسەرێک لەسەدەی پێشوو چاپکراوە و لەبازاردا نەماوە، لەبەرئەوە تـەنیا نـاوی کتێبەکـەمان هێنـاوە و ناساندنمان بـۆی نەکردووە. هاوکات، بەشـێک لـە تێکستی نووسـەر و وەرگێڕەکانمـان دانـاوە، بـۆ ئەوەی بە زمانی نووسینی ئەو خانمانە ئاشنابن.

سـوپاس و پێـزانینم بـۆ هـاوڕێی هێـژا و سـەنگین "بـەناز محەمـەد" و سەرجەم خانمە بەڕێزە بەشداربووەکان هەیە.

zamdar.ahmed@gmail.com

زامدار ئەحمەد

نەورۆزی ٢٠١٩

# کوردستان موکریانی



**کوردستان موکریانی**

دوکتۆرە کوردستان گیو موکریانی ناسراو بە کوردستان موکریانی ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. بەپلەی یەکەم بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغداد تەواو دەکات و بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا ڕووی لە مۆسکۆ کردووە، ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی فیلۆلۆژی لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت بەدەستهێناوە، هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٨ بۆ ١٩٨٢ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی و دواتر زانکۆی سەلاحەدینی پێ سپێرراوە. ساڵی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٧ لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەغداد دامەزراوە، لە گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشنبیری نوێ بەشداری بووە. ساڵی ١٩٩١ چۆتە هۆڵەندا و وەک شارەزا و هەڵسەنگێنەر لە سەنتەری وەرگێڕاندا کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بە ئەندامی کارای کارگێڕی کۆڕی زانیاری کوردستان، ساڵی ٢٠٠٦ بووە بە سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستان.

دوکتۆرە کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە سەرنووسەری گۆڤاری شاووشکایە، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە بۆ ئافرەتان، ساڵی ٢٠٠٧ بە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەڵبژێرراوە. ناوبراو لەماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامەی پێ بەخشراوە.

دوکتــۆرە کوردســـتان موکریـــانی ئـــەم بەرهەمانـــەی بڵاوکردۆتـــەوە (فەرهــەنگی ڕووســی-کــوردی، هــۆنراوەی ئـافرەتی کــورد، ڕێزمــانی کــوردی، بیســت چیرۆکــی فۆلکلــۆری کــوردی، زارە کوردییـــەکان، ڕەنگدانـەوەی دۆزی ژن بـە نێوی ژنـەوە لـەنێو ڕۆژنامەگـەری کوردیدا (١٨٩٨-١٩٧٠)، تیشـکێک لەسـەر زمـانی دانیشـتوانی کـۆنی کوردسـتان، ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی، سینتاکسی ڕستەی کوردی، ژنـی کورد بـە سـتەم دەورە دراوە، نـا بـۆ شـوێنکەوتەیی، چەنـد بابـەتێک لەسـەر ڕێبازی خوێندنی سـەرەتایی لـە هۆڵەندا، سینتاکسـی ڕسـتەی سادە لـە زمانی کوردیدا، سینتاکستی ڕستەی تێکەڵ، سەردەمانی زمانی کوردی، زمـانی کـوردی-مۆڕفۆلۆژیـا، چەند بابـەتێک لـە بـارەی زمـانی کـوردی، قواعد اللغة الكوردية، بعض جوانب النحو الكوردي، نـاوی کـچ و کوڕانی کوردی، کەشکۆڵی گیو-بەرگی یەکەم (أ)، کەشکۆڵی گیـو-بـەرگی دووەم (ب، پ، ت، ث)، زار کرمانجی، فەرهـەنگی نۆبـەرە، فەرهـەنگی هەراشـان، دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، فەرهـەنگی کوردسـتان، نامـەی دڵ، ڕێزمــانی کــوردی، شــێوەی ســلێمانی زمــانی کــوردی، فەرهـــەنگی گەورەی من، یەکەم فەرهەنگی تۆ، گۆڤاری ڕووناکی هـەولێر، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی، مؤتمر الزكرى المئوية الميلاد البارزاني الخـاد، گـوڵزاری وشــە لــە یـادی ســەد ســاڵەی بـارزانی، دەنگـی ژنـی هۆڵەنـدی لـە نێـو چاپەمەنییەکانـدا، دیـوانی ئەسـیری، بـاری سیاسـی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان، پەیڤەکانی شاووشکا).

## نووسین

## کتێبە کوردییەکان

### ١- فەرهەنگی ڕووسی-کوردی

فەرهەنگێکی قوتابخانەییە بۆ کوردی، ئەم فەرهەنگە لە ٢١٠٠ وشە پێکهاتووە و دوکتۆرە کوردستان لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا دەڵێ: " فەرهەنگی ڕووسی کوردی فەرهەنگێکی قوتابخانەییە بۆ ئەو کوردانە داندراوە، کە بە یارمەتی مامۆستا یان بە تەنیا دەست بە فێربوونی زمانی ڕووسی دەکەن. ئەم ٢١٠٠ وشەی لە فەرهەنگەکەدا هەیە بۆ خوێندنەوە و نووسینی زمانی ڕووسی پێویستن، هەروا وێنە و سەرچاوەیە کە بۆ خوێندەواران بۆ ئەوەی وشەی ئەم فەرهەنگە لە پاشەڕۆژدا زۆرتر و فرەتر بکەن. وشەی هەڵبژاردنراوی ڕووسی ئەم فەرهەنگە لە ئاخافتن و نووسیندا بە زۆری بە کار دێن وە نرخ و گرنگی بابەتی جۆراوجۆریان هەیە هەروا پەیڕەوی ئەوە کراوە، کەوا پەیوەندی ڕێزمانی هەر وشەیەک بە وشەکانی دی نیشان بکرێت.

فەرهەنگی قوتابخانەیی ڕووسی کوردی فەرهەنگێکی دوو زمانییە، هەر وشەیەکی ڕووسی لە واتەیەک زیاتری بەخشیبێ بە زمانی کوردی ماناکەی دراوە، کە بۆ تازە دەست پێکەرانی فێربوونی زمانی ڕووسی پێویستە. بەپێی توانا هەوڵ دراوە واتای وشە ڕووسیەکان بە دیالێکتی ژووروو (کرمانجی) و دیالێکتی سەروو (سۆرانی) بدرێ.

ئەم فەرهەنگە لەلایەن ێ. ئی. کێدایتینێ و ڤ. ئی. میترۆخینە و کوردستان موکریانی نووسراوە و ئامادەکراوە، ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن دەزگای چاپەمەنی زمانی ڕووسی-مۆسکۆ لەدووتوێی ٣٦٨ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢- هۆنراوەی ئافرەتی کورد**

توێژەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "سێ هۆکار هانی دام لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی هۆنراوەی ئافرەتانی کورد بکەم، ئەوانیش: نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەتی بۆ بەرهەمەی شیعری ئافرەتی کورد.. ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ژنی کورد کراون، کەوا بەرهەمی ئەدەبی لاسایی کردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی پیاوە نقووم بوونی دەنگی ژنی کوردە لە نێو دەنگی پیاودا.. یەکێتی ژنانی عێراق سەرنجیان بۆ ئەم کارە ڕاکێشام کە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ کۆڕێکی فراوانیان لە زانکۆی سلێمانی بەست لە ژێر دروشمی (زانست نەخشەی ئاسۆی پێشکەوتنی ژنی عێراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەکێشێ) منیش بە بەرهەمێکی ئەدەبی لەژێر سەرباری (ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا) بەشدار بووم. ژن لە دێر زەمانەوە ڕوو بە ڕووی چەوسانەوە بووە زانایانی زانستی کۆمەلایەتی سەرەتای سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی ژن بۆ سەردەمی پەیدابوونی ڕژێمی بەندایەتی دەگەڕێتەوە، لەم سەردەمەدا تەنێ پیاو بەرهەم هێنەری بنجی و ئەسڵی بووە، لەو کاتەدا بوو، ژن بووە بەدیلی چوار دیواری ماڵەوە کارو پیشەی زاو و زێ و بەخێو کردنی منداڵ و جێبەجێ کردنی هەموو کارێکی ناوماڵ بوو. ئەمانە بەشێکن لەو شاعیرانەی کە باسکراون (ئاواز دزەیی، د. پاکزە ڕەفیق حلمی، حەزینە، خانم، خورشید بابان، دایکی سۆلاف، سامیە چاوشلی، سەرفراز عەلی نەقشبەندی، ستارەی مەنمی، شەفیقە عەلی خورشید، فەقێ ئامینەی هەمەوەند، فضیلە عەبدوڵلا محەمەد سدیق، فریشە خان، کەوکەب هەورامانی، د.کوردستان موکریانی، میهرەبان، د.نەسرین فەخری).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن چاپخانەی کوردستان-هەولێر لەدووتوێی ١٧٥ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٣- ڕێزمانی کوردی**

بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین
ئەم کتێبە بە هاوبەشی لەگەڵ دوکتۆرە نەسرین فەخری نووسراوە و ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (وشە، ناو، جێ ناو، ئاوەڵناو، چاوگ، فرمان، ئاوەڵکار، ئامراز). نووسەران، لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێن: ئەم بەرهەمە ڕێزمانییە یەکێکە لەو کتێبانەی کە بەپێی نەخشەی لیژنەی دانانی پڕۆگرامە یەکگرتووەکانی بەشی زمانی کوردی دانراوە، کە بریتییە لە دوو پار، یەکەمیان لە وشەی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە، دووەمیان لە بەشەکانی ئاخافتن. پاری یەکەم و بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم لەلایەن دوکتۆرە کوردستان موکریانی و بەشی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم لە پاری دووەمدا لەلایەن دوکتۆرە نەسرین فەخرییەوە نووسراوە و دانراوە.
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لەدووتوێی ٢١٥ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٤- بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی**

ئەم کتێبە بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی لە خۆگرتووە و نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا وانەی زانیاریم بە قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانەی ئەیوبییەی کچان دەگوتەوە، کاتێ بابەتەکانی ئەم وانەیەم وەکو هونەرێکی ویژەی بۆ دەگێڕانەوە لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ خۆش بوو چێتریشی تێ دەگەیشتن. ئەم دیاردەیە و کەم بوونی چیرۆکی منداڵان لەم کاتەدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی کۆکردنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی کە لە ئەنجامدا لە ماوەی دوو ساڵێکدا حەفتا چیرۆکی کورت و ژمارەیەکیش هی درێژترم لەسەر زاری چیرۆک بێژانی چیرۆکی

فۆلکلۆری کوردی نووسیوە. نزیکەی بیست-سیەکم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە، هێشتا نەمووی بەرەبەرە بخەمە بەر چاوی چیرۆک دۆستانی خۆشەویستەوە، چونکە بۆ ئەوانم ئامادە کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پارچە پەخشانی کورت کورتیشم بڵاودەکردەوە ئەم پەخشانانە بوونە هۆی کەم کردنەوەی وەیان هەر بڵاونەبوونەوەی ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانە، چونکە نامەیەکی زۆرم لە خوشک و برایانەوە پێ گەیشت داوای نووسین و چاپکردنی ئەم جۆرە پەخشانانەیان لێ دەکردم، دواجار و لەدوای تەواو کردنی خوێندنم لە مۆسکۆ، ئەم بیست چیرۆکەم بۆ بڵاوکردنەوە دانا.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر لەدووتوێی پەنجا و دوو لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٥- زارە کوردییەکان**

ئەم کتێبە زمانەوانییە بەهاوبەشی لەگەڵ دوکتۆر کامیل حەسەن بەسیر، سادق بەهائەددین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی نووسراوە. نووسەران لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێن: یەکێک لە ئامانجەکانی زمانەوانان و پسپۆڕانی کورد لە دایک بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردییە، زانسترین ڕێگە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە بەراوردکاری زارە کوردییەکانە. بۆ ئەوەی لایەنی لەیەکچوون و جیاوازییان بخرێتە ڕوو جا ئەم لایەنە لەیەک چووانە بچەسپێنرێن و دیاردەی جیاوازییەکانیش لێک بدرێن و ڕێک بخرێن لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا گرنگی بابەتی ئەم کتێبە دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بەپێی پرۆگرامی داندراوی بابەتەکە.

ئەم بەرهەمە لە چوار زاری کوردی: (زاری کرمانجی خواردوو، زاری کرمانجی ژووروو، زاری هەورامانی و زاری لوری) کۆڵیوەتەوە و

بەراوردییان کردووە، لێکۆڵینەوەی ئەم چوار زارە سێ بەشی گرنگی زانستی زمان: (فۆنۆلۆی، مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)ن. کەرەستەی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە تێکست و زمانی ئاخاوتنی کوردییە بەهیچ جۆرێک لەلایەن نووسەرانەوە دەسکاری نەکراون.
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن زانکۆی سەلاحەددینەوە لەدووتوێی ١٢٥ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٦- ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا (١٨٩٨-١٩٧٠)**
ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ژن لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، کوردستان موکریانی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: لەبەرئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار زمانی نەتەوەن بەهۆی ئەوانەوەی داد و خواستی مرۆڤ دەردەبڕێت، بۆیە بە نێوی ژنەوەی داوای مافی ڕەوای ژنی کورد کراوە و دەنگیان هەڵبڕاوە و لەلایەن ڕۆژنامەگەری کوردیۆەش هەروەکو لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدیار دەکەوێت، دڵسۆزانە، ئازایانە، پشتگیری ئەم دەنگە دلێرانە کراوە. ئەم بەرهەمەش بەرهەمی بیری ئەو وتارانەن کە بە نێوی ژنی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە و لە دۆزی ژن دواون و لە سەرەتای سەر هەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردیۆە ١٨٩٨ تا ١٩٧٠ بەڵام هێندێک جار لە بەر پێویستی بابەتەکە هێمام بۆ چەند وتارێک کردووە، کە بەنێوی پیاوەوە لەمەڕ دۆزی ژنی کورد نووسراون.
کتێبەکە ئەم باسانەی لەمەڕ ژن لەخۆگرتووە: (ژنی کورد و کۆمەڵ، تیشکێک لەسەر باری ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستاندا، چۆنیەتی باسکردنی دۆزی ژنی کورد لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردیۆە، باسکردنی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە، قۆناخی یەکەم: لە چلەکانەوە-١٩٥٨، قۆناخی دووەم: لە ١٩٥٨-١٩٧٠، ئەم بیرانەی لەم وتارانەدا دەربڕاون زادەی بیری ژنن یان پیاو؟).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٥ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی سەد لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. دواتر و لە ساڵی ١٩٩٨ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

**٧- تیشکێک لەسەر زمانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان زمانانی خووری و ئورارتوو**

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ زمانی پێشووی سەردەمی ئورارتوو و خوورییەکان، بەشێک لە دەقەکانی ئەو سەردەم خراوەتە سەر زمانی کوردی ئێستا، توێژەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: نەبوونی هیچ بەرهەمێکی سەربەخۆ بە زمانی کوردی، کە زانیارییەک لە سەر زمانانی خووری و ئورارتوودا بگرێتە خۆی هۆی سەرەکی ئامادەکردنی ئەم بابەتە بووە.. ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کورد، هەرگیز پێناسەی خۆی بۆ ساخ نابێتەوە ئەگەر ڕابوردووی خۆی لا ڕووناک و ئاشکرا نەبێت، کە خوورییان و ئورارتویان لایەنێکی گرنگیان لەم ڕابوردووەی ئەو بە کەلچەرێکی دەوڵەمەند لە خاکی کوردستاندا پڕ کردۆتەوە و هێندێک جار لە چەند بوارێکدا تا ڕادەیەک کاریگەری لەسەر گەلانی دراوسێشی دا هەبووە.

ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (شوێن و کاتی هەبوونی خووریان و ئورارتوویان، شوێنەواری نووسراو بە زمانی خووری، شوێنەواری نووسراو بە زمانی ئورارتوو، پێوەندی نێوان زمانی خووری و زمانی ئورارتوو، فۆنۆلۆژی و فۆنۆتیکی زمانانی خووری و ئورارتوو، وشەی فەرهەنگی و وشەی داڕشتن، نێو، جێ نێو، ئاوەڵنێو، ئامراز، نێوی کار، کار، داڕشتنی سینتاکسی، بەندیواری زمانانی خووری و ئورارتوو بە زمانانی کەفکازێوە، هەندێک لایەنی لێکچوو لە نێوان زمانانی خوری و ئورارتوو و کوردیدا، تێکستێک بە زمانی خووری کۆن، واتای تێکستەکە بە زمانی کوردی، لە نامەکانی توشراتای پاشای میتانی، واتای نامەکەی توشراتا بە زمانی کوردی،

تێکستێک بە زمانی ئورارتوو، واتای تێکستەکە بە زمانی کوردی، چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست، وێنەی شوێنەوارێک نووسراو بە زمانی خووری، وێنەی شوێنەوارێکی نووسراو بە زمانی ئورارتوو).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٥ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی هەشتا و هەشت لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. دواتریش لە ساڵی ١٩٩٩ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

**٨- ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی**

ئەم بەرهەمە تایبەتە بە ژن و پەیوەندی بە دۆزی نەتەوایەتی، نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: ڕاستە هەزاران کیلۆمەتر لە وڵات دوورم، بەڵام هەر بە دەنگ و باسی ئەو دەژیم، بۆیە ئەم نامیلکەیەی بەردەست ڕەنگدانەوەی باری ناهەمواری براکوژی، ناکۆکی، بێ یاسایی باشووری کوردستانە، ئەو خاکەی پیرۆزەی کە گەلی ئازا و دلێر و لە خۆبردووی سەرباری نەبوونی دوچاری نا ئومێدی و بارێکی خەماوی سەخت بووە، چونکە کەی شەڕی ناوخۆیی براکوژی خەونی ئەو بووە؟ بەڵکو خەونی ناحەزانی بوون و بەدەستی هێندێک لە چەکدارانی کورد دێتە جێ، براکوژی داوێکە بۆ لەنێو چوونی کورد نراوەتەوە، نەک بۆ ئەوەی لایەکیان لەوی دی بباتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆتەیەی کە دەڵێت گرنگ هەر لەوەدانییە کە لە دەوروبەرت بگەیت بەڵکو گرنگی لە هەوڵی گۆڕینی دایە، بۆیە ئەم چەند لاپەڕەیەم بە چاپ گەیاند، چونکە لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستم بەرامبەر باری ئەمڕۆی کورد پێشانداوە، چەند پێشنیازێکیشم خستۆتەڕوو، کە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی باری سەختی کورد.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٥ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی بیست و شەش لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

### ٩- سینتاکسی ڕستەی کوردی

ئەم کتێبەش هاوشێوەی زۆربەی کتێبەکانی دیکەی دوکتۆرە کوردستان موکریانی تایبەتە بە زمانەوانی کوردی، لەبارەی ئەم کتێبەوە لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: سینتاکس، لە هەموو زمانێکدا هەر هەمان باری ڕێزمانی دەبێت و کۆمەڵە ووشەیەکی سینتاکسی، کە بریتی دەبێت لە بەشی بنجی ڕستە، توانای بە ڕادەیەک فراوانە کاریگەری دەکەوێتە سەر تەواوکار و بۆی هەیە بە شانی دیش لە ڕستەدا بگرێتە خۆی ئەم ئەرکە بە تایبەتێتی سینتاکسی بەشەکانی ڕستەوە پەیوەستە.
ئەم بابەتانە لەنێو کتێبەکەدا بوونی هەیە: (فریزی ناوی، دۆخی فریزی ناوی، دۆخی ڕاستەوخۆ، دۆخی بکەری، دۆخی خستەسەر، دۆخی بانگکردن، شوێنی سەرکار و پێوەندی بە وشەی کارەوە، فراوانکردنی فریزی ناوی، بەدیار نەکەوتنی سەرکار، فریزی کاری، فریزی کاری و دەمکاتەکانی کار، کاری تێنەپەڕ لە فریزی کاریدا، کاری تێپەڕ لە فریزی کاریدا، کاری فەرمان لە فریزی کاریدا، کاری کارا بزر لە فریزی کاریدا، شێوەی دۆخی بزری-ستاندارد، فریزی ناوی لە ڕۆڵی فریزی کاریدا، فراوانکردنی فریزی کاری، لەنێوچوونی کار، شوێنی فریزی ناوی و فریزی کاری لەنێو ڕستەی کوردیدا، بەشەکانی ڕستە لە سەرەتای ڕستەدا، بەشەکانی ڕستە لە کۆتایی ڕستەدا).
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٧ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی ١١٢ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

### ١٠- ژنی کورد بە ستەم دەورە دراوە

ئەم بەرهەمە سی و دوو وتار، پارچە پەخشان، بیرەوەری و بیری ڕاگوزاری لەخۆگرتووە، کە پێشتر دوازدە بابەتیان لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتنەوە، زۆربەی بابەتەکان بابەتی ڕۆژنامەگەرین.

دوکتـۆرە کوردسـتان موکریـانی لـە پێناسـەیـەک بـۆ نـاوەڕۆکـی ئـەم بەرهەمــەدا دەڵــێ: "دوور نییــە خوێنــەرەوەی هێــژا بــە خوێندنــەوەی نێونیشانی ئەم بەرهەمـە وا لەگـەڵ خۆیدا لێک بداتـەوە، بۆ دەبێت هـەر ژنی کورد بە ستەم دەورە درابێت؟ ئەی ئەوە نییە لە ساڵی پێراردا کۆنفرانسی ژنان لە پەکین بەسترا و هـەزاران ژنانی دونیا بەشدارییان تێدا کرد، ئەی ئەمە بەڵگەی ئـەوە نییـە، کـەوا ژن بـە گشـتی بـە جـەور و ستەم دەورە دراوە؟ ڕاستە ژن لە دونیادا دەچەوسێتەوە لەبەر ئـەوەی ژنـە، بـەڵام ژنـی کـورد و هـەروا پیـاوی کـوردیش لەبـەر بـێ دەوڵـەتی دەچەوسێتەوە و بەستەم دەورە دراون، ئەو مرۆڤە کوردەی لەنێو وڵات دایە چ ژن و ژ پیاو لـەیـەک دابـڕاون، چونکـە خۆیـان و خاکیـان پارچـە پارچە کراون، ئەوانەی لەدەست جەور و ستەم و چەوسانەوە لە وڵاتدا ئاوارە بوون و بە پەنابەری لە دەوڵەتانی جۆراوجۆری خرکەی زەویدا پەرت و بڵاوبوونەتەوە، بەدەست ژنی پەنابەری و ئاوارەیی دەناڵن، کە مردنێکی لەسەرەخۆیە. لەبەرئەوەی لە زووەوە هەستم بەو ستەمە بێ سنوورە کردووە، کە ژنی کورد تێیدا ژیاوە و دەژیـەت، لـە سـاڵی ١٩٧١ وە تا ئێستە لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا و بەچەند ساڵێکیش پێشتر لـە ڕادیۆی بەغداد بەرهـەمی بیری خـۆم لـە بـارەی دۆزی ئـافرەتی کـورد بڵاوکردۆتەوە.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٨ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا بڵاوکراوەتەوە. دواتر و لـە ساڵی ١٩٩٩ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا چاپکراوەتـەوە. دواجـار سـاڵی ٢٠٠٩ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لەدووتوێی شەست و نۆ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**١١- نا بۆ شوێنکەوتەیی**

ئەم بەرهەمە زیاتر باس لە ژنانی کورد دەکا و نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: وا خۆری سەدەی بیستەم هەنگاوی بلەز بەرەو ئاوارەبوون دەنێت، ئێمەی کورد لەم سەدەیەدا گوتمان (نا) بۆ بە زۆر بێژتنی (بەڵێ). گوتمان (نا) بۆ ژێردەستەیی، شوێنکەوتەیی، چەوسانەوە و خەباتی دلێرانەمان کرد و گوتمان (بەڵێ) بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خاک و مرۆڤی کورد. ئێمەی ئافرەتی کورد لە پاڵ ئەم ئەرکانەی لە ژووروو باسکراودا پێویستە بەرهەڵستی ئەو جۆرە شوێنکەوتنانە بین، کە ئاستەنگن لە ڕێگەی وەدەستخستنی مافی ڕەوامانداو و چیدی بەندی ئەو بیرۆکە تەسک و خوازراوە و نامۆیانە نەبین، کە بەبێ ویستی خۆمان لە مێشکماندا ئاخندراون و بوونەتە هۆی دیلی و شوێنکەوتەییمان. ئێمەی ژن بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی دەبێت سەر لەنوێ مێژووی خۆمان بنووسینەوە و لە هەمان کاتدا وەکو خێوی دۆزێک لە کێشەی خۆمان بدوێین و لێی بکۆڵینەوە و بەڕێبازێکی زانستانە و بابەتانە چارەسەری بکەین.

ئەم باسانە لەنێو کتێبەکەدا بوونی هەیە: (هوردە خەم و باری لێکچووی ژنە، کورد و ژنە ئەوروپایی، تێڕوانینی ژنی کورد بۆ سەربەستی، ژنی کورد و شوێنکەوتەیی، هۆی کەم بەرهەمی ژنی کورد، ئافرەتی کورد لە نێوان زەمانی وڵات و ڕەوگەدا، تیشکێک لەسەر باری ئافرەتی کورد لە سەدەی بیستەمدا).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٩ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی ١٠٢ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

### ١٢- چەند بابەتێک لەسەر ڕێبازی خوێندنی سەرەتایی لە هۆڵەندا

نووسەر لەم کتێبەدا دەڵێ: شارەزابوون لە جۆری ژیانی گەلان ئارەزووی زۆربەی کەسە، منداڵ هەر لەگەڵ گۆکردنیدا دەست بە پرسیار کردن دەکات و دەیەوێت دەوروبەری خۆی بناسێت، هەروا لەگەڵ پینگرتنیدا ڕۆژی هەزاران مەتر بە هاتوچۆکردنی نێو ماڵەوەیدا دەبڕێت، تا شارەزایی ئەو دونیا نوێیەی بێت، لەگەڵ مەزن بوونی منداڵدا پرسیارەکانی زێتر ماوەی جولانەوە و بزوتنەوەی فراوانتر دەبێت، منیش هەر لەم ڕووەوە و لە ڕوانگەی ئاڵوگۆڕکردنی کولتوری نێو گەلاندا، لەم نامیلکەی بەردەستتدا چەند بابەتێکی وام بۆتان نووسیوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕێبازی خوێندنی قوتابخانەکانی وڵاتی هۆڵەنداوە هەیە.

ئەم بابەتانە لەم کتێبەدا بوونی هەیە: (سەری ساڵی خوێندن و بەرنامەکانی کۆڕی پەرتووک و چۆنیەتی خۆ بۆ ئامادەکردن، هەڵوێستی میخیل، ئاهەنگی جێژنی ڕۆژی لەدایکبوون، کەناری، پشووی زستان و ئاهەنگەکانی، سەیران، شانۆگەری، ڕۆژی تاقیکردنەوەی موزیک، ئاهەنگ بۆ دەرچووانی خوێندنگەی سەرەتایی).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٩ لە هەیرنفەین-هۆڵەندا لەدووتوێی چل و هەشت لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

### ١٣- سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا

ئەم کتێبە تایبەتە بەزمانەوانی کوردی و نووسەر لێکۆڵەر لەمبارەیەوە دەڵێ: "لەنێو دەستووری گشتی زمانەوایدا سینتاکس شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لە چەند لێکۆڵینەوەیەک بەولاوە، شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئەم بابەتە بەرچاو ناکەوێت، بۆ وێنە: لەنێو کتێبخانەی کوردیدا سینتاکسی ڕستەی سادە هیچ بەرهەمێکی

سەربەخۆ، کە بۆ ئەم بابەتە گرنگە تەرخان کرابێت نییە، لەبەرئەوە بوو بە پێویستم زانی بەرهەمێکی تایبەتی بەم باسە ئامادە بکەم، بۆیە لە ڕستەی سادەوە دەستم بە توێژینەوەی ئەم زانستە کرد، چونکە ڕستەی سادە بچوکترین دانەی جۆرەکانی ڕستەی سادەیە.. هەر چ جۆرە بابەتێکی ڕێزمانی گەر سەبارەت بە تەنێ یەک ناوچە، یا دیالێکتێک بوو، لەنێو گێتی زمانەوانی کوردیدا بە ناتەواو دەژمێردرێت، لەم بەرهەمەدا هەوڵم داوە لە هەردوو دیالێکتە سەرەکێکەی زمانی کوردی (دیالیکتی کرمانجی خواروو و دیالێکتی کرمانجی ژووروو) بکۆڵمەوە و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەشم ڕستەی هەڵبژاردووی تێکستە چاپکراوەکانی کوردی ئەم دوو دیالێکتەن و بێجگە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، نموونەم لە نزیکەی شەست سەرچاوەی بڵاوکراوە وەرگرتووە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەدووتوێی ٢٠٨ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**١٤- سینتاکستی ڕستەی تێکەڵ**

ئەم بەرهەمە تایبەت بە سینتاکستی ڕستەی تێکەڵ نووسراوە، توێژەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "ڕستەی تێکەڵ لە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوودا پێکهاتووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی دیاریکراوی سینتاکسی خۆیان هەیە. باری شوێنکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو بە ڕستەی سەرەکییەوە بە کۆمەڵە هۆیەکی سینتاکسی پێوەستە، کە لە هەموان گرنگتر ئامرازی گەیەنەرە، کە ئەم ئامرازە دەچێتە نێو پێکهێنان و داڕشتنی ڕستەی شوێنکەوتوو. ڕستەی سەرەکی نێو ڕستەی تێکەڵ بە شێوەیەکی گشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی سادە، ڕستە شوێنکەوتووەکەش بە گشتی بریتی دەبێت لە ڕستەیەکی

شوێنکەوتوو، بەڵام هێندێک جار لە ڕستەیەک زێتر. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کەوا تەبایی و ڕێکەوتنی ڕستەی شوێنکەوتوو لە ڕستەی تێکەڵدا لەگەڵ بەشێک لە بەشەکانی ڕستەی سەرەکیدا بۆ نێزیکبوونی تایبەتێتی هەردوولا دەگەڕێتەوە".

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لەدووتوێی حەفتا و شەش لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**١٥- سەردەمانی زمانی کوردی-کۆمەڵە زمانانی ئێرانی**

ئەم کتێبە تایبەتە بە زمانی پێشوو و زیاتر کۆمەڵە زمانانی ئێرانی تێدایە، نووسەر لە بارەگی گرنگی ئەم کتێبە لە پێشەکیدا دەڵێ: "نەبوونی لێکۆڵینەوەیەک بە زمانی کوردی لە بارەی سەردەمانی زمانی کوردی و سەردەمانی کۆمەڵە زمانانی ئێرانی.. ڕوونکردنەوەی بەندیواری زمانەوانی لەنێوان زمانی کوردی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە لە ڕووی دۆخی زمانەوە پێیانەوە بەندە.. ساخکردنەوەی ئەوەی زمانی کوردی بە دیالێکتەکانیەوەی یەکێتییەکی وایان دروست کردووە، وەک زمانێکی سەربەخۆ پەرەی سەندووە و شێوەزاری هیچ زمانێکی نوێی ئێرانی نییە.. هاندەرێک و پاڵپشتێک بێت بۆ پشکنین و گەڕان بەدوای دۆکیومێنتی کۆن لەنێو خاکی کوردستاندا و لێکۆڵینەوەی لێیان بۆ خویاکردنی پێوەندی زێتر لە نێوان زمانانی کۆنی کوردستانی و زمانی کوردیدا.

ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (شوێنی زمانی کوردی لەنێو کۆمەڵە زمانانی ئێرانیدا، شوێنی زمانانی ئێرانی لە نێو زمانانی هیندوئەوروپاییدا، بڵاوبوونەوەی هۆزانی ئاریی زمان، هۆزانی ماد، هۆزانی سەکەس، هۆزانی فارس، زمانانی کوردستانی سەردەمی کۆن (خووری و ئورارتوو)، زمانانی ئێرانی سەردەمی کۆن، زمانی ئاوێستا،

زمـانی فاۆسـی کۆن، پێوەندی نێوان زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی کۆن، زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نێوەڕاسـت، زمـانی پـورثی، زمـانی فارسـی نێوەڕاست (پارسیک)، زمانی ماد (کوردی) نێوەڕاست، زمانی سەکەسی (خوتەنی)، زمانی سوغدی، زمانی باختری، زمانی خـەوارزمی، پێوەندی نێوان زمانانی ئێران سـەردەمی نێوەڕاسـت، زمانـانی ئێرانـی سـەردەمی نوێ و هاوچەرخ، زمانی فارسی نوێ، زمانی فارسـی هاوچـەرخ، زمـانی تـاجیکی، زمـانی تـاتی، زمـانی کـوردی، زمـانی بلـوجی، زمـانی تالیشـی، زمـانی گیلـی (گیلـەکی)، زمـانی مازنـدەرانی، زمـانی ئورمـووری، زمـانی پاراجی، کۆمـەڵـە دیـالێکتی نێـوەڕاسـتی ئێـران، زمـانی ئۆسـتینی، زمـانی یاگنوبی....).

ئەم کتێبە ساڵی ۲۰۰۸ لەلایـەن دەزگـای ئـاراس لـەدووتوێی ١٦٥ لاپـەڕە بڵاوکراوەتـەوە. هاوکـات ئـەم کتێبـە لەلایـەن مسـتەفا ئیلخـانی زادەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و ساڵی ۲۰۱۲ بڵاوکراوەتەوە.

**١٦- زمانی کوردی-مۆرفۆلۆژیا**

ئەم کتێبە هاوشـێوەی زۆربـەی کتێبـەکانی دیکـەی نووسـەر، تایبەتـە بـە زمانـەوانی کـوردی، تـوێژەر لـەبارەی ئـەم کتێبـەوە دەڵـێ: "نـەبـوونی سـەرچاوەی زانسـتی تایبـەت بـە بەرنامـەی داڕێـژراوی مۆرفۆلـۆژی هانیـدام ئـەم پـەڕتووکـە بنووسـم، هەرچەنـدە پسـپۆڕان و شـارەزایانی کـورد لـە ڕێزمـانی کوردیـدا بایـەخیان بـە بابـەتی مۆرفۆلۆژیـا داوە، زانستانە سنووریان بۆ ئەرکی ڕێزمانی: نیشـانە، پێشـگر، پاشـگر، نـاوگر و ئـامراز دانـاوە، کـە زانسـتی ئـەمڕۆ هـەموویانی خسـتۆتە ژێـر چـەتری مۆرفیمی بەندەوە.

ئەم باسانە لەنێو کتێبەکەدا هەیە: (ئاسـتەکانی زمـان، پێکهاتـەی ڕێزمـان، زانستی مۆرفۆلۆژی، تەوەری یەکەم: مۆرفیم، چـەمکی زاراوەی مـۆرفیم

مۆرف و ئەلەمۆرف، جۆرەکانی مۆرفیم، مۆرفیمیم ئازاد، مۆرفیمی بەند و جۆرەکانی، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، مۆرفیمی بەندی دارشتە، مۆرفیمی نووسەر.. تەوەری دووەم: وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە، بەشەکانی ئاخاوتن، ناو و جۆرەکانی، ناو لە ڕووی دارشتنەوە، ناو لە ڕووی ڕەسنییەوە، ئامرازەکانی خستنەسەر، ئاوەڵناو و جۆرەکانی، ئاوەڵناو لە ڕووی دارشتنەوە، ئاوەڵناوی چۆنی و ئاوەڵناوی جۆرەیی، ژمارە لە ڕووی ڕۆنانەوە، جێناو و جۆرەکانی، جێناوی کەسی جودا، جێناوی لکاو، جێناوی خۆیی، جێناوی نیشانە، جێناوی پرسیار، جێناوی دیار، جێناوی نادیار، کار و جۆرەکانی، کار لە ڕووی دارشتنەوە، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ، ئاوەڵکار و جۆرەکانی، ئاوەڵکاری سادە، ئاوەڵکاری دارێژراو، ئاوەڵکاری لێکدراو، ئامراز و جۆرەکانی، ئامرازی پێوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی گەیەنەر).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسییەوە لەدووتوێی ١٠٢ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**١٧- چەند بابەتێک لە بارەی زمانی کوردی- کۆبەرهەمی ژمارە ٢**

ئەم بەرهەمەش تایبەتە بە زمانەوانی کوردی، توێژە لەمبارەیەوە دەڵێ: "ئەم کۆبەرهەمەم تەرخانکردووە بۆ ئەو بابەتە زمانەوانییانەی کە لە کۆڕ و کۆنفرانسی زمانەوانی بەغداد، پاریس، لەندەن، هەولێر و دهۆک پێشکێشکردووە، یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاومکردوونەتەوە. لێکۆڵینەوە و وتارانی ناوئاخنی ئەم بەرهەمە بە گشتی زمانەوانین، لەنێویاندا کەم باسێکی ڕێزمانی بەرچاو دەکەوێت.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ئەم باسانەی تێدایە: (چۆنیەتی پەرەسەندنی ئۆرتۆگرافی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، تیشکێک لەسەر چاپەکانی دیوانی نالی لەڕووی دەسکاریکردنە وشەوە، کێشەی نووسینی کوردی

بە ئەلفوبێی عەرەبی و چارەسەرکردنی، اصول التنوع اللغوی فی کرکوک وصیاغة المفردات و صرفها، مێژووی فەرهەنگی هۆڵەندی و فەرهەنگی کوردی لە بەراوردێکی کورتدا، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ وەک زمانەوان، گۆڤاری هەتاو و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا، زمانی کوردی دەبێت بە زمانی هەژاران؟، پاژێک لە هەڵە زمانەوانییەکانی فەرهەنگی هەرزەی ئەکادیمیای کوردی، ئاستی زمان لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەندا، وشەی پێشنیاز چۆن بوو بە پێشنیار، دەوری گوێگرتن لە تێگەیشتنی هەر زمانێکدا، پەرەسەندنی زمانی کوردی و مەترسییەکانی، باشترین سۆنی نەک باشترینی سۆفی، تابلۆیەکانی پایتەخت و لەباربردنی هەوڵەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، زمان و ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆڵی ماسمیدیا، دارشتنی زمان لە چیرۆکی گریانەکەی حەسەن عەلەوی گریاندمییەوە، بکەری ڕەگەزی مێ لەنێو چۆڕاوی تریفەی فەرهادیدا).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن لەدووتوێی ١٣٥ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**<u>کتێبە عەرەبییەکان</u>**

**١٨- قواعد اللغة الكوردية**

ڕێزمانی زمانی کوردی، ئەم کتێبە بەزمانی عەرەبی لەناوچە عەرەبییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لە دەروازەی چاپی دووەمدا، دەڵێ: زیاتر لە دوو دەیەیە ئەم کتێبە بڵاوکراوەتەوە، بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بەزمانی عەرەبی یارمەتی و هاوکاری کردنی ئەو فێرخوازانە بوون کە لە بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین دەیانخوێندن و زمانی کوردییان نەدەزانی، ئەوان بەدوای

سەرچاوەیەکی گرنگی عەرەبیدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بە (ڕێزمانی زمانی کوردی) ئاشنابن و فێربن.
ئەم بەرهەمە یەکەم سەرچاوەی زانستییە لەنێو کتێبخانەی کوردی و عەرەبیدا، کە بەزمانی عەرەبی باس لە (ڕێزمانی زمانی کوردی) کراوە و دەروازە و سەرەتایەکی زۆر باشە بۆ عەرەب زمانەکان. لە ئیستاشدا ئەم کتێبە بۆ ناوچە عەرەبییەکان و کوردستان پێویستە، چونکە هەزاران عەرەب لە کوردستاندا دەژین و دەخوازن بە زمانی عەرەبی کتێبیان لەبارەی (ڕێزمانی زمانی کوردی) دەست بکەوێ، لەبەرئەوە جارێکی دیکە بڵاومانکردۆتەوە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری کوردی لەدووتوێی ١٦٧ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەڵبەتە پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٩ لە بەغداد بڵاوکراوەتەوە.

**١٩- بعض جوانب النحو الكوردی**

نووسەر لە پێشەکی هەندێک لایەنی ڕێزمانی کوردیدا دەڵێ: خوێنەری عەرەب پێویستی بە ئاشنابوونە بە ڕێزمانی کوردی، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ کتێب بەزمانی عەرەبی بوونی هەبێ، لەبەرئەوە ئەم کتێبەمان بەناونیشانی هەندێک لایەنی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە چەند لایەنێکی زمانی کوردی لەخۆگرتووە و کتێبێکی گشتیر و زانستییە، کە هاوشێوەی کتێبی (سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی)دایە. هیوادارم ئەمە نووسینە ببێتە هاندەر و پاڵپشتییەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی زمانی کوردی لەنێو عەرەبەکاندا.
کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە (العبارة الاسمية، الاسم فی دور العبارة الاسمية، الضمير فی دور العباره الاسمية، الصفة فی دور العبارة الاسمية، المصدر فی دور العبارة الاسمية، حالات العبارة الاسمية، موقع

العبارة الاسمية، اضمار العبارة الاسمية، العبارة الفعلية، الفعل فی دور العبارة الفعلية، العبارة الفعلية وازمنة الفعل، المجموعة الاسمية فی دور العبارة الفعلية، اضمار العبارة الفعلية)، لەکۆتایشدا ئەنجامەکان خراوەتنەڕوو.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری کوردی لەدووتوێی هەشتا و پێنج لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**ئامادەکردن**

**٢٠- ناوی کچ و کوڕانی کوردی**

ئەم کتێبە لەلایەن گیو موکریانی نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانییەوە پێداچوونەوەی بۆ کردووە و ئامادەی کردووە، لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "ناو یەکەمین دیارییە، کە دایک و باوک بە کۆرپەکەیان دەبەخشن، واباشترە ئەم دیارییە مۆری کولتووری نەتەوەیی پێوە دیاربێت، ناوێک بێت بەڕادەیەک مایەی گیانفرازی و شانازی ناولێنراوەکە بێت، کە لە هەموو ژیانیدا باوەڕبەخۆیانە خۆی پێ بەناسین بدات. بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ناوی کوردی لە سروشتەوە وەرگیراون، وەک: ڕۆژ، هەتاو، گەلاوێژ، ناهید، کەیوان، سیوەیل، هورمز، بارام و ... لە کەشکەڵانی فەلەک یانی پەرپەرۆچکەی ئاسمان و لەسەر ڕووی زەویش: چیا، چەم، ڕووبار، گۆم، گوڵ و گوڵزار، تا دەگاتە خونچە گوڵ و چرۆی گرتەوە. ئەم ناوانەش هەر مرۆڤی کورد لەو دیاردانەی سروشتی ناون و بۆ ناونانی جگەر گۆشەکانی خۆی لێیانی خواستۆتەوە. کور دلە پاڵ ئەو ناوانەشدا ناوی زاڕۆی خۆی بە ناوی کەسایەتی و ڕووداوانی مێژوویی ناوناوە، کە دەربڕی سەردەمانی خۆیانن و هەتا ئێستەش هەر بەکاردێن، بۆ وێنە

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباددا ناوی (کوردستان، مەهاباد، پێشەواو ....) باوبوون.
ئـەم کتێبـە سـاڵی ١٩٨٥ لەلایـەن لـەدووتوێی ١٢٠ لاپـەڕە لـە هـەولێر بڵاوکراوەتەوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

**٢١- کەشکۆڵی گیو-بەرگی یەکەم** (أ)

کەشکۆڵی گیو لەلایەن گیو موکریانی نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانی پێداچوونـەوەی بۆ کردووە و ئامادەی کردووە، لـە پێشـەکی کتێبەکـەدا دەڵـێ: لـە زسـتانی ١٩٧٧دا گـەڕامـەوە خـاکی پیـرۆز، بـەو ئاواتــەوەبووم لەگــەڵ خوالێخۆشــبوو گیــو موکریــانی-بــاوکم، ســەر بــەیەکــەوە بنێـین و پێکــەوە خــەریکی ســاخ کردنــەوە و ئامــادەکردنی لێکۆڵێنەوەی بابەتانی وێژەیی و زمانەوانی و کەلەپوری بین. تروسکایی ئـەم ئاواتـە ڕووی لـە کزی کرد، کـە لـە زانکۆی سلێمانیدا دامـەزرام و دیسـانەوە لـە کتێبخانـەی مامۆسـتا گیـو دوور کـەوتمـەوە. ئاواتەکـە بەیەکجاری بنج بڕ کرا، کە مامۆستا گیو دوا ماڵ ئاوایی لێ کردم و ڕۆژگار لەگـەڵمدا نـەیاربوو ئـەو گەنجینـەیـەی لـێ وەرگرتم. دواتر کـە گوازرامەوە بەغداد لەگەڵ بێ ڕێ و شوێنیم و باری سەخت و ئاڵۆزاوم وا بەشی یەکەمی (کەشکۆڵی گیو) پیتی (أ)م خستە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست. ئەم بەرهەمە ئەرک و هەوڵ و کۆششی سی-چل ساڵەی مامۆستا گیوە، کە تا دوا ماڵئاوایی خەریکی کۆکردنەوەیان بوو، بە واتا تا ١٩٧٧/٧/٢٤.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لەدووتوێی ١٦٠ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢٢- کەشکۆڵی گیو-بەرگی دووەم** (ب، پ، ت، ث)

کەشکۆڵی گیو، لەلایەن گیو موکریانی نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانی پێداچوونەوەی بۆ کردووە و ئامادەی کردووە، لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: وادیسانەوە دیوەخانم ئاوەدانە، دەور و بەرم بە کەڵە شاعیرانی ناسراو دەورە دراوە، هەر یەکە لە نۆرەی خۆیدا هۆنراوە بە پێزەکانی خۆیم بۆ دەخوێنێتەوە، منیش بەپێی ڕۆژگار هەڵیان دەبژێرم و تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان دەژیم و هەتا لەکاتی کارکردنیشدا چەند دێڕێکی ئەم و ئەویان لەبەر خۆمەوە دەڵێم و دەڵێمەوە. لەو بارانەی کە دەمەوێت ئاوڕێک لە بەرهەمی بیری (بابە تایەری هەمەدانی، بێکەس، بێخود، بێزار، بێخەو، بیمار، پیرەمێرد و ...) بدەمەوە و بە چاو و بیری ئەوان تەمەشای ژیان بکەم، پڕ لە جوانی و ڕەنگاو ڕەنگم دێتە بەرچاو ئەو ژیانەی کە هەر تەنیا بۆ یەک چرکە پێمان دەبەخشرێت، بەرهەمی بیری تا ماوەکی زۆر و درێژ لە پاش خۆمان دەمێنێتەوە.

ئەم کتێبە ئەم شاعیرانەی لە خۆگرتووە: (بابە تایەری هەمەدانی، بابە راخ هەمزانی، بابە ڕەسووڵ، باتەیی، باقر شێخ عەلی، باکی، بەدبەخت، بەدرخان سندی، بەختیار خالد، بەختیار زێوەر، بەندی ڕۆژبەیانی، بەنگینە، بەهرە، بتوێنی، بدیع الزمان، برژاو، بۆتانی، بۆتی، بێباک دزەیی، بێباک سادق مەعروف، بێ بەش، بێچاو، بێخەو، بێخود، بێدار، بێدڵ، بێزار، بێزار گەردی، بێزار محی الدین، بێسارانی، بێغەم، بێکەس (فایەق) بێکەسی موکریانی، بیمار، بێناو، بێوەی، پاکی، پایز، پەشێو (ڕەشید صدقی)، پەشێو (عوسمان عبداللە)، پژدەری، پشکۆ، پیرەمێرد، پیربال، پێنجوێنی محمدامین، تورجانی مەلا مهدی قزڵجی، تاقانە، تەنایی).

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان لەدووتوێی ١٩٢ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢٣- زار کرمانجی**

ئـەم کتێبــە کـۆکراوەی یەکــەمین گۆڤــاری کــوردی ڕوانــدزە، کــە لــە ١٩٢٦/٥/٢٥ یەکەم ژمـارەی لـێ دەرچـووە و ١٩٣٢/٧/٢٣ کۆتـا ژمـارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرجەمی ئەو گۆڤارانە لەلایەن دوکتۆرە کوردستان موکریانییەوە کۆکراوەتەوە و پێشەکی بۆ نووسراوە.

ئامادەکـاری ئـەم کتێبـە لـە پێشــەکیدا دەڵـێ: لـەدوای جـەنگی یەکـەمی جیهانیــدا و دابەشــکردنی ئیمپڕاتۆریــەتی عوســمانی بەســەر چەنــد دەوڵــەتێک، بڕیــاربوو کــوردیش لــە باشــووری کوردســتاندا خــاوەنی میرێکـی ناوچـەیی بێت، خـوزنی موکریـانی ئـەوە بـە هـەل دەزانێـت بـۆ ئەوەی بەهۆی چاپخانەکەیەوە ڕاژەی ڕۆشنبیری کوردی بکات، بۆیە لـە سـاڵی ١٩٢٥ ڕوو لـە بەغـداد دەکـات و لـە سـاڵی ١٩٢٦دا لـە ڕوانـدز نیشتەجێ دەبێت و ئەو ئامێری چاپەی کە لە حەلەبـەوە هێنـابووی تێیدا دادەمەزرێنێت و نێوی (زاری کرمـانجی) لـێ دەنێت، هـەر لەگـەڵ جێگیـر بـوونی حـوزنی لـە کوردسـتاندا هـەوڵی دەرهێنـانی گۆڤـارێکی بـە زمـانی کــوردی داوە، لــە ئەنجامــدا مۆڵــەتی دەرهێنــانی گۆڤــارێکی مانگانــەی کۆمەڵایـەتی، مێژوویی، هونـەری و وێژەی کوردی دەسـت دەخـات، بـە مـەرجێک بابـەتی ڕامیـاری تێدا بڵاونەکاتـەوە و لـە باسـێک نـەدوێت، کـە ببێتە هۆی جیاوازی و دووبەرەکی دینی و نەتـەوەیی. حوسـێن حـوزنی موکریـانیش نێـوی گۆڤارەکـە بـەنێو چاپخانەکـەوە دەنـێ و گۆڤارەکـە بەناوی (زاری کرمانجی) بڵاودەکاتەوە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـان بڵاوکراوەتەوە.

### ٢٤- فەرهەنگی نۆبەرە/ عەرەبی-کوردی

ئەم فەرهەنگە لەلایەن گیو موکریانی نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانی پێداچوونەوەی بۆ کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە، لە پێشەکیدا دەڵێ: هەر کە گیو موکریانی لە حەلەب دەبێ شارەزای عەرەبی و فەرەنسی دەبێ، چاوی بە فەرهەنگی زمانانی دی دەکەوێ، کەڵکەڵەی فەرهەنگ دانانی دەکەوێتە مێشک و ماوەیەکی زۆر بە لادێکانی کوردستاندا دەسووڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەی وشەی کوردی، هەر وەک لە خۆیم بیستووە هاندەری یەکەمی ئەم کردەوەی کاکی دەبێ لە ئەنجامدا ئەم فەرهەنگە چاپکراوانە ڕێکدەخات (فەرهەنگی ڕابەر، فەرهەنگی کۆڵکە زێڕینە، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگی نۆبەرە).

فەرهەنگی نۆبەرە، نزیکەی ٢٥٠٠٠ وشەی تێدایە، فەرهەنگەکە بەشێوەی ئەلفبێی کوردی دانراوە و بەمشێوەیە (ئ ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ و، وو، ی)، لەبەرانبەر هەر وشەیەکی عەرەبی مانا کورییەکانی دانراوە.

ئەم فەرهەنگە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس لەدووتوێی ٤٥٣ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

### ٢٥- فەرهەنگی هەراشان/کوردی-کوردی

ئەم فەرهەنگە لەلایەن ئەم کۆمەڵە مامۆستایە (ئەحمەد فەقێ یوسف،تارق خالید مەعروف، جەعفەر حەجی حوسێن، ساجیدە مەعروف، سەلام ناوخۆش، سدیق شرۆ عەلی، شوان سەرابی، عەبدولرەحمان مستەفا، عومەر محەمەد عامر، مەجید باجلووری، محەمەد نەزیف، نوری سەعید، هێرۆ عەبدولرەحمان) کۆکراوەتەوە و دارێژراوە، ئامادە و سەرپەرشتیکردن و سەرلەنوێ دارشتنەوە و دەوڵەمەند کردنی لیژنەی فەرهەنگە، ئەوانیش دوکتۆرە کوردستان

موکریانی، دوکتۆر عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر سەلام ناوخۆش)ە.
لەبارەی ئەم فەرهەنگەوە لە پێشەکی بۆ منداڵان دەڵێن: فەرهەنگی هەراشان بۆ ئێوە دانراوە، دەتوانن لەنێویدا مانای سەدان وشە ببیننەوە، هەوڵدراوە لەو فەرهەنگە وشەکانی نێو نەک هەر لەڕووی واتاوە، بەڵکو لەبواری ڕێزمانیش تیشکی بخرێتە سەر. کوردستان موکریانی (لیژنەیەک لە فەرهەنگ) لە پێشەکی بۆ گەوران دەڵێ: بیرۆکەی دانانی ئەو فەرهەنگە بۆ پایزی ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە، کە وەکو پڕۆژەیەک خستمە بەردەست لیژنەی فەرهەنگ لە کۆڕی زانیاری کورستاندا، لەبەر گرنگی پڕۆژەکە پەژراندرا، دواتر لە دەستەی سەرۆکایەتی باس کرا و لە ئەنجومەنی کۆڕدا بڕیاری دانانی لەسەر درا. فەرهەنگەکە بەشێوەی ئەلفبێی کوردی دانراوە و بەمشێوەیە (ئ ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ و، وو، ی)، لە بەرانبەر هەر وشەیەکی کوردی هاوواتا کورییەکانی دانراوە.
ئەم فەرهەنگە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس لەدووتوێی ٣٣٦ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٢٦- دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد**

دوکتۆرە کوردستان موکریانی لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵێ: "ئەم بەرهەمە دوو بابەتی سەرەکی و چەند بەڵگەیەکی گرنگ دەگرێتە خۆ، یەکەمیان: نووسراوەکانی کۆڕی زانیاری، کۆڕی زانیاری کور یازدە نووسراوی بۆ گیو موکریانی ناردووە، نووسراوەکان لەبارەی چاپکردنی فەرهەنگێکی نۆبەرە و فەرهەنگێکی کوردستانن.. دووەمیان: دوانامەی گیو موکریانی بۆ کۆڕی زانیاری، دوانامەی بەهەشتی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد لە ١٩٧٧/٦/٩ پاکنووسکراوە، نامەکە ٤٥

ڕۆژ بەر لە مـاڵاوایيکردنی نووسـراوە، نـاوەڕۆکـی نامەکە بەشـێوەيـەکی سـەرەکی لـە بـارەی فەرهـەنگی البـاکورە-نۆبـەرەيـە، کـە فەرهـەنگێکی ئـارەوی-کوردييـە و گيـوی بـاوکم ئامـادەی کـردووە و لەلايـەن کـۆڕی زانيارييەوە لە چەند نووسراوێکدا بەڵێنی لە چاپدانی پێدراوە، فەرهـەنگی نێوبراو ماوەی دوو ساڵ و نۆ مانگ و هەفتەيەک لای ليژنەی فەرهەنگ ماوەتـەوە. سـێزدە مەلزەمـە لـەم فەرهەنگـە چـاپکراوە. کـەچی کـۆڕی زانياری لە پڕ دەستی لە چاپکردنی ئەم فەرهەنگە هـەڵگرت و بـە چـاپ نـەکراوی بۆيـان نادووەتـەوە. کتێبەکـە ئـەم باسـانەی لـەخۆگرتووە: (ڕوونکردنـەوەيـەکی پێويسـت، نـاوەڕۆکـی بەرهـەمی بەردەسـت، چەنـد زانيارييەک لە بارەی فەرهـەنگی کوردسـتان، هەوڵـەکانم بۆ لـە پاچدانی فەرهـەنگی البـاکورە-نۆبـەرە، سـوودی فەرهـەنگی نۆبـەرە بـۆ ئەنـدامانی ليژنـەی فـەرهـەنگ، نووسـراوەکانی کـۆڕی زانيـاری کـورد بـۆ گيـو موکريانی، وتارێکی بڵاوکراوە لە بارەی نووسراوەکانی کۆڕی زانيـاری، ليدوانێکی مەسعوود محەمەد لەبارەی فەرهەنگی گيو، دوانامەی گيـو بـۆ کۆڕی زانياری).

ئـەم کتێبـە سـاڵی ٢٠١٣ لـە هـەولێر بڵاوکراوەتـەوە، دواتـريش لـە سـاڵی ٢٠١٥ لەدووتوێی حەفتا و چوار لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢٧- فەرهەنگی کوردستان/ کوردی-کوردی**

ئەم فەرهەنگە لەلايەن گيو موکريانی نووسـراوە و دوکتـۆرە کوردسـتان موکريـانی پێداچوونـەوەی بـۆ کـردووە و زيـادی کـردووە، فەرهەنگەکـە بەشێوەی ئەلفبێی کوردی دانراوە، بەرگی يەکەمی کتێبەکـە ئـەم پيتانـەی لـــەخۆگرتووە: (ئـــ ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر)، بـــەرگی دووەمـــی کتێبەکەش (ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ و، وو، ی)ی تێدايە. زۆر بە وردی نووسراوە و لەبەرانبەر هەر وشـەيـەکی

کـوردی دیـار، هاوشـێوەکەی نووسـراوە. ئـەم فەرهەنگـە بەشـێکە لـە بەهێزکردن و فراوانکردنی وشەی کوردی.
ئـــەم کتێبـــە ســـاڵی ٢٠١٧ لەلایـــەن دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنـــەوەی ڕۆژهــەڵات بڵاوکراوەتــەوە، بــەرگی یەکــەم ٦٨٤ لاپــەڕەیــە و بــەرگی دووەمی لەدووتوێی ٦٦٧ لاپەڕەدا بەردەستە.

**٢٨- نامەی دڵ**

کۆمەڵێک پارچە پەخشان و هۆنراوەی بڵاونەکراوە
ئـــەم بەرهەمـــە کۆمـــەڵـــە شـــیعرییە لەلایـــەن دوکتـــۆرە کوردســـتان موکریانییـەوە سـاغکراوەتەوە و ئامـادەکراوە، لـە پێشـەکی کتێبەکـەیدا دەڵـــێ: " گیـــو موکریـــانی بـــاوکم لـــە کۆتـــایی ســـاڵانی ســـی، تـــا دوا مـاڵاواییکردنی ١٩٧٧/٧/٢٤ پـڕۆژەیـەکی گـەورەی بەدەسـتەوە بـوو، کـە نێوی گوڵچنی گیوی لێنابوو، بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی شاعیرانی کوردی سەردەمی خۆیدا چەند پارچە هۆنراوەیەک، لەگەڵ کورتەیەک لە ژیان و وێنەیەکیانی دەستخستووە، هەریەکەیانی لە نێو فایلێکی تایبەتیدا پاراسـتووە، گیـو لـە پـاڵ ئەوەشـدا هـەوڵیداوە، کـە هـۆنراوەی بـوێژانی کوردی سەدانی ڕابردووش کۆبکاتەوە. گیو تا لە ژیاندا مابوو بۆی کرا، کــە چــوارده دیــوانی هــەڵبەســتوانانی کــورد ســاغبکاتەوە. لــەنێو ئــەو دەستنووسانەدا بەرهەمێکی بەنرخی ئەحمەدی هـەردیم چاوپێکـەوت کـە بەنێوی (نامەی دڵ)ەوە و لە ڕێککەوتی ١٩٤٠/٧/٧دا پێشکێشـی بـاوکمی کـردووە، ئەحمـەد هـەردی لـە پێشـەکی چـاپی دووەمـی ١٩٨٤ی ڕازی تەنیایدا هیچ هێمایـەکی بۆ ئـەو دەستنووسـەی خۆی نـەکردووە. نامـەی دڵ، دوو جـۆرە بەرهــەمی وێـژەیـی ئەحمــەد هــەردی لــەخۆ دەگرێـت: (شەش پارچە پەخشان، هەشت پارچە هۆنراوە).

ئەم بەرهەمە ئەم بابەتانەی تێدایە: (ئەحمەد هەردی زمانی کوردی، کورتەیەک لە ژیانی، سکالا.. بۆ گوڵێ، بۆ یار، فرمێسک لەسەر ئادەمزاد، بۆچی دڵداریم لاخۆشە، دڵە لاسارەکە، گەورەیی بیر، دواییت لەبیر بێ، فەلسەفەی دڵداری، هاڕین، بۆ میللەت، بۆ شەهیدەکان، دوێنێ، ئەمڕۆ، بە هۆی گوڵێ، سەبا دەخیلە).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات لەدووتوێی شەست و چوار لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**وەرگێڕان**

**٢٩- ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی**

ئەم کتێبە تایبەتە بە زمانەوانی کوردی، وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "گرنگی ئەم ڕێزمانە لە جۆری بابەتەکەی دایە، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردۆلۆژییدا لەسەر بناخەیەکی زانستییانە بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا لە زۆربەی هەرە بەشی فۆنۆلۆژی و مۆڕفۆلۆژی زمانی کوردی دەکۆڵدرێتەوە. سەرباری ئەوەی ئەم بەرهەمە سەدان کێشەی زمانەوانی ڕوون دەکاتەوە و چەندین باری ڕێزمانی و تایبەتێتی زمانەکەمان دەخاتە ڕوو ئەنجامی بەراوردکارییەکەی دەمانگەیەنێتە یەکبوون و لێکچوون و یەکێتی تەواوی ڕێزمانی کوردی. نووسەری ئەم ڕێزمانە پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆیە، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕاژەکردنی زمان و وێژە و مێژوو و فۆلکلۆری کوردی تەرخان کردووە و دەیان لێکۆڵینەوە و پەرتووکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی داناوە، کە ئەمەیان لە هەموون دەوڵەمەندتر و تازەترە.

ئەم کتێبە لەلایەن پڕۆفیسۆر ک.ک. کوردۆییێف نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانی وەریگێڕاوە سەر زمانی کوردی و ساڵی ١٩٨٤

لەلایەن ئەمیندرایەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان-ناوچەی کوردستان لەدووتوێی ٣١٨ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٣٠- شێوەی سلێمانی زمانی کوردی**

وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: " شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، بەرهەمێکی ڕێزمانییە لەلایەن دوکتۆر زەرێ ع یوسوپۆڤاوە لێی کۆڵدراوەتەوە و لە مۆسکۆدا لە ساڵی ١٩٨٥دا چاپکراوە، لەبەر گرنگی بابەتەکە و نەبوونی بەرهەمێکی سەربەخۆ سەبارەت بە هەموو بەشەکانی ڕێزمانی شێوەی سلێمانی و لە ڕووی ئەوەی ئەم بەرهەمە بەندیواری بە پسپۆڕی من هەیە و شارەزاییشم لەو زمانەدایە، کە ئەم بەرهەمە بە نرخەی پێ نووسراوەتەوە، بۆیە وام بەباش زانی ئەم کتێبە لە زمانی ڕووسیەوە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی باسێکی زانستانە، بەشی زمانەوانی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و ڕۆشنبیرانی کورد سوودی لێ وەربگرن". کتێبەکە ئەم بەشانەی لەخۆگرتووە: (زەرزێ بە کورتی لە زمانی کوردی دەدوێت، کە دەچێتەوە سەر چ خێزانێکی زمان، نێوی ئەو شوێنە جوگرافییانە دەبات کە پێی دەدوێن، جا دێتە سەر دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر شێوەکانیدا و نەخشەی مامۆستا تۆفیق وەهبی و دوکتۆر مەکەنزی دەخاتەڕوو، بیروڕای خۆی بەرامبەر هەردوویان ڕوون دەکاتەوە و سەبارەت بە نەخشەکانی د.مەکەنزی تێبینێکی زۆری هەیە و باری سەرنجی خۆی زانستانە لەم بوارەدان ڕوون دەکاتەوە. هەر لەم بەشەدا بەراوردێکی فۆنۆتیکی نێوان دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروو دەکات و لایەنی پەرەسەندووی بەشەکانی ئاخاوتن لەهەردوو دیالێکتەکەدا دەخاتە ڕوو و لە شەش خاڵدا جیاوازی نێوان

شێوەی سۆرانی و زمانی فۆلکلۆری نیمچە شێوەکانی دی کرمانجی خواردوو دەچەسپێنێت.
ئەم کتێبە لەلایەن د.زەرێ یوسوپۆڤا نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان موکریانی لە زمانی ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردستان لەدووتوێی ٢١٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٣١- فەرهەنگی گەورەی من- هەزار وشە لەگەڵ چەندین وێنەی ڕەنگین**

ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی گرنگ و نایابە، بۆ منداڵی تەمەن چوار ساڵ و بەرەو ژوور، چونکە منداڵی کورد لەو تەمەنەدا دەتوانێت بەهۆی وێنە ڕەنگینەکانی ئەم فەرهەنگە و بەیارمەتی خوێندەوارێک دەیان وشە فێربێت، چونکە زارۆی کورد ڕۆژانە لەگەڵ زۆربەی بابەتەکانی ئەم فەرهەنگەدا دەژی، یان بەرچاوی دەکەوێت یان دەیبیستێت.
دوکتۆرە کوردستان لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا دەڵێ: "ئەم بابەتانەم لە فەرهەنگی (Mijin groot woordenbook) وەرگرتووە، کە هەموو ئەلفوبێییەکانی زمانەکەمان بگرێتە خۆی، هەروا هەوڵمداوە زۆربەی وێنە و باسەکان لە ژینگەی دەوروبەری منداڵی کورددا نامۆ نەبن.
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆرە کوردستان موکریانی ئامادەکراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردستان لەدووتوێی هەشتا لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٣٢- یەکەم فەرهەنگی تۆ- بۆ منداڵی تەمەن چوار ساڵ و بەرەو ژوور**

ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی گرنگ و نایابە، بۆ ئەوەی منداڵ فێری وشەی نوێ بێت، کە نزیکەی ٣٠٠ وشەی لەڕووی واتاییەوە لێکدراوەتەوە، هاوکات لەگەڵ هەر وشەیەکدا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ

نەخشێندراوە. ئەم فەرهەنگە هانی منداڵ دەدا کە شارەزایی بە ئەلفوبێی کوردی پەیدا بکات.
دوکتۆرە کوردستان لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا دەڵێ: "ئەم فەرهەنگە ڕەنگاو ڕەنگە بە زۆری بۆ منداڵانی تەمەن (٤-٥)ساڵانە، منداڵ لەو تەمەنەدا زۆری پێخۆش دەبێت گەر لەگەڵ یەکێک لەخۆی گەورەتردا سەیری وێنەکان بکات و شارەزایەکیش لەسەر بابەت و شتە باسکراوەکان پەیدا بکات. یەکەم فەرهەنگی تۆ زۆر بە سوودە بۆ ئەو منداڵانەی کە تۆزێک توانای خوێندەوەیان هەیە، تا بە ئاسانی واتاکەی بدۆزنەوە و بەڕەوانیش وشەکان گۆبکەن. لە پاڵ ئەوانەشدا منداڵ ڕووبەڕووی وشەی تازە دەبێت و بەهۆیەوە وشەی فەرهەنگی دەوڵەمەندتر دەبێت. وشەکانی نێو ئەو فەرهەنگە بەپێی ئەلفوبێ دانراون، بەم جۆرە منداڵ شارەزایی لەسەر ڕیزبوونی ئەلفوبێکان پەیدا دەکات، کە چەند زووتر فێری ببێت چێترە، بۆ هەر وشەیەکی نێو فەرهەنگەکە وێنەیەکی جوان و نایاب نەخشێندراوە، واتاکەشی بە چەند ڕستەیەک ڕوونکراوەتەوە.
ئەم کتێبە لەلایەن (Betty Root) نووسراوە و دوکتۆرە کوردستان لە زمانی هۆڵەندییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردستان لەدووتوێی هەشتا لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

# شوکریە ڕەسووڵ



**شوکریە (شەکراو) ڕەسووڵ**

دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، ناسراو بە شەکراو، ساڵی ١٩٥١ لە سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە بەشی کوردی زانکۆی بەغداد، بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢ لەلایەن کۆری زانیاری کورد، بەرەو یەکێتی سۆڤیەت نێردراوە، بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا. لەبارەی ئەدەب و کولتوری کوردیدا تێزی دوکتۆراکەی نووسیوە، بەناونیشانی (ناوەڕۆکی ئەدەبی و فکری پەند و قسەی نەستەقی کوردی)، ساڵی ١٩٧٧ دوکتۆرا بەدەست دەهێنێ. لەدوای تەواو بوونی خوێندن و گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە بەغداد نیشتەجێ دەبێ و بۆ ماوەی شەش مانگ وەک توێژەری زانستی لە کۆڕی زانیاری کورد کاردەکات.

شوکریە ڕەسووڵ، ساڵی ١٩٨٥ پلەی زانستی بەرز بۆتەوە و بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ساڵی ٢٠٠٢ بووە بە پرۆفیسۆر، بەیەکەم ژن هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێ کە بووە بە پرۆفیسۆر.

دوکتۆرە شەکراو ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٧ بەرپرسی مۆزەخانەی ئەنتۆگرافیا و فۆلکلۆری زانکۆی سلێمانی بووە، ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٤ سەرۆکی بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین بووە، ساڵی ١٩٩٨ لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، بەرپرسی خوێندنی باڵا بووە، ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ ڕاوێژکاری ئینستوتی کەلەپوری کوردی-سلێمانی بووە، ساڵی ٢٠٠٥تا ٢٠٠٨ ڕاوێژکار و دەستەی دامەزرێنەری دەزگای

کەلەپوور و مۆزیکی کوردی بووە لە هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.
شوکریە ڕەسووڵ، ئەندامی چەندین ناوەند و سەنتەر و دەستە بووە، لەوانە: ئەندامی دەستەی باڵای دۆستایەتی کورد و عەرەب بووە، ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی بووە، ئەندامی دەستەی باڵای سەنتەری ئەکادیمی ئەنفال و بێ سەروشوێنەکان بووە. هاوکات، ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی لیژنەی کولتوری و زمان، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر و ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوەکانی کوردستانە. لەماوەی ژیانیدا، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی وەرگێرانی کوردستان و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەی شەم بووە. شەکراو، ساڵی ٢٠٠٣ لە ئوردن ڕێزلێنانی (ئافرەتی سەرکردنی عێراقی) پێ بەخشرا و ساڵی ٢٠١٥ ڕێزلێنانی دوکتۆرای فەخری لە زانکۆی کامبریجی ئەمریکی لە قاهیرە پێ بەخشراوە.
شەکراو، ساڵی ٢٠٠٣ لە ئوردن ڕێزلێنانی (ئافرەتی سەرکردنی عێراقی) پێ بەخشرا و ساڵی ٢٠١٥ ڕێزلێنانی دوکتۆرای فەخری لە زانکۆی کامبریجی ئەمریکی لە قاهیرە پێ بەخشراوە.
دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ، ئەم بەرهەمانەی نووسیوە (کۆمەڵە چیرۆکێکی بێگانە، زمان و ئەدەبی کوردی، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، حەکایەتی خورافی کوردیی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە سەرهەڵدان و دەوری لە پێشخستنی زمان هونەرەکانی ئەدەب و وەگێڕاندا، سلێمانی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا، تەکنیکی

گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا، ڕەمزی مار-حیکایەتی فۆلکلۆری گیانداران، وەرز و ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا، ستۆکهۆڵم و هەگبەیەکی پڕ زانیاری، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، یادی ئازیزان، ڕۆڵی مارگریت ڕوودینکۆ لە بوژاندنەوەی کەلەپووری کورددا، نرخ و بەهای لایلایەی دایک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، نهێنی ژمارە حەوت، دیاردەکانی سروشت و نەیتی باران بارین و نەباین (وشکە ساڵی) لای کورد، گەڵاڕێزانی دڵ، ختووکەی دڵ، تەمەنێک لە چالاکی و ڕێزلێنان، خۆسوتاندنی ئافرەتان بە ئاگر، زەینەب خان، خوێندنەوەی نوێ، عادات و رسووماتنامەی اکرادیە، کۆمەڵە ڕازێکی منداڵان، گەنجینەکانی کەلەپووری کورد لە خەزێنەکانی پترسبورگدا، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، پەخشانی کوردی ١٩٨٠، گۆرانی یاترانەهای کوردی، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەبی کوردی، بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لای بارزانی نەمر، ڕێوڕەسمی شین و لاوانەوە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی لە عێراقدا، شین و لاوانەوەی ئێزیدییەکان).

**<u>نووسین</u>**

**١- پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی**

ناوەڕۆکی فیکری و ئەدەبی

دوکتۆر شەکراو، لەم کتێبەدا دەڵێ: "گرنگی دان بە پەند و قسەی نەستەقی کوردی گرنگی دانە بە کەلەپوری نەتەوایەتی.. لە ناو ئەم بەشەدا بەهۆی ساکاری و کورتییەوە هەمیشە لەسەر زارە و بۆ پتەوکردنی قسە و لێکدانەوەی گەلێک بیر و واتای فراوان و شاراوە بەکاردێت. هەروەها لە ناو پەند و قسەی نەستەقدا گەلێ ڕووی

فەلسەفەی ژیانی نەتەوەکەمان و جۆری بیرکردنەوەی گەلی کوردمان بە درێژایی مێژوو بەپێی شوێن و کات بۆ دەردەکەوێ.
ئەم کتێبە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (بەشی یەکەم: مێژووی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی.. بەشی دووەم: بەشەکانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی مێژوویی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و کارگوزراری، پەندی پێشینانی کوردی مەعنەوی و بڕوا و ڕەوشت و خوو ڕەمزی فەلسەفی.. بەشی سێیەم: ڕەوانبێژی زمانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (واتای ڕەمزی)، یان ترۆپ و جۆرەکانی: ترۆپە ساکارەکان، ئێپیتێت، لێکچواندن، ترۆپە ئاوێتەکان: ترۆپی نادیار (میتافۆڕا)، ترۆپی شاردراوە (ئەلیگۆریا) ترۆپی چاوبەست، ترۆپی موبالەغە، ترۆپی دژایەتی، ترۆپی پێ چوون)
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆرە شوکریەوە بە زمانی ڕووسی نووسراوە، دواتر نووسەر بەهاوبەشی جەلال تەقی ئەم کتێبەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**٢- زمان و ئەدەبی کوردی**

پەخشان

"ئەدەب لەهەموو زمانانی جیهان لە کۆن و ئێستادا کراوە بە دوو بەشی سەرەکییەوە ئەویش شیعر و پەخشانە، چۆنیەتی دابەش کردنی ئەم دوو هونەرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە. لەهەر قۆناغێکیشدا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە شیعر پێش پەخشان کەوتووە، پێشکەوتنەکەش بۆ گەلێ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، گوایە شیعر زیاتر

لە مێشکدا پارێزراوە، زوو لەبەر دەکرێ و بناغەکەشی سۆزە و ڕۆڵی سەرەکی تێدابینیووە، بەهەر شێوەیەک بێت هەموو ڕەخنەگرەکان و ئەدیبەکانی جیهانیش کاتێ ئەم بەش کردنەیان بۆ ئاشکرا بوو هەموویان لەوەدا یەکیان گرتەوە کە جیاوازی ئەم دوو بەشە کێش و سەروایە". ئەمە نووسینە بەشێکە لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی و بەم شێوەیە ڕۆدەچێتە نێو زمان و ئەدەب و پەخشانی کوردییەوە.
ئەم کتێبەی دوکتۆرە شەکراو، ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (جۆرەکانی پەخشان، نموونەیەک لە پەخشانی (عادات و رسوماتنامەی اکرادیە)ی مەلای مەحمودی بایەزیدی، نموونەیەک لە پەخشانی مەولوونامەی شێخ حوسێنی قازی، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە گەشەپێدانی پەخشانی کوردیدا، ڕۆڵی چیرۆک لە گەشەپێدانی پەخشانی کوردیدا، کۆنترین چیرۆکی کوردی، فواد تەمۆ، جەمیل سائب، حوسەین حوزنی موکریانی، شاکر فەتاح، پیرەمێرد، مستەفا سالح کەریم، حوسەین عارف، محرم محمد امین).
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٧ لەدووتوێی ١٢٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە

**٣- ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی**

ئەم کتێبەی ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: (بەشی یەکەم: بزوتنەوەی فۆلکلۆری ئەوروپی، هەنگاونان بەرەو کۆکردنەوە و تۆمارکردنی فۆلکلۆر.. بەشی دووەم: چۆنیەتی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر، کاری مەیدانی، ئەرشیفەکان، تۆمارکراوەکان، بیبلۆگرافیا، نوسراوە هەمەڕەنگەکان، ئەو کتێبانەی سروشتی ئاینییان هەیە، کتێبە مێژووییەکان، کتێبە جوگرافییەکان، کتێبە ئەدەبییە میللییەکان، کتێبە زانستیە سروشتیەکان، کتێبی کۆمەڵایەتی و فیکری، کتێبی گەشت و گوزاری، ڕۆژنامە و گۆڤارە هەمەجۆرەکان.. بەشی سێیەم: مەرجەکانی

کۆکردنــەوەی مەیــدانی فۆلکلــۆر، هــەڵبژاردنی ناوچــە لەســەر کــاری مەیدانیــدا، شــوێنەواری جــوگرافی و سروشــتی، هــات و چــۆ (ڕێگــای سەرەکی، نزیکی و دووری)، سەرژمێری ناوچەکە، مێژووی ناوچەکە، پەیوەندییە ئابوورییەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی و نەریتە باوەکان، داب و نەریتــە کۆمەڵایەتییــەکان.. بەشــی چــوارەم: کوردناســی لــە ئــەورووپا، کۆکردنـەوە و لێکۆڵێنـەوەی فۆلکلۆری کوردی لـە ڕووسـیا و یەکیـەتی سـۆڤیەت، تۆمـارکردن و لێکۆڵێنـەوەی فۆلکلـۆری کـوردی لـە یەکیـەتی سۆڤیەت، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر لە لینینگراد، تۆمارکردن و لێکۆڵێنەوەی فۆلکلۆر لە مۆسکۆ و باکۆ.. بەشی پێنجەم: تۆمارکردنی فۆلکلـۆر لـە کوردسـتاندا، ئێـران، سـوریا، عێـڕاق، کـاری کۆکردنـەوەی هــەرەوەزی، کۆکردنــەوەی فۆلکلــۆری کــاری تاکەکەســی) هاوکــات لــە کۆتایی کتێبەکەدا ئەنجام و پێشنیار خراوەتەڕوو.

نووسەر لە بەشی گرنگی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی فۆلکلۆردا دەڵێ: " گرینگـی دان بـە کۆکردنـەوە و تۆمـارکردنی فۆلکلـۆر لەوەدایـە کـە ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ فۆلکلــۆر لــە پەرەســەندن و گەشەســەندندایە، ئــەمڕۆ لــە هەموو جیهاندا گرینگی زۆر بە تۆمارکردنی فۆلکلۆر دەدرێ، لێکۆڵێنەوە لـە زاراوەی فۆلکلـۆر دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕاسـتییەی بڵێین فۆلکلـۆر هـەم کەرەستە و هەم زانستە، زانستێکە گەلێ لق و پۆپی لێ بۆتـەوە. هـەتا وشـەکەش واتە (فۆلکلۆر) خۆی لـە خۆیدا مانـای (زانیـاری گـەل) یـاخود (پەندی گەل) دەبەخشێ.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٧ لەدووتوێی هەشتا لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٤- حەکایەتی خورافی کوردیی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە**

نووسەر لە کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆر بە گشت جۆرەکانییەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە، لە ئەنجامی گەشەسەندنی بیری کۆمەڵی سەرەتایی سەری هەڵداوە و پەیوەندیی بە جۆرێ پەرستن و ئاینەوە هەبووە. ئەفسانە و حەکایەتەکان بەپێی گەشەسەندنی بیری مرۆڤ مێژوویەکی دێرینیان هەیە، پێش مێژوویی تۆمار کەوتوون و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵانی سەرەتایی دەردەبڕن. حەکایەتی خورافیی کوردی بە دەربڕینی ڕۆمانسی و هیواکانی گەل دادەنرێ، وێنەی نەخشەیەکی دونیای جوان لە بەرهەمی فکری دەخوڵقێنێ، کەسان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، مانا و لێکدانەوە لە حەزەکان، لە ئارەزووە لە بن نەهاتووەکان، لە دەربڕینە جوانەکان و ئەرکەکان پێشکەش دەکەن.

ئەم کتێبە ئەم باسانەی لە خۆگرتووە: (حەکایەتی خورافیی، زاراوە و پێناسەی حەکایەتی خورافی کوردی، بنیاتی حەکایەتی خورافی، بەرەو پرۆگرامی مۆرفۆلۆژیی، بنیاتی حەکایەتی خورافی لای (پرۆپ)، ڕەگەزەکانی دیکەی بنیاتی حەکایەتی خورافی، کەسانی سەرەکی لە حەکایەتی خورافییدا.. بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی حەکایەتی خورافی کوردیی لەڕووی پرۆگرامی مۆرفۆلۆژییەوە، حەکایەتی یەکەم: کولەکەی ڕۆحی دێوی سپی و برا بچکۆل، حەکایەتی دووەم: دەنکە هەنارە و دووگونە چارە، حەکایەتی سێیەم: کوڕی پاشای شاری هەی هایە، حەکایەتی چوارەم: کوڕە کەچەڵ، حەکایەتی پێنجەم ڕاوی گردی ڕەش، حەکایەتی شەشەم: تیغ ئەڵماس).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئینستیوتی کەلەپوری کورد لەدووتوێی ١٢٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە

**٥- گۆڤـــاری دەنگـــی گێتیـــی تـــازە ســـەرهەڵدان و دەوری لە پێشخســـتنی زمـــان، هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێراندا**

ئەوەی پێوەندی بە چاپەمەنی کودرییەوە بێ لە قۆناغی سەرهەڵدانییەوە تـا ئەمڕۆ خزمەتێکی بێ شـوماری بە ڕۆشنبیری کوردی و کولتـوری کـوردی کـردووە و توانیـویەتی کـۆمەڵێ لە نووسـەر و ڕۆشـنبیران لە سەردەمە جیاجیاکاندا لە دەوری خۆی خڕبکاتەوە. گەلێ ناوداری کورد پێ بگەیەنێ و گەلێ خزمەتی چاکی ئەدەب و مێژوو کولتووری کوردی بکات. هەر لە سـەرهەڵدانی کۆمەڵ و ڕێکخـراو و چـاپەمەنی کوردییەوە هۆکـارێکی وا دروسـت بـووە کە بـووەتە هـۆی بزوانـدن و هەژانـدنی هەستی نەتەوایەتـی و زەمینە ڕەخسـاندنیش بـۆ سـەرهەڵدانی گۆڤـار و ڕۆژنامە و دەربڕینی هەست و داخوازرییەکانی گەل.
ئەم کتێبە کارکردن بووە لەسەر گۆڤاری دەنگی گێتی، لە پۆلێن بەنـدی و جیاکـاری و دەور و نەخشـی لە بـزوتنەوە و سـەرهەڵدانی زمـان و ئەدەب، ناوەڕۆکی کتێبەکە بەسەر چەند باسێک دابەش کراوە. لەبەشـی یەکەمدا سەرهەڵدان و قۆناغەکانی و هۆکاری سەهەڵدان و ئامانجەکانی گۆڤارە خراوەتەڕوو، هاوکات، ئەو شاعیر و نووسـەرانەی کە هاوکـاری گۆڤـارەکە بـوون، لەگەڵ ڕووانینـی ئەدیبـان و شـاعیران لەبـارەی دەنگـی گتێیـیەوە. لەدواتـردا، لەڕووی زمـان و هونەرەکـانی ئەدەب (شـیعر و پەخشـان)، بەیـتە مێژووییەکـان، گـاڵتە و گەپ، پەنـد و قسـەی نەسـتەق، شـیعر (لـووڕ، کرمـانجی ژووروو، گـۆرانی، کرمـانجی خـواروو، وتـار و ڕەخنە و چیرۆک و وەرگێـران، لە گۆڤـاری دەنگـی گێتـی باسـکراوە. بە خوێندنەوە و بەلەبەرچاو گرتنی گۆڤار و بابەتەکانی نێو بڵاوکراوەکە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٣ لەدووتوێی ٢٣٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٦- سلێمانی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا**

نووسەری لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەک پێشکەوتنێکی شارستانیەتی سلێمانی لە ڕووی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بدوێین و کاریگەری ئەم لایەنانە لە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆردا ڕوونبکەینەوە، هەروەک لە مێژوویی فۆلکلۆردا دەرکەوتووە، گۆرانی پەیوەندییەکی تەواوی بە باری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. گەورەترین هۆی کاریگەرە لە پێشخستن و ژیانەوەی کەلەپووردا.

ئەم کتێبە ئەم باسانەی لە خۆگرتووە: (سلێمانی لە سەردەمی بابانەکا و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا، عەلی بەردەشانی، شەریف هەمەوەند، سلێمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم (باری کۆمەڵایەتی)، سلێمانی لە سەردەی بیستەمدا، سەردەمی شێخ مەحمود-باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانی، سلێمانی لە ئەدەبی سەر زاری ئافرەتاندا بەتایبەتی بابەتی: لای لایە، گۆرانی و دڵداری و کێشەی کۆمەڵایەتی، شوێنی پیاوچاکان و شەخس و سەیرانگایانی سلێمانی، سلێمانی لە ساڵانی پەنجاوە تا ساڵانی هەفتاکان).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن ئینستیوتی کەلەپوری کورد لەدووتوێی ١٢٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە

**٧- تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا**

ئەم کتێبە ئەم بابەتانەی لە خۆگرتووە: (تەوەری یەکەم: کورتەی ژیان و بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی لە ڕووی چالاکی ڕۆشنبیری و شوێنی ئەم چیرۆکنووسە لە دەیەی پەنجاکاندا.. تەوەری دووەم: تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا.. باسی یەکەم: تەکنیکی گێڕانەوە وەک بنەمایەکی هونەری، جۆر و شێوەکانی گێڕانەوە،

نموونەی چیرۆکەکان.. باسی دووەم: شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا، شێوازی ڕاستەوخۆ، شێوازی ناڕاستەوخۆ.. تەوەری سێیەم: مەبەست و هۆیەکانی گێڕانەوە، باسی یەکەم: وەسف، گفتوگۆ، دایەلۆگ، مۆنۆلۆگ (خۆدواندن)، مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی تەداعی، شەپۆلی هۆش.. باسی دووەم: هەندێ تەکنیکی تری گێڕانەوە، چاپتەرکردنی چیرۆک، هەواڵی ڕادیۆیی، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو هێنانە پێش چاو، تەکنیکی یەک دەنگی (مۆنۆفۆنی) تەکنیکی فرە دەنگی (پۆلیفۆنی)) بۆ هەریەک لەم تەوەر و باسانە بەپێی لایەنی نەزەری و پراکتیکی چیرۆکەکان پراکتیزە کراون.

تویژەر لەهەمبەر هەڵبژاردنی ئەو بابەتەدا دەڵێ: تاکوو ئێستا هیچ نووسەرێک ئاوڕی لە بەرهەمەکان و شوێنی مارف بەرزنجی وەک شاعیر و چیرۆکنووس نەداوەتەوە لەکاتێکدا کە سەرجەم بەرهەمەکەی بە پوختەکراوی لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن سامان بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی ساغ کراوەتەوە. هەروەها زیندووکردنەوە و ئاوڕدانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی و تەکنیکی گێڕانەوەی پێویست بوو.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە لەدووتوێی نەوەد و شەش لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٨- ڕەمزی مار**

حیکایەتی فۆلکلۆری گیانداران

نووسەر لەکتێبەکەیدا دەڵێ: حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی بەشێکی گەورە و فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆرە کە دەماودەم و پشتاوپشت بە ئێمە گەیشتووە لە شێوەی پەخشانێکی هونەریدا گێڕدراوەتەوە و

خاسـیەتەکان و مێژوویـی دێرینـی خـۆی لـە ئەقڵیـەتی کۆمەڵگـەدا پاراستووە.
ئـەم کتێبـە ئـەم باسـانەی لـەخۆگرتووە: (حیکایـەتی فۆلکلـۆریی (ئاوڕدانەوەیـەکی مێژوویـی)، جۆرەکـانی حیکایـەت، حیکایـەتخوان و چۆنیەتی گێڕانەوەی شێوازی حیکایەتەکان، حیکایەتی گیانلەبەران، دەور و کرداری گیانلەبەران لە حیکایەتەکاندا، ئاژەڵە دڕەندەکان، ئاژەڵە ماڵییە و گیاخۆرەکان، باڵندەکان، گیانلەبەرە خشۆکەکان.. حکایەتەکان، پشیلە و سـەگ و گـوێ درێـژ، چۆلەکـە، دێـوێکی فێڵبـاز، پشـیلەی پاشـا، پیـاو و بۆقێک، گورگ و قەلەڕەش، تانجی و کەڵەشێر و مـام ڕێـوی، حوشـتر و ڕێوی و گورگ، ڕێوییەکی فێڵباز، شێری باخچەی پاشـا، شـێر و ڕێوی، فندەگولـە (تـەیرێک) قالۆنچـە و مشـک، کەڵـەبابێک، کەرویشـک و جـورج، کۆتر و بێچووەکانی، کیسـەڵێکی ژیر، مـام ڕێوی و بەچکە داڵەکـە، مـام ورچ و فاتە، مار و شمشـاڵ، مـەڕ و بزن، مریشـکە قوڵێ و شـووکردن، مـامرە قونـدەی مـەریوان، مریشکە قونـدە، مریشـکە قـوڵێی لـە کـوردان بـەجێ مـاو، مـایین و ئەحمـەد، مـام ڕێـوی، هاوڕێیـەتی گـورگ و ورچ، هـەڵۆی بـەوەفا، ڕێوییـەکی لاواز، مـەیموون و قرچـۆک، پیرەسـەگێک، ڕێوی و لەقلەق، کەڵەشێر و دوو مشک، مام ڕێوی).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایـەن ئینسـتیوتی کەلـەپوری کورد لـەدووتوێی ١٩٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە

**٩- وەرز و ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا**

نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەدا لەبارەی ئەم نووسینەوە دەڵێ: "وەرز و ساڵنامەی میللی کوردی بۆ یەکەمجارە، بەشێوەیەکی فراوان لـە ڕووی پەند و شیعری میللی و حەکایەت و سەرگوزشتە ئاوڕی لێ درابێتـەوە، هـەر بۆیـە بـەپێی پێویسـت گـەڕان و پشـکنین لـە ڕێگـەی سـەرچاوەی

نووســراو و لــەزاری خــەڵک و دونیــا دیدانــەوە ئــەم کەرەســتانەمان کۆکردۆتەوە، تا لە فەوتان ڕزگاری بکەین. لەم نووسینەدا بە کورتی ئاوڕمان لە مێژوویی ساڵنامە لای میللەتان و کورد بدەینەوە، ئەوەمان دەرخســتووە کــە کــوردیش وەک میللــەتان کــاتێ خــاوەن دەســەڵات و دەوڵــەتی (مــاد) بــووە، ســاڵنامەی هــەبووە و بــە نــەمانی دەســەڵاتی ساڵنامەکەیشی کاری پێ نەکراوە...... هەروەها جەختمان لە وەرزەکانی ساڵ و ڕەنگدانەوەی لە پەند و شیعر و حەکایەتی میللی کوردی بۆ هەر چوار وەرزەکەی (زستان، بەهار، هاوین، پایز) کراوە، بۆ هەر وەرزێک ڕوون کردنەوە و دابەش کردنی بەسەر مانگەکان و هەفتە و ڕۆژەکان کراوە، ئەو پەند و شیعرانەی تایبەتن بەو وەرزە و کەش ناسانی کورد و سەرنجیان خستوومانەتەڕوو.

ئــەم کتێبــە ئــەم باســانەی لــەخۆگرتووە: (بەشــی یەکــەم: کورتەیــەک لــە مێــژووی ســاڵنامە، مێــژووی ســاڵنامەی میللــی کــوردی.. بەشــی دووەم: ڕەنگدانــەوەی وەرزەکــانی ســاڵ لــە پەنــد و شــیعری میللیــدا، وەرزی زســتان، وەرزی بــەهار، وەرزی هــاوین، وەرزی پــایز، نــاوی مانگــەکانی میللی کوردی).

ئــەم کتێبــە ســاڵی ٢٠٠٥ لەلایــەن ئینســتیوتی کەلــەپوری کوردســتان لەدووتوێی ١١٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە

**١٠- ستۆکهۆڵم و هەگبەیەکی پڕ زانیاری**

لــەو ســەروبەنــدەی دوکتــۆرە شــوکریە ئەنــدامی پەرلــەمانی کوردســتان بــووە، لەلایــەن پــەیمانگای پەرەپێدانی نێودەوڵــەتی ســوید (ئینســتێیوتی ســوید) بــەهاوکاری یەکیــەتی ژنــانی کوردســتان-ســوید بــۆ مــاوەی دوو هەفتە داوەتکرابوون، بەمەبەستی قســەکردن لــەبارەی یەکســانی و مــافی

ژنـان و پرسـی دیموکراسـی و تێگەیشـتن لـە کاروبـاری پەرلـەمان و چۆنیەتی پلان دانان و پێشکەوتنی کار و بەڕێوەچوونی کارەکان.
نووسـەر، بـەووری بـاس لـەو گەشـتە دەکـا، هـەر لـەو کاتـەی دەگاتـە فرۆکەخانـە و لەلایـەن پـەیمانگای پەرەپێـدانی نێودەوڵـەتی سـوید پێشـوازیان لێـدەکردێ تـا بـەڕێوەچوونی ڕۆژەکـان و مانـەوەیان و درێژەدانیـان بـە گـەڕان و قسـەکردن. لـەم کتێبـەدا، نووسـەر دەڵـێ: بـە کورتی و بە پوختی لەو گەشتەمان هەستمان کرد لە سوید کارەکان بە بەرنامەیـە و هـەموو هەوڵـەکان یـەکخراوە و هـەوڵی بـەکارهێنانی میکـانیزمی نـوێ و داهـاتی بـاش و مەسـەلەی لێپێچینـەوە لـە کارەکـان دەکرێ و لە هەموو دەزگایەک ئاماریان هەیە، هەروەها گرنگی زۆر بە منداڵ دەدەن.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق لەدووتوێی ١٠٤ لاپەڕە پێنج دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە

**١١- ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی**

توێژەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "بەشەکانی فۆلکلۆر وەک بنەمایەکی کەلـەپوور بەشـێکی گـەورەی ئـەدەبی سـەرزارییە، کـەم و زۆر کـورد بـەکاری دێنـێ و پەیوەنـدی بـە ژیانییـەوە هەیـە، چونکـە کـان و سەرچەشمەی ژیانی ڕۆژانەی کورد پیشـان دەدات، بـالۆر بێژانـی کورد لە کۆڕی شاییدا، لە دیوەخان و ناو کێڵگە و بۆنە میللیەکاندا لـە شین و شـەپۆڕدا بـەکاری ئـەهێنن. لـەم بەشـانەدا کورد سوودێکی گـەورەی لـە ڕووی ئایین و سیاسەت و ئابووری وەرگرتووە.
ئـەم کتێبـە ئـەم باسـانەی تێدایـە: (نەخشـەی فۆلکلـۆری کوردی.. بەشـی یەکەم: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، مێژووی کۆکردنـەوە و لێکۆڵێنـەوەی پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەقی کـوردی.. بەشـی

دووەم: سەرهەڵدانی پەند و قسەی نەستەق، ڕوخساری پەند و قسەی نەستەق، ناوەڕۆکی پەند و قسەی نەستەق.. بەشی سێیەم: گۆرانی کوردی، ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی، ڕوخساری گۆرانی و کێشەکانی گۆرانی کوردی، ناوەڕۆکی گۆرانی لە شایی و شین و بۆنەکانی تردا.. بەشی چوارەم: کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەدەبی سەرزاریی (لێکۆڵینەوەی مەیدانی)، سوود وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆر و دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی نووسراو).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد لەدووتوێی ١٩١ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە

**١٢- یادی ئازیزان**

ئەم کتێبە لە چەند وتارێکی سەربەخۆ و تایبەت بە کەسایەتییەک نووسراوە و ئامادەکراوە. بەشێک لەو کەسانەی کە دوکتۆرە شوکریە لەسەری نووسیون، هاوڕێ و دۆست و مامۆستای بوون، بەشێکی تر، لەبوارێکی تایبەتدا خزمەتی بەگەلی کورد و کوردستان کردووە و وەک و سۆز و وەفایەک لەبەرانبەریاندا ئەمەی نووسیوە و زیاتر دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە.

کتێبی یادی ئازیزان، باسی لە سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێکانی، عەلائەدین سەجادی، ئەحمەدی خواجە، پاکیزە رەفیق حیلمی، پرۆفیسۆر دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، عەلی فەتاح دزەیی، جەلال تەقی و شوکر موستەفای کردووە، هەریەکە بەشێوەیەک قسەی لەسەر خودی کەسایەتییەکە کردووە، یاخوود بەرهەم و نووسینێکی گەنگەشە کردووە.

بابەتێکی تایبەتی بەناونیشانی (یەکسانی ژن و پیاو لە ڕوانگەی شەهیدی فکر عەبدولخالق مەعروف)ەوە نووسیوە، یادێکی بۆ فەرەیدون

هادی و محەمەد مەولوودی چیرۆک نووس کردووە. باسی پیربال مەحموود، محەمەدی ماملێ، کەژاڵ و مەرزیە فەریقی کردووە.
هاوکات، چەندین سەرگوزەشتە و بیرەوەری دەگێڕێتەوە و لەهەندێ شوێن و نووسیندا، بەگوێرەی پێویستی شیعری گونجاوی شاعیر بەنموونە دەهێنێتەوە و هەریەک لەم نووسینە سەربەخۆیانە، زانیاری تایبەت و کەم بیستراوی سەبارەت بە کەسایەتییەکان تێدایە و بە ئەرشیفێکی گرنگ هەژماردەکرێ بۆ مێژوو. مانەوەی بەشێک لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە بەتێپەڕبوونی کات ڕوویداوە، بەڵام بەهەر هۆکارێک بێ، تۆمارنەکراوە و نەبۆتە بەشێکی گرنگ لەمێژوو، بەڵکۆ تەنیا ڕوویداوە و لەناوچووە و لەبیرنەماوە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ لەدووتوێی ١٤٧ لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ چاپکراو و بڵاوکرایەوە.

**١٣- ڕۆڵی مارگرێت ڕوودینکۆ لە بوژاندنەوەی کەلەپووری کورددا**

بە ئاوڕدانەوە لە کاروچالاکی کوردناسەکانی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بەتایبەتی لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی و نامەخانەی ستالتیکۆڤ-شیدرین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زانایانی کود ناسی پێش کوردە ڕۆشنبیرەکان کەوتوونەتە کاری ناسینی میللەتی کورد، ئەو زانایانەی کە لە ڕێگەی کار و چالاکییەکانەوە ئاوڕیان لە کورد داوەتەوە، دڵسۆزانە بەرهەم و نووسینەکانیان پاراستووە و هەڵیان گرتووە، چونکە زانیویانە ئەمانە کەرەستەیەکی پڕ نرخ و دەوڵەمەند و بەبەهان، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان کردووە، بۆ ئەم کارانە گەنجینەیەکی دەوڵ'مەندیان لە دەستنووسەکان بەدەست هێناوە هەر لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەر و پاسان سۆڤیەت کوردناسەکان کەوتنە پشکنین و گەڕان و ناسینی کورد. بۆ ئەم کارانە سەرەتا هەوڵی

فێربوونی زمان و کەلتووری ئەو میللەتە بوو لە ڕێگەی چەندین مەلا و ئەفەندی و شارەزا فێری زمان بوون و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەش پاڵشت و هاریکاری ئەوان بوون لە هەموو ڕوویەکەوە.
ئەم کتیبە تایبەتە مارگریت ڕوودینکۆ (١٩٢٦-١٩٧٧) یەکێک بووە لە ڕۆژهەڵاتناسە دیار و چالاکەکانی سەددەی ڕابردوو، زۆر نووسینی لەسەر کورد هەبووە بەتایبەتی لە ئەدەبی کلاسیکیدا لەبارەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و سویف و زولێخای سەلیمی سلێمان و شێخی سەنعان و فەقێ تەیران و لەیلا و مەجنوونی حارسی بەتلیسی قسەی کردووە و ڕوانگەی نوێی خستۆتەڕوو، هاوکات ژمارەیەکی زۆر وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی هەیە و ڕۆڵی زۆری هەبووە، لە کۆکردنەوە و بوژانەوەی کۆمەڵی دەستنووس.
ڕوودینکۆ، چەندین بەرهەمی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی لەوانە (حەکایەتی کوردی، گۆرانی و چیرۆک و داستانی کوردی، پەند و قسەی نەستەقی کوردی  و حەکایەتی میللەتی کورد).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ لەدووتوێی ١٣١ لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکرا و بڵاوکرایەوە.

**١٤- نرخ  و بەهای لایلایەی دایک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا**

ئەم کتێبەکە ئەم باسانەی لە خۆگرتووە: (داب و نەریتی منداڵ بوون، زەیستان، مامان، شەوە، هۆزەبانە، سورانە، ناونانی منداڵ، چلەی زەیستان، خەتەنەکردن و خەتەنە سووران، گاگۆڵکێ، قسەکردنی منداڵ.. لە بێشکەنانی منداڵ، جۆرەکانی بێشکە (لانک)، بەرووولانکی (بێشکەی کوردی)، جلوبەرگی منداڵ.. لایلایە (لۆرین)، ڕوخساری لایلایە، شێواز و زمانی لایلایە، ناوەڕۆکی لایلایە، کریگەری و پەیوەندی لانک بە لایلایە

و لانک و ژەنین.. هەڵپەڕینی منداڵ، هەڵپەڕینی کوڕ، هەڵپەڕینی کچ، پێگرتن یاخود سەرپێکەوتن، وەسف و پیاهەڵدان).
نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "لەو کاتەی دایک منداڵی بووە و کۆرپەکەی گرتۆتە باوەش، سۆزێکی لە ڕادەبەدەری بۆی بووە بە جۆری کە کورد ناوی ناوە (جگەر گۆشە) کە پارچەیەک لە جگەری دایکە و دایکیش هەر لەو کاتەی منداڵی لەناو سکیدا ئاوڵەمەیە (جەنین) لەڕێگەی ڕیخۆڵە و ناوکیەوە وەک بەشێکی جودا نەکراوە خواردنی داوە بە منداڵەکەی.. ئیتر ئەم سۆز و خۆشەویستییە، ئەم ماندوو بوونەی دایک بەرادەی نۆ مانگ، ئەم بەخێوکردن و نەشونومای منداڵە کۆرپەیە تا گەوەر دەبێ و دەیەوێ ژن بێنێت بەسەدان چیرۆک و شیعر لەسەر خۆشەویستی دایک بەرامبەر منالەکەی چ کچ یا کوڕ پێ وتراوە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەدووتوێی ١٤٨ لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٥- نهێنی ژمارە حەوت**

کتێبی نهێنی ژمارە حەوت، (لەبیروباوەڕ و نەریتی گەلان و کورددا) لێکۆڵینەوەیەکی شیکایی-مێژوویی-یە، کە بەشێوەیەکی ورد باس لە ژمارە حەوت کراوە، لەسەرجەم بیروباوەڕ و ئاینەکان و و داب و نەریتی وڵاتان، بەتایبەتی کورد، هاوکات پێناسە و ناساندن بۆ چەند چەمکێک کراوە و بەڕەوڕەوی مێژوودا ڕۆیشتووە و بۆ بنەچەی ژمارە حەوت،
کتێبەکە، بەسەر چەند تەوەرەیەک دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم بەناونیشانی ژمارە حەوت لە بیروباوەڕی گەلاندا، کە چەند باسێکی لەخۆگرتووە، لەوانە: بوونی ژمارە حەوت لە کۆنترین نووسراو (داستانی گلگامێش) و ڕەنگدانەوەی لە نەریت و بیروباوەڕی ئایینی

ولاتـانی مسـیۆپۆتامیا و لە سـەردەمی سـۆمەری و ئاشـووری و بـابلی، تەنـانەت لە جیهـانی خوارەوەشـدا. لە تەوەرەی دووەمـدا، باسـی ژمـارە حەوت کـراوە، لە ڕوانـگەی پەرسـتگا و زەقـور، ڕەنگـدانەوەی ژمـارە حەوت لەکاتی منداڵ بوون، پەیوەندی ژمارە حەوت و مانگگیران، ژمارە حەوت و جنـۆکە، ژمـارە حەوت و سـوێند خـواردن، ژمـارە حەوت و سروشـت. هاوکـات، ژمـارە حەوت لای میسـرییەکان و لە کەلەپـوری عەرەب و لە هونەری گەلاندا باسکراوە و شرۆڤەی خراوەتەڕوو.
لە تەوەرێکـی تـردا، بـاس لە ژمـارە حەوت و پێوەنـدی بە ڕەنگەکـان و ژمارە حەوت و خورمـا و ژمـارە حەوت لە ئـاینی زەردەشـتی و ژمـارە حەوت لە بیروبـاوەڕی ئێزیدیـدا و ژمـارە حەوت لای ئەهلـی حەق و کاکەییەکان و نەورۆز و ژمارە حەوت، باسکراوە. تەنانەت باسی ژمـارە حەوت لە شوێن و کەلەپوری کورد و ژمارە حەوت لە ئیدیۆم و قسـەی نەسـتەق و مەتەڵ و گـۆرانی و بەیتەکانیشـدا هـاتووە و لێـرەدا خراوەتەڕوو، تەنانەت بوونی ژمارە حەوت لە دیوانی شیعری شاعیراندا و ژمارە حەوت لە ساڵنامەی میللی کوردەواریشدا باسکراوە.
ئەم کتێـبە سـاڵی ٢٠١٢ لەدووتـوێی ١٧٦ لاپەڕە لەچاپخـانەی زانکـۆی سەلاحەدین هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٦- دیاردەکانی سروشت و نەیتی باران بارین و نەباین (وشکە ساڵی) لای کورد**

هەر لەکۆنەوە مرۆڤ هەولـێ داوە لەڕێگەی وورد بوونەوە و ڕامـان لە گەردوون و دیـاردە رەگەزەکـانی بگـات. لێکدانەوەی دیاردەکـانی گەلـێ مەبەسـتی بـۆ روون کـردوینەتەوە کە بـۆتە سـەرنج دان و فەلسـەفەی سـەرەتای هـزری مـرۆڤ و دروسـت بـوونی چەنـدین پرسـیار و وەڵامدانەوە و سەر سووڕمانی لا دروست کردووین. ئەم وەڵامدانەوەیە

بۆتە دڵنیایی بوون و دەربڕینی خولیای پەستاو بوونی دەروونی لە شێوەیەکی بابەتیدا کە ترس و دوو دڵی مرۆڤ کەم بکاتەوە و نەیهێڵێ.
ئەم کتێبە، لەچەند باسێک پێکهاتووە لەوانە (باران لە بیری مرۆڤی دێرین و شێوە ئەفسانەییەکە، سەرچاوەی باران لە هزر و میتۆلۆژی گەلاندا، پەرستنی هەندێک لە دیاردەکانی سروشت، نەریتی خەڵکی بەهۆی سیحر و جادوو، باران بارین بەهۆی مردوانەوە، هەورە تریشقە و بروسکە لە باران باریندا، پەلکە زێڕینە و باران بارین، باران لە پزیشکی میللیدا، ڕەنگدانەوەی باران لە پەند و کەش و هەوادا، باران و سەرچاوەی ناو و زاراوە، باران نەبارین (وشکەساڵی) لە نەریتی کۆنی کوردەوارییدا (پێش ئیسلام)، هاوکات چەندین باسی تری سەبارەت بە باران و بووکە بەباران و نوێژە بارانەی تێدایە. کە بەشێوەیەکی ورد، ئەم باسانە خراوەتەڕوو و گەنگەشەی لەسەر کراوە و نموونەی لەسەر هێندراوەتەوە و لەهەندێ شوێندا، شیعر وەک و گوزارشت لە باسەکە دانراوە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، لەدووتوێی سەد لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٧- گەڵاڕێزانی دڵ**

ئەم بەرهەمە هەموو ڕاز و نیازی ناوەوەی ئافرەتێکی کوردە، کە لە کات و ساتە جیاوازەکانی تەمەن بەپێی هەڵچوونەکان و بینینی شتە چەوت و ڕاستەکان هەڵقوڵان و نووسراون. ئەمانە هەمووی بە پێی پێویست تەتەڵە و سەرکۆزەرم کردون و هەڵم بژاردوون. زۆر لە بابەتەکان بە جورئەتەوە هەستە پەنگخواردووەکان دەربراون. چونکە خۆشەویستی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، هەر بۆیە ئەو خۆشەویستیە سەرەتا و کۆتایی ژیانە و سەرچاوەی بەختەوەرییە و

ڕووبــاری ئازارەکــانە، کــۆرپەیەکە لە نــاخی هەمــووان دا دەژی و هەمووشمان بەدوای سۆزێکی پاک بێگەرد و بێ وێنەدا دەگەڕێین و خۆشەویستی تیا دەدۆزینەوە.

ئەم کتێبە، لە چل و حەوت باس پێکهاتووە، لەوانە ( من ئازادم..!، جوانی ڕووخسار و جەوهەری مرۆڤ، یا تەنیا جوانی ڕووخسار، تۆ چیت؟ کێیت! ئەی ژن!، هێشتا لەیادم نەچووی، کە دێیتەوە!، گفتوگۆیەک لەگەڵ نەناسراوێکدا، من چیم و کێم؟ من مێینەم و هەم، کە خاوەن دەسەلاتم پاشکۆیەتی لە پای چی؟، چارەنووس یا وڕێنە، ئافرەت و باوەڕ بەخۆبوون..!، هەندێ لە غەمی خێزانی ئاوارە، فەلسەفەی تێگەیشتن، لەیەک گەیشتن، ئیرەیی (غیرەی) پیاو، هەڵەی دایکێک، ژن و مێردایەتی و زمانی شیرین، بەختیاری ژن و مێرد، توڕەیی و ڕق ئەستووری پیاو لە دوونیادا هەریەکە، دڵی هەموو دایکێک وەک یەکە، کەی دێیتەوە، دڵەڕاوکێی ئافرەت، بەداخەوە دیاردەی کچ فرۆشتن هەر ماوە، بەختیاری لە خۆشەویستیدایە، هەژاری، نەبوونی، قوربانی و دڵسۆزی ئافرەتی کورد، چوار دەستە خوشک و هاوڕێ، ئەورۆز و بیرەوەری و تێگەیشتنم).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٥ لەدووتوێی ١٣٨ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

### ١٨- ختووکەی دڵ

ئاشکرایە لە دێر زەمانەوە، شیعر پانتاییەکی گەوەری لە مێژووی ئەدەبدا، داگیرکردووە. زۆرینەی ئەدیبانیش سەرەتای نووسینیان بە شیعر دەست پێکردووە، خەم و ژانەکان و خۆشی و شادی ژیانیان بە شیعر دەربڕیوە شیعر هەژاندوونی.. هەربۆیە ئەم بابەتانەی کە دەیخوێنیتەوە و ناوم ناوە ختووکەی دڵ ڕێککەوت وای خواستووە،

خەیـــاڵ، ســۆز و هەژان و ورێــنە بە وشـــە و هــزر و نــاخم بکــات.. هەرچەندە، من شاعیر نیم، بەڵام جاری وا هەیە بیرۆکەیەک دەرگای دڵ و هــزرم دەگـرێتە، نـاخم داگیـر دەکـات. بەرهەمێـک لە دایـک دەبـێ و زۆرینەی حەزەکان، خەیاڵەکان، بوونەتە بیرۆکە و شیعر لە دایک بووە.
ختــووکەی دڵ، لە بیســـت و چـــوار شــیعری جیـــاواز و جۆراوجـــۆر پێکهــاتووە، کە ئەمــانەن (ســووتان، ختــووکەی دڵ، خــۆزگە، عەشــق، ئەمشـــەوە، کـــۆچ، غـــوربەت، ورێـــنە، ڕازێـــک، تەنیـــایی، تـــرس، بـــاوکی زارۆکانم، خەو، تۆ چیت!، من ئەوەم، تۆ، چەژنی ڤالانتاین، هیواخواز، بۆ ئەو دایکەی هەم باوک و هەم دایک بوو، ڕزگارکردنی کەرکووک، ژیانی غوربەت، شەڕ، پێشمەرگەی قارەمان لە چیاکان سۆپەرمانە).
نووسینی شیعرەکان، هەریەکە لە کات و سەردەمی جیاوازدا نووسراوە و لە هەستێکی تایبەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشێک لە شیعرەکانیشی لە ژیانی خۆیدا ڕوویداوە، بەنموونە شیعری بۆ ئەو دایکەی هەم باوک و هەم دایـک بـوو، لەو کـاتەی شـەکراو لە مۆسـکۆ خەریکـی خوێنـدنی دوکتـۆرا بـوو، بـاوکی کـۆچی دوایـی کـردووە، لەدوای گەڕانەوەی تەنیـا دایکی سەرپەرشتی کردوون، لەیەک کاتدا، دایک و باوک بووە.
ئەم کتێبە ســاڵی ٢٠١٥ لەدووتـوێی شەسـت و چـوار لاپەڕە پێـنج سـەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٩- تەمەنێک لە چالاکی و ڕێزلێنان**

لەســـەر داخـــوازی ژمـــارەیەک مامۆســـتای بەشـــی کـــوردی زانکـــۆی ســـەلاحەدین بڕیـــاردرا لە کەشـــێکی تایبەتـــدا خەڵات و ڕێزلێنـــان بە پرۆفیسـۆر دوکتـۆرە شـوکریە ڕەسـووڵ ببەخشـن، لەپـای ئەو خـزمەتە زۆرەی کردوویەتی، لەدوای لاری نەبوونی سەرۆکی زانکۆ، دەستکرا بە ئامادەکارییەکان بۆ مەراسیم لە بیست و هەشتی نیسانی ساڵی ٢٠١٥دا.

لەم کتێبەدا، کۆی گشتی وتە و بەخێرهاتنەکانی لەمەراسیمدا خوێندراوەتەوە، خراوەتە بەرچاوی خوێنەران، لەوانە: وتەی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، وتەی سەرۆکی لیژنەی مەراسیمی ڕێزلێنان، وتەی ئەمیدناری گشتی خانمانی کوردستان، وتەی مەڵبەندی گشتی یەکێتی نوسەران، وتەی یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر، وتەی فاکەڵتی زمان/زانکۆی سلێمانی، وتەی بەشی کوردی/زانکۆی دهۆک، وتەی بەشی کوردی/ زانکۆی کۆیە، خوێندنەوەی شیعر و گوێگرتن لە پارچە مۆسیقایەک، وتەی فاکەڵتی زمان/ زانکۆی سۆران، وتەی زانکۆی لوبنانی/فەرەنسی و وتەی پەرلەمانتار تاران تەحسین. هاوکات، چەند بروسکە و پیرۆزباییەک خوێندراوەتەوە و لەکتێبەکەدا نووسراوە، لەوانە: وتەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی/هەولێر، وتەی وەزیری پەروەردە، وتەی سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان، وتەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ژنان، وتەی کەسایەتی قادر جەبار، وتەی مامۆستا جوان خاڵس، بروسکەی ئاسۆ عومەر سوارە و لەکۆتاییدا وتەی دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ دانراوە.

لە کتێبی تەمەنێک لە چالاکی و ڕێزلێنان بەشێوەیەکی ورد، ژیاننامە و بیبلۆگرافیا و کارو چالاکییەکانی شەکراوی تێدا باسکراوە و نێوی تۆژینەوە و کتێبە بڵاوکراوەکانیشی تێدایە.

لەدوای پەنجا لاپەڕەوە، ئەلبوومی وێنەکانی ناوبراو بەگوێرەی تەمەنی دەست پێدەکات، لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ، تەنانەت وێنەی کاتی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرا لە یەکێتی سۆڤیەت بوونی هەیە، تا تەمەنی ئێستا. لەدواتردا، ژمارەیەک وێنەی بنەماڵەکەی تێدایە لەوانە: دایک، باوک، برا،

خوشک و منداڵەکانی. هاوکات، چەند وێنەیەکی کاتی تاوتوێی کردنی نامەی ماستەر و دوکتۆرای تێدایە. لەگەڵ وێنەی چەندین کەسایەتی و هاوڕێکانی و وێنەی ڕۆژی مەراسیمی ڕێزلێنانی.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٦ لەدووتوێی ١٢٧ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢٠- خۆسوتاندنی ئافرەتان بە ئاگر**

هۆکار و چارەسەر- لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری
ئەم کتێبە ئەم بابەتانەی لە خۆگرتووە: (تەوەری یەکەم: توندوتیژی، سوتان، خۆسوتاندن بە ئاگر، پێناسەی خۆسوتاندن.. تەوەری دووەم: ئاگر و پیرۆزی ئاگر، زاراوەی ئاگر لە ناو کولتووری کورددا، ئاگر.. تەوەری سێیەم: ئاگر وەک کولتور و هزری ئاینی و داب و نەریت لای هەندێ لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، ئاگر و پیرۆزی ئاگر لە ئایینەکانی میسرایی، بەهدینی، زەردەشتی و ئیزدیدا، ئاگر لە باوەڕی بەهدینی، ئاگر لە زەردەشتیەکان.. تەوەری چوارەم: خۆسوتاندن لە نێوان هزری ئایینی و واقعدا.. قۆناغی یەکەم: قۆناغی دوای ڕاپەڕین ١٩٩١-٢٠٠٩، قۆناغی دووەم: قۆناغێکی نوێ ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٦.. تەوەری پێنجەم: هۆکارەکانی خۆسوتاندن، گرفت و هۆکارەکان لە چەند چیرۆک و گێڕانەوەدا، خۆسوتاندنی سیاسی، ڕێگاکانی چارەسەری خۆسوتاندنی ژنان و کچان، ئەنجام). لە کۆتایی کتێبەکەدا پێشنیار بۆ ئەو کێشە و ڕووداوانە خراوەتەڕوو.
نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "لەدوای ڕاپەڕین، ڕەوشێکی نالەبار، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بەسەر کورددا هات، گۆڕانکارییەکان خێراتربوون کە کاریگەری لەسەر کولتوری کورد دروست کرد، ئازادییەکان بەر قەراربوو.. کێشەی بەرکەوتەی کولتور و

سـەردەمی نـویێ تونـدوتیژی لـێ کەوتـەوە بـە تایبـەتی کێشـەکان ڕووبەڕووی ئافرەتان بووەوە کە داوای مافە زەوت کراوەکانیان دەکرد، کێشـەکانی تونـدوتیژی و سـتراتیژییەکانی ئافرەتـان بـووە هـۆی ئاوڕدانـەوە لـەو ئافرەتانـەی کـە ڕووبـەڕووی تونـدوتیژی ببوونـەوە، کێشەکانی ئافرەتان بووە (دیارە)یەکی جۆراوجۆ، لە (کوشتن، کوشتن لەسەر ناموس، سوتان، خۆسوتان، سوکایەتی و گاڵتە پێکردن) بە زەقی دەبینران، دەنگی نارەزایی و خۆپیشاندان لەلایە ڕێکخراوەکانی حیزبی و ڕێکخراوەکانی مەدەنی بەرزبووەوە.
ئـەم کتێبـە سـاڵی ٢٠١٧ لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی بەرەنگاربوونـەوەی تونـدوتیژی دژ بـە ئافرەتـان لـەدووتوێی هەشـتا لاپەڕدا بڵاوکراوەتەوە

**٢١- زەینەب خان کچە کورد** (١٩٠٠-١٩٦٣)

خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا
ئەم توێژینەوە لەبارەی شاعیری کۆیی کچە کوردەوە ئەنجام دراوە، کە دەکاتە خوشکی دڵداری خاوەن مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، توێژەر زۆر بـەوردی ئیشـی لەسـەر ئـەم بابەتـە کـردووە و لەسـەرجەم ڕەهەندەکانەوە باسی لێوەی کردووە.
کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە: (بەشی یەکەم: ژینگەی زەینەب خان، ڕۆڵی دایک، ڕۆڵی باوک، ڕۆڵی براکانی زەینەب خان، وێنەی زەینەب خان و دڵدار، شووکردنی زەینەب خان، وێنەی فازڵ و خاتوو زین، ڕۆشنبیری زەینەب خان.. بەشی دووەم: ناوەڕۆکی شیعرەکانی زەینەب خان، پاشخانی ڕۆشنبیری و هۆشیاری زەینەب خان، شیعری شانازی و ستایش، شیعری ئاینی، خۆشەویستی نیشتیمان، خۆشەویستی بۆ کۆیـە، خۆشەویستی بەرامبـەر بـە هـەولێر، خۆشەویستی بەرامبـەر

کـەرکووک.. بەشـی سـێیەم: ئاوڕدانەوەیـەکی خێـرا بـە مێـژوو و بـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی شاعیر.. بەشی چوارەم: باری سیاسی و ڕۆشـنبیری هـەولێر لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، دامەزرانـدنی کۆمەڵـە و پـارتی سیاسـی لـە هـەولێر، هەڵوێسـتی شـاعیر بەرامبـەر داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە.. بەشی پێنجەم: بەرەنگاری لــە شــیعرەکانی زەینــەب خــان لــە چلــەکانی ســەدەی بیســتەمدا، خۆشەویستی نیشتیمان، خـەبات و تێکۆشـان، خـەباتی هاوبـەش (ژن و پیـاو)، سـەربەخۆیی، پێشـمەرگە، شـەهید، ئـاڵای کوردسـتان، کـۆڕەوی بارزانی بۆ سۆڤیەت و گەڕانەوەی، ئامۆژگاری، ئیمان و باوەڕ، خوێندن و فێرکـردن، پێشـکەوتن، هـەوڵ و تێکۆشـان، ئازایـەتی، ڕۆڵـی عـەقڵ، هەسـتی شـاعیر بەرامبـەر داگیرکـەر، یـەکگرتن و یـەکڕیزی، خیانـەت، پـەروەردە و فێرکـردن و خۆشەویسـتی.. بەشـی شەشـەم: نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی زەینـەب خـان لـە سـاڵانی پەنجاکانـەوە تـا سـەرەتای شەستەکان، شـیعری سـاڵانی پـەنجاکان، شـیعری سـاڵانی شەسـتەکان، شـیعری بۆنـەکان، چـوارین، شـیعری ئـاینی، شـیعری سیاسـی، بابـەتی خیانەت، شارەزایی لە شیعری کلاسیکی و نوێ، ئـازادیی ژنـان، خـەباتی لاوان، قەدەغەکردنی هاتوچۆ، گەشبینی لە شیعرەکانی شـاعیردا، هیـوا و گەشبینی، گەشبینە بە ژنی کورد، تێکۆشان و هۆشیاری و کۆڵنەدان، بـە کوردستان دڵخۆش و سەربەرزە، پشتیوان بە خودا و بـە هیـوای پـارتی هیوا، خۆڕاگری، گەشـبینی بـە بـەهار بـە هـەتاو و بـە ڕوونـاکی، ڕوانینـە ژیـان بـە لێـوی پڕ زەردەخەنـەوە، کورد ناتوێتـەوە، بـە پێکـەنین و قاقـا بەرەو مەرگ دەچێ، سـەرکەوتن و نەترسـان، شـەرەفی گـەورە لـە ڕێـی ئازادییـان، بەرامبـەر بـە خـاک (عاشـقبوون) بـۆ جـوانی و خۆشەویسـتی

نیشتیمان و شانازیکردن پێوەی، ئازادی لە خەباتی شەهیدانە، هەوای ئازادی و کۆڵنەدان، پێشەنگی ژنانی کوردەواری و دەنگی ئازادی).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ٢١٥ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢٢- خوێندنەوەی نوێ دیدی نوێ**

پڕۆژەی ڕێکخراوی نواڵە بۆ ڕاگەیاندن بەهاوکاری فەرمناگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە کۆکراوەی دوو سیمیناری دوکتۆرە شوکریە و هێمن ڕەفیقی لەخۆگرتووە، کە بۆ پڕۆژەی (دیدی نوێ.. خوێندنەوەی نوێ)ی بۆ بەندکراوانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی سازکردووە.
لە بەشێکی سیمینارەکەدا، دوکتۆرە شوکریە دەڵێ: باسی هەندێ ئافرەتتان بۆ دەکەم کە مێژوویەکی پڕ سەروەریان لە مێژووی هاوچەرخدا تۆمارکردووە و بوونەتە ناوێکی گەشاوە و خەڵک و وڵاتی خۆیان و ژینگەی لەدایک بوونیان شانازی بە خەبات و کردار و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانیان دەکەن، لە ناو کوردستان گەلێ ژنی ناودارمان هەیە کە هەریەکەیان لە ڕێگەی بنەماڵەکەیانەوە دەوری خۆیان هەبووە و جێ پەنجەیان لە مێژووی کورددا دیارە بۆ نموونە: (مەستوورەی ئەردەلانی، عادیلە خانی جاف، حەپسەخانی نەقیب...).
ئەم دوو سیمینارە لەلایەن هەڵبەست ساڵح شێروانی ئامادەکراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**وەرگێڕان**

**٢٣- عادات و رسووماتنامەی اکرادیە داب و نەریتی کورد**

مەلا مەحموودی بایەزی (١٧٩٧-١٨٦٧) زیاتر لە دوو سەدەیە کتێبی عادات و رسووماتنامەی اکرادیە، نووسیوە. لەئەمڕۆشدا نرخ و بایەخێکی گەورەی لە بواری کۆمەڵناسی و ئەنتۆگرافی و ئەنسرۆپۆلۆژیادا هەیە. ناوبراو، دەستێکی باڵای لە نووسینی پەخشان و کەلەپووری کوردیدا هەبووە و دەیان بەرهەمی تری نووسیوە، تەنانەت سێ فەرهەنگی (کوردی-فەڕەنسی)، (کوردی-ڕووسی)، (کوردی-ڕووسی-فەڕەنسی) هەبووە. هاوکات، ژمارەیەکی زۆری دەستنووس هەبووە.

ئەو کتێبە، ئەو پێشەکییەی تێدایە، کە لەکاتی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی لەلایەن ڕۆدینکۆوە نووسراوە، هاوکات دەقی دەستنووسەکەی مەلا مەحموودی بایەزدی تێدایە، کە ١٢٩ لاپەڕەیە.

ناواخنی کتێبەکە زیاتر تایبەتە بە داب و نەریتی کورد، نووسینی کتێبەکە، زیاتر شێوازی ئەتەکێت- مامەڵە کردن مرۆڤ لەگەڵ یەکتری نیشاندەدات، لەگەڵ ئەو کولتوور و شێوازی ژیانەی لەنێو کوردا باو بووە، تەنانەت چەندین نموونەی کوردەواری دەهێنێتەوە و دەڵێ: (هەموو تیرەیەکی کورد گۆرانی بێژی تایبەتی خۆی هەیە و لە تیرەیەکی تر گۆرانی بێژ بۆ شایی ناهێنن، شایی کوردان سێ تا حەوت ڕۆژ ئەخایەنێت، ئەمەش بە پێی توانانی خاوە شاییەکەیە.. لە شاییدا بووک و زاوا دێن و ئەیانخەنە ناو شاییەکە وەکوو ئەوان هەڵدەپەڕن و ستران دەبێژن).

لەکۆتاییدا، لیستی ناوی جوگرافی و بنچینەکان و لیستی زاراوەکانی خراوەڕوو و شرۆڤەکراوە.

ئەم کتێبە لەلایەن مەلا مەحموود بایەزیدی نووسراوە و م.م. روودینکۆ وەریگێـراوەتە سـەر زمـانی ڕووسـی، لەدواتـردا لەلایەن شـوکریە ڕەسوولْ، خراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ١٩٨٢ چاپکراوە، ساڵی ٢٠١٥ بۆ جاری دووەم لەلایەن ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، لەدووتوێی ٢٣٨ لاپەڕە حەوت سەد و پەنجا دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢٤- کۆمەڵە ڕازێکی منداڵان**

ئەم کتێبە چواردە چیرۆکی لە خۆگرتووە، کە ئەمانەن: (گوڵ، ئالونوشکە و ئیڤانۆشـکە، کچۆڵـە و .. قووەکـان، ناسـکۆڵە، هیـوا، مانگـا، ئـاگر کەوتنـەوە، چۆن منداڵەکە لـە دارستانەکە تووشـی ڕەشـەبایەکی توونـد بوو، پورم بۆی گێڕامەوە چۆن فێری درووومانی کردم؟ بابەیاگا، کچە بەفرینە، مەلۆتکە، مامۆستا کەمان، پیرەژن و پیرەمێرد).

ئەم چواردە ڕاز بۆ منداڵان نووسراوە، کە کۆمەڵە ڕازێکی سەرزاری میللی و هەندێکی تریشیان زادەی بیری ئەدەبیەکان نووسراوە. نووسەر لـەو کتێبـەدا ئامـاژە بـەوەدەدا کـە هەنـدێ لـەو ڕازانـە لەبەرئـەوەی ناوەکانیـان لەگـەڵ زمـانی کوردیـدا نـاگونجێ کردومانـە بـە کـوردی و هەندێکی دیکەشیانمان گۆڕیون و ناوی کوردیمان لەجێگای داناوە.

ئەم لەلایـەن دوکتـۆرە شـوکریە ڕەسـووڵەوە کۆکراوەتـەوە و لـە زمـانی ڕووسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ١٩٨١ لەلایـەن چاپخانـــەی الحـــوادث لـــەدووتوێی شەســـت و هەشـــت لاپـــەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

**٢٥- گەنجینەکانی کەلەپووری کورد لە خەزێنەکانی پترسبورگدا**

لەبنەڕەتـدا، نووسـەری ئەم کتێـبە کـوردە، بەمەبەسـتی ئاشـنا بـوون و زیاتر گرنگیدانی وڵاتان بەتایبەت ڕووسیا، ئەم کتێبەی بەزمانی ڕووسی نووسیوە. لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بە زمـانی ڕووسـی، ئەو بەش

و باسانەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بەکوردەوە هەیە، خراوەتە سەر زمانی کوردی.
ئەم کتێبە چەند باس و بابەتی لەخۆگرتووە، کە تایبەت بەکورد و کوردستان، لەوانە باسکردن و سەگوزەشتەی قەڵای دمدم و خانی لەپ زێڕین، مەحموودی بایەزدی لەنێو کەلەپوور و کەلتووری کوردیدا، کە یەکێکە بووە لەو کەسانەی ڕۆڵی گرنگی هەبووە، لە هاوکاری و یارمەتیدانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسان، بەتایبەتی ئەلێکسەندەر ژابا. ئەفسانەی خۆشەویستی شیرین و فەرهاد لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا باسکراوە و بناغەی گەشەسەندنی کولتووری کوردیش خراوەتەڕوو. باسی گەنجینە و کەلەپووری کوردی کراوە، لە خەزێنەکانی پترسبورگدا، کە بە سەدان و هەزارەها دەستنووس و نووسینی کوردی بوونی هەیە، لەوانە بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی و تێکەستە فۆلکلۆرییەکان و بەرهەمە زمانەوانی و مێژوویی و ئەتنۆگرافی.
لە کتێبەکەدا، چەندین باسی تر پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتناسان کراوە، وەک مینۆرسکی و یوسیف ئوربیلی، بەوردی زانیاریان لەبارەیەوە خراوەتەڕوو، سەبارەت بە خۆیان و گەشتەکانیان بۆ کوردستان و کارەکانی کردوویانە. ئەمانە و چەندین باسی تر، سەبارەت بە ئەفسانە و داستان و چیرۆک و کەلەپوور و ئەدەبیاتی کوردەواری خراوەتە بەرباس.
ئەم کتێبە بە زمانی ڕووسی لەلایەن جەودەت هوشیار نووسراوە، لەدواتردا وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٥ لەدووتوێی ٢٣٤ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

### ٢٦- کۆمەڵە چیرۆکێکی بێگانە

ئەو چیرۆکانەی لەو کتێبەدا هاتووە، کۆکراوەی ژمارەیەک چیرۆک و حەکایەتە، کە زۆربەیان لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێردراون بۆ سەر زمانی کوردی و بڵاوکراونەتەوە، لەبەرانبەر هەر چیرۆکێک ناوی نووسەرەکەی نووسراوە. وەرگێرانەکان بۆ کاتی جیاجیا دەگەڕێتەوە و چیرۆکەکان هەمووی ڕووداو و پەند و ئامۆژگارین و وانەی ژیان فێری نەوەکان دەکات، لە پشت هەندێ چیرۆکەوە ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان دەخوێنیتەوە.. حەز و ئارەزووەکان، لە دونیای پڕ ئارەزوو خەیاڵ، هیوا، بزەی ژیان، خۆشەویستی، سەرکەوتن دەفرن و جارێکی تر مەستی خوێندنەوەی دەبنەوە.

لێرەدا نێوی ئەو چیرۆکانە دەنووسین، کە لە کتێبەکەدا هاتووە، هاوکات نێوی نووسەرەکەی لە تەنیشتی دەنووسین، ئەو چیرۆکانەی کە نێوی نووسەرەکەیان دیار نییە، تەنیا دەنووسین لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە، (نامەیەک، یوری ڕێختر) (ڤانکا، ئانتوان چیخۆف) (تانیا، ڤێ ئەردە ماتسکەڤا) (دەبێ و نابێ، لەڕووسیەوە) (سێ گوڵ، لەڕووسیەوە) (فیلی پۆک، ل.ن.تۆڵستۆی) (بێچووە پشیلە، ل.ن.تۆڵستۆی) (شێر و مشک، ل.ن.تۆڵستۆی) (دوو هاوڕێ، ل.ن.تۆڵستۆی) (فیل، ل.ن.تۆڵستۆی) (باپیرە و کوڕەزاکەی، ل.ن.تۆڵستۆی) (کچە شازادەیەکی گچکۆڵە، ئەیوب مەنسوور) (دوو هونەرمەند، لەڕووسیەوە) (ئەفسانەی چیای ئۆڕاڵ، لەڕووسیەوە) (مرۆڤ سەردەکەوێت، ڤ.بۆچارنیکۆڤ) (ئەفسانەی فەرشێک، لەڕووسیەوە) (ساڵی تازە و نوکتەیەک، ب. لاسکینا) (دوو نوکتەی ڕووسی، لەڕووسیەوە) (ڕۆژی لە دایک بوونم، لەڕووسیەوە) (بلوێر ژەن و مشکەکان، لە عەرەبییەوە) (هەشت جار

دایکم درۆی لەگەڵ کردم، لە عەرەبییەوە) چۆلەکە، ئی. س تورگینێڤ)
(گەمژە، ئی. س تورگینێڤ).
ئەم کتێبە لەزمانی ڕوسییەوە وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٥ لەدووتویێی حەفتا و هەشت لاپەڕ، پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

# سۆزان جەمال



**سۆزان جەمال**

ســـۆزان جەمـــال، ســـاڵی ١٩٧٤ لە سـلێمانی لە دایـک بـووە، قۆناغەکـانی خوێنــدنی ســەرەتایی و ناوەنــدی و دواناوەنـدی هەر لەوێ تەواو کـردووە، لە ســــــاڵی ١٩٩٦ بەشــــــی بـایۆلۆژی زانکـۆی سـەلاحەدینی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە دەستی بە نووسین و وەرگێڕان کردووە. ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ لە زانکۆی سلێمانی کۆلیژی زانست بەشی بایۆلۆژی مامۆستا یاریدەدەر (موعیدە) بووە. ســاڵی ٢٠٠٥ لە دەزگــای چــاپ و پەخشــی ســەردەم، ســەرەتا وەک ئەندامی ستافی نووسین و دواتر وەک سکرتێری نووسین لە گۆڤاری زانســتی ســەردەم کــاری کــردووە. لە ســاڵی ٢٠٠٩ــەوە بــووە بە سەرنووسـەری گۆڤـارەکە، تـا سـاڵی ٢٠١٥ و دەرچـوونی دوا ژمـارەی زانسـتی سـەردەم. سـاڵی ٢٠٠٥ تـا ٢٠١٢ ئەنـدامی سـتافی نووسـینی گۆڤـاری تەوار بـووە. هەروەهـا، چەنـد سـاڵێک لاپەڕەی زانسـتی بـۆ هەفتەنـامەی زانکـۆ و ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نـوێ ئامـادە کـردووە. لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەت و وتاری دەربارەی کێشـەکانی ژن و کــــۆمەڵگە و ســـــایکۆلۆژی و پەروەردەی منـــــداڵ و بـــــابەتی زانستی، بڵاوکردۆتەوە.

سۆزان جەمال، ئەم کتێبانەی وەشانکردووە (ژن لەبەردەم قەیرانەکانـدا، سـایکۆلۆژیی منـداڵ، ڕووەکەکـان، سـایکۆلۆژی و ڕۆشـنبیریی منـداڵ، سایکۆلۆژی و مێیەتی، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، پەیوەندییەکانی ژن، ژن لە ســــەردەمی دیموکراســــیدا، بــــاخچە نهێنیــــیەکە، ڕۆژنــــامەگەری و

ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، سایکۆلۆژیای ژیانی هاوسەریێتی، من هەم من شەڕانگێزم، خۆشەویستی و وزەی دەروونی، کۆئەندامی هەرس، چارەسەری سروشتی بۆ؟، نەخۆشی شەکرە، خۆکوشتن، یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس –دوو بەرگ–، خەونە سێکسییەکان، سێکس و دەروون، ڕەوشی ژن لە ئیسلامدا).

**نووسین**

**١- ژن لەبەردەم قەیرانەکاندا**

ئەم کتێبە، ژمارەیەک وتار دەربارەی ژنی کورد دەخاتە ڕوو، کە چەندەین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی هەیە و ئاستەنگن لە بەردەم کرانەوە و ئازادیدا کارەکتەرێکیان لێ دروست کردووە کە هەمیشە خۆی لە سەنتەردا نابینێت، هەمیشە خۆی و خەون و هیوا و هەست و هەموو وجودی خۆی دەخاتە دوای ڕازیبوونی باوک و برا و دواتر هاوسەر و منداڵەکانی، ژنی کورد بەردەوام بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە وەک کەسێکی نوقسان، کەسێکی نەخۆش، کەسێکی بێ توانا کە هەردەم پێویستی بەوانی دیکە بێت بیپارێزن، بەرگری لێبکەن، لە جیاتی ئەو بڕیار بدەن وەک هۆکارێک بۆ خزمەت و تێرکردن و چێژورگرتن لێی بڕوانن، ژنی کورد کاراکتەرێکە بە تەبیعەت و فترەت لاواز نییە، بەڵام لاواز کراوە کەسێتی ژن کە بوونیادێکی کۆمەڵایەتییە و ژینگە بەشی گەورەی دادەڕێژێت، بەئەسەفەوە دەڵێم شێوێنراوە، ژن تەنانەت لە خۆی، لە هەست و غەریزە خۆڕسکەکانی خۆی سڵ دەکاتەوە.

ئەم کتێبە، وەکوو دیاریی بۆ یادی هەشتی مارت –ڕۆژی ژنان– پێشکەش کراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی باس لە دۆخی ژن و کێشە و کاریگەری کولتووری باوی کۆمەڵگە بۆ سەر ژیانی ژن و کار و

چالاکییەکـانی دەکـات، سـەرجەم و خـاڵ و لایەنەکـان و فاکتەرەکـان دەخـــاتەڕوو، بـــۆ گەیشـــتن بە واقعێکـــی مرۆڤدۆســـتانە، لەپێنـــاو بەدیهێنـانی کـۆمەڵگەیەکی یەکیسـانی نێـوان دوو ڕەگەزی هـاوژینی بەختەوەری.

ئەم کتێبە سـاڵی ٢٠٠٤ لەلایەن دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، لە دووتوێی سەد لاپەڕە چوار سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- سایکۆلۆژیی منداڵ**

ئـەم کتێبـە، چەنـد لایـەنێکی سـایکۆلۆژی منـداڵ بـاس دەکـات بـە پشـت بەسـتن بـە کۆمـەڵێک سـەرچاوەی زانسـتی و سـوود وەرگـرتن لـە ئـەزموونی ژیـانی تایبـەتی وەک دایـک. ئـەم کتێبـە بـە زمـانێکی سـادە و ڕەوان نووسراوە، چونکە پەیامی سەرەکی کتێبەکە بە گشتی ئاڕاستەی دایک و باوک کراوە کە دەشێ سەر بە چین و توێژی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری جیـاواز بـن، تـا بـەرچاو ڕۆشـنییەکی زیاتریـان هـەبێت سـەبارەت بـە سـایکۆلۆژی منـداڵ و بتـوانن لـە پـەروەردەکردن و تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیاندا سوودی لێ وەربگرن.

ئەم کتێـبە لە ژمـارەیەک بـابەتی سـایکۆلۆژی منـداڵ و پەروەردە پێکهاتووە، لەوانە:

کاریگـەری ڕۆشـنبیری لەسـەر گەشـەی مـەعریفی منـداڵ. ڕۆڵـی پـەروەردەی جـوانی لـە گەشـەی کەسـێتی منداڵـدا. زمـانی منـداڵ و پەیوەندی بە گەشەی جووڵەییەوە.

– گەشەی دەروونی منداڵ. گەشەی زیرەکی منداڵ. خەیاڵی منداڵ. منداڵ و یەکـەم ڕۆژی چوونـە قوتابخانـە. مامەڵـەی خێـزان و مـافی منـداڵ. هاوبەشیکردنی دایک و باوک لە پەروەردەکردنی منداڵدا. ڕەفتاری دزی

لــە منداڵــدا. شــەڕانگێزی منــداڵ. پــەروەردەی دروســت بەرامبــەر بــە کەللەڕەقی منداڵ.
پێشـەکی ئەم کتێبە لە لایەن فـواد قەرەداغـی نووسـراوە و سـاڵی ٢٠٠٦ لەلایەن بەڕێــــوەبەرایەتی چــــاپ و بڵاوکــــردنەوەی ســــلێمانی، لەدووتوێی ١٦٠ لاپەڕ، هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- ڕووەکەکان**

ڕووەکەکـان کتێبێکـی زانسـتییە، هۆکـاری هانـدەر بـۆ دانـانی ئەم کتێبە، پێویسـتی خوێنـدکارانی بەشـی بەربـوومی کـۆلیجی کشـتوکاڵ بـوو کە پێویسـتیان بە سـەرچاوەی کـوردی بـووە لە وانەی پۆلێنزانیـدا، تـا ئەم ســـاڵانەش، خوێنـــدکارانی کـــۆلیژی کشـــتوکاڵ وەک یەکێـــک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی وانەی پۆلێنزانی پشتیان پێ دەبەست. ئەڵبەتـە بۆ خوێنەری ئاسایی، کە خوێندکار نەبێ کتێبێکی سەرنجڕاکێشە، چونکە بە وردی بەهـای خـۆراکی و سـوودی هەر یەک لەو سـەوزە و میـوانە خراونەتە ڕوو کە لەم کتێبەدا باس کراون.
ئەم کتێــبە بە بــابەتی پــۆلێنکردنی دار ودرەختەکــانی کوردســـتان دەسـت پێدەکات، پاشـان چەنـدەها جـۆری جیـاواز لە میـوە و سـەوزە لەم ڕووەوانەوە باسـکراون: پـۆلێنی زانسـتیو جیاکردنەوەیـان بە پێـی خێزانەکانیان، دابەشبوونی جوگرافی، چاندن و پێگەیاندن و زۆربوون، نەخۆشـییەکانی کە تووشـیان دەبـن، بەهـای خـۆراکی و سـوودیان لە بواری تەندروستی و چارەسەری سروشتی و جوانکاریدا.
لەو میوانەی باس کراون وەک: مزرەمەنییەکان، هەنجیر و هەرمێ، تـرێ و قەیسـی و ...هتـد. هەروەهـا ژمـارەیەک ڕەگە هەڵئاوسـاوەکانی وەک گێزەر و تـوور و هەروەهـا سـەوزەش وەک کـاهوو، خەیـار و بیـبەر و نەعنا و ...هتد باس کراون.

پێشەکی ئەم کتێبە لە لایەن ئەکرەم قەرەداغی نووسراوە و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لە دووتوێی ٣٨٠ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- سایکۆلۆژی و ڕۆشنبیریی منداڵ**

ئەم کتێبە باس لە چوار کۆڵەکەی گرنگی ڕۆشنبیری منداڵ دەکات کە بریتین لە: وێنەکێشان، ئەدەب، میوزیک، شانۆ. بەو پێیەی کە منداڵ خۆی کائینێکی وریایە ئەم خەسڵەتە وایلێکردووە زۆر بە ئاسانی بە کولتوور و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە کاریگەر بێت بە هەموو لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانییەوە.

لەم کتێبەدا باسی توانای منداڵ کراوە کە وەک گەورەکان، بەڵام جیاواز لەوان بیر دەکاتەوە و توانای داهێنان و کاری ئەفرێنەریشی هەیە ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش بکرێ، هاوکات هەموو چالاکی یان کردارێکی ڕۆشنبیری و هزری کە منداڵ ئەنجامیان دەدات یان گەورەکان هاوکاری دەکەن لە ئەنجامدانیدا، کاریگەری بەهێزی بۆ سەر گەشەی مەعریفیو کۆمەڵایەتیو دەروونیو ئەقڵیو فۆرمەلەبوونی کەسێتیو ڕێبازی فیکرییان هەیە.

دوا بابەتی ئەم کتێبە باسی تەلەفزیۆن و کاریگەری بۆ سەر ڕۆشنبیری و باری دەروونی منداڵ دەکات، لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی بۆ سەر منداڵ ئەوەندە بابەتێکی چڕ و گرنگە شایەنی ئەوەیە لەدووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا شیبکرێتەوە، سەرباری ئەو ڕاستییە تاڵەش کە ئەگەر لە هەموو دونیا تەلەفزیۆن یەکێک بێت لە هاوڕێ نزیکەکانی منداڵ، ئەوا لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرجار تاقانە هاوڕێی منداڵە کە کاتەکانی بێ ئیشی خۆی بێ بەرنامە و هیچ ئامانجێک لەگەڵدا بەسەر دەبات.

ئەم کتێـــــبە ســـــاڵی ٢٠٠٨ لەلایەن بەڕێـــــوبەرایەتی چـــــاپ و بڵاوکـردنەوەی سـلێمانی، لەدووتـوێی ٢٣٥ لاپەڕە پێنج سـەد دانەی لـێ بڵاوکرایەوە.

**٥- سایکۆلۆژی و مێیەتی**

لەم کتێـبەدا بـاس لە هەنـدێک لەو بابەتـانە کـراوە کە پەیوەنـدییان بە مێیەتـیو کێشـەکانی مێبوونەوە هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیـدا، بە گشـتی کتێبەکە لە شەش بابەت پێکهاتووە، لەوانە: تێپەڕین بە ئۆدیبدا گەیشتنە بە مێیەتی، فرۆید و ژن، خۆکوشتن، یاخیبوون لە ژیان، خەتەنەکردن، لە ژن خستن: سایکۆلۆژی خەتەنەکردن، کاریگەریی خەتەنەکردنە بۆسەر سایکۆلۆژی ژن، نارسیزم، ئەنگێزەیەکی هەمیشەیی بەردەوام لەگەڵماندا دەژی، هەڵچوونی ژن، لە نێوان سایکۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا، هاوکـــات بـــاس لەو پارادۆکســـە دەکـــرێ کە تـــاک لە کـــۆمەڵگە دواکەتووەکانـدا تیایـدا دەژی و کـە لەلایەک ژن وەک فریشـتە سـەیر دەکرێ، بە هـۆی سـۆز و خۆشەویسـتی دایکـایەتییەوە، بەڵام لەلایەکـی دیـکەوە، بە هـۆی توانـای سەرنجڕاکێشـان و جـوانییەکەیەوە و لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە چەمکی شـەرەفی بە هەمـوو ماناکـانییەوە بە جەسـتەی ئەوەوە بەستۆتەوە، بەردەوام وەک مەترسییەک بۆسەر ناو و شـەرەفی بنەمـاڵە، دانـراوە، بەم شـێوەیە ژن لە دوو پـێگەی دژبەیەک دانـراوە، پێگەیەکـی نـزم کە ژن سـەرچاوەی هەمـوو هەڕەشـەیەکی ئەخلاقیـیە و بێتوانایە لە پاراستنی جەسـتەی خۆیدا، لەگەڵ پێگەی بەرزی دایکـایەتی کە هـیچ شـتێکی دیـکەی پێناگـات لە پیرۆزیـی و گەورەییـدا، لە ژێـر کـاریگەری پەیڕەوکردنـی ئەم دوو پرەنسـیپەدا ژن لە هەمـوو چێژێکـی دەروونیو جەستەیی ئاسایی و خۆڕسکی مرۆیی بێبەری کراوە، چێژی دایکـایەتی و منداڵبوونی ئەوەنـدە لا بەهێـز کـراوە تـا هەمـوو چێژەکانی

دیکە لەودا ون بکات. کۆمەڵگە بەم شێوەیە دەستکاری ستراکتۆری هەستیی و جەستەیی و ڕۆحیی ژن دەکات تا زامنی کۆنترۆڵکردنی تەواوی بکات.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، لەدووتوێی ٢٦٣ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- لەگەڵ سایکۆلۆژیادا**

ئەم کتێبە کۆمەڵێک وتار لەخۆ دەگرێ، پەیوەست بە لایەنی دەروونی مرۆڤ و نەخۆشییە دەروونییەکان. غەریزە بەشێکە لە ماهییەتی مرۆڤ، یەکەمین وتاری ناو ئەم کتێبەیە کە باسی غەریزە لە هەر یەکە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا دەکات، هەروەها باسی جۆرەکانی غەریزە و ئەو هۆکارانە دەکات کە کاردەکەنە سەر تێرکردنی یان فەرامۆشکردنی. پاشان لە وتاری "پێکەنین لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە" باسی سایکۆلۆژی پێکەنین دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە بۆچی مرۆڤ پێدەکەنێ؟ هاوکات کاریگەریی پێکەنین چییە بۆ سەر دەروون و جەستەی مرۆڤ و کەی و چۆن فێری پێکەنین دەبێ. بە دوایدا بابەتی"خەمۆکی نەخۆشی سەردەم" دێ کە بە چڕ و پڕی باسی خەمۆکی دەکات وەک نەخۆشییەکی باوی سەردەم کە لە گشت کۆمەڵگاکانی دنیادا هەیە و بڵاوە، لەم بابەتەدا نیشانەکانی خەمۆکی و جۆرەکانی و چارەسەرکردنی و پاشان چۆنێتی خۆپاراستن و بەرهەڵستیکردنی کراوە. لە بابەتی "وەسواسی ڕیتمی ژیان تێکدەدات" لە ڕێی چەندەها نموونەی واقیعییەوە باسی وەسواسی کراوە کە ئەویش یەکێکە لە نەخۆشییە باوەکانی سەردەم، نیشان و هۆکار و جۆرەکانی ڕاڤە کراون و پاشان تەکنیکەکانی چارەسەرکردن کە زۆربەی

کـات سـەرکەوتوو نـابن. لە بـابەتی "هسـتیریا چیـیە؟" ئەو هۆکـارانە خـراونەتە ڕوو کە بـۆچی هەندێ کەس ئامـادەییەکی زیاتریـان هەیە بـۆ تووشـبوون بەم نەخۆشـییە دەروونیـیەی کە پەیوەنـدییەکی بەتینـی بە جەسـتەوە هەیە هەروەهـا جۆرەکـانی و چارەسـەرکردنی بـاس کـراوە. پاشـان "کەسـێتی" و "کەسـێتی دروست" لە دوو وتـاری جیـادا بە وردی باس کراون. "قوتابخانەکانی دەروونناسـی" یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە و بە وردی باسی سەرەتای سـەرهەڵدانی سـایکۆلۆژی کـراوە و ئامـاژە بە قوتابخانەکـانی سـایکۆلۆژی بە درێژایـی مێـژوو دراوە.دوا وتاری ئەم کتێبە، وتارێکی سەرنجڕاکێشە سەبارەت بە پرسـی ژیـان لـە ژێر ناونیشانی "ژیان هیچ نییە، بەڵام هیچ شتێک ژیان ناهێنێت".

ئەم کتێـــــبە ســـــاڵی ٢٠١٢ لەلایەن بەڕێـــــوبەرایەتی چـــــاپ و بڵاوکـردنەوەی سـلێمانی، لەدووتـوێی ٢٦٨ لاپەڕە پێنج سـەد دانەی لـێ بڵاوکرایەوە.

**٧- پەیوەندییەکانی ژن**

ئەم کتێبە باس لە پەیوەندییەکانی ژن بە گشتی و بـە تایبـەتی پەیوەنـدی خۆشەویسـتی دەکـات، هـەروەهـا ئـەو هۆکارانـەی کاردەکەنـە سـەری لـە کاتێکدا وەک دەزانین ژن بە گشـتی لـە کۆمەڵگـەی کوردیدا کـاراکتەرێکە کە خـاوەنی خـود-ی خـۆی نیـیە. لێـرەوە خـاوەنی کەسـێتی و وجـودی خۆی نییە، خاوەنی جەستەی خۆی نییە، چونکە ناتوانێت ئازاد بێت لە جـوڵە و هەنگاوەکـانی، چـونکە ئەو جەسـتەیە دەکـرێ خـوێنی پـێ بکـوژێنرێتەوە و سـوڵحی عەشـایەری پـێ بکـرێ، چـونکە ئەو جەسـتەیە بەردەوام دەبێت وەک ئامێر کار بکات، ژن خـاوەنی ئەو جەستەیە نییە، لە منداڵیدا دەکرێ شـیربایی پـێ وەربگیـرێ، دەکرێ گەورە بە بچـووکی پێ بکرێ، دەکرێ پارچەیەکی زۆر هەستیاری بە ناوی خەتەنە کردنەوە

لێبکرێتەوە، دەکرێ، ئەتک بکرێت، گوێچکەی ببڕێت، لووتی ببڕێت، دەکرێ بە ئاسانی بکوژرێ، لەتوپەت بکرێ، بشێوێنرێ، بسووتێنرێ، ئیدی ژن کوا خاوەنی ئەو جەستەیەیە؟ کارێک بە ژن کراوە کە خاوەنی فیکر و ئەقڵ و ئەندێشەی خۆیشی نەبێت، پیاوەکانی خۆیان بە خاوەنی دەزانن لە جیاتی ئەو بیر دەکەنەوە، قسە دەکەن، بڕیار دەدەن، گفتوگۆ دەکەن، باشە ئەگەر کەسێک نە خاوەنی جەستە نە فیکر و ئەقڵ و ئەندێشە نە خاوەنی خود بێت ئیدی ئازادی چ مانایەکی دەبێت لای ئەم کاراکتەرە؟ کاتێک ژن ئازاد نییە و ئازادییش بۆ ژن نییە نەک عەشق، تەواوی هەستەکانی مرۆڤ ناسروشتی دەبن.

ژن تا ئازاد نەبێت، تەواوی پەیوەندییەکانی نادروست دەبێت، ناتوانێت عاشق بێت، نازانێت خۆشەویستی بکات، لە هاوسەرێتیدا سەرکەوتوو نابێت... زوربەی ئەو خۆشەویستیانەی ژنی کورد دەیانکات عەشق نین، بەڵکو پێداویستین بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ پیاودا، بۆ دروست کردنی خێزانە و دورکەوتنەوەیە لە چارەنووسێکی شووم و نەخواستراو کە کۆمەڵگە ناوی لێناوە قەیرەیی.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لە سەر ئەرکی سندوقی داهێنەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لە دووتویێی ٣١٣ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

## وەرگێڕان

### ٨- ژن لە سەردەمی دیموکراسیدا

ئەم کتێبە ساڵی نووسینی ١٩٤٩ نووسراوە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی لەو سەردەمەدا، خەمخۆری ژنان و داکۆکی لە مافەکانی ژن هەبووە، ئەگەرچی دۆخی ژن لە کۆمەڵگە عەرەبییەکان و کۆمەڵگەی کوردییش

لە هەندێک ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو ساڵەی یان ئەو سەردەمەی کە ئەم کتێبەی تیادا نووسراوە و چاپ بووە.
ئەم کتێبە بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن کراوە، بەشی یەکەم باس لە پەرەسەندنی گیروگرفتەکانی ژن لە جیهانی خۆرئاوا دەکات لەگەڵ خستنە ڕووی سەرنج و ڕوانینەکانی نووسەر دەربارەی دۆخی ژن و مافی ژن لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتدا. بەشی دووەم، باس لە دۆخی ژن دەکات لە سایەی دیموکراسیدا.
هاوکات، بە وردی باس لە ڕۆڵی ژن دەکات لە بنیاتنانی شارستانییەت و گرنگی بەشداری ژن لە سەرجەم کار و بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتیش لە بواری سیاسەت و ناوەندی دەسەڵاتدا، ئیسماعیل مەزهەر پێی وایە هەر سیستمێکی سیاسی ژن لە حوکمڕانی بێبەش بکات ئەوا حوکمێکی ناتەواو بەڕێوە دەبات و لە حوکمڕانیدا سەرکەوتوو نابێ.
ئەم کتێبە لەلایەن ئیسماعیل مەزهەر، نووسراوە و لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە. چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان و چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، لەدووتوێی ٢٤٨ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- باخچە نهێنییەکە**

ئەم کتێبە، تەنیا بەرهەمی سۆزان جەماله، کە لەچوارچێوەی ئەدەبیدایە و خۆی لە چیرۆکێک دەبینێتەوە. چیرۆکەکە باس لە کچێکی بە ڕەچەڵەک ئینگلیز دەکات کە ناوی مارییایە لە هیندوستان لە خێزانێکی خانەدان لەدایک بووە، باوکی پۆستێکی بەرزی لە ئیدارەی بەریتانیدا هەبووە کە ئەوکاتە حوکمی هندی کردووە، بۆیە هەمیشە سەرقاڵ بووە، دایکیشی ژنێکی ئورستوکراتی بەریتانی هەمیشە بە دوای سازدانی

ئاهەنگ و کۆبوونەوە بووە لەگەڵ ژنانی دەوڵەمەند و خێزانی بەرپرسە بەریتانییەکاندا، لە بەر ئەوە ماری بچکۆلە بۆ ژمارەیەک خزمەتکاری هیندی بەجێهێڵرا بوو کە تا ئاستی تۆقین سڵیان لە هاوار و تورەبوونەکانی ماریا دەکردەوە، بۆیە هەموویان کەوتبوونە ژێر ڕکێفی ئەو کچۆڵە پرچ سوورە تەمبەڵەی تەنیا دەیزانی بیانوو بگرێ، بەڵام ڕووداوەکان بە جۆرێ هاتنە پێش کە هەرگیز بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهاتن. ماریا لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە دایک و باوکی بە نەخۆشی کۆلێرا مردن، بۆیە ناچار بۆ لای مامە تەبیعەت سەیرەکەی لە لەندەن دەگەڕێتەوە کە لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیا، ماریا کاتێ ڕۆژانە بۆ یاریکردن و پیاسە دەهاتە دەرەوەی کۆشکەکە، باخچەیەکی گەورە لە نزیک کۆشکەکەوە سەرنجی ڕادەکێشا و بەردەوام باڵندەیەکی دەنگ خۆشیشی دەبینی کە لەسەر دارەکانی ناو باخچەکە دەنیشتەوە و دەیخوێند، هۆکاری داخستنی ئەو باخچەیە و ئایا دەبێ چی هەبێ لەو دیو دیوارە بەرزەکانی باخچەکەوە، مێشکی ماریا-یان سەرقاڵ کردبوو، ڕۆژێ بە ڕێکەوت کلیلی دەرگای باخچەکە دەدۆزێتەوە و دەرگا داخراوەکەی کۆشکەکە دەکاتەوە، هاوکات بە نهێنی و بە هاوکاری دیکۆن برای یەکێک لە خزمەتکارەکان کار بۆ سەوزکردنەوەی باخچەکە دەکات.

ئەم کتێبە بە شێوەیەکی شاراوە ئاماژە بە دنیای ئاڵۆزی چینی سەرمایەدار و دنیای سادەی چینی هەژاران دەدات. لە کاتێکدا منداڵی سەرمایەدارەکان لە ژوورە زۆر و نەبڕاوەکانی کۆشکە داخراوەکاندا بە هۆی شێوازی ژیانی ئورستوکراتی باوانیانەوە تووشی چەندەها گرێی دەروونی دەبن، وەک ماریا بەر لە هاتنی بۆ لەندەن هەروەها کوڕە مامەکەی کە تەنانەت نەیتوانی بە پێیەکانی خۆی ڕێ بکات، بەڵام

منداڵانی چینی هەژار و ئیشکەر لە ناو سروشتدا گەورە دەبن و بە چاو و دەستی خۆیان هەموو شتێ ئەزموون دەکەن.
ئەم کتێبە لەلایەن فرانس هدسن بێرنت نووسراوە و لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە، ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- بەرگریکردن لە مافەکانی ژن**

ئەم کتێبە بە یەکێک لە تێزە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی فیمینیزم دادەنرێ. ماری ولستونکرافت بوێرانە بەرگی لە مافی خوێندنی کچان دەکات و دەڵێ ناکرێ ژن لەم مافە سەرەکییەی بێبەش بکرێ، چونکە هەر ئەوە کە منداڵ بەخێو دەکات و بەشی گەورەی بارقورساییەکانی خێزانیش هەر لە ئەستۆی ئەودایە. ئەم کتێبە وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ هەندێ لە فەیلەسووف و بیریارانی سەدەی هەژدە کە پێیان وابوو ژن ناتوانێ وەک پیاو خاوەنی بیرکردنەوەی ئەقڵانی بێت و سۆز بە سەر دەروونی ژندا زاڵە و ئەمە وای لێکردووە بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەری هەڵچوونە سۆزدارییەکانییەوە کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بیرکردنەوەی دروست و بەجێدا.
ماری لەم کتێبەدا، بە توندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە باشترە ژنان لە کەشی هێمنی ماڵەوەدا بمێننەوە و تەنانەت هەر لە ماڵەوە فێری خوێندەواری ببن، ئەوەی ماری تووڕە کرد و هانی دا ئەم کتێبە بنووسێ، دەرچوونی نامیلکەیەک بوو لە لایەن چارلز مۆریس تالیران دەربارەی خوێندنی گشتی ساڵی ١٧٩١ی فەرەنسا دەرچووە و بانگەشەی ئەوەی کرد خوێندنی گشتی لە قوتابخانەکاندا بۆ کوڕان باشە و کچان تەنیا ماڵەوەیان بەسە بۆ فێربوون بە هەنجەتی ئەوەی کە جۆرەها ئەرک و کاری دیکەیان لە ناو ماڵدا لە ئەستۆیە. شایەنی باسە،

ماری کتێبەکەی پێشکەش بە چارلز کرد و بۆی نووسی "بەو هیوایەی پیاچوونەوە بۆ بیر و بۆچوونەکانت دەربارەی خوێندنی ژنان بکەیت و ڕێز لە مافەکانی ژنان بگریت".
ئەم کتێبە لەلایەن ماری ولستونکرافت، نووسراوە. لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە، ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-کتێبی گیرفان، زنجیرە ٨١، لەدووتوێی سەد لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١١- ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ**

ئەم کتێبە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی و پیشەیی گرنگ دادەنرێ بۆ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی لە کاتی چاپکردنی، چونکە لەوکاتەدا کتێبی بواری ڕۆژنامەگەری بە زمانی کوردی کەم بوو.
ڕۆژنامەنووسان و ئارەزوومەندانی ئەم بوارە دەتوانن بەم بابەتانە ئاشنا ببن "پەیوەندیکردن، ڕاگەیاندن و پەیامەکانی، تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن، پیشەی ڕۆژنامەنووسی وەک ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی، شێوەکانی گوزارشتی ڕۆژنامەوانی، هەواڵ و یاسا و خەسڵەتەکانی، ڕاپۆرت و جۆرەکانی، وتار و توانج و ... هتد".

ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی پڕ لە زانیاری ئەکادیمی و پیشەیی دادەنرێ بۆ هەر کەسێ ئارەزووی ئەم بوارە دەکات، یان لەم بوارەدا خوێندنی ئەکادیمی دەخوێنێ، بە تایبەتی لە کاتێکدا نووسەرەکەی کەسێکی پسپۆرە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. لەم کتێبەدا کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕۆژنامە بە وردی شیکراونەتەوە و ئەکادیمیانە ڕۆژنامەنووس ئاشنا دەکات بە شێوازەکانی نووسینی هەواڵ،

ئەنجامدانی لێدوان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی، جۆرەکانی ستوون و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، هەروەها شێواز و جۆرەکانی نووسینی ڕیپۆرتاژ، پەیوەندیکردن، ڕاگەیاندن و پەیامەکانی، تیۆرەکانی ڕاگەیاندن، پیشەی ڕۆژنامەنووسی وەک ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی. ئەم کتێبە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی و پیشەیی دابنرێ بۆ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی لە حاڵێکدا کتێبی بواری ڕۆژنامەگەری بە زمانی کوردی کەمە.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر محەمەد ئەلدروبی، نووسراوە. بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان غەفور لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و لەلایەن دوکتۆر شێرکۆ مەنگوڕی پێشەکی بۆ نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەدووتوێی ٣٠١ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٢- من هەم من شەڕانگێزم**

ئەم کتێبە هەوڵێکی خاکی و هەنگاوێکی سادەیە بۆ قسەکردن لەسەر سیمای تووڕەیی و توندوتیژیی و ئەگریسیۆن (دوژمنکاری) کە خەریکە وای لێدێت دەبێتە مۆرکێکی سروشتی مرۆڤ لەم ناوچە نائارامەی جیهاندا، ئەمە ڕەشبینی نییە، بەڵام سەد مەخابن واقیعێکی تاڵە و زۆربەمان هەستی پێدەکەین، بەوپەڕی خوێنساردییەوە مرۆڤ دەکوژرێ و ژن لەتوپەت دەکرێت هەروەک بڵێیت کاری کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ کارێکی زۆر پڕوپوچ و سانا بێت.

ئەم کتێبە فێری وانەی خۆشەویستیمان ناکات و لەگەڵ ژیاندا ئاشتمان ناکاتەوە و ڕێنمایشمان ناکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوتوخمەکانمان لە مرۆڤ توندوتیژیی نەنوێنین، بەڵکو دەروازەیەکە بۆ ناساندن و یادکردنەوەی پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ کە داڕشتەیەکە لە

خۆشەویستی و توندوتیژیی و شەڕانگیزیی و نەرمی، هەستی ئاشکراو نەستی پەنهان، هەستکردن بە گوناه و فەرامۆشکاری، بەرامبەر ئەو ئەنگێزانەی لەگەڵ بوونی مرۆییدا هاودەمن و ئەستەمە هەریەک لەم بەشانەی ئەم دارِشتەیە بە بێگەردیی و بە تەنیا بوونیان لە دەروونندا هەبێت.

ئەم کتێبە لە شەش وتاری سایکۆلۆژی هەڵبژاردە لە شەش سەرچاوەی جیاواز پێکهاتووە، کۆی وتارەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە تەنیا بابەتێکی سایکۆلۆژییەوە نییە، بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دەروونی مرۆڤ و کێشە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی سەردەمەوە هەیە بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، هەروەها دەتوانین بڵێین خاڵێکی هاوبەشیش سەرجەمیان کۆدەکاتەوە کە نەستی مرۆڤە و دەشێ هەر لەم خاڵەشەوە سەرتاپای کێشەکانی مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤێکی ئاوەزدار دەست پێبکەن، چونکە چۆنیەتی فۆرمەلەبوونی نەستی مرۆڤ و دیدگای مرۆڤ بەرامبەر بە خۆیی و تواناکانی لە نەستدا، بە بزوێنەری سەرەکی هەڵچوونەکانی لە سۆزو خۆشەویستیی و ڕقوکینە و توندوتیژیی و شەڕانگێزی و بەزەیی... هتد دادەنرێ.

ئەم کتێبە لەلایەن ژمارەیەک نووسەرەوە نووسراوە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لەدووتوێی ٣٠٥ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٣- سایکۆلۆژیای ژیانی هاوسەرێتی**

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وردە سەبارەت بەو فاکتەرە سایکۆلۆژییە نەستییە شاراوانەی کە کاردەکەنە سەر پەیوەندی نێوان دوو هاوبەش یان دوو هاوسەر و کاریگەری ئەم فاکتەرانە بۆ سەر پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکانیان.

لەم کتێبەدا زۆرێک لەو کێشانە خراوەتەڕوو کە کۆمەڵگەی کوردیش پێیانەوە دەناڵێنێ، وەک کێشەی تەڵاق و جیابوونەوە، کە بە زۆری لە کاتی شیکردنەوەی هۆکارەکانی جیابوونەوەدا ئاماژە بە لایەنە سۆسیۆلۆژی و پەروەردەیی و ئابوورییەکان دەدرێ، فاکتەرە سایکۆلۆژییەکان بە تایبەتی نەستییە شاراوەکان، فەرامۆش دەکرێن، لە کاتێکدا ئەم فاکتەرانە ڕۆڵی سەرسوڕهێنەریان هەیە لە بنیاتنانی بونیادی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بە شێوەیەکی دروست کە هەردوو لا ڕازی و ئاسوودە بن لەو پەیوەندییەدا نەک یەکدی تووشی جۆرەها گرێی دەروونی باری نەخواستراو بکەن، هەروەها ئەم فاکتەرانە کاریگەری بەهێزیشیان هەیە بۆ سەر دارمانی پەیوەندی و جیابوونەوەی ژن و پیاو.

ئەم کتێبە بە شێوازێکی ئەکادیمی و چڕ بابەتەکان باس دەکات، چونکە نووسەر پشتی بە سەرچاوەی فەرەنسی و ئینگلیزی بەستووە لە ڕاڤەکردنی بابەتەکانیدا، ئەو سەرچاوانە تەنانەت بە زمانی عەرەبیش نین، لەبەر ئەوە ئەم کتێبە تەواو جیاوازە لەو کتێبە ڕێنماییکەرانەی ئاڕاستەی هاوسەران دەکرێ لە پێناوی گەیشتن بە خێزانێکی بەختەوەر و ئاسوودەدا.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر عەبدولحەلیم سەمعان نووسراوە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و دوکتۆر ڕەفیق سابیر پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لەدووتوێی ٥١٨ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٤- خۆشەویستی و وزەی دەروونی**

خۆشەویستی چییە؟ ئەو پەرۆشییە چییە وا لە مرۆڤ دەکات تامەزرۆ و سەرمەست بێت بۆ ئەو کەسەی خۆشی دەوێت، ئەو هەستە

ئەفسوناوییە چییە سەرتاپای مرۆڤی عاشق دادەپۆشێت و زۆرجاران خۆیشی نازانێت چی لێ بەسەرهاتووە، ئەو تەلیسمە چییە ڕۆح دەهەژێنێت و لە قوڵایی ناخەوە ڕایدەچڵەکێنێت. ئایا هەموو هەستێکی نەرمونیانی یان جوانی یان هۆگری و نزیکبوونەوە، خۆشەویستییە؟ چی وا لە مرۆڤ دەکات لەنێو دەیان و سەدان و هەزاران کەسدا تەنیا مرۆڤێک لە سات و کاتێکی گەردوونیدا کاری تێبکات، دەبێت نهێنی خۆشەویستی نەمر و ڕاستەقینە لە چیدا بێتو بنەماکانی ئەم خۆشەویستییە کامانە بن؟ ئایا ئێمە بە دڵ یان بە ئەقڵ خۆشەویستی دەکەین؟ دەبێت خۆشەویستی یاسا و دەستوری هەبێت؟ دەشێ ئەم کتێبەی د. یوری تا ئاستێک یارمەتییەکی باشمان پێشکەش بکات بۆ قوڵبوونەوە بەناو چەمکی خۆشەویستی و شێواز و بنەماکانیدا، بە جەوهەری خۆشەویستی ڕاستەقینە ئاشنابین وێڕای ئەو گۆڕانو قەیرانانەی بەدرێژایی سەردەمەکان تووشی خۆشەویستی بووە.

هاوکات، ئەم باسانەش لەم کتێبەدا هاتووە (زانستی خۆشەویستی، بنەماکانی خۆشەویستی نەمر و جیاوازی نێوان خۆشەویستی و هەستی ئاڵوودەبوون، پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و وزەی دەروونی. کاریگەری شۆڕشی زانستی و بەمەدەنیبوون و شێوازی ژیانی نوێ بۆ سەر پەیوەندی خۆشەویستی، چۆن ئەمانە بوونەتە مایەی دروستبوونی حاڵەتێکی هەمیشەیی گرژی و شەکەتبوونی ئەقڵی کە هێندەی جەنگە جیهانییەکان مرۆڤ ئازار دەدەن و ماندووی دەکەن).

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر یوری ریوریکوف، نووسراوە و لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە، ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان، لەدووتوێی ٣٣٧ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٥- کۆئەندامی هەرس**

ئەم کتێبە بە زمانێکی سادە و ڕوون و بە شێوازێکی زانستی باس لە کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ دەکات لە ڕووی پێکهاتە و توێکاری و نەخۆشییەکانی کە تووشی دەبن ، شێوازەکانی خۆپاراستن لە گرفتەکانی کە تووشی ئەم کۆئەندامە گرنگە دەبن لە لەشی مرۆڤدا.

ئاشکرایە جۆری خواردن و سیستمی خۆراکی کاریگەرییەکی دیاریان بۆ سەر تەواوی نەک تەنیا تەندروستی جەستەیی، بەڵکو تەندروستی دەروونیش هەیە. بۆیە گرنگیدان بە هەموو بەش و ئەندامەکانی کۆئەندامی هەرس بە کارێکی بنچینەیی دادەنرێ بۆ بایەخدان بە ساغڵەمی جەستە و ژیانێکی چالاک و دوور لە نەخۆشی، ئەم کارەش بێ ئاشنابوون بە کۆئەندامی هەرس مەحاڵە. لەم کتێبەدا هەموو زانیارییەکی لەبارەی هەنگاونان ڕووەو ژیانێکی تەندروست تێدایە.

ئەم سێ کتێبە (کۆئەندامی هەرس، چارەسەری سروشتی و نەخۆشی شەکرە) سێ کتێب بوون لە زنجیرەیەکی زانستی درێژ، بڕیار بوو، لەگەڵ مامۆستا ئەکرەم قەرەداغی خوالێخۆشبوو، کتێبەکان وەربگێڕین، بە ئامانجی هۆشیاری تەندروستی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا. بەڵام تەمەن ڕێگەی بە ئەکرەم قەرەداغی نەدا، تا کۆتایی بەشداربێ، تەنیا لە دوو کتێبیان بەشدار بوو و کتێبی نەخۆشی شەکرە بەکۆتا نەهاتبوو، لەدوای کۆچی ناوبراو، سۆزان کتێبەکەی تەواو کرد لەخۆشەویستیدا نێوی ئەکرەم قەرەداغی وەک وەرگێر لەسەر کتێبەکە دانرا.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر ئەبو شادی ڕوبی نووسراوە، بەهاوبەشی لەگەڵ ئەکرەم قەرەداغی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، لەدووتوێی ٢٥٣ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٦- چارەسەری سروشتی بۆ؟**

ئەم کتێبە باس لە شێوازەکانی چارەسەری سروشتی دەکات وەک ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگاربوون لە زۆر نەخۆشی و پشێوی جەستەیی و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەرمان.

ئەم کتێبە بۆ هەموو تاکێک پێویست و سوودبەخشە کە بیەوێ جەستەیەکی تەندروستی هەبێ و لە قۆناغی پیریدا بە دەست کەمترین نەخۆشییەوە بناڵێنێ، ڕێنماییەکان زۆربەی کۆئەندام و بەشەکانی جەستە دەگرنەوە، هەر لە باسکردنی خۆراکی دروست و سیستمی خۆراکی هاوسەنگەوە تا دەگات بە ڕاهێنانی وەرزشی بۆ جەستەی دروست و ئاسایی و ئەو کەسانەش کە کێشەی نەخۆشییەکانی جومگە و ماسولکە و ئێسقانیان هەیە. جێی خۆشحاڵییە کتێبەکە لە لایەن پزیشکێکی پسپۆڕەوە نووسراوە کە بەری ڕەنجی ساڵانی ئەزموونی پزیشکی و خوێندن و سەدەها سەرچاوەی زانستییە.

هەموو خوێنەرێک، بە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و هەموو چین و توێژێکی جیاواز سوود لەم کتێبە وەردەگرێ و دەکرێ وەک ڕێبەرێکی وەرزشی و چارەسەری سروشتی پشتی پێ ببەسترێ. بەڵام، گرنگە بەر لە دەستپێکردن بە پەیڕەوکردنی هەر ڕاهێنان و بەرنامەیەکی ئەم کتێبە ڕاوێژ بە پزیشکەکەی خۆت بکەیت ئەگەر کێشەیەکی تەندروستیت هەیە یان نەشتەرگەریت بۆ کرابێ، یاخوود دووگیان بیت.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد خالید نووسراوە، بەهاوبەشی لەگەڵ ئەکرەم قەرەداغی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، لەدووتوێی ٢١٩ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٧- نەخۆشی شەکرە**

نەخۆشی شەکرە نەخۆشییەکە چارەسەری بنبڕی نییە و کەسی تووشبوو بە درێژایی ژیانی لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا دەژی، لەم کتێبەدا هەموو زانیارییەک دەربارەی ئەم نەخۆشییە و چۆنێتی ژیانکردن لەگەڵیدا بە زانستی و وردی باس کراوە.

ئەم کتێبە باس لە تەواوی وردەکارییەکانی تایبەت بە نەخۆشی شەکرە دەکات، هەر لە جۆر و نیشانە و جۆری شەکرە تا دەگاتە چۆنێتی ژیان لەگەڵ شەکرەدا و شێوازەکانی خۆپاراستن لێی. لەبەر ئەوەی نەخۆشی شەکرە نەخۆشییەکی باوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک بە جیاوازی تەمەن و ئاستی خوێنەواری و ڕۆشنبیرییەوە بە دەستییەوە دەناڵێنن، ئەم کتێبە بە زمانێکی سادە و پوخت نووسراوە و لە وەرگێڕانیشدا بۆ زمانی کوردی هەمان خاڵ ڕەچاو کراوە.

هاوکات، لەم کتێبەدا بە وردی باسی مەترسییەکانی پشتگوێخستنی کۆنترۆڵکردنی شەکرە دەکات، چونکە شەکرە نەخۆشییەکە ئەگەر کەسی تووشبوو پەیڕەوی سیستمی خۆراکی دروست بکات و چارەسەری پێویست و بەردەوام وەربگرێ، دەشێ ببێتە مایەی لەش ساغی بۆ ئەو کەسە کە بە هۆی پارێزکردنییەوە لە زۆر کێشەی دیکەی تەندروستی بە دوور دەبێ، بەڵام فەرامۆشکردنی دەشێ ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەندامی گرنگ لە لەشدا بۆ نموونە بڕینەوەی قاچ، یان لەدەستدانی چاو و تەنانەت لەدەستدانی ژیانیش!

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی هۆشیاری تەندروستی کە گرنگییەکی هێندەی گرنگی حەپ و دەرزی ئینسۆلین وایە بۆ نەخۆشانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر محەمەد سەلاحەدین ئیبراهیم نووسراوە، بەهاوبەشی لەگەڵ ئەکرەم قەرەداغی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەدووتوێی ١٩٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٨- خۆکوشتن**

ئەم کتێبە تویژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە دەربارەی خۆکوشتن، بە خستنەڕووی چیرۆکی واقیعی هەندێ کەس دەستی پێکردووە کە نووسەر وەک پسپۆری سایکۆلۆژی ئاگاداریان بووە، هەندێکیان بەر لە خۆکوشتن و هەندێکیشیان لە پاش کرداری هەوڵدانیان بۆ خۆکوشتن، ئەویش لە پێناوی تێگەیشتن لە خۆکوشتن لە واقیعدا بەر لەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە باس بکرێ.
هەرچەندە خۆکوشتن نواندنی شەڕانگێزییەکی تا ئەوپەڕی بەزەبرە بەرامبەر بە خود و لە لایەن مرۆ ڤ خۆیەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام فرمانێکی دوورەپەرێزانەی تاک نییە بەدەر لە کۆمەڵ، بەڵکو فرمانی تاکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، بەو واتایەی ئەوەی لە خۆکوشتن بەرپرسیارە تەنیا تاک نییە، بەڵکو کۆمەڵگەش هاوبەشە. لەم کتێبەدا بە وردی ئەم پرسە گرنگە شیکراوەتەوە هەروەها وەڵامی ئەم پرسیارانەش خراونەتە ڕوو: خوکوشتن چییە؟ پەیوەندی خۆکوشتن بە ئاینەوە، بە شەهیدبوونەوە و بە پڕۆگرامکردنی فیکرییەوە چییە؟ هەروەها لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، فەلسەفی و سایکۆلۆژی خۆکوشتن، کاریگەری خۆکوشتن بۆ سەر کەسە نزیکەکانی ئەوانەی خۆیان دەکوژن چیین و هەروەها هەڵویستی یاسا بەرامبەر بە خۆکوشتن بە تێرو تەسەلی ڕاڤە کراون.

ژمارەیەک قوربانی هەیە –زۆرینەیان ژنن- هیوایان بە ژیان زۆرە، بەڵام گرفتارن و دەیانەوێ لە ڕێی هەوڵی خۆکوشتنەوە ژیانیان باشتر بێ، بەڵام بە داخەوە بە زۆری بە هۆی ئەو هۆکارە کوشندانەی پەنای بۆ دەبەن –ئاگر و خۆسوتاندن- ژیانیان بە یەکجاری لە دەست دەدەن، ئەم کتێبە هاوکارە و فریاد ڕەسە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بڕیاری هاوشێوە نەدەن و بگەڕێنەوە بۆ ناو ژیان.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد عەیاش نووسراوە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە و ساڵی ٢٠١١ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەدووتوێی ٣٨٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٩- یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس (دوو بەرگ)**

ئەم کتێبە کتێبێکی هۆشیاری سێکسییە بە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی سێکسییەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی نووسراوە و لە وەرگێرانەکەشیدا ڕەچاوی هەمان خاڵ کراوە، ئەوەش لە پێناوی سوودوەرگرتنی خوێنەر لە زانیارییەکانی دەربارەی ژیانی سێکسی هەن و لەم کتیبەدا باسکراون، لە لایەکی دیکەوە تا هەندێک کەس بە هەڵە لە ئامانج و پەیامی کتێبەکە حاڵی نەبن یان شرۆڤەی هەڵەی بۆ نەکەن.

لە کاتێکدا تاکی کورد بە هەردوو توخمەکەوە بە دەست جۆرەها کێشە و گرێی دەروونی و گرفتی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێ زۆرجار بێئەوەی خۆیشی درک بەوە بکات کە هۆکاری سەرەکی لە پشت کێشەکانییەوە پەیوەندی بە ژیانی سێکسییەوە هەیە.

لەم دوو کتێبەدا وەڵامی زۆرێک لە پرسیارە سێکسییەکان دراوەتەوە، یاخوود وەڵامەکان کار ئاسانیت بۆ دەکەن تا لە خۆت یان هاوبەشە سێکسییەکەت تێبگەیت و ڕووەو داواکارییە جەستەیی و دەروونی و سێکسییەکەکانی خۆت و ئەویش هەنگاو بنێی.

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆرە فەوزیە دریع نووسراوە و لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە، لوقمان غەفوری ڕۆژنامەنووسی هاوژینی پێشەکی بۆ نووسراوە. ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بڵاوکرایەوە، بەرگی یەکەمی ٢٦٣ لاپەڕ و بەرگی دووەمی ٢٤٣ لاپەڕە و پێنج هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢٠- خەونە سێکسییەکان**

ئەم کتێبە، لە بەشی یەکەمدا بە گشتی باسی خەون دەکات، بەڵام لە بنـاغەدا گرنگیی نووسەر لە سەر خەونە سێکسییەکان چڕ بووەتەوە، چونکە پێی وایە خەونی سێکسی بەشێکی سروشتییە لە گەشەی مرۆڤ، هەموو مرۆڤێک لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، خەونی سێکسی دەبینێت، بەڵام لە ماوەیەکی ژیانیدا خەونە سێکسییەکانی چڕ دەبنەوە، هۆکاری ئەمەش بەندە بە باری دەروونییەوە بە شێوەیەکی گشتی و بە ژیانی سێکسییەوە بە شێوەیەکی تایبەتی، هەروەها لەو باوەڕەدایە کە خەونی سێکسی لە بۆشاییەوە دروست نابێ و بێ ئامانجیش نایەتە ئاراوە. لە کات و شێوەیەکی دیاریکراودا بەسەر ڕووبەری خەودا گوزەر دەکات، لەبەر ئەوەی خزمەتی پێداویستییەکی دیاریکراوی مرۆڤ دەکات، یان دەیەوێت پەیامێک بەو کەسە بگەیەنێت کە خەونەکە دەبینێت.

ئەم کتێبە خەوننامە نییە بۆ لێکدانەوەی خەونە سێکسییەکانت، بەڵکو داوەتنامەیەکی زانستیی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی لە خەونە سێکسییەکانی خۆت تێبگەیت و یارمەتیی خۆت بدەیت تا سوود لە خەونە سێکسییەکانت ببینی و ڕۆڵیان هەبێ لە ژیانی سۆزداری و سێکسیتدا، تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانی ئەو خەونە سێکسییانە ببینی کە خۆت دەتەوێن، یان بە لایەنی کەمەوە، خەونە سێکسییەکانت نەبنە مایەی تێکدانی ئاسوودەییت. بە ڕاستی خەونە سێکسییەکان

ئەزمـوونگەلێکی گـرنگن لە ژیانـدا، زۆر جـار یـارمەتیی مـرۆڤ دەدەن ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفتە دەروونییەکانی خۆی بێتەوە.
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆرە فەوزیە دریع نووسـراوە، سـۆزان جـەمال لە زمـانی عەرەبیـیەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، سـالّی ٢٠١٤ لەلایەن دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، لەدووتوێی ٣٣٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢١- سێکس و دەروون**

کتێبـی سـێکس و دەروون لە ڕێـی باسـکردنی زۆربەی ئەو بابەتـانەی کە پەیوەستن بە سێکسەوە، هەوڵی داوە ماهییەتی سێکس و ئارەزووی سێکسـی لای مـرۆڤ شـی بکـاتەوە و هاوکـات هەڵوێسـت و ڕوانیـنە جیاجیاکانی مرۆڤ بە درێژایی سـەردەم و شارسـتانییەتەکان سـەبارەت بە سێکس بخاتە ڕوو.
لەکاتێکـدا زۆر لایەنـی ژیـانی سێکسـی مـرۆڤ تـا ئێسـتاش بە شـاراوەیی مـاونەتەوە و زۆر کەس لەنێـو تەمـومژی نەزانـین و نائاشنابوون بە لایەنەکانی ئەم ژیانە گیریـان خواردووە، بە تـایبەتی کە ژیـانی سێکسـی تـاک لەگەڵ ژیـانی دەروونیدا بەیەکداچوون و هەریەک لەم دوو ژیـانە بە جـۆرێ کـاردەکەنە سـەر یەکدی زۆر جـار ئەسـتەمە بتـوانین ئەوە یەکلایـی بکەینەوە کامیـان کـاری کـردۆتە سـەر کامیـان و کامیـان هۆکـارە و کامیـان بەرئەنجـام. لەم کتێبەدا ئەو ڕایەڵە بەهێزەی نێـوان سـێکس و دەروون بە تێـرو تەسـەلی خـراوەتە ژێـر بـاس و لێکۆڵینەوە.
لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، خەڵک بە گشتی لە ژیانی واقیعی و لە بەردەم یەکدی و لە ناو خێزان و لە بەردەم یاسا و لە بەرامبەر دابونەریت و ڕێسا ئایینیەکاندا، هەڵوێستێک دەنوێنن، بەڵام زۆربەی کات، یان هەندێ جار لە ژیانی تایبەتی و ڕاستەقینە و شاراوەیاندا، هەڵوێستێکی دیکەیان هەیە، ئەوەی لە ئـاوەز و خەیاڵیانـدا هەیە، شـتێکی دیـکەیە، خولیـا و

ئارەزووەکانیـان لەوانەی پیشـانی دەدەن جیـاوازن، زۆرجـار بە هـۆی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەریتییەکانەوە بوێری ئەوە ناکەن بە ئاشـکرا پراکتیزەیـان بـکەن، دەرئەنجـامیش، ئەو ئـارەزووە کپکـراوانە، ئەگەر هـیچ بوارێـک بـۆ دەربـڕین بەدی نەکەن، وەک فرۆیـد دەڵـێ لە شێوەی نەخۆشی و گرێی دەروونی جۆراوجۆردا دەردەکەون.
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر عەلی کەمـال نووسـراوە، سۆزان جـەمال لە زمـــانی عەرەبیـــیەوە وەریگێڕاوەتـــە ســـەر زمـــانی کـــوردی، ســـاڵی ٢٠١٦ لەلایەن دەزگـــــای چـــــاپ و پەخشـــــی ســـــەردەم، لەدووتوێی ٩١٨ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢٢- ڕەوشی ژن لە ئیسلامدا**

ئەم کتێـــبە وتـــارێکی گاڵتەئـــامێز نیـــیە دەربـــارەی دۆخـــی ژن لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە پێناوی ڕەتکردنەوە و ناوزڕاندنی ئیسـلام لە بەردەم خۆرئـــاوا یـــان جیهانـــدا بە گشـــتی. ئەم کتێـــبە بـــریتییە لە نـامەیەکی دکتـۆرای زانکـۆی سـۆربۆن، کـە سـاڵی ١٩١٣ نووسـراوە، کـارێکی زانسـتی جدییە و هەمـوو خەسـڵەتەکانی لێکـۆڵینەوەی زانسـتی تێدایە، باسـی دۆخـی ژن دەکـات لە مێـژووی ئیسـلامدا، لە ڕوانگەیەکـی سۆسیۆلۆژییەوە ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو بە پشت بەسـتن بە کۆمەڵێک سـەرچاوەی متمـانەپێکراو کە زۆربەیـان بـۆ زانایـانی ئـایینییش جێـی بـڕوان، دوکتـۆر مەنسـوور ڕاسـتییەکانمان بـۆ دەخـاتە ڕوو بـێ ئەوەی لایەنگـری هـیچ ئاڕاسـتەیەکی دژە ئیسـلام بکـات، یـان مەبەسـتی ناشـرینکردنی پیرۆزییەکـانی ئـایین بـێ، ئامـانجی سـەرەکی نووسـەر ئـازادکردنی ژن بـوو لە ڕێـی لێکـۆڵینەوە لە دۆخـی ژن لە مێـژووی ئیسلامدا و ئاشناکردنی خوێنەر بە کۆمەڵێک ڕاسـتی کە دەشـێ بۆ زۆر کەس تـا ئەم سـەردەمەش شـاراوە بـن، یـان بە هەڵە تێگەیشـتن هەبـێ سـەبارەت بە دۆخـی ژن و مـافی ژن و چـۆنێتی سـەقامگیربوونی هەندێ یاسا لە ئیسلامدا، کە بێگومان هیچیان لە بەرژەوەندی ژن نین.

ئەمانە و چەندین پرسی تر لەبارەی ژنەوە لەڕووانگەی دینەوە، لەو کتێبە دوو سەد لاپەڕەییە بوونی هەیە.
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر مەنسوور فەهمی نووسراوە، نووسەری ئەم کتێبە ڕووبەڕووی هێرشێکی زۆری پیاوانی ئاینی بۆوە و بەتوندی لەبەرانبەری وەستانەوە، ساڵی ٢٠١٣ وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام بەهۆی پێنەدانی ژمارەی سپاردن، تاکوو ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.

**وتەیەک**

لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، گەڕانێکی خێرام بەناو گۆگلدا کرد، لیستی ژنانی نووسەری زۆربەی وڵاتانی دنیام بینی، لە ئەورووپی، ئەمەریکی، فارس و تورک، لیستی کورت و لیستی درێژ، ڕێکخراو بە پێی ئەلف بێی ئینگلیزی، بەڵام سەد مەخابن، ئەوەی من دەمویست نەمدۆزییەوە، ئەوەی بە شوێنیدا دەگەڕام ناوی ئەو ژنە کوردانە بوو کە نووسەر، یان وەرگێڕن، ناوی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ دنیای وشەدا ئاوێتە بوون.
هەرچەندە لە ماوەی ساڵانی کارکردنم لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا، هەرگیز بەلامەوە گرنگ نەبووە کە لەلایەن خەڵکییەوە بناسرێم، بەڵکو ئەوەی بە لامەوە مەبەست بووە، ئەوە بووە کە پەیامەکانم بە خوێنەران بگات، بەڵام هەر بەشی خۆی نیگەرانی دایگرتم و لە خۆمم پرسی: بۆچی لە سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا ژنانی نووسەری کورد کە لە ڕووی کار و بەرهەم و خەونەکانیانەوە لەم بوارەدا هیچیان لە ژنانی وڵاتانی دنیا کەمتر نییە، لیستێکیان نەبێ کە هیچ نەبێ ناو و وێنەکانیان کۆبکاتەوە، تا ئەگەر کەسێ خوازیاری گەڕان بێت بە دوای ژنێکی نووسەری کورددا بە ئاسانی بیدۆزێتەوە. بەڵام بوونی پڕۆژەیەکی وەک ئەم کتێبەی کاک زامدار ئەحمەد تروسکاییەکی هیوایە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئێمەش خاوەنی لیستێکی لەو جۆرە بین.
جێگەی پێزانینە ئامادەکاری ئەم کتێبە سەربازی نالەباریی دۆخی ئێستای کوردستان، پشوو درێژانە کاری لەسەر پڕۆژەکەی کرد و ئەو

بارودۆخە کاری نەکردە سەر ئەجیندا و بەدواداچوونەکانی لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەدا کە ناوی کۆمەڵێک ژنی کوردی لە خۆگرتووە، کە لە بوارەکانی نووسین و وەرگێڕاندا چالاکن و خاوەنی بەرهەمن.

ئەم کتێبە وەک ناوەڕۆک کە بریتییە لە بایۆگرافییەکی کورت و ناساندنی کار و بەرهەمی کۆمەڵێک ژنی نووسەر و وەرگێڕ، بە کارێکی تا بڵێی باش و هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەی دەنرخێنم لە ئاوڕدانەوە و ناساندنی ژنانی نووسەر و وەرگێڕدا، بە تایبەتی وەک لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد ئێمەی ژنانی ئەم بوارە، تا ئێستا لیستێک نییە بە زمانێکی جیهانی وەک زمانی ئینگلیزی کە هیچ نەبێ ناو و وێنەکانمان کۆبکاتەوە، چ جای باسکردنی ژیان و چالاکیمان.

کارێکی زۆر باشە ئەگەر ئەم کتێبە ببێت بە یەکەمین کتێبی زنجیرەیەکی بەردەوام و تایبەت بە ناساندنی ژنانی نووسەر و وەرگێڕ، لەم بارەشدا زۆر گرنگە ژنانی هەموو کوردستان لە خۆبگرێ نەک تەنیا ژنانی باشوور.

دواجار، دەزانم و دڵنیام ئەم کتێبە کار و ماندووبوونی زۆری ویستووە کە لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پڕۆژانە کاری تاکەکەسی نین و پێویستیان بە کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی دامەزراوە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کلتوورییەکان هەیە تا بە تاقانەیی نەمێنێتەوە و هاوکات هیچ ژنێکی کورد کە سەر بەم دنیا ناوازەیەیە لە ناساندن و ناوهێنان بێبەش نەبێ.

دەستخۆشی زۆرم بۆ نووسەر و ئامادەکاری ئەم کتێبە، ئەرک و ماندووبوون و خەمخۆری و بەدواداچوونەکانی بۆ دەستکەوتنی زانیاری تەواو دەربارەی کار و چالاکی ئەو ژنانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە، بەرز دەنرخێنم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی گەورەی بۆ دەخوازم.

کەنەدا- چواری نۆڤەمبەری ٢٠١٦

suzanj٢٠٠٦@gmail.com

# مەهاباد حەسەن



## مەهاباد حەسەن

مەهاباد حەسەن عوسمان، لەدایک بووی شاری کەلارە و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەلار تەواو کردووە، ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، لە ئێستاشدا وەک مامۆستا و توێژەری کۆمەڵایەتی لە فێرگەیەکی گەرمەسێر کاردەکات. مەهاباد حەسەن، ساڵی ٢٠١٠ دەستی بە کاری ڕێکخراوەیی کردووە و چەندین ساڵ وەک توێژەر و ڕاهێنەر لە بواری مافەکانی ژنان و کێشە خێزانییەکاندا کاری کردووە و لە زۆربەی شارۆچکە، گوند و قوتابخانەکانی دەڤەری گەرمیاندا توێژینەوە، سیمینار و کۆڕی تایبەتی لەبارەی هۆشیاری کۆمەڵگە و ڕێنمایی ژیان و فاکتەرەکانی سەرکەوتنەوە گرتووە، هەروەها بۆ هۆشیار کردنەوەی کچان و ژنانی دەڤەرەکە هەوڵی بێ وچانی داوە، بەبەشداری کردن لەبەرنامە ڕادیۆییەکان و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپرسی. لەپای کار و چالاکییەکانی لە بوارەکانی نووسین، وەرگێڕان، مافەکانی ژنان و پەروەردەدا چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.

سەرەتای نووسین و وەرگێڕانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ئەوکاتەی فێرخوازی زانکۆ بووە، لە چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێکی جیاواز بابەتی وەشان کردووە، ، ساڵی ٢٠٠٨ دەستی کردووە بە وەرگێڕانی کتێب لە زمانی فارسییەوە، ساڵی ٢٠٠٩ یەکەم کتێبی وەرگێڕدراوی بڵاوکراوەتەوە.

مەهاباد، خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە (ژنی نموونەیی، پرۆگرامی ئامانجە مەزنەکان، کاتێک خۆت دەگۆڕیت جیهانیش دەگۆڕێت، ٣٦٥ ڕۆژ دووبارە نەکەینەوە، لە شەپۆلەوە تا لووتکە، دەروازەی بەدیهێنانی خەونەکان، پێویستییەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ، مۆدێل بە ئەمڕۆیی بوون یان پێشێل کردنی بەهاکان، چۆن باوکتم ناسی، وەرگێڕی ئازارەکان، خاوەن پێداویستی تایبەت، بێشعووری، بۆچی داماوین، یاری ژیان و ڕێورەسمی ئەم یارییە، گوفتارەکانت گۆچانی پەرجووهێنەری تۆن، دەرگەی نهێنی سەرکەوتن، هێزی قسە و دەربڕین، توێژینەوەیەک بە ناونیشانی ناپاکی هاوسەرێتی و پەردەپۆش کردنی).

<u>**نووسین**</u>

**١- ناپاکی هاوسەرێتی و پەردەپۆش کردنی**

هەڵکشانی ڕێژەی ناپاکی هاوسەرێتی لەنێوان (ترس و عەیبەو نەبوونی یاسایەکی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی) لە کەلار و دەورووبەریدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە ژیانی هاوبەش وناپاکی ژنان و پیاوان لە یەکتر، لەو توێژینەوەیەدا هاتووە، کە ناپاکی هاوسەرێتی وەک دیاردەیەکی مەترسیدار و کارەسات، کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێو لەکاتی ئاشکرابوونی ئەنجامدەرانی دەکوژرێن، ئەگەر ژن بوو بەبیانوی پاراستنی شەرەف، بەڵام ئەم سزایە پیاوان ناگرێتەوە. بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و سیستمی پیاو سالاری کۆمەڵگاوە. ئەم دیاردەیە چەند ساڵێکە ڕوو لە هەڵکشانە، بەتایبەت دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، کۆچی بەلێشاوی دانیشتوانی باشور و ناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و ناجێگیری باری ئاسایشی ئەو ناوچانە بووە هۆکاری هاتنی ژمارەیەکی زۆر لەشفرۆش و باندی تایبەت.

ناپاکی هاوسەرێتی لەناوچەی گەرمیاندا ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادبوونە، ئەگەرچی هەموو دۆسیە و کەیسەکان باس ناکرێن و بە نهێنی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر خیانەت لێکراو ژن بوو، ئاشکراکردن و باسکردنی ناپاکی پیاوەکانیان ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە و کێشەکە گەورەتر دەکات، لەبەرئەوە پەردەپۆش دەکرێ و لەکاتی جیابوونەوەش لەدادگا باسی ناکەن؟ بۆیە قەبارەی ئەم دیاردەیە زۆر لەوە گەورەترە کەدرکی پێدەکرێت. لەکاتێکدا پیاوان هەرگیز بێدەنگ نابن کاتێک ژنەکەی خیانەتی لێدەکا، ئەگەر خیانەت بگاتە پەیوەندی سێکسی ژنەکەی دەکوژێت. بەهۆی زاڵیەتی داب و نەریت و پیاو سالارییەوە زۆرێک لەو پیاوانەی ناپاکی دەکەن سزا نادرێن.

ئەم توێژینەوەیە مەی داذ ی یە لەماوەی شەش مانگدا لـەساڵی ٢٠١١ بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی فریاگوزاری نەرویجی (npa، لە چوارچێوەی پرۆژەکانی ریکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان ئەنجامدراوەو بە ووردی کاری لەسەر کراوە، لەسۆنگەی گرنگی دیاردەکە و هەستکردن بە زیانە زۆرەکانی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگا بەگشتی، خۆبواردن و بێدەنگ بوونی زۆرێک لەگروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم دیاردەیە، لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١١دا. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لەپێشەکییەک و باکگراوند و میتۆلۆجی و پێنج کەیس ستەدی، چوارچێوەی یاسایی و هۆکارەکانی ناپاکی هاوسەرێتی، لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا کۆمەڵێک ئەنجام و پێشنیار و ڕێگەچارە بۆ کەمکردنەوە و ڕێگری لەم دیاردە مەترسیدارە، خراوەتەڕوو.

ئەم تـــوێژینەوەیە بە زمـــانی کـــوردی و عەرەبـــی و ئینگلیـــزی لە چوارچێـوەی چالاکییەکـانی سـەنتەری بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی دژی ژنان لەکەلار، ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

**وەرگێران**

**٢- ژنی نموونەیی**

خـانمە نووسـەری ئەمریکـی مارابـل مۆرگـان لەم پەرتـووکەدا، تیشـک دەخـــاتە ســـەر بـــابەتە خێزانـــی و پەروەردەییەکـــان و چـــۆنییەتی دروست کردنی کەشێکی گەرمی خێزانی پڕ سۆز و خۆشەویستی و پێگەیاندنی تەندروستی منداڵەکان، کـ ەئەمەش خواست و هیوای گشت ژنێکە، هەروەها چۆن ژن هاوڕێ و هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانی هاوسەرەکەی و دایکێکی پسپۆڕ و نموونەیی بێت بۆ منداڵـەکانی، لێرەدا ژمارەیەک تەکنیک و ڕێگەی سادە و ساکار خراوەتەڕوو، هەموو ژنێک دەتوانێت سوودی لێوەرگرێ و بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ.

مارابل مۆرگان لەم نووسینەیدا، باس لە ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی خۆی دەکات، کە چۆن لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا ڕووبەڕووی گەلێک گرفت و تەنگوچەڵەمەی نالەبار ب ووەتەوە، کە زۆربەیـان بەهـۆی هەسـت نەکردنـی کێشـەکان و نەبـوونی بەرچـاو ڕوونییەوە ڕوویداوە.

ئەو خانمـــــان فێردەکـــــات، چـــــۆن لە قـــــوڵترین نیـــــاز و پێویستییەکانی هاوسەرەکانیان بەئاگابن و بەڕاستی هاوبەشـی ژیانیـان بـن و لەژێـر مـ یچی یەک خـانوودا بـن. ئەڵبەتـە لەمەڕ پەروەردە کردنـی منـداڵان چەنـدین بنەمـای گرینگـی ئامـاژە پێداوە، بـە پشـت بەسـتن بـە ئەزموون ی ژیـانی خـۆی و خەڵکـی ، لە کۆتاییـدا بـاس لە بـابەتێکی دیکـە دەکـات، بـۆ ئاسـودەیی نـاخی تاکەکـانی خێـزان و ڕێنمـایی دەدا

کە منداڵەکانی لەسەر پەروەردە بکەین، ئەویش بڕوا و ئیمانە بە خودا و بەمجۆرە لایەنی ڕۆحی مرۆڤ پڕدەکرێتەوە.
ئەم کتێبە لەلایەن مارابل مۆرگان نووسراوە و لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ و چاپی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، لە دووتوێی ١٥٧ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

### ٣- پرۆگرامی ئامانجە مەزنەکان

ئەم کتێبە زیاتر پەیوەندی بە گەشەپێدانی مرۆییەوە هەیە، چۆن ئەتوانیت کارەکان خێراتر بەڕێوەبەریت، خێراتر لەوەی پێشبینی دەکرێ، چۆن ئەنجامی بدەیت؟ چۆن تێیدا سەرکەوتوو دەبی؟ پێویستە چی بکەیت؟ چۆن دەست پێ بکەیت؟ برایان تریسیی نووسەر، بە دوانزە وێستگە خوێنەر و فێرخوازان فێردەکات، کە بەباشترین پلان و شێواز، لە کەمترین کاتدا، زۆرترین کار ئەنجام بدەن و کارە بەهادار و پڕ ئاستەنگەکان پێش وەخت بەئەنجام بگەیەنن و سەرکەوتووبن.
ئەم کتێبە سێ هۆکاری بنەڕەتی کارکردنی باڵای دیاری کردووە بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنان، کە ئەمانەن: لەئەستۆگرتن، تەواوکردن و کۆتایی هێنانی کار، چونکە هیچ ڕێگەیەک دوور و درێژ نییە بۆ کەسێک بە پشوو درێژی و بێ دەستەوەستان بەرەوپێش بچێ، کەسێک خۆی بە پشوودرێژی و ئارامگرییەوە ئامادەی بەدەستهێنانی شانازییە مەزنەکانی ژیان دەکات، هیچ شانازییەک بە دەست نەهێنراو نییە. گرینگترین تایبەتمەندی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن تا کۆتایی تەمەن لە خۆتدا دروستی بکەیت، خووگرتنە بە بەرنامە و پلان و دیاری کردنی ئامانجەکان، زیاتر هەوڵبدەیت زووتر سەردەکەویت.

هاوکـات، تریسـی بڕوایـوایە بە کـۆڵنەدان و شـارەزایی هـیچ شـتێک ئەستەم نییە، کارە مەزنەکان بە زۆر و بەهێز ئەنجام نادرێن، بەڵکو بە وچان نەدان و ئیرادە و بەردەوامی  ئەنجام دەدرێن.
ئەم کتێبە لەلایەن برایـان تریسـی نووسـراوە و لـە زمـانی فارسـییەوە وەرگێڕدراوەتـــە ســـەر زمـــانی کـــوردی، ســـاڵی ٢٠١٣ خـــانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، لە دووتوێی شەست و چوار لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- ڕۆژێک ٣٦٥ جار دووبارە نەکەینەوە**

ژیـان وەک ژەنینـی پیـانۆ وایە ئەوە دەبیسـتیت کە دەیژەنیـت. بەهێـزی ئێمە لەوەدایە بەرپرسـیاریەتی ژیـان لە ئەسـتۆ بگـرین. خـودا بـاوەڕی ئازاکانە نەک  بیانووی ترسنۆکەکان. ئەم کتێبە کۆکراوەی کورتەیەک لە وتە و بەرهەم و پەیامەکـانی چەنـدین نووســەر و وتـاربێژی دیـار و ناوداری جیهانیی تێدایە، وەک: ( جۆن سی ماکسون، (جاک کانفیلد) و (جیم ڕان)، (نۆرمـان ڤینسـنت پیـل)، (زیـگ زیگـلار)، (ئانـدرا متیـوس)، (ئستفان کاوی)، (سوزان جفرز)، (ئەنتۆنیۆ رابینز)، (ناپلیۆن هیل)، (مارک فیشەر) و ژمارەیەک کەسایەتی دیکەی  مێژوو.
خوێنـەران دەتـوانن سـوود لە بوارەکـانی هـونەری ژیـان، دەروونناسـی سـەرکەوتن، دەروونـدروسـتی و شـاد ژیـان، بەخـتەوەری، ڕێوڕەسـمی ژیـان، سـەرکەوتن  وەربگـرن و پەیـامە وەخۆهێنەرەکـانی دووتـوێی پەڕەکان بکەنە مەشخەڵی ڕوشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانیان.
ئەگەر بتـــەوێ لە دوێنـــێ بمێنیـــتەوە بەســـبەینێ ناگەیـــت، گەورەتـرین بەربەسـتی گەشـەکردن (نەزانـین) نیـیە، بەڵکـو گومـانە لە (زانـین). ژیـان پاداشـتی کۆششـەکانتان دەداتەوە نەک بەهانەکانتـان. ئازادی واتا کارکردن لەسەر بنەمای ڕاستی تەواوەتی، ڕێگە نەدان بەو

خەڵکانەی دەیانەوێ ئەم ڕاستییە خەوشداربکەن. دەبیتە هاوتای ئەو کەسەی کاتەکانی لەگەڵ بەسەر دەبەیت. پێم خۆشە بەپێوە بمرم تا ئەوەی لەسەر ئەژنۆ بژیم.

ئەنتۆنیۆ ڕابنزی نووسەر، دەڵێت: هەموو ڕۆژێک بۆ هەرکوێیەک بچیت و تەماشای هەرلایەک بکەی مرۆڤ گەلێک دەبینیت،کە زیاتر دەچنەوە سەر مردووەکان تا زیندووەکان! بەڕاستی پێی کاریگەر و خەمگین دەبم، وەختێ تەماشای ژیانی ئەم مرۆڤانە دەکەم، هیچ جۆرە خۆشی شادی و جۆش وخرۆشی لێ نابینرێ. گوایە تەنها زیندوون، بەڵام ناژین. یان ڕونتربڵێم: بە زیندوویی ماونەتەوە نەک بژین، هۆکارەکەشی ئەوەیە بەشوێن و ڕۆژگارێک قایل بوون، لە ژیانیاندا کەمترە لەوەی دەتوانن هەیانبێت و مافیانە.

ئەم کتێبە لەلایەن مەسعود لەعلی نووسراوە، مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٤ خانەی چاپ و پەخشی ڕینما، لەدووتوێی ١٩٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکردەوە.

**٥- کاتێک تۆ دەگۆڕییت جیهانیش دەگۆڕێت**

باوەڕێکی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ژیان و دەستەبەر کردنی هەلومەرجی دڵخواز کراوە. یەکێک لە گریمانە مەزنەکانی یاسای کێشکردن (بنەمای باوەڕە) لەسەر بناغەی ئەم یاسایە ڕووداو و هەلومەرجەکانی ژیانمان بەرهەمی جۆری باوەڕ و ئاگاییەکانی ئێمەیە. لەڕاستیدا ڕووداوەکانی ژیانمان بەرجەستە بوونی بیر و ئەندێشەکانمانە، کە باوەڕمان پێیان هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە گەرەکە بیروباوەڕی خۆمان لەمەڕ ئەم چوار بابەتە بگۆڕین: (گۆڕینی بیرو باوەڕمان سەبارەت بە ژیان)، (پێزانینی فەلسەفەی ئافراندن)، مرۆڤ

کێیە؟ مرۆڤ چییە؟، جیهانی بوون و کائینات، بوونی پیرۆزی خودا و سرِینەوەی بڕوا هەڵەکان سەبارەت بە پەروەردگاری جیهان و جۆری پەیوەندی ئەو بە مرۆڤەوە).

ئەم کتێبە، لەبارەی یاسای کێشکردن قسەدەکات، کە باوترین پرسیاری ئەمەیە: بۆچی ئەم یاسایە هەمیشە وەڵام ناداتەوە یان زۆر درەنگ دەگات بەخواست؟ ئاماژە بەچەند هۆکارێک کراوە، کە لە ڕەوتی یاسای کێشکردندا تێکەڵ و پێکەڵی دروست دەکەن. گرینگترین وانە لەیاسای کێشکردنەوە فێربین ئەوەیە: کاتێک ئێمە دەگۆڕێین، جیهانیش دەگۆڕێت. ئێمە بەشێکین لەجیهانی بوون. کاتێک باشتر بین، جیهانیش باشتر ئەبێت و کاتێک خراپ بین، واتە هاوکاری بونیادنانی جیهانێکی خراپمان کردووە. هاوکات ئاماژە بەوەدەکات، کە ساتە دیارییەکان ئەو ساتانەی پەرجوو لە ژیانماندا ڕوودەدەن، لێرەدا باس لە پەیوەندی باڵای مرۆڤ دەکات لەتەک خودای کردگاردا ئەویش بەهۆی باوەڕ بەخۆبوون و پشت بەستن بەخودای بەدیهێنەری ڕووداوەکانەوە کە مایەی ڕەخساندنی بارودۆخی گونجاوە لەژیانیاندا.

ئەم کتێبە لەلایەن مەسعود لەعلی نووسراوە و لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٤ خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، لەدووتوێی ٢٠٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- لەشەپۆلەوە تا لوتکە**

ئەم کتێبە، کۆکراوەی شەست و پێنج داستان و بەسەرهاتی عیرفانییە، چیرۆک و داستانەکان لە ژێر ناو و ناوەڕۆکی جیاجیادا پەیامە عیرفانییەکان دەگوێزنەوە بۆ خوێنەر، لێوان لێوە لە ئومێد و خورپەی پڕ چێژ بۆ ڕەوینەوەی خەمەکان.

ئەم کتێبە لەم بەشانە پێکدێ (داستانەکانی پشت بەخودا بەستن، ڕەزامەندی و نییەت پاکی، داستانەکانی خوداناسی، بەسەرهات گەلێک دەربارەی گۆڕان، داستانەکانی ململانێی شەیتان و نەفس پەرستی، خودا میهرەبانە، تەنیا ئەو، خودایە و هەر لەم نزیکانەیە، داستانە مەعنەوییەکان.

خودا، لەتەواوی ساتەکاندا دووبارە دەبیتەوە بەڵام نابیتە دووبارە بووەوە. مرۆڤ نابێت هیچ کات لەبەزەیی خودا نائومێد بێت، لەلای نەهامەتییەکانەوە خودایەک هەیە کە قەرەبووی تەواوی نەدارییەکانە. ژیانی ئێمە بە لەدایک بوون دەستپێناکات بەڵکوو بە گۆڕان دەستپێدەکات. هەموو باوەڕداران موسڵمانن بەڵام هەموو موسڵمانان باوەڕدار نین. هەزار ناجۆری و دووسەد کەموکورتی لە بوونمدایە، پەروەردگارا تۆ بەچاوی خۆشەویستییەوە تەماشام بکە. لەگەڵ هەرکەسدا دوام، وەڵامم لە تۆوە بیست، سەیری هەرکەسم کرد، تۆ لە هزرمدا بوویت. ئیلاهی هەمووان ئەڵێن تۆ لە کوێی، من دەڵێم کوێیەک نییە بەبێ خودا؟)، ئەمانە و چەندان باسی تری مرۆیی و وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ، بوونی هەیە.

یەکێک لە داستانەکانی ئەم کتێبە.. ڕۆژێک دەوڵەمەندێک کیسە زێرێکی بە خزمەتکارەکەیدا و وتی: ئەم کیسەیە بدە بەفڵان کەس ئەگەر وەری گرت تۆ ئازاد ئەکەم. خزمەتکار کیسەکەی برد بۆلای کابرا بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، خزمەتکار وتی: تکایە وەری بگرە.

کابرا لە وەڵامدا وتی: بەوەرگرتنی ئەم کیسە تۆ ئازاد ئەکەم بەڵام خۆم ئەبم بە کۆیلە.

ئەم کتێبە لەلایەن مەسعود لەعلی نووسراوە و لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٤ خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما لە دووتوێی ١٥٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکردەوە.

**٧- پێویستییەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ**

لە ڕابردوودا هیچ کات مرۆڤ بە بنبەست نەگەیشتووە و بە بەربەست و ڕێگر و لەمپەر گەیشتووە، بە قەیرانگە گەیشتووە، بەڵام زانیوویەتی ڕێگەی هەڵاتنی چییە و کاری بۆکردووە. لەبەرئەوە زانیوویەتی خۆی کێیە، لەسەر بنەمای ئەو ناسینەی لەخۆی هەیبووە، کاریکردووە. بەڵام ئەمڕۆ، مرۆڤ بە خوودی خۆی نامۆیە، هەمووجۆرە کار و هەنگاوێکی ئەرێنی یان نەرێنی، بێ کەڵک و پووچ دەبینێت، هونەر لەشێوەی هونەردا پووچ دەردەکەوێت و لە بنەچەدا بە وتەی سارتەر، ژیان (بەگەمژەیی، لە جیهانێکی بەتاڵ و بۆ مرۆڤی بێوەری لە واتا) دادەنرێت. پاشان یەک یەک دەوەستێت لەسەر دوژمنەکانی مرۆڤ و دەچێتە بنج و بناوانیان کە بریتین لە :زانست وەک نەفیکەر و ڕەتکەرەوەی مرۆڤ، ماددەگەرایی، ئایین، بەکاربردن (مەسرەفگەرایی)، پەرتووک بردوویی (دەردەکتێب) و ڕژێمی چینایەتی.

لە کتێبەکەدا هاتووە، مەبەست لە دوژمنەکانی مرۆڤ، ئەو فاکتەرانەن کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤیان دەربەدەر کردووە. ئەو فاکتەر و هەلومەرج و هۆکارە جیاوازانەی کە هەمیشە لە سیستەم و دنیابینی و بیر و بۆچوونە جۆربەجۆرەکاندا، بایەخیان بە هەموو شتێک دەدا جگە لە مرۆڤ، مرۆڤیان بە نادیار و بەتاڵ لەخۆی هێشتووەتەوە و بەشتی ترەوە سەرقاڵیان دەکرد. ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی داڕووخان، ناشیرین کردن و لاوازکردنی هەقیقەتی مرۆیی، لە کاتێکدا کە دەشێت بۆ

پێشکەوتن و شارستانیەتی و دەسەڵات هۆکار گەلێکی باش و پۆزەتیڤ بن.
ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر عەلی شەریعەەوەتد یی نووسراوەو مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٦ خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما لە دووتوێی پەنجا و دوو لاپەڕەدا هەزار دانەی لێ بڵاوکردووەتەو ە.

**٨- دەروازەی بەدیهێنانی خەونەکان**

دیبی فۆرد، خانمە نووسەر و وتاربێژی ئەمریکی، ناوی لە ڕیزبەندی پڕ فرۆشترین کتێبەکانی نیۆرک تایمزدایە. کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر بیست و شەش زمان و لەزانکۆ و سەنتەرە فێرکاریەکان و خولەکانی گەشبینیدا لەسەرانسەری جیهاندا بەکاردەبرێن. لە ڕێگەی کتێبەکانییەوە خوێنەرانی فێردەکات کەچۆن دەستیان بگات بە ژیری دەروونییان و بە ڕۆچوونە ناو ناخ و دەروون، دەستکەوت و ناسینەوەگەلێک لەبارەی ژیانیانەوە پەیدابکەن. پرسیار و ڕێنماییە وەخۆهێنەرەکانی دبی فۆرد بەرەو جووڵە و هەنگاونان پەلکێشمان دەکەن و دەرگای تەمبەڵی و بڕوبیانووەکانمان لەسەر دادەخەن.
ئەم کتێبە، پەردە لەسەر شێوازێکی فێرکردن لادەدات بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باڵا و نایاب و ڕێنمایی دەکات تاکوو هەنگاو هەڵگرین بەرەو مەزنایەتی خۆمان و ئەو لایەنانەی ژیانمان کە مایەی سەرکەوتنمانە بەهێز بکەین . هاوکات، هێما بۆ ئەوە دەکات چۆن مرۆڤەکان خەون و ئامانجەکانی خۆیان دوادەخەن و وادەزانن لەتوانایاندا نییە وەدەستیان بخەن و بەو شێوەیە لە حەسرەتی گەیشتن بە خەونەکانیان کە بەهۆی لەم چەشنە تێڕوانین و بیانووانەوە (خۆزگە

وادەبــوو یــان بەشــکوو ڕێبکەوێــت) گشــت جــۆش و خــرۆش و جوانییەکانی ژیان لە دەست دەدەن و هەقیقەتی ژیان دەدۆڕێنن.
نووســەری کتێــبەکە، بــاس لەو پــلان و بەرنامــانە دەکــات کە ئــێمە لەسەرەتای ساڵی نوێدا دایدەڕێژین و دواتر وردە وردە ڕەنگی خۆیان لەدەســت دەدەن و هــیچ بە هــیچ نــاکەین و دەشــێت تــا دوا نەفەس لەم بگــــرەوبەردەیەدابین و نەتــــوانین بە دڵـــــی خۆمــــان ژیــــان بگــوزەرێنن. هاوکــات، چەنــدین پرســی دیــکەی گەشــەپێدانی مرۆیــی و هۆکانی سەرکەوتن لە ژیاندا بەباشترین شێوە دەخاتەڕوو.
ئەم کتێــبە لەلایەن دبــی فــۆرد نووســراوە و لــە زمــانی فارســییەوە وەرگێڕدراوەتــــە ســــەر زمــــانی کــــوردی، ســــاڵی ٢٠١٦ خــــانەی چــاپ و پەخشــی ڕێنمــا، لە دووتــوێی ٢١٥ لاپەڕە هەزار دانەی لــێ بڵاوکردەوە.

**٩- مۆدێل، بەئەمرۆیی بوون یان پێشێلکردنی بەهاکان**

دیــاردەی مۆدێــل و مــۆدێلگەرایی گرێــدراوی تــاکە وڵات و کولتــووری کۆمەڵگایەک نییە، چونکە بەربڵاوی مۆد بەئەندازەی بەربڵاوی ژیانی مرۆڤە و تەواوی لایەنەکانی ژیانیش دەگرێتەوە و ڕەگ و ڕیشەشــی لە ئاڕاستەکانی دەروونناسیدا هەیە، بێ گومان دیاردەی مۆد پەیوەستە بە چینی کۆمەڵایەتی، ئابوری، پرۆســەی جیهــانگیری و ڕاگەیاندنەکانەوە و لە ئێســــتادا مۆدێــــل و مــــۆدێلگەرایی بــــووەتە هــــۆی گۆڕانکــــاری کولتووری_کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەی کە لایەنگیری مۆدێلن.
مــۆدێلگەرایی بەشــێوەیەکی ڕەهــا ناتوانرێــت ڕەتبکــرێتەوە و لەلایەکــی تریشەوە قبووڵکردنی بێ پرس و ڕای ژیرانە نییە، بەڵکوو میانڕەوی لە مۆدێلگەراییدا و ڕەچاوکردنی گونجانی مۆد لەگەڵ کولتوور و ئایین و میللەت، گونجاوترین ڕێگەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا. ئەم پەرتووکە لە

پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: تێڕوانینێک بە مۆدێلدا، مۆدێل نوێخوازی یان پێشێلکردنی بەهاکان؟، گەنج و مۆدێلگەرایی و هۆکارەکانی پەیدابوونی مۆدێل، لەبەشی دووەمدا باس لە مۆدێلگەرایی و کاریگەری لەسەر گۆڕانە کولتوورییەکانی کۆمەڵگە و ڕەگ و ڕیشکەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی مۆدێلگەرایی دەکرێت، لەبەشی سێیەمیشدا بابەتەکانی ئاینی ئیسلام و مۆدێلگەرایی و بەئەمرۆیی بوون و چەند گۆڕاو و بنەمایەک لە دیدی ئاینی ئیسلامەوە سەبارەت بە پۆشش و ئارایشت تیشکیان دەخرێتە سەر، هەروەها لە بەشی چوارەمدا بە وردی باس لە ناسنامەی مرۆیی ژن لە قەیرانی ئارایشت و مۆدێلدا، مەیلی ژنان بۆ ئارایشت و خۆڕازاندنەوە لەچەند ڕەهەندێکەوە، مۆدێل و جەستە، مۆدێل و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی مۆدێلگەرایی بەقەیرانەکانی شوناسی ژنانەوە باس دەکرێن.
مەهاباد حەسەن، ژمارەیەک نووسینی فارسی کۆکردۆتەوە و وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- چۆن باوکتم ناسی**

کتێبی چۆن باوکتم ناسی، بریتییە لە کۆمەڵێک نامەی دایکێکی ئێرانی بۆ کچەکەی کە بەشێوەیەکی تەنز و کۆمیدی پەنجە دەخاتە سەر کۆژان و ئازارەکانی کچان و پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەو داب و نەریتە شیاو و نەشیاوانەی لە کۆمەڵگەدا هەن، لەڕووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە وێنای ژیانی خۆی دەکات، و لەم وێنانەوە کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێوڕەسمەکانی ژیان دەخاتەڕوو.
لە چوارچێوەی سی و حەوت نامە بۆ کچەکەی باسی چۆنییەتی دۆزینەوە و ناسینی مێردەکەی دەکات و بە ڕاشکاوی و شێوازی

گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی و هەموو ئەو پیاوانەی کە هاتوونەتە ڕێگەی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان و هەورازو نشێوەکانی ژیانی خۆی وەک کچی خێزانێکی بێ سەروبەر و بە شێوەی کۆمیدیا دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران. مونا زارع، خانمە نووسەری کتێبەکە، دانە بەدانە باس لە داواکار و خوازبێنی خوازانی خۆی دەکات بۆ کچەکەی و بە هەستێکی کچانەوە و بەڕوونی داخ و کەسەر و ململانێکانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی مێرد دەدات بە گوێی کچەکەیدا و کۆتا نامەش واتا سی و هەشتەمین نامە مێردەکەی دەینووسێت.

بەشێک لەنامەی ژمارە یەک (کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی هەینی بوو کە بڕیارمدا ئیتر هاوسەرێک پەیدابکەم، ڕێک ڕۆژێک دوای هاوسەرگیری کچە ئامۆزاکەم، لە خەو ڕاپەڕیم و بینیم جێگەکەی چۆڵە! باوکت ئێژم، تۆزێ بیرم کردەوە نەبا بەهەڵە تێگەیشتبم و جێگەی شتێکی تر بەتاڵبێت و من مێردم بەهەڵەوەرگرتبێت! دوو سێ جارێ لەسەر نوێنەکە ئەم دیوو ئەودیووم کرد هەرچەند هزرم دەکرد بەشکو بەشتێکی ئابڕوومەندانەتر بگەم، هەم لووتم دەتەقی بە مێرددا، واتا ئێستاکە دەزانم هەر لە زەماوەندەکەی دوێنێ شەوەوە کوتومت لەو کاتەی کە گشت پیاوەکان بەهەواوجەمی لەبەر دەرگای ئەو هۆڵەی بووکێی لێ بوو لە چاوەڕوانی ژنەکانیاندا وەستابوون و پرتەوبۆڵەیان دەهات کەسێکیش نەبوو زەماوەندەکە بکاتە قوزەڵقورتی من و منداڵێک فڕەبداتە کۆڵم تا کوو بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە خۆتەڕکردنی م نداڵەکە پاک بکەمەوە).

ئەم کتێبە لەلایەن مونا زارع نووسراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١١- وەرگێڕی ئازارەکان**

پەرتووکی وەرگێڕی ئازارەکان نۆبەرەی نووسەری هندی-ئەمریکی جومپا لاهیرییە، ساڵی ١٩٩٩ دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ و بڵاوکرایەوە. تا ئێستا دەیان ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و براوەی حەوت خەڵاتی گرینگە. ئەم نووسەرە پەنابەرە دوور لە زێدی باوباپیرانی لە ڕێگەی نیشتمانی تایبەتی خۆیەوە واتا (چیرۆک) وێنای کولتوور و ژیان و ژانەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و لە تاراوگەژیان دەکات، ورد ورد شۆڕدەبێتەوە بەناو ئازار و دڵەخورپێیەکانی ئەو مرۆڤە سەرهەڵگرتووانەدا کە لە نێوان هەردوو کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا گیریان خواردووە و سەرگەردانن.

بلیمەتی جومپا لاهیری لە تەنزی شاراوەی کورت و دیدی وردبینانەی بۆ ژیان و ئۆقرەگرییەکی واقیع بینانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە چیرۆکەکانیدا زایەڵەی دێت.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لاهیری لەلایەن مەهاباد حەسەنەوە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٨ خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما لە دووتوویێی ٣٠٢ لاپەڕەدا هەزار دانەی لێ بڵاوکردەوە.

**١٢- خاوەن پێداویستی تایبەت**

ئەم پەرتووکە بریتییە لە ڕاسپاردە گەلێک بۆ خەڵکی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کە لەلایەن نووسەرێکی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە نووسراوە، بە وردی باسی کۆژان و نارەحەتییەکانی ژیانی تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و چەندین پێشنیاز و ڕسپاردە دەخاتە بەردەم خەڵکی و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگە تاکوو ڕێگە لە زیادبوونی کەمئەندامییەتی بگیرێت و ژیانێکی شایستەش بۆ خاوەن

پێداویسـتییە تایبەتەکـان دەسـتەبەر ببێـت لە ڕووی مـاددی و مەعنەوییەوە.

ئەوان پێویسـتیان بە دینارەکـانی بـاخەڵی تـۆنییە کە هەر بەبینینیـان هەسـتت بجووڵێـت و بە چـاوی بەزەیـیەوە خێریـان پێـبکەی، بەڵکـوو چاویـان لە مـامەڵەی مرۆڤدۆسـتانە و ڕێزلێگـرتنە، گەرەکە لە خێزانەکانماندا پـرس و ڕایـان پـێ بکەیـن و لە دەرەوە و ناوکۆمەڵیشـدا هـاودڵ و هاوڕێیـان بـین، ئەوان دەخـوازن منـداڵەکانمان فێـری ڕێـز و ڕەفتـاری جـوان بکەیـن تـا لە کـوچە و کۆڵانەکانـدا بەهـیچ جۆرێـک سـووکایەتیان پـێ نەکەن. باشـترە خۆمـان لە خـۆبەگەورەزانین بەدوور بگرین کێ ناڵێ ڕۆژگار لە هەگبەکی خۆیدا وەها دۆخێکیشی بۆ ئێمە دانەناوە.

کۆمەڵگەی ئێمە ناسینێکی تەواوی نییە لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و بڕێکجـار بـێ مەبەسـت بارگرانییـان بـۆ دروسـت دەکەیـن و دەبینـە هۆکـاری گۆشـەگیری و دوورەپەرێـزی و تەوەلابوونیـان. بـۆ ئەم مەبەسـتە ئـێمە ئەم پەرتـووکە دەخەیـنە بەردەسـت هەمـووان تـاکوو بتـوانین بڕێـک لە بارگرانییەکـانی کـۆمەڵگە لەسـەر ئەم تـوێژە کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی باشـتر و بە بیروبۆچونی نموونەیی و مرۆڤدۆسـتانە و بـێ کێشـە و تەنگـوچەڵەمە بـۆ خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکان فەراهەم بێت.

وەحید نەجەفی ئەم کتێبەی نووسیوە و مـەهاباد حەسـەن لـە زمـانی فارسـییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، سـاڵی ٢٠١٩ لەلایـەن گرووپی نما سێ هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٣- دەردی بێشعووری**

پەرتــووکی دەردی بێشــعووری لە بــارەی دیــاردەی بێشــعووری لە کۆمەڵگەکــانی ئێســتادا بــۆ ناســینەوەی کردەیــی و چارەســەرکردنی مەترسیدارترین نەخۆشی مێژووی مرۆڤایەتی و شێوازی مامەڵە کردن لەتەک توشبوواندا ڕێنمایی کارێکی ئەرزشمەندە. بێشعووریش دەردێکە وەک نەخۆشــییەکانی تــر بــۆ پێشــگیری و چارەســەرکردنی گەرەکە بە دروستی بیناسین. هەرچەند نەخۆشییەک مەترسیدارتر و بەربڵاوتربێت، ناســین و ڕووبەڕوو بــوونەوەی پێویســت تــرە، بەڵام بێشــعووری کوشندەترین ئافاتی مێژوویی مرۆڤایەتییە کە تا هەنووکە ڕێگە چارەی زانستی و گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نە گیراوەتەبەر. بێشعووری گەمژەیی نییە و زۆربەی بێشعوورەکان نەک گەمژەنین بەڵکو لە چاو خەڵکــی ئاســاییدا خــاوەن توانــا و زیرەکییەکــی زیــاترن. خۆپەرســتی، بێشــەرمی و پێشــێلکردنی مــافی خەڵکــی کە بنەماکــانی بێشــعوورین بە زۆری لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێن کە لەڕووی ئاوەز، زانیاری، پێگەی کۆمەڵایەتی و داراییەوە باشترن لەخەڵکی ئاسایی.

نــاوەڕۆکی ئەم پەرتــووکە پێکهــاتووە لە پێــنج بەشــی ســەرەکی کە هەربەشەو لەخۆگری چەندین باس و خواسی بەبایەخە، بەشی یەکەم: چ کەسێک بێشعوورە و بۆچی کەسێک دەیەوێت بێشعووربێت؟ هەر لەم بەشەدا تیشک دەخرێتە سەر پێناسە و ناساندنی چەمکی بێشعووری و بێشعوورەکان، وێڕای باسکردنی چەندین بەسەرهات و نموونە، لەبەشی دووەمدا: جۆرەکانی بێشعووری شەن و کەو دەکرێن، بەشی سێیەمیش: دەچێتە تان و پۆی باسی کاتێک کۆمەڵگە بێشعوور دەبێت، هەروەها بەشی چوارەمیش شرۆڤەی بابەتی ژیان لەتەک بێشعوورەکاندا دەکات

و لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا باس لە ڕێگەکانی چارەسەر و ڕزگاری لەم دەرد و ئافاتە دەکرێت.
خافێر کریمێنت ئەم کتێبەی نووسیوە و مەهاباد حەسەی وەریگێڕاوە سەر زمانی کوردی، بڕیارە لەلایەن چاپ و پەخشی ڕێنما بڵاوبکرێتەوە.

**١٤- بۆچی داماوین**

ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر ئارێشە کۆمەڵایەتیی، ڕەفتاریی و هزرییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە تاوتوێیان دەکات و جۆرێکە لە ڕەخنە گرتن لەخود بە ئامانجی ڕاچەنین و دیتنی کەمووکورتییەکان بۆ دەستەبەر کردنی ئایندەیەکی باشتر و کۆمەڵگەیەکی پێشڤەچوو. ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لە (بە مێژوو نامۆین، ڕاکردن لە هەقیقەت و پەردەپۆشکردنمان، ڕواڵەتسازیمان، قارەمان پەروەری و ملهوڕیمان، خودسەنتەری و لەپێشخوازیمان، بێ بەرنامەییمان، مەرایی کردن و دەرفەتخوازیمان، هەستیاربوون و دروشمگەراییمان، گەلانی ئێران و گومانی پیلانگێڕی، نابەرپرسیارییەتیمان، پێشێلکردنی یاسا و حەزی زیادەڕەویمان، پێشبینی و نارەزایی هەمیشەییمان، حەسودی و حەسودی بردننمان، ڕاستگۆییمان، هەموو شتێک زانینمان).
نووسەر لەکتێبەکەیدا دەڵێ: کاتێک گالیلۆیان بۆ تەوبە کردن و داوای لێخۆشبوونی (کەنیسە پەسەند)! برد بۆ دادگایی کردن، تەواوی پەیڕەوان و شوێنکەوتوانی  بە ناکامی و دڵتەنگییەوە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ماوەیەکی زۆر بەپێوە وەستان تا مامۆستا و ڕابەری گەورەی هزرییان وێرای گوشارە زۆر توند و تاقەتپڕوکێنەکانی دەسەڵاتداران!! لە ناو دادگاوە سەرهەڵبڕێت و سەربەرزانە و بە هەنگاوی تۆکمەو نەعرەتەوە بێتە دەرەوە و بڵێ: زەوی هێشتا

دەسوورێتەوە، بەڵام مەخابن مامۆستای داماو و سەرکز بەهۆی ئەو هەموو ئەشکەنجەی درابوو، سەرشۆڕ و زەلیل هەستا بە وتنی ئەو شتانەی کە خۆی هەرگیز بڕوای پێیان نەبووە، بەهێواشی و لەسەرخۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی تەوبەنامەکەی! لەبەر گشت ئەو شتانەی کە لە دژی بیروباوەڕی کەنیسە تاکوو ئەمڕۆ وتبووی. ئەوەی بۆ پەیڕەوکاران و شوێنکەوتوانی مابووەوە، نا ئومێدی و شەرمەزاری بوو... یەکێک لە قوتابیەکانی هاواری کرد (قوڕبەسەر ئەو میللەتەی کە قارەمانەکەی لەدەست بدات). وتەیەکی جوان لە گالیلۆوە شین بوو کە دەڵێ (قوڕبەسەر میللەتێک کە پێویستی بە قارەمان و ڕابەر هەبێت).

ئەم کتێبە لەلایەن دوکتۆر حەسەن نەراقی نووسراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەدووتوێی ٢٥٠ لاپەڕە ئامادەی چاپکردنە.

**١٥- یاری ژیان و ڕێوڕەسمی ئەم یارییە**

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە چوارچێوەی گەشەپێدانی مرۆییەوە و جەخت لە شاد ژیان و یاسای کێشکردن دەکات بۆ بەختەوەری و کامەرانی مرۆڤ. زۆرینەی خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە ژیان گۆڕەپانی جەنگە، بەڵام بەو جۆرە نییە، ژیان تەنها یارییەکی سادەیە. هەرچەندە کە بەبێ ئاگایی لە یاسا مەعنەوییەکان ناکرێت لەم یارییەدا سەربکەوین. ژیان یارییەکی گەورەی (ئالۆویرە). لەم ژیانەدا چی بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە. واتا هەر کارێک کە تاک ئەنجامی دەدات و هەر وشەیەک کە بە زمانیدا دێت، بۆی دەگەڕێتەوە. بەهەر دەستێک ببەخشی بەهەمان دەست وەردەگریتەوە.

ئەگەر نەفرەت بکەی، دەکەویتە بەر نەفرەت، ئەگەر خۆشەویستی ببەخشی خەڵکی خۆشیان دەوێیت، ڕەخنە بگریت، ڕەخنەت لێ دەگیرێت، درۆ بکەی، درۆت بۆ دەکرێت، ناپاکی بکەی ناپاکیت لێ دەکرێت.
ئەم کتێبە لەلایەن فلۆرێنس سکۆڤێل شینی ئەمریکی نووسراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڕیارە خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما بڵاوی بکاتەوە.

**١٦- گوفتارەکانت گۆچانی پەرجووهێنەری تۆن**

نووسەر لەم کتێبەدا جەخت لە هێز و هەژموونی قسە و گوفتارەکانی مرۆڤ دەکاتەوە و دەڵێ: "گوتەی مرۆڤ، گۆچانی پەرجوویی ئەوە، لێوڕێژە لە جادوو و هێز و دەسەڵات"! بەوپێیەی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بەبزواندنی گۆچانەپەرجوو هێنەرەکەی بە قسەکانی بارودۆخی نەخوازراو بگۆڕێت. بەم جوڵاندنە دەتوانێت خەم بۆ شادی، نەخۆشی بە لەشساغی، دەستکورتی و نەداری بۆ داباریني نیعمەت و بەخششەکان ئاڵوگۆڕ بکات. هەروەها دەبێژێ: ترس، گومان، نیگەرانی، توندوتیژی و نەفرەت خانەکانی لەش لێک هەڵدەوەشێننەوەو زیان بە سیستمی کۆئەندامی دەمار دەگەیەنێت و ئەمەش هۆکاری ڕوودانی هەموو نەخۆشی و بەڵاکانە. شادومانی و سەلامەتی بەکۆنترۆڵکردنی تەواوی هەرجۆرە هەستێکی هەڵچوونی بەدەست دێت و هێزێکی ڕاچەنێنەرە بەڵام هەرگیز خۆبەخۆ ڕاناچەنێت.
هەرکاتێک مرۆڤ بتوانێت لە بارێکدا کە هەلومەرج و دۆخی لەبارنەبێت وهەموو شتێکیش دژی ئەو بێت، زاڵبێت بەسەر خۆیدا و ئارامی و لەسەرەخۆیی خۆی بپارێزێت، مەیلی خواردنی باش بێت و دڵی خۆش بێ، بە پلەی زاڵبوونی تەواوەتی گەیشتووە. ئەوکات کەسەکە توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ژیانی هەیە.

ئـەم کتێبـە لەلایـەن فلـۆرێنس سـکۆڤێل شـینی ئەمریکـی نووسـراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڕیارە خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما بڵاوی بکاتەوە.

## ١٧- دەرگای نهێنی سەرکەوتن

ئەم کتێبە لەبـواری گەشـەپێدانی مرۆییـدایە و نـاوەڕۆکەکەی بـاس لەم بابەتـانە دەکـات: (دەرگـای نهێنـی سـەرکەوتن، خشـتە بـێ کاکـان، پێنج کەس لەوان دانـابوون، چـاوەڕیی چیـت؟ لە چوارڕێیانـدا مانەو ە. چـۆن دەتـوانین لە دەریـای سـووری خۆمـان بپەڕینەوە؟ پاسـەوانی دەروازە، ڕێـگەی فراوانـی، پێویسـتم بەهـیچ شـتێک نیـیە! بەسەرسـووڕمانەوە بنوارە!.....هتد).

ئـەم کتێبـە لەلایـەن فلـۆرێنس سـکۆڤێل شـینی ئەمریکـی نووسـراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڕیارە خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما بڵاوی بکاتەوە.

## ١٨- هێزی قسە و دەربڕین

کتێبەکە ئەم بـاس لە هێـز و هەژمـوونی قسـەکردن دەکـات و پێـداگرە لەسـەر وێنـای زەینـی و هێـزی کـێش کـردن و کـاریگەری کائینـات لە دەسـتەبەرکردنی خواسـت و وویسـتەکانماندا. نـاوەڕۆکی کتێـبەکە ئەم بابەتـانەی لەخـۆ گرتـووە (بیـانکە نەناسـراوەکان، ئێسـتاکە هێـزت پـێ دەدەم، بەهێزبە و مەترسە، مەزنی پەروەردگار، ئارامی و دەوڵەمەندی، دەرفەتی بێ وێنەی تۆ، پەشێو و نیگەران مەبە، بێ باکانە و ئازایانە، سەرکەوتن و بەختەوەری).

ئەم کتێبە لەلایەن خاتوو فلۆرێنس سکۆڤێل شینی ئەمریکی نووسراوە و مەهاباد حەسەن لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڕیارە خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما بڵاوی بکاتەوە.

## پەیڤێک

هەمــوو میللەتــانی ســەر ئەم هەســارە خــاکییە کەم تــا زۆر هەوڵ و کۆششــەکانی خزمەتکــارانی خۆیانیــان لە هەمــوو بوارەکانــدا بەرز نرخانــدووە و نــاو و بەرهەمەکانیانیــان بەزینــدوویەتی هێشــتووەتەوە لەسـەر هەردوو ئاسـتی نـاوخۆیی و جیهـانیش، وەلیّ لای ئێمەی کورد هەنگـاوی لەو چەشـنە یەکجـار کەمە، هەربـۆیە مـایەی شـانازییە کـوڕە نووسـەرێکی باشـووری کوردسـتان لەم بـارودۆخەدا و بە تـاقی تەنهـا هەڵدەسـتێت بە دۆزینـەوەی تاقمێـک لە ژنـانی خـاوەن قەڵەمـی کـورد و تۆمارکردنی بیۆگرافیای ئەو خاتوونانە لە چوارچێوەی پەرتووکێکدا.

کـۆکردنەوەی بیۆگرافیـای نووسـەرانی ژن و تۆمارکردنیـان هەوڵێکـی گرینگ و بایەخداری نووسـەری لاو زامدار ئەحمەدە کە شـایانی ڕێزو تەقـدیرە، ئەم گەنـجە وردکـارو هـزر فـراوانە لەم هەنگاوەیـدا خزمەتـی سـاڵانێکی ئەو ژنە خـاوەن قەڵەمـانەی بەسـەرکردووەتەوە کە هێشـتا لە ژیانـدان، هەڵـبەت کـارێکی لەم شـێوەیە پشـوودرێژی و توانـای دەوێـت بەهــۆی تــاکوتەرایی و کەمــی ژمــارەی ژنــانی نووســەر و وەگێــڕ و بەدواداگەڕان و دۆزینەوەیــان، کەئەمەش خــۆی بۆخــۆی ڕێزگــرتنە لەهەوڵ و خزمەتەکـانی ئەو دەسـتەبژێرە و مانـدوو نەبـوونێکە بەسـەر خەرمانی کارەکانیانەوە. تکانی وشە لەخامەی ژنان و نووسین بە سۆز و میهری ژنانەوە ڕوویەکی گەشی ژیانی شارستانی و بەشێکی ڕەوتـی پێشـڤەچوونی بیروهـزرە وێـڕای بەربەسـت و ناهەموارییەکـانی سـەر ڕێگەیــان و داخــراوی کــۆمەڵگەی کــوردی بەردەوامــن لە خزمەتــی فەرهەنــگ و زمــانی نەتەوەکەیــان، ئەرشــیف کردنــی کارەکانیــان و پاراسـتنیان لە لەنـاوچوون و ون بـوون دڵگەرمـی و ئومێـد دەبێـت بـۆ قەڵەمەکـانی ژن و چـاوێکی بینـایە لەمەڕ کۆششـەکانیان. ئەم پـرۆژەیە

بەرهەمێکی بەپێز و سەرمایەیەکی مێژووییە بۆ پەرتووکخانەی کوردی و ئاوێنەیەکی ڕوونە بۆ پیشاندانی ئەم سەرمەشقانە و ناساندنیان لەئێستادا و داهاتوودا. ئومێدەوارم لەبەرهەمەکانی تریدا هەموو خانمە نووسەرو وەرگێڕانەی دی بەسەربکاتەوەکە لەم هەنگاوەدا نەتوانراوە بەشداربن...هەرچەند خودی بەندە وێڕای هەنگاوە بچووکەکانم بە بەراورد بە کەڵە ژنە نووسەرە ڕچەشکێنەکانی کورددا هێشتا پێڕەوکە نەبووم و سەرەتامە، بەڵام دوای ئاگادار کردنەوەم لەلایەن نووسەرەوە بەپێی پێودانگی کارەکە بەشادمانییەوە بەپیر وەها پرۆژەیەکەوە چووم.

مەهاباد حەسەن

یازدەی تشرینی دووەمی ٢٠١٦

کەلار/گەرمیان

mahabad.h@yahoo.com

# بەیان سەلمان



**بەیان سەلمان**

بەیـان سـەلمان ئەحـمەد، سـاڵی ١٩٦١ لە کەرکـووک لە دایـک بـووە. خوێنـدنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی عـەرەبی خوێندووە، سـاڵی ١٩٨٦ کۆلێژی ئـابووری و بازرگـانی زانکـۆی بەغـدادی تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٨٨ بـۆ ١٩٩١ لە ئامـادەیی بازرگـانی رانیە مامۆسـتا بـووە. سـاڵی ١٩٩٢ بـۆ ١٩٩٨ لە ڕێکخـراوە مرۆڤایەتیەکانـدا کـاری کـردووە. سـاڵی ١٩٩٨ کوردسـتانیان بـەرەو ئەوروپا بەجێهێشتووە، لەوکاتەوە تاکوو ئێستا لـە پاریس دەژین. ساڵ ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ دیبلۆمی ئەدەبی سـەردەمی لە زانکۆی پاریسی هەشت بەدەست هێناوە. ساڵی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٢ دیبلۆمی لیسانسی وەرگرتووە. سـاڵی ٢٠٠٢ بـۆ ٢٠٠٤ دیبلـۆمی بەکالۆریۆسـی لەئەدەبـی سـەردەم و ئەدەبـی فەرەنسـی و تایبەتمەنـدێتی لە ئەدەبـی ژیاننـامە و ژیاننـامە و ئۆتۆفیکشن بەدەست هێناوە. ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٥ دیبلۆمی ماستەری لە ئەدەبـی سـەردەم و ئەدەبـی فەرەنسـی، تایبەتمەنـدێتی لە ئەدەبـی خەیـاڵی وەرگرتـووە. سـاڵی ٢٠٠٩ لێکـۆڵینەوەیەکی بە زمـانی فەڕەنسـی و عەرەبـی و کـوردی لە ژێـر ناونیشـانی "دەنگی شـاراوەی ژنـان" نووسـیوە و لـە زانکـۆی ئۆسـلۆ لە نـەرویج و لە ئەمنیسـتی ئینتەرناشنال و شاری بیرگن لە ئۆسلۆ پێشکەشی کردووە.

بەیـان سـەلمان، بە زمـانی کـوردی، عەرەبی و فەڕەنسـی دەنووسێ و چەندین بەرهـەمی لـەبارەی شیعر و چیرۆک، ڕۆمـان و دەقی شـانۆیی بڵاوکردۆتـەوە. سـاڵی ٢٠١٦ لەلایـەن ناوەنـدی ئەندێشـە خـەڵاتی

ڕۆماننووسی پێ بەخشراوە. تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە (نامۆیی سەر و هەرەسی دیمەنەکان، جەنگ وئەڤین، نەوەکانی مادایی، بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک، لە بەرزایی شوراکانەوە، شەوانی ئادەم، یاداشتی عەتر و ئاگر، کاندید، شەقامی دوکانە تاریکەکان، کەرکەدەن، میتامۆرفۆس، کهوف هایدراهوداهوس، انا کما فی حکایات الجنیە، بوراق، تلک الغیمة الساکنة).

**<u>نووسین</u>**

**<u>کتێبە کوردییەکان</u>**

**١- نامۆیی سەر و هەرەسی دیمەنەکان**

ئەم بەرهەمە هەڵبەستێکی دوور و درێژە و بە زمانی کوردی نووسراوە و چەند ڕەهەندێکی لەخۆگرتووە، لەبەشی شیعرەکەدا دەڵێ:

تۆ ڕاستی
من ڕاستم
ئەو ڕاستە
هەمووومان راستین
هەمووومان لە چلپاوی ڕاستیدا دەگەوزێین.
من ئێستا نامۆم لە ئێوە، نامۆم لە ناوچەوانی قابیل،
نابمەوە بەو فریشتەیەی دڵم لەت لەت کەن و بیدەن بە ماسییەکان،
ناچمەوە ناو تۆڕی کەشیوانەکان کە سەری فریشتە ئاوییەکانیان دەکرد
بە ئاڵای سەرکەوتنیان و ئەیانبەخشی بە با،
نابمەوە بەو گوڵە سیسانەی لە تینوویەتیدا، لە دەریادا دەخنکان،
ناچمەوە ناو گێژاوی شەپۆلەکان
من ئێستا نامۆم لە ئێوە، ئێوەش دڵنیای گەڕانەوەن بۆ ناو گوناه،
بۆ خنکان، بۆ باوەشی تۆبە لە ناو گەمارۆی قەوزەدا،

ئەویش هەردەم باوەشی لە با کردووە بۆ گوناهەکانی ئێوە.
ئەم کتێبە لەلایەن سامی موئمن وێنەی بەرگی بۆ کێشراوە و ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن چاپخانەی ڕەنج بڵاوکراوەتەوە.

**٢- جەنگ وئەڤین**

دیوانە شیعرێکی دوو بەشە بەشێکی بەناوی ئەڤین و بەشەکەی دیکەی بەناوی جەنگ بڵاوکراوەتەوە، تەواوی شیعرەکانی شاعیر لەخۆگرتووە، لە شیعری (ئەنفال)دا دەڵێ:

من خوشکێکم هەر هەبوو بەناوی گوڵ
یەکێکی تریان بەناوی کل
ئەوی تریشیان بەناوی خەنە
ئامۆزایەکیشم بەناوی یادگار و
خاڵۆزایەکیشم بەناوی ڕۆژگار
کە بردیانن هێشتا لەدایک نەببووم
کە هاتیشمە دونیا، بە سەبەتە
میوەی یادگاریی ئەوانم دەخوارد
لە ڕەنگی هەر میوەیەک دەگەڕام بۆ گوڵ
لە دەنکەکانیان وێڵبووم بە شوێن کل
لە بۆنیان شاروشارم دەکرد بەدوای خەنە

ئەم دیوانە شیعرییە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری ئەندێشە بڵاوکرایەوە. هاوکات ئەم دیوانە شیعرییە لەلایەن بەیان سەلمان و فلیپ دولارب وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە فەرەنسا بڵاوکراوەتەوە.

**٣- نەوەکانی مادایی**

نەوەکانی مادایی، لەژێر ناوی ڕۆماندا نووسراوە، ئەگەرچی لەنێوەڕۆکدا مێـژوو و گێـڕانەوەی مێـژوو پانتـاییەکی فراوانـی گرتـووە، سـەرەتای دروست بوونی ژیان پێوەندی مرۆڤ و زۆربەی کایەکانی تری ژیانی خستۆتەڕوو، تێکستەکان لەشێوەی چیرۆکێکی واقیعی نیشاندەدرێن.

ئەم ڕۆمانە باسی سەرهەڵدانی شارستانییەتێک دەکات، لەگەڵیشیدا باس لەسەرهەڵدانی زمان دەکات، گەشـەکردنی وشـە و زمـان لەگەڵ گەشـەی ژیانیانە، لەگەڵ یەکەم دزی لەو مەملەکەتە وشـە گۆڕانی بەسـەردا دێت و لەگەڵ هەڕەشـــەی شـــەڕ زمانیـــان دەگـــۆڕێ و دەکەونە ئەوەی نووســـینەکانیان بپـــارێزن. یەکەم دروســـتکردنیان بەلەمە کە بۆیـــان دەرئەکەوێ لە ڕێـی ڕووبـارە گەورەکەیـانەوە دزیـان لێکـراوە. ئینجـا ئەکەونە خۆیان بۆ دروستکردنی چەک و ئامرازیی شەڕ و شەڕکردن.

خۆشەویســـتی و موزیـــک و گـــۆرانی ڕۆڵێکـــی گەورەی لە دیـــد و بۆچوونیـــان هەیە. هەمـــوو نەوەکـــانی ئەو مەمـــلەکەتە بە ژن و پیـــاو سەرقاڵی کارن، کەس بەدەست بەتاڵیی دانەنیشتوە، پاشای مەملەکەت ژنە، ژنەکان لەوێ بیناساز و بەڕیوبەری دارایی و کار و باری وڵاتن. ئەوانەشن کە دەزانن خۆشەویستی چیە و چۆن کلتووریان بۆ نەوەکانی دی دەگوازنەوە؛ بەڵام کە هەڕەشەی شـەر دێت و بۆیـان ئاشکرا دەبێ کە خۆیـان بە تەنیـا نین لەم دونیـایە و چواردەوریـان هەڕەشـەیە، کـات درەنگە تا لەمە تێدەگەن. هێرش دەکرێتە سـەریان و منداڵ و ژنەکانیـان ئەنفـال دەکـرێن و ئەوەنـدە کەسـەی مـاون و هەڵهـاتوون بە شـاژنەوە، لەودیو کێوەکانەوە تەماشای ئەو کارەساتە دەکەن.

ئەم کتێـبە سـاڵی ٢٠١١ لەلایەن دەزگـای یـاد، لەدووتـوێی ٢٢٣ لاپەڕە هەزار لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک**

لەم رۆمانەدا کار لەسەر روداوێکی کۆنی مێژوویی کراوە، ئەویش بازرگانی کردنە بە مرۆڤ. بازرگانانی ئەو سەردەمە سەرەڕای کڕین و فرۆشتنی کالای هەمەچەشن، مامەڵەیان بەکۆمەڵە مرۆڤێکەوە کردووە بەناوی کۆیلەو مەملووک و جاریە ...هتد. ڕۆمانەکە جگە لە ژیانی خزنە و دەوروبەری، وێنەیەکە بۆ هەموو شتێکی ئەو سەردەمە. داب و نەریت، دۆخی ژنان، کلاسی دەوڵەمەندەکان و جاریە و غولام و کۆیلە.

پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە کۆیلەیەکە بەناوی خەزنە مەملووک کە ناوی راستەقینەی هەزینەیە، لەگەڵ ئەودا چەند پاڵەوانێکی دیکە هەن کە رۆڵی دیار و بەرچاویان لە زنجیرەی روداوەکاندا هەیە سەرجەمی ڕۆمانەکە لەسەر زاری خەزنە دەگێڕدرێتەوە. کوڕێکی زۆر جوانە و خوێنەوارە. ئەمەش لەو سەردەمە دەگمەنە. باسی خۆی دەکات پاش ئەوەی پارە کۆ دەکاتە بۆ فێربوونی خوێنەواریی، کە چاک فێر دەبێ لە دیوانی قازی گەورەی سوڵتان بە کاتب دادەمەزرێ. پاشان بە هۆی هەڵەی هاوڕێیەکی لە تورکستان فرۆشرا و بە کۆیلەیی هێنایان بۆ بەغدا. لەبەر ئەوەی هەمیشە وا هەست دەکات کە خوینەوارییەکەی بووە مایەی نەهامەتی، ئیتر لە هەموو شوێنێک ئینکاریی لێ دەکات، تا وردە وردە بە هۆی باشیی خانمەکەی بۆی دەدرکێنێ کە خوێنەوارە، ئەویش داوای لێ دەکات فێری خوێنەواریی بکات. ئەم فێرکردنەش بە قورس دەکەوێتە سەری کە مێردەکەی، واتە خاوەنەکەی خەزنە پێی دەزانێ. دەرئەنجام خاوەنەکەی بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر زەلیلی بکات داوای لێدەکات کتێبێکی بۆ بنووسێ.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن دەزگای یاد، لەدووتوێی ٣٤٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- لە بەرزایی شوراکانەوە**

سەرەتای ئەم رۆمانە بەم چەشنە دەست پێدەکات: ئێوە دەچنە نێو جیهانی شێتەکانەوە، قەڵا تەنها ناوێکە، شوێنێکە بوونی نییە لەسەر نەخشەی راستی جیهان، رووداوەکانی ئێرە یان زۆریان راستن، ئێمە تەنها هەندێ رەوتیان رێکدەخەینەوە. هەر کەسێ خۆی لەم دەقەدا ببینێتەوە ئەوە تەنها رێکەوتە. سەرجەمی ڕۆمانەکە لەسەر هاودژی ئەقڵ و شێتی بونیادنراوە، کێ زەکییە "شێتی" کوشت؟ کێن ئەوانەی بەردەوام دەستدرێژییان بەسەریدا دەکرد؟ کێ تاوانباری راستییە؟ کۆمەڵ؟ یان شێتی؟ یاخود ئەقڵ؟ ئەوەی بیەوێ لەو جیهانە تێبگات ناچارە بچێتەوە ئەودیو شوراکان و لە نزیکەوە بۆ وەڵام بگەڕێ.
زەکیە کچێکی شێتە، لە منداڵیەوە فڕێدراوە، میم خونچە کە مامانە، دەیگرێتە خۆی و وەک کچی خۆی گەورەی دەکات. کە دەگاتە سیانزە ساڵیی، تەمەنی بالغبوون، زۆربەی پیاوەکان دەست درێژیی لێ دەکەن و هەموو ساڵێک منداڵی دەبێ و کەس نازانێ کێ ئەمەی کردووە. میم خونچە بۆ پاراستنی زەکیە بە مامۆستا وەردی دەسپێرێ کە مامۆستای ماتماتیکە. تا ماوەیەک دەتوانێ بیپارێزێ، بەڵام هەر بێ سودە. ڕۆژێکیان زەکیە بە کوژراوی دەدۆزنەوە. لەوێوە سەرجەمی ڕۆمانەکە یاریی لە نێوان ڕەوشت و کۆمەڵ و ئەقڵ و شێتی دەکات، مامۆستا وەردی لە خەفەتدا شێت دەبێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەی زەکیە خۆڵی شێتیی دەفرۆشێت بە خەڵک تا هەموویان تامیی هەمان ئەو ساتانە بکەن کە زەکیە هیچ بەهایەکەی مرۆڤی لەلایان نەبوو. ئەوجا گێرەڕەوە گومان دەخاتە سەر هەموو کەسایەتیەکان.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لەدووتوێی ٣٣١ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- شەوانی ئادەم**

ئەم ڕۆمـــانە تـــایبەتە بە ئەنفـــال و دوای ئەنفـــال، دوای ڕووداو و کارەساتەکان کە بەسەر مرۆڤی کورددا هاتووە، چەندین وێنای تایبەتی کراوە و کاریگەرییە دەروونی و نێگەتیڤەکانی ئەنفال بەسەر کەسایەتی و هاوڵاتیانی ئامادەبووی ڕووداوەکە خراوەتەڕوو، هاوکات نەوەستانی ژیـان نیشـاندەدات، لەدوای ئەو هەمـوو ئـازار و خەم و پەژارەیەی کە بوونیان هەیە، بەڵام ڕەوڕەوەی ژیان بەردەوامە.

کۆشکێک دەبێتە بنکەی کۆمەڵە خەڵکێک کە ڕووی تێدەکەن. کۆمەڵێ پیاو وەک ڕەبەن لەوێ دەژین. هەر یەکە ڕابردووی خۆی هەیە. ژیانی هەر یەکەیان چیرۆکێکە. خاوەنی ئەو کۆشکە، پیاوێکە بەناوی ئادەم، شـــەوانی تەنیـــایی و نەهـــامەتی بە باســـی ژیـــانی ئەو کەســـانەی بە کۆشکدا تێدەپەڕن و بەدوای ڕێگای دەرچوون لە کێشە و نەهامەتی دەگەڕێن. ڕابردوویەکی کێش قورسیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە، لە جێیەکیشـــــدا، ئـــــادەم، کە وایـــــدەزانی دونیـــــای لە پشـــــت خۆی بەجێهێشتووە، لە خانویەک کە پێشتر بە تەنیا تێیدا دەژیا، شەش ژن بە ڕێکەوت لە ئەنفال ڕزگاریـان بـووە، دەگەنە ئەوێ و ژیـانی ئەو پیاوە سەرانسەر دەگۆڕن. ئادەم بە تێکەڵبوونی چیرۆکی ژیانی و هی ئەم ژنانە و کەسانی تر، گفتوگۆی ئاڵۆز و سادە لە نێوانیان دروست دەبێ، پڕ گومان لەوی تر ڕەوتی ڕووداوەکان گەشەدەکات و نهێنی ئەویتر ئاشکرا دەبێت. دواجار لە نێوان مردن و ژیان، دونیایەکی پڕ لە هیوا، لە ڕێی بەردەوامیی ژیانی کەسانی تر گەشە دەکات و پێمان دەڵێ کە ژیان ناوەستێ و لە جێیەک دەرگا هەر کراوەیە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ناوەندی ئەندێشە لەدووتوێی ٥٧٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

## ٧- یاداشتی عەتر و ئاگر

ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی مێژووی شارێکە، گێڕانەوەی بونیادنانی شارێکە، لەلایەن گەلێکی بێ شارەوە، گێڕانەوەی دەرکردن و ڕاگواستن و دەست بەسەرداگرتنی ئەو شارەیە کە گەلێکی بێ شار دروستی کردووە. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ئەویندارییی دوو بێلانە و بێ شار بێ وڵاتە، چیرۆکی ژنێکی خانەدانی کوردە، گێڕانەوەی تەمەنێک شۆڕشگێڕی خۆنەویستە.

ڕۆمانەکە تا قوڵایی بنچینەی شار و پێکهاتەکانی دەڕوا، چۆن سەیری بەردەوامبوون لە شوێندا دەکرێت و خودی شار موڵکی کێیە؟ مرۆڤی هۆشمەند ئەوەیە کە پلەیەکی بەرزی خوێندەوارییی هەیە، یاخود کەسێکی ئەقڵانییە؟ هەروەها تێیدا هاتووە "لەهەناوی ئەو مێژووە پڕ ئازارە، لە ڕێگای چارەنووسی (باجە گەورە)، بێ ئەوەی زۆر جێ گۆڕگێ بکات، چەرخی ڕووداوەکان دەسوڕێت. ئەو گەورە-کچە نەخوێندەوارە، باش دەزانێت، لە هەر قۆناغێکی ژیانی، کە بە هەڵسەنگاندنی مێژوویی و سیاسیی و فیکری کەسایەتییەکان گری دراوە.. کۆمەڵێک کەسایەتی زۆر لە دەوری (باجە)ن. ئیشکەرەکانی ماڵەکە، (سپاردە)، (دەوڵەت) کە لە هەرزەکارییەوە لەو ماڵەیە و جێی متمانەیەتی، خزم و کەسەکانی، هاتوچۆکەرانی دیوەخانەکەی. ئەگەر دیوەخانەکەی بە پێی سەردەم هەر لە شوێن خۆیەتی، ئەوە دۆخی کەسەکان و ڕووداوەکان نییە، کە هەمیشە لە گۆڕاندان.. کاتی خۆی، چوار کچ دەچنە لای باجە، لەم سەردەمەی ئێستاش، چوار کچی جیاواز کە پڕ پەنهانیین و جێی گومانن دەچنە لای. لە هەردوو سەردەمدا، ئەو کچانە چییان لەبن سەرە؟..

ئەم ڕۆمانە ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن دەزگای ئەندێشە، هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**کتێبە عەرەبییەکان**

**٨- انا کما فی حکایات الجنیە**

ئەم دیوانە شیعرییە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و دەیان شیعری بەیان سەلمانی لەخۆگرتووە، هەریەک لە شیعرەکان بۆ مەبەستێک و تایبەت بە بابەتێک نووسراوە.

ئەم دیوانە شیعرییە لەلایەن CZAی فەرەنسی وێنەی بەرگی بۆ کێشراوە، ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن چاپخانەی ڕەنج بڵاوکراوەتەوە.

**٩- بوراق**

لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە لەژێر ناوی ڕۆمان نووسراوە. بوراق ناوێکە داهێنراوە لە ئەسپەکەی پێغەمبەر کە ناوی (براق)ە، باسی گەڕەکێکی ساڵانی شەستەکان دەکات. ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەی، داب و نەریتیان و سیاسەت بە نهێنی. جگە لە مەسەلەی تەرحیل کردنی کورد لە کەرکوک بێ ئەوەی ناوی کەرکوک بهێنرێ. کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە هەڵهاتووە بۆ ئەوروپا، لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبێک کە لە نیوەشەو تەواو دەبێت، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. باسی خۆی و ماڵەوەیان، باسی ئێستای هەندەران. هەمووشێک تێکەڵ بە مردنی پیرێژنێک دەکات. ئەم لەسەرەتای کتێبەکەوە مردنی خۆی بە هی ئەو پیرێژنە دەبەستێتەوە و باسی وردەکانی ژیانی ئەو دەکات و ساتی گیاندانی کە ئێجگار درێژە دەکێشێت. ئەم مردن و یادکردنەوەیە، تێکەڵ بووە بە هەموو ئەو سەردەمە کە ڕووداوەکانی تێدا بە سەختی بەسەر خەڵکدا تێدەپەڕێت. بزربوونی کەسانێک لەو گەڕەکە، بێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ(هەمووش دەزانن کە هۆی سیاسیە و کەس ناوێرێ باسی بکات)، دەست تێکەڵکردنی هەندێ کەس لەگەڵ ڕژێم و بزربوونی برای کەسایەتی سەرەکی کە دەبێتە هاندەر بۆ بەجێهێشتنی

وڵات و یادەوەریی ئەو برایە ڕاویدەنێت. هەتا ساتی مردنی پیرێژنەکە، ئەوجا پاڵەوانەکە بەئاگا دێت کە بەیانیە و بڕیار دەدات بە ژیانیدا بچێتەوە و دەرگای ژیان بکاتەوە. یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانی بوراق، موزەفەرە کە ڕۆڵی کارەکتەرێکی شێت دەبینێ.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دار نشر الزمان-سوریا لەدووتوێی ٢١٤ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- تلك الغيمة الساكنة**

لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە لەژێر ناوی ڕۆمان نووسراوە. کە تایبەتە بە ژیاننامەی بەشێکی زرۆی کورد لە کۆڕەودا، کۆڕەوەکەی کوردانی ساڵی ١٩٩١ کە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان بەرەو دەرەوەی کوردستان هەنگاویان نا، زیاتر بەرەو ئێران ڕۆیشتن.
ئەم کتێبە گێرانەوە و سەرگوزەشتەکانی کۆڕەو دەخاتەڕوو، بەخاتر ئەوەی خوودی نووسەر و هاوژینەکەی بەشداری ئەو کۆڕەوە بوونە. سەرجەم نەهامەتی و ناخۆشیی و تەنگ و چەڵەمە و ئازارەکانی ئەو ڕووداوەیان لە یادە و بەردەوام لە هزریاندا گەنگەشە دەکەن.
کتێبەکە لە سەرەتای ڕاپەڕین و کۆڕەوەکە، دەست پێدەکات. پاشان گەڕانەوە بۆ شار و دەستپێکی ژیان، ژیانێکی نوێ لەنێو هەمان یەکە جوگرافی ڕابردوو، لە نێو شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆ و دابەشبوونی شارەکان لە نێوان هەردوو حیزبی کوردستان پارتی و یەکێتی و کاریگەریی ئەمە ڕووداوانە بەسەر خەڵک. باسی ڕۆژانەی ڕەو، لە ساتی دەرچوونەوە تا گەڕانەوە، لە ژێر باران و سەرما و ترس لە تەقینەوەی مین و برسێتی و چادر و سەرجەم ناڕەحەتییەکانی ژیان.
باسی مردنی خەڵک و لەهەمان کاتدا باسی ئەو شتانەی مایەی پێکەنین بوون لەوێ. هەموو ئەو گێڕانەوەیە تێکەڵکراوە بە وێنەی ئەو پەڵە

هەورە سەخت و چڵکنە کە بەسەر سەری ملێۆنێک خەڵک بوو و لاناچوو و بەردەوام باران بوو. ژیانێکی قانگدراو بە ناخۆشی و مامەڵەکردنی دوور لە بەهای مرۆڤایەتی بوو.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دار نشر الزمان-سووریا، لەدووتوێی ١٠٤ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**وەرگێران**

**بۆ زمانی کوردی**

**١١- کاندید**

لە ڕاستیدا، ڤۆلتێر ناونیشانێکی لاوەکیشی بۆ ئەم کتێبە داناوە بەناوی گەشبینی، سەرجەمی بیرۆکەی ئەم کتێبە لەسەر هاودژی گەش بینی و ڕەش بینی بونیاد نراوە، ئەمەش لە ڕوانگەی فەیلەسوف مارتین، بێگومان لەم نێوەدا کاندید هەڵسوڕێنەری ئاخافتنی ئەو دوو لایەنەیە.
ئەم کتێبە لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆکانی فەڕەنسا دەخوێندرێت و وەک چیرۆکێکی فەلسەفی وێنا دەکرێت، ئەگەرچی تا ئێستا فرە بووچوون هەیە، کە ئایا ئەم کتێبە ڕۆمانە، یا چیرۆکێکی درێژە.
کاندید، یەکێکە لەو کتێبانەی کە حیکایەتێکی فەلسەفییە، دەرفەتی شیکردنەوەی بەچەند ڕەهەندی جیاوازدا هەیە، سەرەتای نووسینەکە، باسی کوڕێک دەکات، بەنێوی کاندید کە لە قەڵایەکی گەورە و مەزندا ژیان دەکات، بەڵام لەدواتردا و بەهۆی ڕووداوێکەوە لە کۆشکەکە دەردەکرێ، لەدواتردا ئەمە دەبێتە سەرەتای ژیانێکی پڕ ئەزموون.
باش سەرنج بدەن، لوتەکان بۆ هەڵگرتنی چاویلکەن، چاویلکەشمان هەیە. لەبنەڕەتدا پێیەکان بۆ لەپێکردنی پێڵاو دروست بون، پێڵاویشمان هەیە. بەردەکانیش بۆ داتاشین، دروستکردنی کۆشکەکانن، بەڕێز

بـارۆنیش کۆشـکێکی زۆر جـوانی هەیە. لەبەرئەوە، هەمـوو ئەوانەی کە وتویانە هەموشت باشـە لەهەڵەدا بـون، پێویسـتە بووترێت کە لەدونیـای ئێمەدا هەمو شتێک بۆ باشترینەکانە، باشترینی دونیا مومکینەکان.
ئەم کتێـبە لەلایەن ڤـۆڵتێرەوە نووسـراوە، بـەیان سـەلمان لـەزمانی فەڕەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و سـاڵی ٢٠١٤ لەلایـەن ناوەندی ئەندێشە لەدووتوێی ١٨٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٢- شەقامی دوکانە تاریکەکان**

چـــی هـــانی کەســـێک دەدا بە نـــاوی گـــی ڕۆلان، کە کارمەنـــدێکی لێکـۆڵەرەوەی پۆلیسـی تـایبەتییە بچێـت و ژیـانی کەسـێکی نەناسـراو بپشــکنێ بەدوای زانیــاریی؟ ئەم پیــاوە کە لە ســەردەمێکدا هیچــی لە بیـر نەمـاوە، هەوڵێکی بێوەچـان دەدات بە دوای ناسنامەیەکی خـۆی، لە ڕێی چەند وێنەیەکی کۆن، بە گەڕانەوە بۆ هەندێ شـوێن کە لەوانەیە لێی ژیابێ، وردە وردە پارچە پەرتەوازەکانی ژیانی پێشـووی لە دەمـی خەڵکانێک هێشتا لە ژیاندا ماون کۆدەکاتەوە، تا بەشێکی تەواویی ژیـانی پێ بدۆزێتەوە کە نازانێ چۆن لێی دابڕاوە.
ئەم گەڕانە کتـوپڕە لە سـاڵی شەسـتەکان دەسـتی پـێ دەکـات. پـاش خانەنیشـینی سـەرۆکی ئەو نووسـینگەییەی تـایبەتە بە لێکـۆڵینەوە لە کەسانی بێ سەروشـوێن و سـەرنووگم بـوو، کە ئەو ئیشـی لەلا دەکرد. کەسایەتیەکە گی ڕۆلان کەوتۆتە تەمەنەوە. دەگەڕێ بە دوای ناسنامەی خۆی، پاش ڕووداوێکی پەنهان کە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی جەنگی جیهـانی دووهەم، تووشـــی لەبیرچـــوونەوەی کـــردووە. ســـەردەمی داگیرکردنـــی پاریسە لەلایەن ئەڵمانەکان، کە ڕاوی هاولاتیانی فەرەنسی و ئینگلیزی و بە تایبەتی جوولەکەکانیان دەنا. گی ڕۆلان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگەڕێ، لە نامەکاندا، لە چەند وێنەیەکی کۆنی ناڕوون، لە شـەقامەوە

بۆ شەقام، لە جادە و کۆلانەوە تا شارەکان و ولاتانی دوورگە دوورەکان، بەدوای شوێنەوارێک کە ڕاستی خۆی پێ دروست بکاتەوە. ئەم کتێبە لەلایەن پاتریک مۆدیانۆ نووسراوە، ساڵی ٢٠١٤ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە، بەیان سەلمان لەزمانی فەرەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەلایەن ناوەندی ئەندێشە لەدووتوێی ٢٧٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٣- کەرکەدەن**

شانۆگەری کەرکەدەن، لە سێ پارچە و چوار تابلۆ پێکهاتووە، لەلایەن شانۆگەری ناودار ئۆژێن یونیسکۆ نووسراوە، بە یەکێک لە شانۆگەرییە گرنگەکانی قوتابخانەی (بێ هودەیی)، (مسرح العبث)، Théâtre de l’Absurde ئەژمار دەکرێت. وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "بابەتی ئەم شانگۆگەرییە لەسەر پەتایەکی خەیاڵیی داهێندراوە، کە خەڵک پەتای 'بوون بە کەرکەدەن' دەگرنەوە هەتا سەرانسەری شارێک دەگرێتەوە. ئەم پەتایە ئاماژەیەکە بۆ دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم کە چۆن لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمەوە بڵاو بۆتەوە. یەکڕابوون و هاودیژیبوون دوو چەمکی سەرەکین تێیدا. چەندە کەسەکان دەکەونە ناو یەکڕەنگی، یەکڕابوون و تا چەندە بەرگریی دەکەن و دژی دەوستنەوە و چەند کەس لەو بەرگرییە سەرکەوتودەبن؟".
شانۆگەری کەرکەدەن، ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن چاپخانەی گالیمار بڵاوکراوەتەوە، بەیان سەلمان لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

**١٤- میتامۆرفۆس**

میتامۆرفۆس، ئەم کتێبە دەربارەی گۆڕانکارییەکان دەدوێ، کۆمەڵە چیرۆکێکی گۆڕانکارییە، کە بە شێوەی شیعر نووسراوە و داڕێژراوە،

بنەمای شیعرەکان لە هەناوی ئەفسانەکانی لاتین و گریک سەرچاوەی وەرگرتووە، کە دەقێکی ئەدەبیی ئاینییە، دەقێکی نەمر و جاویدانی هەمیشەییە، میتامۆرفۆس ململانێی خواکانە، خواکانی ناو میتۆلۆژیی، خودا ئەفسانەییەکان، میتامۆرفۆس بە دایکی هەموو ئەدەبیات دەژمێردرێ. وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "سەرەتا لەبەر گرنگییەکەی لە ئەدەبی جیهانیدا. ئەم دەقە بەوەی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکانی دونیای ئەفسانەیە، بایەخی ئەدەبی خۆی هەیە بە مانەوەی وەک سەرچاوەی ئیلهامی زۆرینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەکانی دونیا. ئەفسانەی ڕۆمان و گریکییەکان هەتا ئەمڕۆش جێی خۆیان لە خەیاڵی نووسەران و هونەرمەنداندا هەر ماوە. سەدان دەق و بەرهەمی هونەری و فیلم شایەدی ئەم لایەنن. سینەمای ئەمەریکی و فەرەنسی بۆ سەدان سیناریۆ کەڵکیان لە نموونەی ئەفسانەی ئەو دەقە گەورەیە وەرگرتووە."

لەبنەچەدا کتێبەکە لەلایەن ئۆڤید (Ovide) بەلاتینی نووسراوە و لەلایەن جۆرج فای بەناونیشانی (Les Métamorphoses) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و بەیان سەلمان لە فەڕەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە بڵاوکراوەتەوە.

**<u>بۆ زمانی فەڕەنسی</u>**

**١٥- کهوف هایدراهوداهوس**

ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری بە ڕەچەڵەک کورد (سەلیم بەرەکات) نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٨ بەیان سەلمان بەهاوکاری کرستین مۆنتالبیتی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی و لەلایەن ئاکت سود بڵاوکراوەتەوە.

## وتەیەک

کتێبـــی "ژنـــە نووســـەرەکانی کـــورد" کە کـــاک (زامـــدار ئەحـــمەد) نووســـەرەکەیەتی، یەکـــێکە لەو کتێـــبە گرنـــگ و نوێیـــانەی کە لەم هەلومەرجەی ژناندا نووسەر کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کردووە، تاکو سەرجەمی ناوەڕۆکەکەی کۆ بکاتە. دیارە کارێکی وەها ئاسان نییە. چ لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان پەرتوبڵاون، چ بەهۆی دووریی و ئـاڵۆزیی تەکنیکـی هاوپەیوەنـدی نێـوان نووســەر و ئەو ژنـانەی بـۆ کتێبەکەی دەست نیشانی کردبوون. ئەم کارەی کاک زامدار جێی سەرنج و دەست خۆشییە، کە ئەمڕۆ نووسەرێکی گەنجی کورد بیر لە دۆخی ژنانی نووسەر بکاتەوە مایەی شانازیی و پێشوازیکردنێکی گەرمە.

مـن وەک نووســەرێک لەلای خـۆمەوە تەواویـی پشـتگیریی کـاک زامـدار دەکەم بۆ ئەو کارە دانسقەیە و ئۆمێدەوارم گەنجەکانمان هەنگاوی تـر بنـێن لە ڕێـی پێناســەکردنی ژنــان و تیشــک خســتنە ســەر کــار و نووســینەکانیان. ئـێمەش لەلای خۆمــانەوە، هاوکارییــان بکەیــن بــۆ پێشخستنی کاری ئەوان و پێکەوە ئەرکی ناساندنی دۆخی ئافرەتان لە ئەســتۆ بگــرین. بــۆ گــۆڕینی وێــنەی ژن، لەو وێــنە بــاو ونەرییتیــیەی ســەپێندراوە، ئەم جـۆرە کـارەی نووســەر (زامـدار ئەحـمەد) جـۆرێکە لە بەرگریــی و تێکۆشــانێکی ناڕاســتەوخۆ بــۆ پــێگەی ژن و پێــزانینە بە کارەکانیان. هیوادارم لە داهاتووشدا بەردەوام بێت لەسەر کارکردن لە بواری ژنان، چونکو کاری پیاوان هاوکارییەکی چالاکە کە هانی هەردوو ڕەگەز دەدات پێکەوە هەلومەرجی سەرانسەری کۆمەڵ بگۆڕن. بە هیوای بەردەوامبوون تەواویی دەست خۆشییم لە نووسەر دەکەم.

بەیان سەلمان- پاریس ٢٠١٧

bayan@marsnet.org

# شیرین. ک



**شیرین. ک**

شیرین کەمال ئەحمەد، ناسراو بە شیرین. ک، ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٧ بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ شەهید دڵشاد مەریوانی پێکهێناوە، ساڵی ١٩٧٩ لەبەشی راگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی دامەزراوە، هەمان ساڵ لەگەڵ هاوژینەکەی چوونەتە ئەوروپا، لەدوای چەند مانگێک گەڕاوەتەوە کوردستان،. ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە ناوەندی پەیامی کچان. ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی کاری سیاسییەوە لەمامۆستایەتی دووردەخرێتەوە. ساڵی ١٩٨٦ وەکو فەرمانبەر لە پەروەردەی سلێمانی دادەمەزرێت.

شیرین. ک، ساڵی ١٩٩٣ لەکوردستانی نوێ دەستبەکار دەبێت، سەرەتا وەکو ڕاوێژکاری ڕۆشنبیریی لە نووسینگەی کوردستانی نوێ بووە. ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە لێپرسراوی بەشی ئەدەب و هونەر و پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانی و ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی خراپبوونی تەندروستی واز لەکارەکەی دەهێنێ.

بەشێک لە چیرۆک و شیعرەکانی شیرین.ک بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسی وەرگێڕدراون، هەروەها چەندین جار لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و بەغداد لێکۆڵینەوە

و توێژینەوەیان لەمەڕ شیعر و چیرۆکەکانی شیرین. ک کردووە، ساڵی ٢٠١٦ ماستەرنامەیەک بەناونیشانی (وێنەی ژن لەچیرۆکەکانی شیرین. ک)دا لەبارەی چیرۆکەکانییەوە نووسراوە. شیرین. ک، لەماوەی ژیانیدا چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە، بۆ وێنە: (خەڵاتی ڕێزلێنان لە کوردستانی نوێ، لە یەکێتی ژنان، ناوەندی مەستوورە).

شیرین. ک، تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە (پیش ئەوەی تاریک دابێ، کەنارەکانی خەون، حیکایەتەکانی بەفر، ئێوارەیەک ئەو نایەت، وەسمیە لەدەریا دێتە دەرێ، باڵندەی ئاگر، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، گەڕان بەدوای قولاییدا، مۆنۆدرامای کۆنتراباس، کۆتر، تونێل، دوازدە نامە بۆ رۆماننوسێکی لاو، وەنەوشەکەی چوارشەممان، فصول و حروف). نووسەر لەهەوڵی ئامادەکردن و کۆکردنەوەی سەرجەم شیعرەکان و چیرۆکەکانیەتی، بۆ ئەوەی تەواوی شیعرەکان و چیرۆکەکانی لە کتێبێکدا بەنێوی کۆبەرهەمی شیعر و کۆبەرهەمی چیرۆک بڵاوبکاتەوە.

**<u>نووسین</u>**

**<u>کتێبە کوردییەکان</u>**

**١- پیش ئەوەی تاریک دابێ**

پیش ئەوەی تاریک دابێ، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەرە، کە ١٧ چیرۆکی کورتی لەخۆگرتووە، ئەمانە بەشێکن لە چیرۆکەکان (پێش ئەوەی تاریک دابێ، چەپکێ نێرگزی تایبەتی، پەنجەرە، ترسی سوچە تاریکەکان، ئەی ئێمە، دەرگایەکی تر، گومان، کوڕ، بەجێیهێشت، ئاوی نەباتە، ڕەخش، حەلەو، عەلەکە، دەنگی سێیەم و چوارەم، دوای مزگەوتەکە بە چوار کۆڵان). نووسەر لەڕێگەی ئەم چیرۆکانەوە پەیامی تایبەتی خۆی دەگەیەنێ.

ئـەم کـۆمەڵە چیرۆکـە سـاڵی ١٩٧٨ لـەدووتوێی پـەنجا و شـەش لاپـەڕە بڵاوکرایەوە.

**٢- کەنارەکانی خەون**

کەنارەکانی خـەون، یەکـەم بەرهـەمی بڵاوکراوەی شیعری شـاعیرە، کـە ئەم بیست و پێنج شـیعرەی لـەخۆگرتووە (سـەفەر، ورپێنـە، ئێـوارە شـەو سـەردەم، دیـدار، حـەوت چرپـە، یـاد، بیسـت و هەشـتی مـارتی ١٩٨٥، دیوارەکـان، وڵاتـی گەمـەکان، تـرس، لاپـەڕەکانی نـەوەد و چـوار، دوو پۆستەر و یادێک، حـەوت نامـە، پشیلەی ئارەزوو، چاوەکـانی د، نـوێژ، هەشـی مـاڕتێکی تـر، بیسـت و هەشـتی مـارتی ١٩٨٢، هاوتـەریب، ڕۆژمێری چاوانی هاوڕێم، خۆشەویستی، سێ نـزا نەهاتـەدی، نامـەکانی دوای جەنگ، وێردەکانی عەشق، بەڕێککەوت لە شیعرەکانما شین دەبی) ئـەم بەرهەمـە شـیعرییە سـاڵی ١٩٩٩ لـەدووتوێی ١٧٨ لەلایـەن بنکـەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بڵاوکرایەوە.

**٣- حیکایەتەکانی بەفر**

حیکایەتـەکانی بـەفر بیسـت و حـەوت کورتـە چیرۆکـی لـەخۆگرتووە، چیرۆکـەکانی نێـو ئـەم کتێبـە ئەمانـەن (خـانوو، تەنـە سـپییەکە، لـەم دیـو ئێستاوە، لـە ئاوێنەکاندا چاوەڕوانتم، پاسـەوانەکە، لاپـەڕەکان، هەراتینـە: رایـانکردووە، هـەواڵ، بـەدحاڵی بـوون، تـەم، سـێ کورتیلـە چیـرۆک، حیکایەتـەکانی بـەفر، دەمـەکانی مـەرگ، ڕۆژێکـی ئاسـایی خێزانێکـی نـا ئاسـایی، زەمـەن، ژووان، نێرگـز، حـەوا، گەڵاهـەڵوەریوەکان، بروسـکەی یادێک، بزە، سێ مەرگ، بابەحاجی، سێ دیمەنی سوریالی شۆستەیەکی ڕۆژئـاوا، منداڵانی شـارەکەم دەزانـن چـی بـەدایکیان دەڵێن، جیرەجیرِی گێڕەکـە، پێشـبینی)، نووسـەر لـەم چیرۆکانـە جیـاوازتر لـە چیرۆکـەکانی

پێشـــووی دەردەکـــەوێ و هەوڵیـــداوە ئایـــدۆلۆژیا کاریگـــەری بەســـەر نووسینەکانییەوە نەبێ، بەڵکو نووسینەکان زیاتر زاتین.
ئـــەم کۆمەڵـــە چیرۆکـــە ســـاڵی ٢٠٠٢ لەلایـــەن بەڕێوەبەرایـــەتی چـــاپ و بڵاوکردنەوە لەدووتوێی ١١٦ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٤- ئێوارەیەک ئەو نایەت**

ئێوارەیـــەک ئـــەو نایـــەت، دووەم بەرهـــەمی شـــیعری شـــاعیرە، لـــەودیو شـیعرەکانەوە پـەیامی تایبـەتی بوونیـان هەیـە، ئەمانـە شـیعرەکانی نێـو کتێبەکەن (ئەو دەڕوات و لەم باخچەیەدا نامبارێنێ، ئەو فرمێسکەی تێر بـۆت نـەڕژا، بزربـوون، دوو پێناسـە، ئـەوە دەسـتمە، ئێـوارانی ئـەو، فرسەتێ، بۆشایی، گۆرانی، وێنەیەکی شکاوی، خۆشم ئەوێی، دواخەون، چاوەڕوانی، ساتەکانی ئەو، پەنجـەکان، بێدەنگی، عەشـق: مـەرگ، تـەنها، ڕۆژمێـرێ عەشـقێک، سـوێند، پـەرتبوون، پـایزی ئـاڵتونی، حیکایـەتێکی کۆنی نوێ، ژنێک لە پووشوو)
ئەم بەرهەمە شیعرییە ساڵی ٢٠٠٣ لەدووتووێی ١٢٤ بڵاوکرایەوە.

**<u>کتێبە عەرەبییەکان</u>**

**٥- فصول و حروف**

ئـەم دیوانـە شـیعرییە لـەبنەچـەدا بـە زمـانی عـەرەبی نووسـراوە و ٤٥ شـیعری لـەخۆگرتووە، ئەمانـە بەشـێکن لـە شـیعرەکان (فصـول، حـروف، بابلی جنە بابلی جحیل، صورە محطمە، ملاکی، احلام، اخر مرکب، مؤت معلن، حیوار، سوال، قدر، حیرة، تسلل، الحلم، تعریف، الوان، عـام جدید، نجمتی، هناک-هنا، الخریف الذهبی)
ئەم بەرهەمە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە، دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن خانـەی ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی-وەزارەتـی ڕۆشـنبیری لـە بەغداد لەدووتوێی ١٧٢ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**وەرگێڕان**

**٦- وەسمیە لەدەریا دێتە دەرێ**

ڕۆمانی وەسمیە لەدەریا دێتە دەرێ، بەیەکێک لە سەد باشترین ڕۆمانە عەرەبییەکانی سەدەی بیستەم ئەژمار دەکرێ.

ڕۆمانەکە باسی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دوو هەرزەکار دەکات، کە بەهۆی دابونەریتی کۆن و جیاوازیی چینایەتی و دەوڵەمەندی کوڕەکە و هەژاری کچەکە، خۆشەویستییەکەیان شکست دێنێ و بەمەرگی کچەکە کۆتایی دێت.

لەبنەڕەتدا ڕۆمانەکە، ڕۆمانێکی ڕۆمانسییە، لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە وێنای کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوەڕاست دەکا، کە چەندە توندوتیژە و بەرانبەر خۆشەویستی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دەوەستنەوە، تەنانەت ئامادەن بە مەرگی هەردوولا کۆتایی پێبێ، لەپێناو جیاوازی چینایەتییەوە.

لەیلا عوسمان نووسەری ڕۆمانەکەیە و لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانی کوێت دژایەتی دەکرێ، بەتۆمەتی ئەوەی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا هانی خەڵک دەدا بۆ بێ ڕەوشتی و بەرەڵایی، لەبەرئەوە داوای قەدەغە کردنی کتێبەکانی دەکەن.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن لەیلا عوسمانەوە نووسراوە و شیرین. ک لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەدووتوێی ١٥٧ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٧- باڵندەی ئاگر**

باڵندەی ئاگر، کۆمەڵێک چیرۆکی منالانی لەخۆگرتووە، چیرۆکەکان لەنێو کۆمەڵگەی میللی ڕووسی سەرچاوەی گرتووە، پەیام و ئامانج لەو چیرۆکانە ڕێنمویی و ئامۆژگاری و بەهای جوانی تێدایە بۆ منداڵان.

بەشێکی چیرۆکەکان کراون بە ئەفلام کارتۆن (پاپا) و لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێ منداڵان بە پەروەردەیەکی جوان و تەندروستدا تێپەڕێ.
باڵندەی ئاگر، یەکێکە لە کتێبەکانی پڕۆژەی کتێبی منداڵان، بە زنجیرەی ژمارە بیست. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بەزمانی ڕووسی نووسراوە، وەلێ شیرین. ک لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکرایەوە.

**٨- وەنەوشەکەی چوارشەممان**

ئەم کتێبە بیست و یەک چیرۆکی بیانی لەخۆگرتووە و هەر چیرۆکەی لەلایەن نووسەرێکەوە نووسراوە، کتێبەکە ئەم چیرۆکانەی لەخۆگرتووە (وەنەوشەکەی چوارشەممان، قڵیشێک لەبەفرە بەستووەکەدا، ئیرین، سیمۆن، پیاوە بەلام، بازار، بیرەوەرییەکان، درەختەکە، لە ڕۆژێکی سارددا، پشیلەیەکی بەختیار، بکوژێکی بێ ڕوخسار، تەپڵ، ترس، لێکۆڵینەوەی ناسنامە، منیش سەرتاشێکم هەبوو، چاوەڕوانی لە شوێنێکی هەڵەدا، گەڕانەوە، کوڕی سەر ئەسانسۆڕەکە، یەکەم سەرخۆشە لەسێدارە دراوەکە، خێرسا، لەڕێگادا بەرەو)، کتێبەکە بەنێوی یەکێک لە چیرۆکەکان نراوە.

وەنەوشەکەی چوارشەممان، چیرۆکێکی ڕۆمانسییە و لەلایەن ئەندرێ مۆروای فەڕەنسی نووسراوە، کە باسی سەرسامبوون و خۆشەویستی کوڕێکی لاو دەکات بۆ ژنە ئەکتەرێکی شانۆیی بەناوبانگ، هەموو چوارشەمەیەک چەپکێ گوڵی وەنەوشەی بۆ دەنێرێت بێ ئەوەی داوای بینینی بکات، کاتێک ئەو ژنە بەو خۆشەویستییە دەزانێت کە کوڕە لاوەکە لەژیاندا نەماوە، بۆیە بڕیار دەدات هەموو چوارشەمەیەک چەپکێک گوڵی وەنەوشە بباتە سەر گۆڕەکەی وەکو وەفایەک بۆ ئەو خۆشەویستییە پاکە، ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لەسەرەتادا

دەڵێ: چیرۆکەکە زۆر رۆمانسییە و بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت، بەڵام لەکۆتاییدا یەکێک لەگوێگرەکان دەڵێ: جیهان قەت لە ڕۆمانسییەت بەتاڵ نابێتەوە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە شایانی رۆمانسییەتن.
شیرین. ک، لە پێشەکی وەرگێڕانەکەدا دەڵێ: لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هیچ شتێک ئەم چیرۆکانە بەیەکەوە نابەستێتەوە، ئەوە نەبێ کە خۆم بەدڵم بوون وحەزم کردووە تەرجەمەیان بکەم جگە لەوەی تەرجەمە لە ئێستادا ئەرکێکی پیرۆزە و خەباتێکی درێژخایەنە، ئەوەی پەڕەیەک، وتارێک، نامیلکەیەک، کتێبێک تەرجەمە دەکات وەکو ئەوە وایە مرۆڤێکی نەخوێندەوار فێری خوێندەواری بکات.
شیرین. ک، ئەم چیرۆکانەی لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن یانەی قەڵەم لەدووتوێی ١٣٧ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٩- تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان**

تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، لێکۆڵینەوەیە لەبارەی رۆمانەوە، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و ئەم باسانەی تێدایە (چەمکی پاڵەوانیەتی لە ڕۆمانی عەرەبیدا، کەسێتی لە ڕۆماندا ژیانە یان دەمامک، پەیوەندی نێوان ژیاننامە و ڕۆمان، مێژوو وەک کەرەستەیەک بۆ ڕۆمان، مێژوو یادەوەرییەکی دیکە، زمانی دیالۆگ لەڕۆماندا، شار لەڕۆمانی عەرەبیدا، تیشکێک بۆ سەر مێژوو، تیشکی گۆڕانکاریەکان).
نووسەری ئەم کتێبە ڕۆماننووسە، وەرگێڕ لەسەرەتادا بەرهەمەکانی نووسەری باسکردووە. هەروەها وتوویژێکی ڕۆژنامەوانی ئەم نووسەرە لەکتێبەکەدا بوونی هەیە، کە لەبارەی ڕۆمانەوەی لەگەڵیدا سازکراوە و پێشتر بەناونیشانی (مێژوو یادەوەریەکی دیکە بۆ مرۆڤ) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بەرهەمە لەلایەن عەبدولرەحمان مونیف نووسراوە و شیرین. ک لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەدووتوێی ١٢٦ بڵاوکرایەوە.

**١٠- کۆتر**

ڕۆمانی کۆتر تەنیا کارەکتەرێکی تێدایە، ئەویش پاسەوانی بانکێکە، هەمووی خەمی ژیانی ئەوەیە "بتوانێ پارە کۆبکاتەوە و ئەو ژوورەی تێیدا دەژی بیکڕێ" بەڵام ئەو کارەکتەرە زیاتر مەبەستی لە تەنیایی مرۆڤە، تەنانەت لە ڕۆمانەکەدا دەڵێ: "مرۆڤ ئاسوودەیی و ئاشتی نادۆزێتەوە تا لەخەڵکی دوورنەکەوێتەوە".

وەرگێڕ لەپێشەکی ئەم ڕۆمانەدا دەڵێ: جۆناسان نۆیلی پاڵەوانی رۆمانی کۆتر، کەسێکی ئاساییە تاڕادەی نەبینراوی، واتە: کەسێتییەکە دێت و دەڕوا و بەژیاندا تێدەپەڕێ بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ژیانی کەس جێبێڵێ، کەسێکی بکەر نییە، بەڵکو زۆر نێگەتیڤانە وەرگرە، کەس هەست بەبوون و نەبوونی ناکات، هەر ئەمە وایلێکردووە سەدەفەیەکی نەبینراو بەدەوری خۆیدا دروستبکات کە کەس نەتوانێ بیشکێنێت و بچێتە نێو ژیانییەوە.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن پاتریک زوسکیندی ئەڵمانی نووسراوە و عەدنان عەبدولسەلام ئەبوشامات وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و شیرین. ک لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن پاشکۆی رەخنەی چاودێرەوە لەدووتوێی نەوەد و نۆ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**١١- گەڕان بەدوای قولاییدا**

ئەم بەرهەمە چوار چیرۆکی درێژی لەخۆگرتووە، ئەوانیش: (گەڕان بەدوای قولاییدا، ململانێ، وەسیەتەکەی مامۆستا مۆسارد، لەدەستدانی یادەوەری ئەدەبی) کتێبەکەش بەنێوی یەکێک لە چیرۆکەکان نراوە،

ئەم بەرهەمە لەلایەن پاتریک زوسکیندی ئەڵمانی نووسراوە و کامێران حـوج وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی و شـیرین. ک لـە زمـانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن یانەی قەڵەم لەدووتوێی هەشتا لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**١٢- دوازدە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو**

دوازدە نـامە بـۆ رۆماننوسـێکی لاو، لێکـۆڵینەوەیەکە لەبـارەی چـۆنێتی نووسـینی رۆمـان و زۆربـەی باسـەکانی لـەبارەی ڕۆمانـەوە دەدوێ و خوێندنەوە بە هۆکارێکی گرنگی ژیان و نووسین ناودەبات و لەدەیان شـوێندا جەخـت لەسـەر زۆر خوێنـدنەوە و بـاش خوێنـدنەوە دەکاتەوە، لەدوا بەشیشـدا دەڵـێ: کەس نـاتوانێ ئەوی دی فێـری ئەفرانـدن بکـات، ئەوپەڕەکەی فێـری خوێنـدنەوە و نووسـینی دەکـا، ئەوەی دەمێنێـتەوە مـــرۆڤ خـــۆی فێردەکـــات، لەم خۆفێرکردنەشـــدا بەردەوام هەڵئەنووتێ و دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە.
شـیرین. ک، لەپێشـەکی کتێبەکەدا دەڵـێ: "ئەم کتێبە گەشـتی نووسـەرە بەنێو شـاکارە ئەدەبییە جیهانییەکانـدا، لەو گەشـتەیدا وەکو غەواسـێکی شـارەزا لەبنـی دەریـای ئەو شـاکارانەدا هەرچـی گەوهەری ئەفرانـدنە دەیانـدۆزێتەوە و پێمـان نیشـاندەدات و بۆمـان راڤە دەکـات، لەیەکێـک لەنامەکانیـدا خـۆی وەکو قەزەمێک وەسـفدەکات بەتەنیشـت فلـۆبێرەوە، ئەمە خـاکێتی مرۆڤی ئەفرێنەر و ڕەوشـتی کەسـی دانـایە، نووسـەر لەم دوازدە نـامەیەدا لایەنە هـونەری و تەکنیکیەکـانی رۆمـانی نـوێ راڤە و شـیدەکاتەوە، دەیـان رۆمـان و کـورتە چیـرۆک بەنمـوونە دەهێنێـتەوە، بەتـەنیا نەیخوێندۆتـەوە، بەڵکو تێی گەیشـتووە و دەتـوانێ لەبارەیانەوە بدوێت وەکو ڕەخنەگرێکی شـارەزاو بەئەزمـوون. خـوێنەر تێدەگات ئەم ئەدیـبە ڕونـاکبیرێکی گەورەیە و دنیـایەک کتێبـی خوێنـدۆتەوە، کەچـی دوای ئەم هەموو بەرهەم و ئەزموونە هێشتا بەردەوامە لەخۆ پێگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیر کردن"

ئەم کتێبە لەلایەن ماریۆ فارگاس یۆسای پیرۆیی بە زمانی ئیسپانی نووسراوە و ساڵح عەلمانی لە زمانی ئیسپانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و شیرین. ک لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەلایەن پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر لەدووتوێی ١٥٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**١٣- تونێل**

نووسەری ئەم ڕۆمانە تەنیا سێ رۆمانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام نووسینەکانی بەیەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەدەبی ئیسپانی دادەنرێ، ڕۆمانەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکا و دەڵێ: "هەرئەوەندە دەڵێم من خوان بابلۆ کاستیلم ئەو نیگارکێشەی ماریا ئیریبارنی کوشت". ئەم ڕۆمانەش زیاتر باس لە تەنیایی مرۆڤ دەکات، تەنیایی بەمانا وجودییەکەی، نەک هەر بەتەنیا بەمانا فیزیکییەکەی، تەنیایی مرۆڤەکانی سەردەمی جەنگ و کاولکاری و ئەوانەی لەکارەسات رزگاریان دەبێت، ئەو تەنیاییەی مرۆڤە ئەفرێنەرەکان (ئەدیب، هونەرمەند، زانا) پێوەی دەناڵێنن، ئەو تەنیاییەی هیچ خۆشەویستی و عەشق و پەیوەندییەک نایسرێتەوە، رەنگە بۆ ماوەیەکی کەم تا زۆر کاڵی بکاتەوە، سڕی بکات، بەڵام هەر زوو سەرهەڵدەتەوە، تەنیاییەک زۆرجار خودی کەسی تەنیاو ئەوانەی دەورووپشت و نزیکیشی وێران دەکات، وەکو تەنیاییەکەی کاستیلی نێو پاڵەوانی تونێل.

وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: هەر دوای خوێندنەوەی بڕیارمدا تەرجەمەی بکەم، لەبەرئەوەی لەو جۆرە رۆمانانەیە کە لەگەڵ میزاج و چێژی ئەدەبیی مندا دەگونجێ، رۆمانێکی سادەیە بە قووڵی و قووڵە بەسادەیی، فریودەرە، بۆ خوێنەری جدی کە بە ئاسانی کەمەندکێشی دەکات. ئەمە یەکێکە لەو رۆمانانەی کە خوێنەری جددی ناتوانێ لەنیوەیدا جێیبێڵێ، کاتێک کتێبەکەی داخست بەخەیاڵی خۆی ڕووداوەکان بەجۆرێکی تر دادەڕێژێتەوە تا ئەنجامەکەی لەوە کەمتر

کارەساتبار بێت، یان ڕەنگە لەخۆی بپرسێ چەند کاستیل لەگەڵماندا یان لەناخماندا دەژی!
ئـەم بەرهەمــە لەلایــەن ئەرنســتۆ ســاباتۆی ئــەرژەنتی نووســراوە و عەبدولسـەلام عـەقیل وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی و شـیرین. ک لەزمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کوردی و سـاڵی ٢٠٠٩ لەلایەن پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر لەدووتوێی ٢٠٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**١٤- مۆنۆدرامای کۆنترباس**

ئـەم بەرهەمـە بـاس لـە کێشـە و ئاریشـەکانی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمەی ئـەوروپا دەکـا، تـەنیایی مـرۆڤ لـەو سـەردەمەدا، تـەنیا کـەوتنی مـرۆڤ لەناو سیستەم و کۆمەڵگا جەنجاڵەکان و خۆگۆشەگیرکردنی مرۆڤە لـەم سەردەمەدا. کارەکتەری ڕۆمانەکە مۆنۆدرامایە تاکە کەسە لەسەر شانۆ و قسەدەکا.
شـیرین.ک لـە پێشـەکی وەرگێڕانەکەیـدا دەڵـێ: "ئـەم بەرهەمـە دەقێکـی ئەدەبـی جـوانە، وەکـو دەقێکـی شـانۆییش گونجـاو وشـیاوە بـۆ سـەر تەختەی شانۆ، تێگەیشتم بۆچی ئەم مۆنۆدرامایە زیاد لەپێنج سـەد جار لەسـەر شـانۆ پێشـکەش کـراوە، ئەم مۆنۆدرامـایە کە یەکەم بەرهەمـی پاتریک زوسکیندە سـەرەتای ئەو بابەتەیە کە لە بەرهەمەکانی تریشـیدا بەشێواز و تەرحی جۆراوجۆر باسـی لێوەدەکات، ئەویش بـابەتی تەنیـا کەوتنـــی مـــرۆڤە لەنێـــو سیســـتەم و کـــۆمەڵگە جەنجاڵەکانـــدا، خۆگۆشـــەگیرکردنی مـــرۆڤە لەســـەردەمی لێکترازانـــی پەیوەنـــدییە گەرموگوڕەکان و کاڵبوونەوە و گۆڕانی بەهاکاندا".
ئەم بەرهەمە لەلایەن پاتریک زۆسکیندی ئـەڵمانی نووسـراوە و سـەمیر گـریس وەریگێڕاوەتــە ســەر زمــانی عــەرەبی و شــیرین. ک لــە زمــانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کوردی و سـاڵی ٢٠١٨ لەلایـەن دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم لـەدووتوێی حـەفتا و شـەش لاپـەڕە بڵاوکرایەوە.

# ڤینۆس فایەق



## ڤینۆس فایەق

ڤینۆس فایەق، لە سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەنێوان کوردستان و جەزائیر تەواو کردووە و قۆناغی دواناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی بەغداد بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەک وەرگێڕ و بێژەر لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاریکردووە، هاوکات پەیامنێری رۆژنامەی (الاتحاد)ی عەرەبی بووە. ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی بەرەو هۆڵەندا بەجێهێشتووە.

ڤینۆس، ئەندامی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی پەنابەرە لە هۆڵەندا، ئەندامی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی جیهانییە، ئەندامی بزوتنەوەی شاعیرانی جیهانە، کە بارەگاکەی لە ئیسپانیایە. بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی شیعری جیهانی لە وڵاتە ئەوروپیەکان و وڵاتە عەرەبییەکان کردووە. جیا لەنووسینی شیعر و کاری رۆژنامەوانی، لە بواری مافەکانی ژنان لە هۆڵەندا و دەرەوەی هۆڵەندا، هاوکات وەرگێڕان لەنێوان زمانەکانی کوردی-عەرەبی-هۆڵەندی دەکات.

ڤینۆس، سێ خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە: خەڵاتی عەنقائی نێودەوڵەتی گەڕۆک بۆ داهێنانی ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٥، خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتی وەرگێڕ و زمانەوانە عەرەبەکانەوە، لە نێو ٤٤ داهێنەر لە سەرتاسەری جیهان، لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨. خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن دەزگای والاپریس بۆ تویژینەوە و

بڵاوکردنەوە لە ٢٠٠٩ پێ بەخشراوە، ئەمساڵیش لەلایەن گروپی (کورد ئارت)ەوە لە یادی رۆژی جیهانی ژنان خەڵاتی (بەدیع باباجان) بۆ (ژنی شاکار) لە سلێمانی پێبەخشراوە.
ڤینۆس ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە (گوناهە جوانەکان، چەمکی چاکسازی لە کوردستاندا، ئاخەرین سامورای، تاقانەترین کچی خودا، ژنێک لەمندا، طلاء الآظافر، اتجاهات العشق الاربعة، سارزق برجل من ضلعي الايمن، چەند شاعیرێکی عێراقی لە هۆڵەندا، علامات، Dwaallicht، نامیلکە شیعری ناسری حیسامی، ئارتیکڵی ١٩ی هەڵمەتی جیهانی بۆ ئازادی رادەربڕین، بێزوو).

**<u>نووسین</u>**

**<u>کتێبە کوردییەکان</u>**

**١- گوناهە جوانەکان**

ئەم بەرهەمە شیعرییە، یەکەمین بەرهەمی شیعری شاعیرە و بەشێوەزاری سۆرانی بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکان لەنێوان ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزار نووسراوە و ٢٥ قەسیدەی تایبەت و جیاجیای لەخۆگرتووە. لەدوای پێنج ساڵ دوازدە قەسیدەی نێو ئەم دیوانە شیعرییە، لەگەڵ شیعری چەند شاعیرێکی دیکە بە دەسپێشخەری نووسەر و رۆژنامەنوسی کوردی خۆرئاوا دلشا یوسف کۆکراوەتەوە و لە چوارچێوەی پرۆژەی وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی باشور، لە شێوەزاری سۆرانییەوە بۆ شێوەزاری کرمانجی وەرگێڕدراوە و بەناوی Gunehen Xesek بڵاوکراوەتەوە، بەمەبەستی ئاشناکردنی خوێنەری باکور و خۆرئاوا بە شیعر و بەرهەمەکانی نووسەر و شاعیرەکانی باشوور. شیعرە کوردی و عەرەبییەکانی شاعیر لەلایەن وەرگێڕەوە هەڵبژێردراون.

کتێبی گوناهە جوانەکان ساڵی ٢٠٠١ لە چاپخانەی رۆتردامی هۆڵەندی، لەدووتوێی ١٢٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە (Gunehen Xesek)یش ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای ئاڤێستای لە ئەستەنبوڵ، لەدووتوێی شەست و دوو لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢- چەمکی چاکسازی لە کوردستاندا**

ریفۆرمی ناو باڵی ریفۆرم

ئەم کتێبە، ئەزموون و دید و بۆچوون سەرنج و تێبینیە تایبەتیەکانی نوسەرە، سەبارەت بە بزوتنەوەی (چاکسازی) لە کوردستان، کە دواتر بووە (گۆڕان)، ئەمەش لەدوای چەندین سەردان و تێکەڵبوون بە کادیرەکانی ناو ئەو بزووتنەوەیە نووسراوە.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "پێش ئەوەی هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ بەسەردان بگەڕێمەوە کوردستان کۆمەڵێ تێبینم لا گەڵاڵە بووبوو، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی ناو کوردستان و ئەو قسە و باسانەی لەبارەی کێشەی گەندەڵی و هەڵمەت و داخوازی چاکسازییەوە هەیە، کۆمەڵێ باری سەرنجم هەبوو، پێویستم بەوە هەبوو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ناو باڵی ڕیفۆرم قسە بکەم، لەبەرانبەر ئەو پڕۆسەی ڕیفۆرمە هەستم بە بەرپرسیاریەتی دەکرد.. لەدوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان و تێکەڵ بوون و ژیانم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بەرچاوم بەتەواوی ڕوون بوو، لەڕێگەی ئەم کتێبەوە بەشێک لە تێبینییەکانم دەخەمەڕوو، بەمەش بەشداری لەو توێژەدا دەکەم کە لە بارەی ڕیفۆرمەوە لەکوردستاندا هەیە".

ئەم بەرهەمە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەدووتوێی سەد لاپەڕەدا هەزار دانە لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٣- ئاخەرین سامورای**

ئاخەرین سامورای، دووەمین دیوانە شیعری کوردی ڤینۆس فایەقە، ئەزموونی شیعری دە ساڵی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٣یە و ٢٦ قەسیدەی لەخۆگرتووە، ئەمانە شیعرەکانی نێو دیوانە شیعرییەکەن (لەپشت خۆرئاوابوونەوە بە دوو کۆڵان و ماچێک، ڕەنگەکان، ئەم گریانە، ئاخەرین سامورای، تیمۆجین، بیری قاوەکەت ئەکەم، جاران کە ئەڕۆشتمەوە، شەش چرۆ، چوار نامەی سپی، جوبیتیر، من ئەیلێم و تۆ بینووسە، دووری، هەموو ساڵێک بە هاوینان، ژنێک لە شووشە، لە هەناوما، لەسەر دیوارێک، مەملەکەتی ئاو، مەنفا، نەخشی سەر ئاو، هەموو ڕۆژێ شار، پەشیمانی، سەری ساڵ.. دیسان سەری ساڵ، سووتان، تەموز، خەون، خودا یەکە و نابێتە دوو). شاعیر لە شیعری (مەملەکەتی ئاو)دا دەڵێ:

سەرینەکەم پێم دەڵێ:
لەژێر سەرما کتێبی لە عیشقم شاردۆتەوە..
هەموو شەوێ لاپەڕەیەکی ئەسووتێ و
شارێ لە چاوما دائەگیرسێ..
درەختە چاو سەوزەکەی
سەر ڕێگەی سەفەری هەموو ڕۆژێکم
ئەمڕۆ وتی:
ئاهـ. ناو قەدم بۆ بخورێنە گیانەکەم
هەر ئیستە دوودڵ خۆیا هەڵکەنی و
بەیەک تیر شەهید بوون..

ئەم دیوانە شیعرییە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن الدار العربیة للعلوم ناشرونی لوبنان، لەدووتوێی ١٦٠ لاپەڕە و بەتیراژی هەزار دانە بڵاوکراوەتەوە.

## ٤- تاقانەترین کچی خودا

ناواخنی ئەم ڕۆمانە قسەکردنە لەسەر چەند بابەتێکی کەم باسکرا و گرفتداری نێو کۆمەڵگەدا، لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی کچە پاڵەوانێکەوە دەست بۆ ئەو بابەتە قسەلێنەکراوانە دەبردێ، کە پەیوەندی ئادەمیزاد بە سروشتەوە، وەرگرتنی هێز و توانا لە سروشتەوە، گەشتن بەو باوەڕەی کە ژیان لەسەر بن و بنەچە و ڕەچەڵەک نەوەستاوە و ئەو دوو شتە شتێک نین لەبەردەم هەوڵ و کۆششی ئادەمیزاد خۆیدا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و بە پرەنسیپەکانی و خودپەروەرکردن، و دواجار دۆزینەوەی خود لەناو درندەیی کۆمەڵگادا.. ڕۆماننوس لەنێو نووسینەکەیدا دەڵێ: " لەوەتەی فێری خوێندنەوە و نووسین بووم، ئەمە یەکەمین نامەیە دەینووسم، چەندین جار دەستم دەدایە قەڵەم و نەمدەزانی چی بنووسم، یا دەمنووسی و لاپەڕەکەم دەدڕاند، تەنانەت زۆر دوو دڵیش بووم لەوەی بینووسم، هەمیشە حەزم کردووە کەسێک هەبوایە نامەی لەگەڵدا بگۆڕمەوە، ڕەنگە ئەسڵەن حەزم کردبێت نامە لەگەڵ تۆدا بگۆڕمەوە، حەزمدەکرد بڵێم: "دایە".. هەندێ لە خەڵکی ئاوایی دەڵێن سزا نیوەی کچە و نیوەی کوڕە، هەندێکیشیان دەڵێن نیوەی ئادەمیزادە و نیوەی ئاژەڵە، خەڵکانێکیش ڕایان وایە نیوەی فریشتەیە و نیوەی شەیتان، سزا لە پەنا درەختێکی قەد ئەستووری پیردا خۆی مەڵاسداوە، هەردووچاوی تووند نوقاندووە و بە پەنجە بچووکە قوڕاوییەکانی هەردوو گوێچکەی دەگرێت.

ئەم بەرهەمە، یەکەم ڕۆمانی ڤینۆس فایەقە، ساڵی ٢٠١٥ لە دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، لەدووتوێی ١٥٥ لاپەڕە و بەتیراژی هەزار دانە بڵاوکرایەوە.

**٥- ژنێک لەمندا**

دیوانە شیعری ژنێک لەمندا، هەژدە قەسیدەی لەخۆگرتووە، کە کۆی گشتی شیعرەکان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٨ نووسراون، بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکان باگراوندی فکریان هەیە، زیاتر دەست بۆ چەمکەکانی ژنێتی، مرۆڤ بوون، نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی دەبات، ئەمانە بەشێکن لە شیعرەکان (یادەوەرییەکانی دەفتەرێک، لاپەڕەی یازدە، لاپەڕەی حەفتا و حەوت، لاپەڕەی شەش، لاپەڕەی نەوەد و شەش، لاپەڕەی دوانزە، لاپەڕەی هەشت، لاپەڕەی سێ سەد و شەش، لاپەڕەی نەوەد و دوو، لاپەڕەی چوار سەد و چل، لاپەڕەی یەک، لاپەڕەی بیست و چوار، لاپەڕەی نۆ، لاپەڕەی دووسەد و بیست، لاپەڕەی شەست و سێ، لاپەڕەی شەست و نۆ، لاپەڕەی حەفتا و هەشت،.......). شاعیر لەبەشێکی قەسیدەیەکدا دەڵێ:

ژنێک لە مندا ئەگری...
بە قاقا پێدەکەنێ!
هاواردەکا و
سوجدە بۆ خۆر دەبات.
ژنێک لە مندا رۆژانە دەمرێ و
زیندوودەبێتەوە و
گوڵ ئەچێنێ و دڕک ئەچنێتەوە.
باوەڕ ئەتەکێنێ و
لە دەنگی بانگ ئەکولێتەوە.
ژنێک لە مندا لە خوێنە...

ئەم دیوانە شیعرییە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن مەوداپرێس لەدووتوێی ١٣٠ لاپەڕەدا پێنج سەدا دانە لێ بڵاوکرایەوە.

**<u>کتێبە عەرەبییەکان</u>**

**٦- چەند شاعیرێکی عێراقی لە هۆڵەندا**

ئەم بەرهەمە شیعرییە دیوانێکی هاوبەشە لەگەڵ چەند شاعیرێکی عیراقی و بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و عەرەبی ساڵی ٢٠٠٢ لە هۆڵەندا چاپکراوە.

**٧- علامات**

ئەم بەرهەمە شیعرییە دیوانێکی هاوبەشە لەگەڵ چەند شاعیرێکی عیراقی و بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و عەرەبی ساڵی ٢٠٠٣ لە هۆڵەندا چاپکراوە.

**٨- طلاء الاظافر**

بۆیەی نینۆک، یەکەمین بەرهەمی شیعرییە بەزمانی عەڕەبی، ئەم شیعرە عەڕەبییانە لەنێوان سأڵانی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٨ نووسراون و ٢٣ قەسیدەی تێدایە، شیعرەکان لەچوارچێوەی خۆشەویستی و نیشتیمان پەروەریدان، شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە شیعرییە ئەمانەن (فی المدینة، طلاء الآظافر، ذات صیف بتوقیت یدین، أربع رسائل بیضاء، اثار أنفاس علی الفجنان، قال لی، سطور بلا حدود، امرأة أخری، الکون من حولی، تعویذة، قد، المنفی، المساء الاخیر، الخطایا العشر، اتمنی لو، أقداح الشای، امرأة من الزجاج، هذیان عاشقة، الاحتراق، لا تنادنی، نقش علی الماء، خلف الغروب بشارعین وقبلة قصیدة للعام الجدید، قصیدة عشوائیة، نصوص مع سبق الاصرار و الترصد، نقش الحناء، رجل بلون الخریف، الوطن هو الغنیمة، هناک، الوطن، ٢٧ ایلول، نقش، الرحیل، غدا ساحبک).

ئەم بەرهەمە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای الحضارة للطبع و النشری قاهیرە لەدووتوێی ١٢٨ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری وەشانکراوە.

**٩- اتجاهات العشق الاربعة**

چوار ئاراستەی ئەشق، دوەمین بەرهەمی شیعرییە و بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و ١٧ قەسیدەی تێدایە، شیعر و قەسیدەکان چەندین بابەتی جیاجیای لەخۆگرتووە، بۆ نموونە: فکر، خۆشەویستی، ژن، شیعرەکانی نێو ئەو دیوانە شیعرییە ئەمانەن (النهار فی هذه المدینة، علی الجدار، هکذا بلا سبب، النهر، سأزور هذا التاریخ، فورمات، اتجاهات العشق الاربعة، یومیات دفتر فی العشرین، مثل ریح عاتیة، حتی العاهرات یحلمن بالحریة، انثی و تفاحة، لوحة من الانتضار، الفقاعات علی اشکالها تقع، لبیک یا حبیبی لبیک، انا الکردیة، تعالوا نسال الله، قلبی معک نرسیس، مملکة الله، کتب اخری للشاعرة).

ئەم دیوانە شیعرییە ساڵی ٢٠١٣ لە قەسیدەکان باس لە دەزگای الدار العربیة للعلوم ناشرونی لوبنان، لەدوو توێی ١٦٠ لاپەڕە و بە تیراژی هەزار دانە وەشانکراوە.

**١٠- سارزق برجل من ضلعي الايمن- پیاوێکم لە پەراسووی راستم دەبێت**

ئەم دیوانە، سێیەمین بەرهەمی شیعرییە، تەواوی شیعرەکان بە زمانی عەرەبی نووسراون و ٦٠ شیعری لەخۆگرتووە، شیعر و قەسیدەکان باس لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر دەکەن، وەک: شیعر، فکر، خۆشەویستی، کە بابەتی ژن بە شێوەیەکی دیار بەچاو دەکەوێ، ئەمانە بەشێکی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە شیعرییەن (الالوان، اوهام، حتی العاهرات یحلمن بالحریة، انکسارات، الفکرة، مملکە اللە، هراء، طائرة ورقیة، رائحة النبیذ، الوجود محض عدم، سارزق برجل من ضلعي الایمن، الخنزیر و الطعام، سانام دهرا، البقیة تاتی، زوال، مسخ، مصرع، مقولة جدی، المرأة، اکذوبة).

ئـەم کتێبـە سـاڵی ٢٠١٥ لەلایـەن دەزگـای طیفـی بەغـداد بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، لە دووتـوێی (٦٥) لاپـەڕە و بـە تیـراژی هـەزار دانـە بڵاوکراوەتەوە.

بەشێک لە شیعرە عەرەبییەکانی نێو ئەم دیوانە شیعریانە لەلایەن موسا بەلعیدی وەرگێڕی جەزائیری وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی ئیسـپانی و بەناونیشانی(El resto vendrá) ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە، هاوکات ئـەم شـیعرانە لەلایـەن عەبـدولرەحمان مزیـانی وەرگێـڕی جـەزائیری وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی فەرەنسـی و بەناونیشـانی ( Le reste viendra) ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

## کتێبە هۆڵەندییەکان

١١- Dwaallicht

پرشـنگ دیوانـە شـیعرییەکی هاوبەشـە سـاڵی ٢٠٠٤ لەگـەڵ چەنـد شاعیرێکی عیراقی بە زمانی هۆڵەندی لە هۆڵەندا بڵاوکرایەوە.

## وەرگێڕان

**١٢- نامیلکە شیعری ناسری حیسامی**

ئەم بەرهەمە شیعرییەی ناسری حیسامی پێنج قەسیدە شیعری تێدایە و لەلایـەن ڤینـۆس فایەقـەوە لـە زمـانی کوردییـەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانی هۆڵەندی و ساڵی ٢٠٠٥ لە هۆڵەندا چاپکراوە.

**١٣- ئارتیکڵی ١٩ی هەڵمەتی جیهانی بۆ ئازادی ڕادەربڕین**

ئـازادی دەسـتکەوتنی زانیاریـەکان و ڕۆژنامەگـەری بـەدواداچوون ڕێنمایی بۆ ڕۆژنامەوانان.. بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و باس لە پرەنسیپ و بنەماکـانی رۆژنـامەگەری بەدواداچـوون (ڕۆژنامـەوانی بنکـۆڵ) دەکـات،

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "ئەوکاتەی کە دەکرێ دەسکەوتنی زانیارییەکان ببێتە هۆی گۆڕانکاریی گرنگ لە زۆر لە مەسەلەکاندا، لەوانەش مەسەلەی مافەکانی کرێکاران و تەندروستی و ژینگە، ڕۆژنامەوانەکان یەکەمین کەسن کە سوود لەو جۆرە یاسایانە وەردەگرن، شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە بوونی یاسایەکی تایبەت بە دەسکەوتنی زانیارییەکان کلیلی کاری ڕاگەیاندن و زانیاری و ژنانی ڕاگەیاندنە. گومانی تێدا نییە کە هەمیشە ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون بە ئەنجامێکی سروشتی ڕاگەیاندنی ئازاد دادەنرێت، ڕۆژنامەگەری وەک پاسەوانێک وایە.. ئەرکی ڕاگەیاندن وەک دەسەلاتی چوارەم پێویستی بە لێپێچینەوە و بەدواداچوون هەیە لەبارەی هەڵسوکەوتی بەرپرسە حکومییەکان و دیاردەکانی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی ئیدارە و ناپاکی لە حکومەتدا، لە بارەی مافەکانی مافی مرۆڤ و زۆر مافی دیکەوە".

کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە (ئازادی دەسکەوتی زانیارییەکان، پێوەر و ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆژنامەگەری و بەدواداچوون، پرنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری و بەدواداچوون و ڕێگاکانی، سەرچاوەی زانیارییەکان و بنەماکانی پشت بەستن و جەختکردنەوە، لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکانی پشتیان بە یارمەتی کۆمپیوتەر بەستووە، چاوپێکەوتنەکان، ئیتیکی ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەوان و لێشاوی ئازادی زانیارییەکان).

ئەم نامیلکەیە لەلایەن دوکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکرەوە پێداچوونەوە بۆکراوە و پێشەکی بۆ نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٨ لەدووتوێی پەنجا لاپەڕە بلاوکراوەتەوە.

**١٤- بێزوو، سەرگوزشتەی دەقێک پێش نووسینی**

نووسەری ئەم شیعرانە، ڕۆماننوس و چیرۆک نووسە، لەبنەچەدا خەڵکی جەزائیرە و نۆ بەرهەمی چاپکراوی ئەدەبی هەیە. شاعیر لەم دیوانە شیعرییەدا دەڵێ:

له کونه تارماویەکانەوە
سەردەردێنێت
چاوم دەبەم و
جگە لە تەم هیچی تر نادۆزمەوە
چەند لە نهێنی دەچیت
بەبیرکردنەوە لێت
سەرقاڵت کردم لە نووسینەوەت
دەزانم لێرەیت
لەگۆشەیەکی ئەم کات و شوێنەدا
دە دەرکەوە
پەیمان بێت دوای ئەوەی دەتنووسمەوە
ون بم!

ئەم دیوانە شیعرییە لەلایەن عبدالرزاق بوو کوبە نووسراوە و ڤینۆس فایەق لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٧ لەدووتوێی ١٣٨ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

# کنێر عەبدوڵڵا



## کنێر عەبدوڵڵا

کنێر عەبدوڵڵا بەرزنجی، ساڵی ١٩٧٠ لە کەرکــوک لەدایــک بــووە، خوێنــدنی ســەرەتایی لە کەرکــوک و ناوەنــدی و ئامــادەیی لە ســلێمانی تەواو کــردووە. ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمـانی عەرەبی/کـۆلێژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین بەدەسـتهێناوە. لـە هـەمان ساڵەوە لە ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان کاری کردووە، یەکەم کـاری سـاڵی ١٩٩٢ لە بـواری ڕاگەیانـدنی بینـراوی یەکێتـی ژنـانی کوردستان بووە. لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی ژنانی ساڵی ١٩٩٩ وەک ئەندامی یەدەگ دەرچووە و ساڵی ٢٠٠٢ بووە بە ئەندامی سکرتاریەت. هاوکات ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی ژیانەوە و بەرپرسی لاپەڕەی تەندروستی بووە، لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بابەت و نووسینی بڵاوکردۆتەوە.

کنێر عەبدوڵڵا، ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ خۆبەخشانە وەک ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی "ریفراندۆم لە کوردستان" کاری کردووە و بەرپرسی بەشـی ڕاگەیانـدن بـووە. سـاڵی ٢٠٠٥ و لە یەکەم خـولی هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی پارێزگاکـان لە کوردســتان، وەک ئەنـدامی ئەنجـومەنی پارێزگـای سلێمانی هەڵبژێـردرا. سـاڵی ٢٠٠٧ دەسـتەی دامەزرێـنەری کـۆمەڵەی سـەلامەتی ترافیـک بـووە لە کوردســتان. هــەمان ســاڵ خۆبەخشـــانە ڕاوێژکـــاری لیـــژنەی کچـــان و ژنـــانی ڕێکخـــراوە دیموکراتییەکـان بــووە. ســاڵی ٢٠١٠سەرپەرشــتیاری کتێبــی (ژن و سـەرکردە) بـوو، وەک پـرۆژەی پەیمانگـای نێـودەوڵەتی بـۆ مافەکـانی

مـرۆڤ/ زانکـۆی دیپـۆل لە ئەمریکـا. لە وەرزی زسـتانی هــەمان سـاڵ کراوە بە سەرنوسـەری گۆڤـاری "تەوار"، لە یەکێتـی ژنـانی کوردسـتان. ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی نێودەوڵەتی ڕاهێنەر (TOT)ی بەدەستهێناوە لە خـولی تـایبەت بە (ڕاهێنـانی ڕاهێنـەر). سـاڵی ٢٠١٤ بـۆ مـاوەی مانگێـگ بەشدار بووە لە بەرنامەی میوانی نێودەوڵەتی بۆ سـەرکردە لە وولاتـی ئەمریکا (IVLP).

کنێــر عەبــدوڵڵا، لە ڕێگـــەی توێژینەوەکـــانییەوە بەشـــداری چەنـــدین کـۆنفرانس و خـولی جۆراوجـۆری لەســەر ئاسـتی وولاتـانی جیهانـدا کـردووە، لەوانە: (سـوید، نەرویـج، نەمسـا، ئەمریکـا، میسـر، ئـوردون، لوبنان و تورکیا). خاوەنی چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانە، بۆ وێنـە: ڕێزلێنـان لەلایەن نوێنەری پارێزگـای شـاری فیسـتاروز لە وولاتـی سـوید بەهـۆی پاراســتنی ژیــانی کچێکــی بەڕەگەز ســویدی و ڕەچەڵەک عێراقــی لە کوشتن و گەڕانەوەی  بۆ وولاتی سوید کە تەمەنی  شازدە سـاڵ بـووە. ســاڵی ٢٠١٦ لە یەکەم کۆنفراســی تــایبەت بە نووســەری کـۆچکردوو ئەحلام مەنسور، وەک ژنی نووسەر ئەو خەڵاتەی پێبەخشرا.

کنێـر عەبـدوڵڵا، سـاڵی ٢٠٠١ یەکـەم وتـاری بڵاوکردۆتـەوە و تـا ئێسـتا لەنووسین بەردەوامە و ئەم بەرهەمانەی هەیە (پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ژن لە بازنەیەکی داخراودا، توندوتیژی وەزیفی دژی ژنـان لە فەرمـانگە حکومیەکانـدا، کوشـتنی ژنـان لە ئامـاری میـدیاکانەوە، تـۆم خۆشـدەوێت، ئەی تـۆ؟!، پێمـدەڵێن!، دەسـتدرێژی سێکسـی دژ بە ژنـان، ڕەوشی ژنانی هەرێمی کوردسـتان لە نێوەندی بڕیارسـازیدا، بەشـداری سیاســی ژن لە باشــووری کوردســتان، خودناســی و ئەویترناســی، بەشـداریکردنی سیاســی ژنــان، کاتێـک تەنیـایی سـەپێنراو روو لە ژن دەکات، ژن و توندوتیژی، توندوتیژی دژ بە ژنان).

## نووسین

### ١- پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

کنێر عەبدوڵڵا، لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەڵێ: "لای هەمووان ئاشکرایە مەسەلەی ژنان لە هەموو دنیادا بۆتە وێردی سەر زمان و گفتوگۆ و قسە لەسەرکردن و چەندین لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنی لەسەرکراوە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا. ئەوەش بەهۆی بوونی ئەو جیاوازیی و توندوتیژیی و چەوساندنەوانەی بەدرێژایی مێژوو، لە گشت ڕووە یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە..هتد ڕووبەروویان بۆتەوە.. دیارە کۆمەڵگەی کوردیش، وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمەبەدەرنییە و بزووتنەوەی ژنانی کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ـەوە تا ئەمڕۆ لە هەوڵدان و خەباتی بەردەوامدابووە بۆ بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و پشتوانیکردنی سەرجەم داخوازییەکانی ژنانی دنیا".

لەبنەڕەتدا، ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی زانستی پراکتیکییە لە باشوری کوردستان ئەنجامدراوە و مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆنگرەی ژناندا لە ستۆکهۆڵم پێشکەشکراوە، کە چەندین باس و بابەتی هەمەلایەنەی تایبەت بە ژنی تێدا بووە.

ئەم بەرهەمە، لەدوو دەروازە پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری و دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی پراکتیکییە، کە لەم باسانە پێکهاتووە (خێزان، کۆمەڵگە، هاوسەریێتی، سیستەمی باوکسالاری، هۆشیاری بەشداری کردنی سیاسی، ژنی ئیشکەر، پێگەی ژنی ئیشکەر لە کۆمەڵگای کوردیدا، جۆرەکانی سیستەمی خێزان، جۆرەکانی خێزان، بنەماکانی دروست بوونی خێزان) و چەند باسێکی دیکە سەبارەت بە ژنانی کورد و کوردستان. لەم باسانەدا، بەشێوەیەکی واقیعییانە و

وردبینانە باس لە ڕەوشی خانمان کراوە، لەسەرجەم سێکتەرەکان و دەور و نەخشییان دیاریکراوە.
هاوکات، ژمارەیەک خشتە و ئامار لەکتێبەکەدا وجوودی هەیە، لەوانە (ئاستی خوێندەواری ژمارەی ئەندامانی خێزان و شێوازی شووکردن و بەکارهێنانی توندوتیژی و جۆرەکانی و رادەی بەشداری ژنان لە چالاکییە سیاسییەکاندا، حەزکردنی ژنان بە مانەوەی پیاوەکانیان لە ماڵەوە، هاوکاریکردنی مێرد لەکاری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵدا....)
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان، لەدووتوێی ١١٩ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- ژن لە بازنەیەکی داخراودا**

(کۆمەڵێک وتار دەربارەی مەسەلەکانی ژنان)
لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی بەهۆی بوونی نابەرابەریی و نادادگەریی و جیاکاریی لە نێوان رەگەزی نێرومێ-دا هەمیشە توندوتیژیی و چەوساندنەوە هاتۆتە بەرهەم، بێگومان ئەمەش بەهۆی زاڵێتی عەقڵیەتی پیاوسالاریی و داب و نەریتە سەپێنراوەکان و داڕشتنی یاساکان بەشێوازێکی جیاکارانە و هەموو ڕێساکانی گوزارشت لە پایە نزمیی ژن و پایە بەرزی پیاو دەکەن وایکردووە ژن پلە دووی مرۆڤایەتی پێکبهێنێ و زووربەی کێشەکانی لە بازنەیەکی داخراودا خۆی ببینێتەوە، ئەمە بەشێکە لە پێشەکی کتێبەکە.
ئەم بەرهەمە لەچەندین وتار پێکدێ، کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، لەوانە (ژن لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، خەباتی ژنانە و دیدی ڕووناکبیران، کۆمەڵ و تەڵاقدراو، ژن لە بازنەیەکی داخراودا، تەڵاق لە ڕێگەی فاکس و تەلەفۆنەوە.. بۆ؟، منداڵ و گرفتی تەڵاق، ژنان و بواری ڕاگەیاندن، هەشتی مارس ڕووداوە یا

ڕۆژ؟، دواکەوتوویی خێزان و پێوەرەکانی، ئەنفال و بارودۆخی ژنان پاش ١٤ ساڵ، زەماوەند لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە.. بۆ؟، پەروەردەکردنی ترس، بۆچی پیاوان کەمتر لە ژنان دەگرین، ژنان لە دوو دیمەندا، باشترە نووسینەکان بچنە بواری پراکتیکییەوە، کچان تاچەند بڕیاردەدەن لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریێتیدا؟، ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکترن، تێڕوانینێک بۆ ژیانی هاوسەریێتی، کاریگەری دەستێوەردان لەژیانی هاوسەریێتیدا، تەمەنی ٤٥ساڵی لە ژیانی ژناندا، تاچەند ژنان دەتوانین لە ماڵەوە کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن..؟!، بەشداری کردنی ژنی کورد لە ڕیفراندۆمدا سەرتاپەکە بۆ ئازادبوونی مێژووەکەی، خەباتی ژنی کورد لە کوردستاندا، سەدەیەک لە پرسیار..؟، ژن و چەمکی توندوتیژی و ئاسەوارەکانی، گوزەرێک بەنێو توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان، جۆرەکانی توندوتیژی، گەشتێک بەنێو توندووتیژییەکانی دژ بە ژنان هۆکارەکانی توندووتیژی، بەرپرسیارێتی مامەڵەکردن و ناساندنی توندووتیژی دژ بە ژنان لە ئەتسۆی کێدایە؟).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان، لە دووتوێی ٢٠٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا**

نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەڵێ: بێگومان هاتنە دەرەوەی ژنان لە ماڵەوە و بەشداریکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتی یاسادان، جێبەجێکردن و دادوەریدا و گەیشتنیان بە پلەی وەزیر، جێگری وەزیر، ئەندام پەرلەمان و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان تا دەگاتە بوارە پیشەییەکانی وەک ئەندازیار، دادوەر، پزیشک، مامۆستا و ڕۆژنامەنووس، هەوڵدانی زۆری پێویستە، بەتایبەت لە بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کە هەمیشە هەموو ئەرکەکانی ژیانی

هاوسەرگیری و منداڵ بەخێوکردن و ڕاییکردنی کارەکان بە ئەرکی سەرەکیی ژنان دادەنرێ. ئەمەش وایکردووە، هاتنە دەرەوەی ژنان لە ماڵەوە بەهەر ئامانجێک بێت، دەبێتە مایەی گرانکردنی باری شانی ژنان. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە خێرا و پێشکەوتنانەی ئیمڕۆ کە پێویستی کارکردنی ژنانی هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی لەسەرجەم بوارەکاندا خۆیان بسەلمێنن، وەک پەروەردە، سیاسەت، ئابوری و کارگێڕیدا..هتد. سەرەڕای گشت هەوڵەکان، دەبینین تا ئیمڕۆ تێڕوانین بۆ ژن وەک مێینەیەکە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بۆیە هەمیشە ئەنجامی ئەوە دووچاری چەندین گرفت و جیاوازی جۆراوجۆر دەبێتەوە.

ئەم توێژینەوە، ئەم باسانە لەخۆدەگرێ (ئامانجی توێژینەوە، گرینگی توێژینەوە، ئاستەنگەکانی توێژینەوە، کێشەی توێژینەوە، خستنەڕوی چەمک و زاراوەکان "توندوتیژی، توندوتیژی دژ بە ژنان، توندوتیژی جێندەری، توندوتیژی وەزیفی، ژنی فەرمانبەر، خێزان، کۆمەڵگە دەوڵەت"، توندوتیژی جەستەیی، توندوتیژی دەروونی، توندوتیژی سێکسی، توندوتیژی سیاسی، توندوتیژی کۆمەلایەتی، توندوتیژی تەندروستی، توندوتیژی پەروەردەیی، توندوتیژی ئابووری، توندوتیژی یاسایی، هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر ژنانی فەرمانبەر، شیکردنەوەی خشتەکان و پێشنیار و چارەسەر).

ئەم کتێبە، توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانییە لە سلێمانی و هەولێر ئەنجامدراوە، ساڵی ٢٠٠٦ و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە دووتوێی ١١٩ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بلاوکرایەوە.

**٤- کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە**

ئەم نووسینە زیاتر پەیوەستە بە ژن و میدیا، بارودۆخی ژنانی کورد لەژێر بنەمای ئاماری ڕاگەیاندنە کوردییەکانەوە تاوتوێ کراوە بە شێوازێکی دیکە کاری لەسەر کراوە. لەم کتێبەدا، ناساندن بۆ کۆی گشتی چەمکەکان کراوە لەوانە (خێزان، کۆمەڵگە، خێڵ، دەوڵەت و شەرەف)، وەک دەروازەیەک بۆچوونە نێو توژینەوەکە. هاوکات، چەند نموونەیەک لە کوشتن و لەناوبردنی ژنانی تێدا خراوەتەڕوو، کە لە پارێزگا و شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕوویانداوە و هەریەکە بە هۆکارێک کوژراون. ئەو، بەوردی باس لە کوشتنی ئافرەتان دەکا، کە بەچی شێوازێک کوژراون؟ بە فیشەک کوژراون، لەناو ئاودا خنکێندراون، بە دەست و پەت خنکێندراون یاخوود سوتێندراون، ئەڵبەتە شوێنی جوگرافی ڕووداوەکە باسکراوە و هۆکاری کوشتنەکە خراوەتەڕوو.

لەم کتێبەدا بەوردی کار لەسەر ئامارەکان کراوە، بۆ نموونە: چەند ڕووداو بەهۆی کێشەی خێزانی، تۆڵەی شەرەف، پەیوەندی خۆشەویستی، ڕەدووکەوتن و گومان ڕوویداوە. چەند کەیس لەناوەوەی شار و چەند دۆسیەی دیکە لە دەرەوەی شار ڕوویداوە.

هاوکات، تەمەنی ئافرەتی کوژراو خراوەتەڕوو و پۆلێن بەندییان بۆ کراوە و بکوژی ژنانیش دەستنیشان کراوە، بەجۆرێک لە زۆربەی ڕووداوەکان کەسانی پلە بکوژی کوژراو بووە "واتە مێرد و برا و باوک". ئاماری دەستگیرکردن و دەستگیرنەکردن و ئەنجامی بکوژانیش باسکراوە.

لەکۆتایی نووسینەکە شازدە پێشنیار لەلایەن توێژەرەوە بۆ ژنان خراوەتەڕوو و بەشێوەیەکی گشتی بە مافەکانیان ئاشنا دەکات و

ڕۆدەچێتە هۆشیارکردنەوەی خانمان. لەکۆتایی کتێبەکەشدا ژمارەیەک لە وێنەی قوربانیان بڵاوکراوەتەوە و جۆری ئەشکەنجەکەی دیاریکراوە. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان، لەدووتوێی نەوەد و هەشت لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- تۆم خۆشدەوێت، ئەی تۆ؟!**

هەموو تەمەنی مرۆڤ بەشی خۆشەویستی ناکات، کەواتە بۆچی بیر لە ڕق کینە بکەینەوە. ئەزموونەکانی ژیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بناغەی هەموو پەیوەندییەکی دروست، هەموو داهێنان و گەشەکردنەکان، هەموو تازەگەری و بوونێک، ڕەگوڕیشەی بنەڕەتی بۆ چەمکی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە.

کۆی گشتی نووسینی نێو ئەو کتێبە، پێوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، زۆر بەوردی، باسی سەرجەم ڕەهەندەکانی کراوە، لەوانە (سەرهەڵدانی خۆشەویستی، دۆخ و زمانی خۆشەویستی، خۆشەویستی و هۆگر بوون، لێکچوونی خۆشەویستی و خۆشەویستی و سێکس، خۆشەویستی وەک مافێکی مرۆڤ و بیردۆز و جۆرەکانی خۆشەویستی و پاڵنەرەکانی خۆشەویستی). ئەو باسانە بەوردی تیشکی خراوەتەسەر و شیکراوەتەوە، تەنانەت باس لە جیاوازی تەمەنی نێوان ژن و پیاوان کراوە.

هاوکات، پرسیار گەلێک لەبارەی خۆشەویستی کراوە و وەڵامی گونجاو و پێویستیشی لەبەرانبەر دانراوە، لەوانە (خۆشەویستی چۆن لەدایک دەبێ؟، ڕۆشنبیری سێکسی تاچەند گرینگە؟، گەیشتن بە خۆشەویستەکەت چی دەخوڵقێنێ؟، پێویستە کێ دەستپێشخەر بێت لە دەربڕینی وشەی خۆشەویستی؟، تا چەند جیاوازی لە شێواز و دەربڕینی خۆشەویستیدا لە نێوان ڕەگەزەکاندا جیاوازی بەخۆوە

دەبینێت؟، کرێ زیاتر گوزارشت لە خۆشەویستی دەکات؟، وشەی کەرامەت لە نێوان دوو خۆشەویستدا چی دەگەیەنێت؟، هۆکارە سەرەکییەکانی پاڵنەری خۆشەویستی چییە؟، ئەو نیشانانەی لە مرۆڤێکی خۆشەویست، یا ئاشقدا دەردەکەوێت، لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟) ئەمانە و چەندین پرسیار وەڵامی تر بوونی هەیە، بۆ بەردەوامیدان بەخۆشەویستی و مانەوە لە ژیانە سوودبەخشە.
چاپی دووەمی ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکووک، لەدووتوێی ٢٤٨ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- پێمدەڵێن!**

(چەند گۆشەیەک دەربارەی خەمەکانی ژنان)
وتووێژ و قسەکردن لەسەر کۆی کێشە و گرفتەکانی تایبەتن بە ژنان لە سەر ڕووبەری کەناڵە جۆربەجۆرەکان پانتایەکی زۆری قسەکردن و نووسینی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (بینراو، بیستراو، نووسراو) بەشێوەیەکی گشتی دەربرین و لێکدانەوەیە لەسەر کۆی قوربانییەکان، واتە ژنانێک کە بەهۆی هۆکار گەلێکی دیاریکراوەوە دووچاری کوشتن، سوتاندن، لاقەکردن، گێچەڵکردنی سێکسی، ڕەدووکەوتن و فریودان دەبن، جگە لە گشت ئەو توندوتیژییە جۆربەجۆرانەی بەگشتی خۆی لە دوو شێوەی سەرەکی جەستەیی و دەروونیدا دەبینێتەوە. ئەمە بەشێکە لە پێشەکی کتێبەکە.
ئەم کتێبە لەم باسانە پێکهاتووە و پێشتر لە ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە (وەک خۆم قبوڵم کە!، هەست بە نائارامی دەکەم!، هەموو پیاوەکان وەک یەکن!، دەگمەن هەست بە ڕەحەت بوون دەکەم!، ڕقم لە خۆم دەبێتەوە!، بەدگومانم لەمێردەکەم!، دانیشە با بێبن نەبێت!،

خۆشەویستی مێردەکەم لاواز بووە!، مێردەکەم درۆم لەگەڵ دەکات، مێردەکەم دڵی پیسە!، مێردەکەم لێم دەدات!، لە شەوی بوکێنی دەترسم!، مێردەکەم پێمدەڵێت دایکی کچان!، مێردەکەم سڵم لێ دەکاتەوە!، چێژ لە پەیوەندی سێکسی وەرناگرم، مێردەکەم هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات!، هەست بە ئازار دەکەم!، هەست بە بێزاری دەکەم!، هەست بە پێزاری هاوڕێکەم دەکەم!، مێردەکەم لە هاوڕێیەتیم تێناگات!، دەزگیرانەکەم بایەخم پێنادات!، خەسووم بۆتە کێشەی نێوانمان!، تەڵاق بۆتە چەکی فشار لەلای مێردەکەم!، پیاو سەرچاوەی چەوساندنەوەمە!، بڕیار لە چارەنووسم دەدەن!، مانگێکە یاپراخم نەخواردووە!، هەست بە مرۆڤبوونی خۆم ناکەم!، پێم دەڵێت لە چیت کەمە!، بەردەوام پەیوەندیمان لە مەترسیدایە).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان، لەدووتوێی ١٣٥ لاپەڕە حەوت سەد و پەنجا دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان**

ئەم نووسینە بەوردی وەڵامی توندوتیژی دژی ژنان و ژمارەیەک پرسیاری دیکەی جەوهەری دەداتەوە، بۆ وێنە: دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان بەتایبەتی لە شوێنەکانی کارکردندا چ مانایەک دەبەخشێ؟، خەسڵەت و شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟، ئایا دەستدرێژیکردن بە ژنان خەسڵەتێکی نێرینەیە؟، پیاوان لە کوێوە ڕەوایەتیان بەخۆیان بەخشیوە کە گێچەڵی سێکسی بە ژنان بکەن؟، هۆکارەکانی گێچەڵکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە شوێنی کاردا کامانەن؟، هەڵوێستی ژنان چییە کاتێک دەستدرێژییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت؟، هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان لە چیدا خۆی دەبینێتەوە کاتێک دەستدرێژیان پێدەکرێت، بۆچی پێیان باشترە لە

نهێنیدا بمێنێتەوە وەک ئەوەی ڕاستی مەسەلەکە بدرکێنن؟، ئایا دەستدرێژیکردن حاڵەتێکە لەئاستی تاکدا بەدیدەکرێت یان بۆتە دیاردە؟، ئاسەوار و کاریگەرییەکانی دەستدرێژکردنی سێکسی دژ بە ژنان کامانەن؟.

ئەم کتێبە، ئەم باس و تەوەرانەی لەخۆگرتووە (ناساندنی دەستدرێژی کردنی سێکسی دژ بە ژنان، مێژووی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان، شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان، هەڵوێستی ژنان کاتێک ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان سەبارەت بە دەستدرێژیکردنی سێکسی، جۆرەکانی قوربانی، هۆکارەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان، لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدراون لەسەر دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان، کێن ئەوانەی دەستریژی بە ژنان دەکەن؟، کێن ئەوانەی گێچەڵیان پێدەکرێت؟، ئاسەوار و کاریگەرییەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان، نموونەی هەمەڕەنگ تایبەت بە دیاردەکە، ئاماری دەستدرێژیکردنەکان وەک دیاردەیەکی جیهانی، ڕۆڵی یاسا تایبەت بە دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان و چارەسەر).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن دەزگای والا بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، لە دووتوێی ١٤٢ لاپەڕە پێنج دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- ڕەوشی ژنانی هەرێمی کوردستان لە نێوەندی بڕیارسازیدا**

(پڕۆژەی بنەبڕکردنی جیاکاری ڕەگەزی و توندوتیژی دژی ژنان)

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە ڕەوشی ژنانی باشووری کوردستان دەکا، لە چوار ناوەندی دەسەڵاتی تایبەت بە ئامارەکانی ژنان لە سەرجەم (خولەکانی پەرلەمانی کوردستان، کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەکانی پێنج حزبی سیاسی و دەسەڵاتی

دادوەریدا)، پرۆژەیەکە بۆ بنەبڕکردنی جیاکاری ڕەگەزی و توندوتیژی دژی ژنـــان، لەلایەن ڕێکخـــراوی خەڵـــک بـــۆ گەشـــەپێدان و PDO، بە پاڵپشتی ڕێکخراوەی هاریکاری میللەتی نەرویج NPA ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لەم باسانە پێکهاتووە ( پرۆسەی بەشداریکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەی بڕیارسازی لە هەرێمی کوردستان، هۆکارەکانی ڕێگرن بۆ بەشداری ژنان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، دەسەڵاتی یاسادانان و ڕێژەی ژنان لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕێژەی ژنان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کورتە مێژوویەک دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کورتەیەک سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کورتە مێژوویەک سەبارەت حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، دۆخی ژنان لە نێوەندی جزبە سیاسیەکان، ئامارەکانی تایبەتن بە دۆخی ژنان لە ناو حزبە سیاسییەکاندا، کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دادگای تێهەڵچوونەوە). هەروەها بەراوردکاریی لەنێوان خولەکانی پەرلەماندا کراوە و لەڕێگەی خشتە و داتا ڕێژەی ژن و پیاو لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دانراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕووی داتای ژنان و پیاوان لە سەرجەم ناوەندەکاندا.

ئەم نووسینە وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەچوارچێوەی کتێبەکەدا، لەتەک نووسینە کوردییەکە دانراوە و خراوەتە بەردەستی خوێنەران.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان، لە دووتوێی ١٦٥ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- بەشداری سیاسی ژن لە باشووری کوردستان**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە چوار نێوەندی جیای دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان، لەوانە دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی خۆجێی بە نموونە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، پارێزگا و قائمقامەکان)، دەسەڵاتی دادوەری و هەندێ لە حیزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان، لەوانە پێنج حیزبی سەرەکی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە وەرگیراون کە لە ئێستادا زیاتر کاریگەریان هەیە لە پێکهاتەی سستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا و بەپێی دواین هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەنگیان هێناوە و بەشدارن لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بریتین لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان). لێرەدا نێوی سەرجەم ژنانی بەشدار لەم نێوەندەدا بەپێی سالانی هەڵبژاردن و ناوی سەرجەم ژنانی قائمقام لە هەرێمی کوردستاندا لایەنێکی تری زانیارییەکانە.

ئەم کتێبە، تایبەتە بە بوونی ژنان لە نێو کایە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کە لەم بەشانە پێکهاتووە، (پوختەیەک دەربارەی هەرێمی کوردستان، پێناسەی چەمکەکان، پڕۆسەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە هەرێمی کوردستان، مێژووی کۆتا و سەرهەڵدانی، کورتە مێژوویەک تایبەت بە بەشداری ژنان لە دەسەڵات، بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە وڵاتانی جیهان، هۆکارەکانی ڕێگرتن بۆ بەشداری ژنان لە پڕۆسەی بڕیارسازی، کورتە مێژوویەک تایبەت بە سستەمی سیاسی و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی یاسادانان و ڕێژەی

ژنان لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێـژەی ژنـان، کـورتە مێـژوویەک دەربـارەی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کورتەیەک سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کورتە مێژوویەک سەبارەت بە حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، مێژووی پارتە سیاسیەکان لە کوردستان، دۆخی ژنان لە نێوەندی حیزبە سیاسیەکان، ئامارەکانی تایبەت بە دۆخی ژنان لە ناو حیزبە سیاسییەکان، دۆخی ژنان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی دواکۆنگرەی پارتە سیاسییەکان، کورتەکی مێژوویی دەربارەی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دادگای تێهەڵچوونەوە).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٦ لەدووتوێی ٢٥٠ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**١٠- خودناسی و ئەویترناسی**

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەڵێ: هەموومان مرۆڤین بەڵام جیاواز لە یەکتری، جیاواز لە ڕەگەز، نەتەوە، ئاین، ڕەنگ، دەنگ، شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردن، ئەگەرچی خوودی هەریەک لەو جیاوازیانە جیاوازی سروشتین، بەڵام گرنگە بزانین لەگەڵ بوونی جیاوازییەکاندا چەندە کار لەسەر دۆزینەوە و کارکردن دەکەین بۆ یەکبوون و یەکگرتنمان لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان لە پێناو خزمەتکردنەوە بە خوودی مرۆڤەکان کە دەرئەنجام ڕەوڕەوەی گەشەکردنەکان و پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵی لێ بەرهەم هات... مامەڵە کردن و ڕەفتار کردنی خودی مرۆڤەکان بۆ کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان وەلانانی خاڵە جیاوازەکانی نێوانمان پێویستی بە هۆشمەندی و چەندین بیروباوەڕی مرۆیی هەیە بەشێوەیە خوودی ئەو

بیروباوەڕوانە لە ڕەهەندی تیۆرییەوە دەربچن بۆ کردەیی واتە ببنە شێوازی ژیان و لە گوفتار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانماندا بەرجەستە ببێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت، چونکە دواجار ئێمەی مرۆڤ  بە خاڵە جیاوازەکانمانەوە جوانین.

ئەم نووسینە لەم باسانە پێکهاتووە، (خودناسی و ئەویترناسی، کێ لە سەروو خودی مرۆڤەوەیە؟، تێڕامان لەمەڕ ئەخلاق، کار و ئاکار وەک دوو وشەی تەواوکەر، ڕۆڵی پەروەردە لە بونیادی مرۆڤەکاندا، ئەو مرۆڤانە پێیان وایە گەورەن!، مرۆڤ لەنێوان بەهێزی و لاوازیدا، مرۆڤ لە نێوان قسە و کرداردا، ئەقڵیەتەکان لە نێوەندی پەروەردەی جیاوازدا، هەستەکان لەنێوان خۆشەویستی و خاوەنداریێتیدا!، مرۆڤەکان لەنێوان دوو جۆر ئازاردا، ڕەهەندەکانی ئازادی، کامیان لە پێشترە ئینتیما بۆ نیشتیمان یا بۆ حزب؟، کاری خۆبەخشی وەک کلتورێکی کۆمەڵگەیی، دەستدرێژیکردنە سەر ژنان تا چەند تاوانە؟!، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان، هەشتی مارس و پەیامێک بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕاستکردنەوەی تێڕوانینێک، دەسەلات لە نێوان حکومەت و حیزبدا، حزبە سیاسیەکان تاچەند کاریگەرن؟، هەڕەشەکردن وەک ئامرازێکی خەفەکردنی ئامانجەکان، هێزی سیاسی لە نێوەندی توندوتیژییەکاندا، ڕۆڵی زانست و چەواشەکردنی ڕاستییەکان، ڕۆڵی تەکنۆکرات لە فەرمانڕەوایەتیدا!، ڕۆڵی زانکۆکان لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی کۆمەڵدا، سیکۆلار و ڕۆڵی لە کۆمەڵی کوردیدا، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (وەرە پێشەوە-LEAN IN)، ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەرخستنی شارستانیەتدا، گرنگی بەها کۆمەلایەتییەکان لە ژیانی مرۆڤدا و وێنای ژن لە ماڵپەڕی کوردیدا).

ئەم کتێبە لەدووتوێی (١٤٠) لاپەڕە ئامادەی چاپکردنە.

## وەرگێڕان

### ١١- بەشداریکردنی سیاسی ژنان

بەدرێژایی مێژوو لە سەرتاسەری جیهاندا پرس و پێگەی ژنان تێڕوانین و لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ کراوە، هەمیشە ژنان نالاندوویانە بەدەست کۆی ئەو جیاوازی و نابەرابەری و جیاکاریانەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەکاندا بوونیان هەبووە و یارمەتیدەر بووە بۆ نزمیی و پەراوێزی بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتیدا. بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا جگە لەوەی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە نوێکردنەوە و گەشەپێدان و پەرەپێدانی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بەو پێیەی مافی گشت هاوڵاتییەکە سەبارەت بە پیادەکردنی ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی هاوکاریکردنیان لەوەرگرتنی بڕیارەکان و کارگەریان لەسەر کاروبارەکانی بەرپرسیان و بڕیارەکانیان. سەرەتای کتێبەکە بەم باسە دەستپێکردووە.

ئەم وەرگێڕانە ژمارەیەک وتاری گرنگی تایبەت بە ژنان تێدایە، لەوانە (بەشداریکردنی سیاسی، بەشداریکردنی ئابووری، بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی، شێواز و ئاستەکانی بەشداریکردن، ڕادەی بەشداریکردنی سیاسی، خەسڵەتەکانی بەشداریکردنی سیاسی، پاڵنەرەکانی بەشداریکردن، دەستنیشانکەرەکانی بەشداریکردنی سیاسی، پێداویستییەکانی بەشداریکردنی سیاسی چالاکانە، ئاسەوارە باشەکانی بەشداریکردنی سیاسی، ڕۆڵی بەشداریکردنی سیاسی لە پەرەسەندندا، بەشداریکردن لە نێوان رۆشنبیریی و پەروەردەکردندا، کێشەی ناسنامە، پرۆسەی پەروەردەکردنی سیاسی، قۆناغەکانی پەروەردەکردنی سیاسی، ئامرازەکانی پەروەردەکردنی سیاسی، سیستەمەکانی کۆتا و چالاککردنی بەشداریکردنی سیاسی ژنان، هەڵوێستە لایەنگرەکانی کۆتا، هەڵوێستەکانی دژ بە کۆتا، ئایا جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر بەشداریکردنی سیاسی ژنان؟، ڕۆڵی

حیزبە سیاسییەکان لە پشتیوانی بەشداریکردنی سیاسی ژناندا، ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان و ڕۆڵی ئامرازەکانی پێکگەیشتن).
هاوکات، چەند باسێکی دیکەی تایبەت بە لاوان و بەشداریکردنیان لە سیاسەتدا بوونی هەیە، لەوانە (ڕۆڵی لاوان لە بەشداریکردنی سیاسیدا، خەسڵەتەکانی قۆناغی لاوێتی، پێداویستییەکانی لاوان، کۆڵەگەکانی بەشداریکردنی کاریگەریانەی لاوان، گوزارشتکردن لە بەشداریکردن وەک ئەرکێکی ئاینی).
ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی عەرەبییە و لەلایەن کنێر عەبدوڵلا وەرگێرداوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان، لە دووتوێی ١٢٦ لاپەڕە حەوت سەد پەنجا دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٢- کاتێک تەنیایی سەپێنراو روو لە ژن دەکات**

لەسەرەتای کتێبەکەدا نووسراوە، زۆرن ئەو پیاوانەی لە ساتەوەختێکی توڕەبوون و هەڵچووندا گشت ڕق و کینەکانیان لە ووشەیەکدا بەتاڵ دەکەنەوە و هەمیشە تەڵاق دەکەنە چەکێک هەر کات بیانەوێ بێ هیچ لێکدانەوەک بەڕووی ژنەکانیاندا دەیتەقێنن، ئیدی ژنانیش بەخەم و ئازار و بێهواییەکی زۆرەوە ڕووە ڕووە و ماڵی باوان هەنگاو دەنێن و ژیانێکی پڕ خەم و ناخۆشی دەگوزەرێنن، دەکەونە بە شاڵاوی باوک و برا و دایک و کەسوکارەوە، بەدەر لەوەی کۆمەڵگەش بێڕەحمانە تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکات و حوکمی بێبەزەییانەیان بەسەردا دەدات، پیاوانیش بێ هیچ سڵەمینەوەیەک دەگەڕێنەوە بۆ خاڵی سەرەتا و بیرکردنەوە لە ژیانێکی نوێ، لەو نێوەندەدا منداڵان دەبنە قوربانی نێوان هەردوولا.
ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بەناونیشانی بارودۆخی ژنانی تەڵاقدراو، ئەم باسانەی تێدایە (تەڵاق وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، تەڵاقدراو وەک عەیبەیەکی کۆمەڵایەتی؟!، تەڵاقدراو بێ پشتیوانە!!، هۆکارەکانی تەڵاق، پلانی دەربازبوون، فاکتەری جۆراوجۆر،

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، قەیرانی ئابووری، کاریگەرییەکانی تەڵاق، کاریگەری تەڵاق لەسەر ژنان، کاریگەری تەڵاق لەسەر پیاوان، کاریگەری تەڵاق لەسەر منداڵ، کاریگەری تەڵاق لەسەر کۆمەڵگە، چارەسەری بابەتیانە بۆ دیاردەی تەڵاق، بێوەژن و حوکمی کۆمەڵگە، فشارە دەروونییەکان و تیڕوانینی کۆمەڵگە). بەشی دووەم بە ناونیشانی بێوەژنانی جەنگ، ئەم باسانەی تێدایە (کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بێوەژن، لەدەستدانی هاوەڵ (دۆست)، ئەو کێشانەی بێوەژنان پێوەی گیرۆدەن، ئەو دژوارییانەی ڕووبەڕووی بێوەژنانی جەنگ دەبێتەوە و هەڵوێست وەرگرتن لە هاوسەرێتی دووەم).

ئەم کتێبە لە ژمارەیەک بابەتی عەرەبی پێکهاتووە و کنێر عەبدوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەشی کاروباری کچان و ژنانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک)، لە دووتوێی هەشتا و حەوت لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٣- ژن و توندوتیژی**

نووسەر، لە باسی توندوتیژی دژ بە ژنان، لەسەرەتادا دەڵێ: توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەر بناغەی ڕەگەز لەسەر ئاستی جیهاندا پیادە دەکرێت و لە کۆمەڵگەیەوە بۆ یەکێکی دیکە ناگۆڕێت تەنیا لە چوارچێوەکەیدا نەبێت، مێرد و باوک و نێرینەکانی دیکە بەشێکی زۆری توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان پیادە دەکەن و دەشێت ماڵ بە مەترسیدارترین شوێن دابنرێت بۆ ژنان جگە لە وەی ژن لە دەرەوەی خێزانەکەیدا بە کردارەکانی توندوتیژییەوە دەناڵێین لە ڕووی فرە شێوازی و ئاستەکانەوە کە پیاوانێک بەرامبەریان دەکەن هیچ نزیکبوونەوەیەکی خزمایەتیان نییە لەگەڵیاندا، تەنیا لە ڕوانگەی هەستکردنەوەیە بە سەرکەوتنی پیاوەتی، هەروەها ژنان لە دەرەوەی ماڵەکانیاندا دووچاری توندوتیژی و زارەکیی، دەروونیی، جەستەیی و سێکسی دەبنەوە و هەر لە قسەی ناخۆش و گێچەڵ پێکردن تا کۆتایهاتن بە لاقەکردن، جگە

لەوەی لە شوێنی کارەکانیاندا دەچێتە ژێر باری مەترسی و هەڕەشە و تەنگ پێهەڵچنینی بەردەوامە و لەلایەن لێپرسراوان و بەڕادەرانییەوە (توندوتیژی گشتی).
ئەم وەرگێڕانە، تایبەتە بە توندوتیژی دژی ژنان، کە لەم باسانە پێکهاتووە، (توندوتیژی دژ بە ژنان، توندوتیژی دژی بە ژنان-هۆکار و چارەسەر-، نەخۆشی سەدەی ئێستا: توندوتیژی دژ بە ژنان، ئابڕوچوونە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، ژنان و توندوتیژییەکانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە -مرۆڤ وەک فەڕش وایە چەند بەسەریدا بڕۆیت ڕەونەقتر دەبێت-، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و توندوتیژی خێزایی، گیچەڵپێکردنی سێکسی دژ بە ژنان، ڕێبەری مەشقکردن بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی و توندوتیژی خوێندنگەیی).
ئەم کتێبە "کتێبی گیرفان" لە ژمارەیەک بابەتی عەرەبی پێکهاتووە و کنێر عەبدوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەدووتوێی ٢١٣ لاپەڕە حەوت سەد و چەنجا دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٤- توندوتیژی دژ بە ژنان**

(میسر، ئۆردون، سوریا، لوبنان، فەلەستین)
بابەتەکانی ئەم کتێبە سەرگوزەشتە و دیاردەی توندوتیژی لە وڵاتانی (میسر، ئۆردون، سوریا، لوبنان، فەلەستین) دەخاتەڕوو، بەمەبەستی ئاشنابوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بەچەمکی توندوتیژی و جۆرەکانی و ئاسەوار و کاریگەرەکانی بەسەر ژنانەوە، کتێبەکە وەرگێڕدراوە.
بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوتووە، ئەو توندوتیژیانەی لە گشت وڵاتەکاندا ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە لەسەر یەک ئاستدا نییە، بەڵکو بەپێی جیاوازی کۆمەڵگە، ژینگە، داب و نەریت و تەنانەت یاساکانیش شێوازەکانی توندوتیژی دژی بە ژنان جیاوازی بەخۆوە دەبینێت، بۆیە دەتوانرێت بوترێت بە گشتی هۆکارەکانی

توندوتیژی دەرئەنجامی کۆی ئەو ناوەندانەیە کە مرۆڤە کان پیایدا تێدەپەڕن و ڕۆژانە لەسەرجەم ناوەندە جۆربەجۆرەکاندا بەڕێژە و شێوازی جۆربەجۆر ژنان دووچاری کۆی جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە کە بەپێی جۆری کەسایەتیی و باری کۆمەڵایەتی و ژینگەی پەروەردەکردن و قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوە و کاریگەر و ئاسەواری جیاواز بەسەر ژناندا جێدەهێڵێت.

ئەم لێکۆڵینەوە، ئەم باسانەی تێدایە (چەمکی توندوتیژی دژن بە ژنان، توانا نێو دەوڵەتییەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئاسەوارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیهانی عەرەبیدا، بارودۆخی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا "میسر، ئۆردون، سوریا، لوبنان، فەلەستین"، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا، ژنان و یاساکانی باری کەسێتی لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکاندا).

ئەم کتێبە "کتێبی گیرفان" لەلایەن دوکتۆرە هەیڤا ئەبوغەزالە نووسراوە و کنێر عەبدوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەدووتوێی ١١٤ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**وتەیەک**

بەڕای من لایەنە باشەکانی ئەم کتێبە لە چەند مەودایەکەوە خۆی دەبینێتەوە، لەوانە خودی بیرکردنەوە و کارکردن بۆ دەرخستنی زیاتری نوسەرانی ژنانی کورد لە لایەن رەگەزی پیاوەوە، ئەم دەربڕینە بەو مانایە نییە کە پێچەوانەکەی راست نەبێ، بەڵام خودی ماندوبوونی کاک زامدار بەم بەرهەمەوە بەهەر هۆکارێک بێت کە تایبەتمەندە بە قەڵەمی ژنانی کورد من وەک مرۆڤێک بە هەنگاوێکی بوێرانە و بەرز ناوزەندی دەکەم بەتایبەت لەم دۆخەدا کە بوونی ململانێی نێوان

ئەقڵیەتەکان هەیە، لە کۆمەڵێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە تا ئێستا ئەقڵیەتی پیاو سالاری تێیدا زاڵە و خەباتی ژنان پێویستی بە تێگەیشتن و هەوڵی هەمەلایەنە هەیە بە ئەندازەیەک تا ئێستا لە لایەن خودی ژنان و پیاوانیشەوە گرفتی زۆری تێگەیشتنەکان هەیە لە رووی جۆری پەیوەندییە مرۆییەکان و مامەڵەکردن بە رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانە، بۆیە ئەم هەنگاوە کردارییە زۆر راستی ترمان بۆ دەردەخات بەوەی خەباتی ژنان ئەگەرچی فرە بوار و فرەمەودایە، بەڵام کارکردن و ماندوبوونی هەردوو رەگەزی پێویستە گەر لە روانگەی مرۆڤبوونەوە تەماشای مێژوو و واقع و ئەزموونەکان بکرێت.

ئەمە وێرای کەمیی ناسین و نەگەیشتنی بڵاوکراوەکانی نوسەرانی ژنانی کوردو لاوازی پەیوەندییەکان لە ئاست جیهاندا بەهۆی کۆمەڵە فاکتەرێکی جۆراوجۆرەوە کە زۆر جار لەمیانەی سەفەرەکانم بۆ وولاتانی دیکە زیاتر هەستم بەو بۆشاییە کردووە.

بەو هیوایەی ئەم سەرچاوەیە ببێتە هەنگاوێکی جدی و دەروازەیەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و سەرەتایەکی نوێ بۆ درێژەدان بە کاری هاوشێوەی تر، هەروەها ئومێدەوارم کە ئەم کتێبە نەک تەنها بە زمانی کوردی، بەڵکو لایەنی کەم بە زمانی ئینگلیزیش بڵاو بکرێتەوە کە دەشێت یەکێک بێت لە کەموکورتییەکانی کارەکە، وێرای هیوای دەستخۆشی و بەردەوامیم بۆ کاکە زامدار کە زۆر پشوو درێژانە کاری لەم بەرهەمەدا کرد، نموونەی زۆر بێت.

کنێر عەبدوڵڵا

هەشتی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦

kner_abdullah@yahoo.com

# گەلاوێژ خان



## گەلاوێژ خان

گەلاوێژ ساڵح فەتاح، ناسراو بە گەلاوێژخـــان، خێزانـــی مافناس و پارێزەر و ئەدیب و ڕۆماننووســی کــۆچ کــردوو مامۆســتا بــرایم ئەحــمەدە، ساڵی ١٩٣٠ لە موسڵ لەدایک بووە. باوکی خەڵکی زاخۆیە و لەعەشــیرەتی (قــۆچەبەگیی) بــووە، لەبنەڕەتــدا دەگەڕێــنەوە بــۆ بــاکووری کوردســتان (باشــووری خۆرهەڵاتی تورکیا).

لەسەرەتادا ئەم ژنە نووسەر و تێکۆشەرە ناوی گەلاوێژی لێ نەنراوە، بەڵکو نـاوی نـراوە (سـاجیدە) واتە ئەو خـانمەی سـەجدە (کـورد دەڵێت سوجدە) دەبات. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوە عەرەبییە، کە گوزارشتە لەکەسێک جۆرێک لە پەرستش بکات و بۆ پیاو (ساجد) بەکاردەهێنرێت، بـۆ ئەو شــەو و شــوێنە دەگەڕێـتەوە کەخاتوونەکەمـانی تێـدا هــاتۆتە دونیاوە. گەلاوێژ ساڵی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ژیانی هاوبەش لەگەڵ مامۆسـتا بـرایم ئەحـمەد پێکدەهێنێ دواتـر و لەدوای پێکهێنـانی لەســەر داخوازی هاوژینەکەی ناوی دەگۆڕن بۆ گەلاوێژ.

نووسەر، لەنێو خانەوادەیەکی خوێندەوار و پەرۆش بۆ پێگەیاندنی کوڕ و کچەکانیان لەدایک بووە و گەورە بووە. نووسـەر لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵــێ: "خوێنـدنمان بـاش بـوو مەکـتەبەکە (سـەرەتایی) لەخـانوویەکی گەورەدابوو، دواتر مەکتەبێکیان دروست کرد مامۆستای باشی تێدابوو، مامۆستایەکی لێ بوو ناوی سەبرییە بوو خۆی و دایکی لەوێ بوون و

ژووریکیان پێدابوون بۆنیشتەجێ بوون، ئینجا زۆر ڕوو خۆش بوو زوو زوو سەیری سەعاتەکەی دەکرد و دەیوت ئادەی بڕۆ بەدایکم بڵێ وەختی برنجەکەیە". وەک یادگارییەکی خۆشی کاتی خوێندنی وانەکانی دەیگێڕێتەوە. ناوبراو، تاپۆلی یەکی ناوەندیی خوێندووە، چونکە لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. زۆربەی ژیانی لەنێو خەبات و شۆڕشی کوردیدا بەسەر بردووە.

نووسەر، زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، هیندی) و زمانی کوردی دایک بەباشی دەزانێت. لەبارەی نووسینەوە دەڵێ: "لەنووسیندا حەزدەکەم زۆر بە سادەیی بنووسم تاکو هەموو کەسێک لێم تێبگات، نەک وەک نووسەرەکانی ئەمڕۆ کە خۆشیان نازانن دەڵێن چی؟" ئەو، باوەڕیوایە خوێندەواریی هەر بەتەنیا واتای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و پسپۆڕی لە پسپۆڕە ورد و گەورەدا نییە، بەڵکو دەکرێت بوترێت ئادگارەکانی خوێندەواریی بریتیین لەبەهرەمەندبوون و بەرهەمداریی لەنووسین و خوێندنەوە و زمانزانیندا لەپاڵ بەهێزکردنی کەسایەتیی و خۆپێگەیاندن و ناسینی ئەرک و مافەکان و بەشداریی چالاک لەکایەکانی ژیاندا. لەم سۆنگەیەشەوە ئەم خانمە پێشەنگە ڕێچکە شکێنێکی تر و هەڵکەوتوویەکی تری نێو کۆمەڵی کوردەوارییە و نموونەیەکە بۆ زۆر لە ژنانی کورد.

نووسەر، لەماوەی چەند ساڵی نووسیندا، ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە (بەرەو ئەشکەوتی دلێران-سێ بەشە، دایک وکوڕ، بوکی ئاتەخان، ، ڕێبوارێکی سەرگەردان، کارەکەر، لەسەر باڵی سیمرخ، گەشتی کوردستان، ئەفسانەی گەلی ناوگردان، سێ چیرۆک بۆ مێردمنداڵان، بیرەوەرییە هەرگیز لە بیر نەکراوەکانی من، پەرەندەی ئیداری، اوراق من السیره الذاتیه و العالم غابة)، هاوکات هەریەک لە کتێبەکانی (بووکی

ئاتەخان، سێ کورتە چیرۆک بۆ مێرد منداڵان، ڕێبوارێکی سەرگەردان، ئەفسانەی کەلی ناوگردان، بەرەو ئەشکەوتی دلێران) وەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

**نووسین**

**کتێبە کوردییەکان**

**١- بووکی ئاتەخان**

یەکێکە لە بەرهەمە چیرۆکییەکانی گەلاوێژ، زیاتر چیرۆکێکی خێزانی هاوڕێیانەیە، چەندین پرسی جیاجیای وروژاندووە و ڕۆچۆتە نێو کرۆکی بابەتەکان. چیرۆکەکە، بەم شێوەیە دەست پێدەکا: ئاتەخان، پیاڵە چایەکی بە دوو قووم تەواو کرد و بە پەرۆشی و هەڵەداوانەوە خۆی گەیاندە سەر پێپلیکەکان، کە هێشتا پەخشانی کچی نەگەیشتبووە نیوەی بە گەرمی و هەر وەک پاڕانەوە هاواری کردە کچەکەی و گوتی:

- ئا ڕاوەستە پەشە گیان لە دەورت گەڕێم. بیرم نەبوو توخوا ناوی مەلیحەی ئامۆزاشمی تێبخە.
- پەخشان ڕاوەستا و سەیرێکی پارچە کاغەزەکەی دەستی کرد و بەسەرسووڕمانێکەوە گوتی:
- ئەرێ بەڕاست دایە گیان ئەمە تۆ چی دەکەیت و نیازت چییە؟ بەم حیسابەی تۆ شەش-حەوت قەمەرەش بەشمان ناکات. قابیلە هەرچی خزم و ئاشنا هەیە هەموویان هەر ئەبێت بێن.

ئاتەخان دیسانەوە وەک پاڕانەوە گوتی:

- توخوا ڕۆڵە گیان مەلیح گوناحە، ئێستا دڵی بەخۆی دەسوتێت و ئەڵێت ئەوە، چونکە فەقیرم و حاڵم باش نییە. وەکو ئەوانی تر بۆیە منیان نەبرد.

ئەم چیرۆکی ئاتە خانە، بەمشێوەیە درێژەی هەیە و سەرگوزەشتەی گەنجێکی کوردستان ڕوونکراوەتەوە کە ژیانی هاوژینی لەگەڵ خانمێکی ئەوروپی پێکهێناوە و شەوانە سەرقاڵی خواردنەوەی نیو قەپات شەڕابە. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٥ لە لەندەن نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ١٤٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ئەڵبەتە، ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن عەبدولکەریم شێخانی وەرگێڕدراوەتە سە زمانی عەرەبی.

**٢- بەرەو ئەشکەوتی دلێران**

بەرەو ئەشکەوتی دلێران، ڕۆمانێکی دوو بەرگییە، تەواوی نووسینەکە باسی بارودۆخی باشووری کوردستانە، بە زمانێکی تایبەت نووسراوە، کەژ و کێو و ئەشکەوتی پێشمەرگەکانی کوردستانی زۆر بە وردی باسکراوە.

نووسەر، لەم ڕۆمانەدا باس لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات و شێواز و چۆنیەتی دەستپێکی بزوتنەوەکە و سەرهەڵدانەکەی بەوردی شیکردۆتەوە، باس لە هەستی نەتەوایەتی کوردانی ئەوسا دەکا، کە بە چ ئیرادە و ورە و هێزێکی پۆڵایینەوە دەستیان کردووە بە چالاکی و بەهەموو شێوەیەک تەنانەت بە مەرگی خۆشیان بێ ئامادەیی قوربانیدانیان بۆ کوردستان هەبووە و هەمیشە دەست لەسەر سینگ لە خزمەتی کورددا وەستاون.

لەبەرئەوەی نووسەر لەنێو بنەماڵەیەکی سیاسیدا بووە، وردتر ئاگاداری تەواوی زانیاری و ڕووداوەکان بووە، بەشێک لە بەرەو ئەشکەوتی دلێران باسی بنەماڵەی خۆیان دەکا، وەک کارەکتەری سەرەکی سەردەمێکی سەدەی ڕابردوو، هەروەها باسی تەواوی ڕووداوەکانی ڕابردوو و تەنگ و چەڵەمەی ژیان و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی پێشمەرگە و ئاوارەبوون و دەربەدەری و خەباتکردنی کردووە.

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٦ لەدووتوێی ٢٤٠ لاپەڕە، لە لەندەن نووسراوە. بەرگی دووەمی هەمان کتێب لەدووتوێی ١٥٨ لاپەڕە نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ تەواوی نووسینەکانی بەیەکەوە بڵاوکرایەوە. ئەڵبەتە، تەواوی نووسینەکانی ئەم کتێبە لەلایەن کەمال حوسێن غەمبار تەرجەمەی زمانی عەرەبی کراوە.

**٣- دایک و کوڕ**

چیرۆکی دایک کوڕ، یەکێکی دیکەیە لە چیرۆکەکانی گەلاوێژ، ئەم چیرۆکەش، سەربوردەی سەردەمی پێشووی تێدا نووسراوە، زیاتر باسی دایک و کوڕ دەکا.

نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەڵێ: "چیرۆکی دایک و کوڕ هەندێ لە ژیانی چەند کوردێکی خەباتکەری دەوری پاشایەتیی کۆنەپەرستی پێشووی عێراق پیشان دەدات. ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوسا لە چاو زوڵم و زۆر وەک کوشتنی هەزاران خەڵکی بێگوناهی کوردستان بە چەکی کیمیایی و تەختکردن و سووتاندنی سەدان گوند و دێهات و گواستنەوەی سەدان هەزار مناڵ و پیر و ژن و پیاو لە نیشتیمانی چەند هەزار ساڵەیانەوە بۆ چۆڵ و بیابان و شوێنی نادیار، بێسەروشوێنکردن، بەبێ جلوبەرگ، بەبێ نان و بەبێ نوێن کە لە دەوری هیچ یەکێک لە دیکتاتۆرە هەرە دڕندە خوێنڕێژە بەدناوەکانی مێژووی تازە و کۆن ڕووی نەداوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوسا (سەیران) بووە لە چاو ڕژێمی ئێستەی سەددامدا.

ئەم چیرۆکە، ژیان ڕۆژانەی نێوان دایک و کوڕی تێدایە، ئەو کوڕانەی زیاتر خەباتدەکەن و لەپێناو کورد و کوردستان تێدەکۆشن.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٧ لە لەندەن نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ١٢٤ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- کارەکەر**

کارەکـە، لـەژێر نـاوی ڕۆمانـدا نووسـراوە، ئـەم ڕۆمانـە وێنـای ژیـانی کارەکەر نیشان دەدا، ژیان و گوزەرانی کارەکەر دەخاتەڕوو، ڕووداو و پێشهاتەکانی ڕووبەڕووی کارەکەر دەبێتەوە، لەو ڕۆمانەدا بوونی هەیە. کارەکـەر لـەنێوان ژن و پیـاو، کوڕ و کچـی ئـەو ماڵـەی کارەکـەری تێدا دەکا، چۆنە و چی بەسەردێ و ئاواتی چی دەخوازێ.

نووسەر، بـەم شـێوەیە دەسـت بـە نووسـینی ڕۆمانەکـەی دەکـا: "هەسـتە دایکەکەم دەی، درەنگە:

گوڵە جوڵایەوە و خۆی هەڵگێڕایەوە سەر لایەکەی تری، پێخەوەکەی بـە چاکی لە خۆی ئاڵاندووە و خۆی گرمۆڵە کرد، بەتایبـەتی کـە دونیا زۆر سـارد بـوو و خەوەکـەی زۆر خـۆش بـوو، لەبـەر ئـەوە هـەر گـورج نوستەوە، وای زانـی ئـەو دەنگ و قسـەیە خـەوە. ئەوەنـدەی پـێ نـەچوو مەلیحـە خـان لـە دەموچاوشـتن هاتـەوە، هێشـتا بـە تـەواوی خـۆی کـۆ نەکردبووەوە و خەریکی قۆڵ و فەقیانەکانی بوو کە کردی بە ژوورەکدا و ئەم جارە بە دەنگێکی بەرزتر گوتی: ئەیەڕۆ ئەوە هەڵنەستاوی؟

ئـەم ڕۆمانـە لـە درێـژەدان بـە بـارودۆخی کارەکـەری دەدا، لەکۆتاییـدا کارەکەر لەو ماڵەی کارەکەری تێدا دەکا دەڕوا و ئاوا دەبێت.

ئـەم کتێبـە سـاڵی ١٩٨٧ لـە لەنـدەن نووسـراوە، سـاڵی ٢٠١٨ لـەدووتوێی ١٠٥ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- ڕێبوارێکی سەرگەردان**

ئـەم بەرهەمـە چیرۆکییـەی نـاوبراو، هاوشـێوەی زۆرینـەی چیرۆکـەکانی دیکەیە، کە هەڵقوڵاوی ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سـەدەی ڕابردووە، وێنـای ئـەو سـەردەمە دەکـا، کـە کـورد خـەبات و تێکۆشـانی کـردووە،

لەبەرانبەردا کەسوکاری پێشمەرگە و خەباتکاران لە چ دۆخێکی ناخۆشی ژیاندا ژیاون.

ناوبراو، لە پێشەکی کتێبەکەیدا، دەڵێ: نووسینەکەم سادە و خۆماڵییە، چونکە بە ڕاستی من حەز لە جۆرە نووسینێک دەکەم کە فاتە و خەجێ و ئاتول و حەبێ و قالە و حەمەعەلی و کەسانی وەک ئەوان لێی تێ بگەن.

چیرۆکی ڕێبوارێکی سەرگەردان، بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "بە هەناسەبڕکێ و خێرایی، بە هەنگاوی وەک ڕاکردن، خۆی ئاخنییە ناو ئەو خەڵکەی لە ئێستگەی شەمەنەفەرەکە ڕاوەستابوون. دڵی وا پەلەپەلی دەکرد دەتگو ئێستە سنگی شەق دەکا و دەردەپەڕێتە دەرەوە. بە دەست و پەنجەیەکی تەزیوی لەرزۆک عەباکەی توند توند لە لەشە ماندووەکەیەوە پێچابوو و وا گرتبووی، دەتگوت ئەو عەبایە ببوو بە هەموو کەسێکی و وا خۆی خستووەتە پەنا و ژێر سایەی تاوەکوو بیپارێزێت.

بەدرێژایی چیرۆکەکە چەند سەرگوزەشتە و ئەزموونکردەی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو باس دەکات.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٩ لەلەندەن نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ١٦٧ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە لەلایەن عەبدولکەریم شێخانی تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبی کراوە.

**٦- پایز و بەهاری خونچە**

ئەم چیرۆکەش هاوشێوەی چیرۆکەکانی دیکە، لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەرچاوە گرتووە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان پێشمەرگایەتییەوە هەیە. چیرۆکەکانی نووسەر زیاتر وابەستەیە بە

سەدەی پێشوو و ساڵانی پەنجا و شەشت و حەفتاکان، چونکە نووسەر لەو سەردەمەدا لەنێو ڕووداوەکاندا بووە و لە نزیکەوە ئاگادار بووە.
نووسەر بەم شێوەیە چیرۆکەکەی دەست پێدەکا:

- وای ماڵی باوکت کاول بێت کە جوانی! بە ڕاست ئەم کچە کێیە؟
- پەنا بەخوا ئەمە چییە! ئەڵێی خوا بە قوربانی بم بە قەڵەم دروستی کردووە!
- کورە هەتیو بۆ کوێ ئەچیت، تۆ جارێ وەرە سەیرکە خوا چیی دروست کردووە، ئینجا بڵێ ئیشم هەیە!

ئەم قسە و باسانە و گەلێ قسەی زیاتریش لەو شوێنە ئەکران و ئەبیستران کە خونچەی لێ بوایە.
لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کورە دەستگیرکراوەکان لەلایەن دادوەرەوە ئازاد دەکرێن و بڕیاری زیندانی کردنیان بەسەردا ناسەپێ.
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩١ نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ١٥٧ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- گەشتی کوردستان**

گەشتی کوردستان، بەرهەمێکی دیکەی چیرۆکی گەلاوێژە، چیرۆکەکە باسی سەردەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەکات، کە شەڕ و ناخۆشی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەبووە و خەڵک بەم ئازارەوە ناڵاندوویانە.

لەو سەروبەندەدا، خانەوادەیەکی کورد لە ئەورووپاوە دەیانەوێ بگەڕێنەوە کوردستان، لەبەشێکی چیرۆکەکە بەمشێوەیە باسی گەڕانەوە بۆ کوردستان دەکات: ئاسکەخان و مێرد و منداڵیان لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بەدیار کۆڵ و بارو جانتاکانیانەوە ڕاوەستابوون، تاوەکو جانتاکانیان بکێشرێت و ڕەوانەوەی ناو باری فڕۆکەکە بکرێن.

دڵشـاد یـەک دوو جـار خـۆی پـێ نـەگیرا، لـەناو ڕیزەکـەدا کـە خـەڵکیش ڕاوەستابوون، پەلەی کرد و ویستی خۆی پێش خەڵکی بـەردەمی بخـات و لـە ژێـرەوە جانتـا و شـتەکانی ڕاکێشـایە پێشـەوە، کـە خەڵکـەکان لێـی ڕاپەڕین و دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵ و هەندێکیشیان چوون بە گژیا، کە هەموو بە ڕیز و نۆرەیە بۆچی خەریکی پێش خـەڵکی ئەکـەویت؟ دڵشـاد فێـری فێڵـی زۆر بووبـوو، دەیویسـت لەوێشـا هـەر هەنـدێ لـەو هونـەرە ڕەنگینەی بەکاربێنێت، بەڵام خەڵکەکە ماوەیان نەدا و چوون بە گژیا.

ئـەو خانەوادەیـە لـە ئێرانـەوە و بـە تێپـەڕکردنی شـارە کوردییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دەگەڕێنـەوە باشـووری کوردسـتان، ئـەمجار دونیابینییەکی جیاواز لە باشووری کوردستان بەدێ دەکەن.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٦ نووسراوە، سـاڵی ٢٠١٨ لـەدووتوێی ١٠٤ لاپـەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- لەسەر باڵی سیمرخ**

ئـەم کتێبـە گێڕانـەوەی چوونـە کۆنفرانسـێکی لـەخۆگرتووە، نووسـەر لـە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: " لەسـەر باڵـی سـیمرخ لەبەردەستتاندایە، کە بـاس لـە ڕووداوی چوونـە کۆنفرانسـێک دەکـات. بەڕاسـتی وەک دەڵـێن، زۆری ئـەو کۆنفرانسـانەی دەگیـرێن و خـەڵک بـە هەڵـەداوان و سـنگ دەرپەڕاندنـەوە بـۆی دەچـن کـە گوایـە نـاودار و هـەڵبژاردەن بۆیـە بانـگ کراون بۆ کۆنفرانس کەچی لـە ڕاسـتیدا بەشـی زۆری ئـەو کۆنفرانسـانە (ناوی گەورە و دێی وێرانن) و زۆری ئەو کەسانەی بۆی دەچن وەک پاڵەوانەکانی "لەسەر باڵی سیمرخ"یان لێ بەسەردێ.

ئەم کتێبە بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "بەخوا خۆشە، هەر ئێستە دەگەمـە لایـان و پێیـان دەڵـێم کـە هـەموو کارەکـان تـەواو بـوون. ئـەو کارانـەی ئەگــەر یــەکێکی دیکــە خــەریکیان بوایــە، بــە دە ڕۆژی تــریش تــەواو نەدەبوون. با بزانن من چەند بەکارەم و چەند ئازام.

ئـەم کتێبـە سـاڵی ٢٠٠٣ لەلەنـدەن نووسـراوە، سـاڵی ٢٠١٨ لـەدووتوێی ٢٣٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- ئەفسانەی کەلی ناوگردان**

چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە بۆ مێرد منداڵان

ئـەم چیرۆکـە، زیـاتر باسـی سـەردەمی پێشـووە، ئـەو سـەردەمەی کـە تەکنـــەلۆژیا و پێشـــکەوتن دونیـــای داگیرنـــەکردبوو و نەپـــەڕیبۆوە کوردسـتان، خـەڵکی کوردسـتان باوەڕیـان بـە هـەموو شـتێک نـەدەکرد، تەنانەت باوەڕیان بە چاوەکانی خۆشیان نـەدەکرد، کاتێ بۆ یەکـەمجار شـتێکیان وەبـەرچاو دەکـەوت، چونکـە خـەڵک زیـاتر سـەرقاڵی ژیـانی ڕۆژانەی کشتوکاڵی و جوتیاری و ئاژەڵداری بوون و کەمتر پەرژاونەتە دەرەوەی گوند.

نووسەر، ئەم چیرۆکـەی بـۆ تـازە پێگەیشـتوانی نوسـیووە، دوای ئەوەی پرسیار لە خۆی دەکات، بۆچی هەمیشە چیرۆک و ڕۆمان بۆ گەورەکان دەنووسرێ؟ بۆچی بۆ هەرزەکار و شیرینەکان نانووسرێ و نانووسێ؟ ئـەم چیرۆکـە فۆلکلۆرییـە بەمشـێوەیە دەسـت پێدەکا: "سـاڵانێکی دوور، زۆر دوور، لە گوندیکی خنجیلانەی بچووکدا لە دامێنی چیایەکی بەرزدا، خەڵکەکەی بەتەبایی و ئارامی ژیانیان بەسـەر دەبرد، هـی وایـان هـەبوو هێشـتا چـاوی بەشـار نەکـەوتبوو، لەبەرئـەوە کـە باسـی ئوتومبیلیـان بـۆ دەکـرد بـە شـتێکی سەرسـوڕهێنەری دەزانـی، خـەڵکی ئـەو گونـدە وەک زۆربەی زۆری جوتیارەکانی کوردسـتان، بـە زەوی کێڵان و تۆوچاندن و دروێنە و خەرمان هەڵگرتن و نەمام ناشـتن و خزمـەتی ڕەز و بـاخ و بێستانەکیان بوون.

نووسەر، لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا دەڵێ: "دەبێت مرۆڤ هەر باش بێت و کـاری ڕاسـت و بـێ پێچـوو پـەنا بکـات، خـاک و میلەتەکـەی لـە هـەموو شتێکی خۆی خۆشتر بوێت و دەستی یارمـەتی درێژ بکـات بـەپێی توانـا بۆ هەژار و لێقەوماوان.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی حەفتا و یەک لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە لەلایەن جەلال زنگبادی تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبی کراوە.

**١٠- سێ کورتە چیرۆک بۆ مێرد منداڵان**

ئەم سێ کورتە چیرۆکە تەمەنی تازەپێگەیشتوو و مێرد منداڵان نووسراوە و پێشکەشی خونچە گوڵەکانی هەمیشە بەهار و نەمامەکانی تازەپشکتوو و منداڵە شیرین و خۆشەویستەکان کراوە.

چیرۆکی لولو، چیرۆکی یەکەمە، چیرۆکەکە لە کەرکووکەوە دەست پێدەکا و ژیانی ڕۆژانەی خانەوادەیەک نیشان دەدرێ و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ وێنا کراوە، سەرەتای چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "لەیەکێک لە گەڕەکە خۆشە دڵگیرەکانی کەرکووکی دڵی کورد، چەند خانوو و ماڵێکی نزیک و دوور لە یەک و قەرەباڵغ و چڕوپڕ هەبوون لە ڕووی خێزان و منداڵ و کچ و کوڕی گەورە و بچووکی زۆرەوە، کە هەندێک لەو منداڵانە پێکەوە دەچوونە یەک قوتابخانە، هیی گەورەتریش لە پلەی خۆیان کە بریتیبوون لە قوتابخانەی ناوەندی و هەندێک کوڕ و کچی تریش دەچوونە دواناوەندی و پاشتر کۆلێژ و زانکۆ".

مانگە شەوی مەستان و سابێ، ئەم چیرۆکە باسی مەستان دەکا، کە ژنێکی ئاقڵ و زیرەک و بەهێزە، خوای لێدەرچێ لەکەس ناترسێ، مەستان و سەرگوزەشتەی ژیان لەم چیرۆکەکەدا بوونی هەیە و بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "لە ساڵانێکی زۆر دووری لەوەپێش، چەشنی ئەم چیرۆکە ڕووی دەدا، بەتایبەتی لە شوێنی دوور، لە ئاوایی و شار وەکو لە ناو کەژ و کێوی زۆر بەرز و سەختدا هەندێک جار ئاسکە کێوی و بزن و ئەو جۆرە ئاژەڵە سوکەڵە و قەدباریکانە دەیانتوانی بەو ناوانەدا بە ئاسانی بێن و بڕۆن، بەڵام مرۆڤ لەو ناوچە سەختانە

دەژیا، چونکە کوێستانی خۆش و دڵگیری پڕ لە خێر و بەرەکەتی لێ بوو".
حەوت هاوڕێی پاڵەوان، ئەم چیرۆکە باسی ژیانی سەردەمی پێشوو دەکا، سەردەمی پێش هاتنی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن، پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز و دوای شۆڕش ڕوونکردۆتەوە، چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکا "پەنجا ساڵ لەوەوپێش، سێ-چوار سینەما لە سلێمانی هەبوون، بە ناوەکانی سینەما گۆیژە و سینەما ڕەشید و سینەما سیروان، هەروەها چەند سینەمایەکی هاوینەش کە هەروەک هۆڵێکی گەورە و پڕ لە کورسی تێدابوون، بەڵام هۆڵەکەی سەری نەگیرابوو، پێیان دەگوت "سینەمای هاوینە"، ئەم سینەمایانە بە هاوینان ئیشیان دەکرد.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٧ نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی سەد لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە لەلایەن جەلال زنگبادی تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبی کراوە.

**١١- بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من**

ئەم کتێبە سەرجەم بیرەوەرییەکانی ژیانی نووسەری تێدایە، لە مێژووی بنەماڵەکەیانەوە دەستی پێکردووە، تا ئەو ڕادەیەی توانیبێتی و هزری هاوکاری بووبێ، تەواوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بە وردی نووسیووەتەوە.
نووسەر لە پێشەکی بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا، دەڵێ: دەمێک بوو لە دڵمدابوو کە هەندێ بیرەوەرییە لەبیرنەچووەکانی خۆم بنووسم لەگەڵ چەند کەسێکی زۆر بە نرخ و خۆشەویستمدا، کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ژیان و ڕەوشت و خوو و کردەوەکانمەوە. یەکەمیان، لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە ڕایهێنابووم لەگەڵ ڕاستی و پاکی و نەفرەت لە درۆ و پێچ و پەنا لە هەمان کاتیشدا ئاشنای کردبووم بە وشە و ناوی میللەت پەرستی و خەباتکردن و ناوی حەپسخانە و

بەندیخانە و گرتن و ماڵ پشکنین، ئەم یەکەم کەسە خاڵی خۆشەویستم بوو، هەمزە عەبدوڵڵای نەمر و سەربەرز.
نووسەر، بە درێژایی ٤٥٤ لاپەڕ لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بەردەوام دەبێ، لەو نووسینەدا هەوڵیداوە زۆرینەی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە. ئەڵبەتە ئەم کتێبە بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەخۆگرتووە، چونکە نووسەر لەنزیکەوە لەگەڵ ڕووداوەکان ژیاوە، یاخوود بەشدار بووە، ئەمەش وادەکا وەکو کتێبێکی مێژوویی یادەوەری چاو لێ بکرێ.
لەکۆتایی بەرگی دووەمی کتێبەکە، ئەلبومی وێنەکان دانراوە، بەدەیان وێنەی مێژوویی خۆی و بنەماڵەکەی لە خۆگرتووە.
بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لەدووتوێی ٢٣٠ لاپەڕ و بەرگی دووەمی لەدووتوێی ٢٢٢ لاپەڕو بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ٢٠١٨ جارێکی دیکە بڵاوکرایەوە.

**کتێبە عەرەبییەکان**

**١٢- أوراق من السيرة الذاتية ورأي في المساووة و حقوق المرأة**

چەند لاپەڕەیەک لە ژیاننامە و بۆچوونی لەبارەی یەکسانی و مافەکانی ئافرەت.. نووسەر، ئەم کتێبەی بە زمانی عەرەبی نووسیووە، بە کورتی باسی ژیاننامەی خۆی کردووە، لە سەرەتادا وێستگەکانی ژیانی سەردەمی منداڵی و گەنجی ڕوون کردۆتەوە، تەنانەت ژیاننامەی ئەم دواییەی ژیانی باسکردووە. هەروەها باسی چۆنیەتی ناسینی (ئیبراهیم ئەحمەد)ی هاوژینی کردووە، هاوکات باسی ڕۆژگارە سەختەکان و ئاستەنگەکانی ژیانی وەک خانمێک و دایکێک و هاوژینێکی شاخ و شار و تێکۆشانی لە پێناو گەل و نیشتیماندا کردووە.
بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە عەرەبییە، چەند وتارێکی نووسەری تێدایە، کە لە کۆربەندێکی (ديوان الكوفه) لە لەندەن پێشکەشی کردووە، ئەم کۆڕبەندە لەلایەن ناوەندی کەربەلا بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ڕۆژی جیهانی ژنان ڕێکخرابوو، ئەو کۆڕبەندە دەربارەی خانمان و مافەکانی

مرۆڤ و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بووە، نووسەر لەم کۆربەندە وتارێک پێشکەش دەکات و باس لە مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ دەکات، تیشک دەخاتەسەر ئەو باسەی کە پێویستە ژنان خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە خانمان دەور و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە پێشخستنی مرۆڤایەتی، هاوکات کەسایەتی ژن و یەکسانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ژنانی ڕۆژئاوا بەراورد کردووە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٠ نووسراوە، ساڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی سی و حەوت لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٣- العالم غابة - جیهان جەنگەڵە**

ڕۆمانی العالم غابة، بەشێوەیەکی گشتی باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریتەکانی میللەتی کورد و بارودۆخی سیاسی کوردستان دەکات، ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە گوزارشتە لە ژیانی خەڵکی کوردستان لە سالانی پەنجایەکانی سەدەی رابردوو، هاوکات باس لە ململانێی نێوان دوو ژیان دەکات، ژیانێکی پر لە کێشە و گرنگی و بایەخ پێ نەدان و هەژاری، ژیانێکی دیکەی تێکەڵ لەگەڵ ڕاستی و خۆشی، سەرەتای ڕۆمانەکە باس لە ژیانی خێزانێک دەکات، کە لە دوای مردنی باوکیان توشی چەندین نەهامەتی و ئازار و ناڕەحەتی دەبنەوە، بۆ وێنە: لەدەستدانی موڵک و ماڵ و سامان، گرنگتر لەمانە بێبەش بوونی منداڵەکانە لە نازی باوکیان. پەروین کارەکتەرێکی گرنگی نێو ئەم ڕۆمانەیە و باس کوڵی ناخی خۆی هەڵدەڕێژێ لە دوای مردنی باوکی و لەدوای ئەوەی هەست دەکات ئاسکەی دایکی لەگەڵ پرشنگی خوشکی هەمیشە لە دەرەوەن و گرنگی بە خۆی و برا بچوکەکەی نادەن. هاوکات، باسی دەست کراوەی و هاوکاری دراوسێکانی دەکات، کە هەمیشە هاوکاری و هاریکاریان دەکەن، دواجار داخوازی پرشنگی کچیان دێت، ئەمەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ گەڕانەوەی خۆشی بۆ نێو ئەو بنەماڵەیە، بەم شێوەیە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی

کـۆمەڵایەتی و کۆمەڵگـای کـوردی و داب و نەریتـەکان و پرۆسـەی هاوژینی و ئافرەتی کورد دەکات.
ئـەم کتێبـە سـاڵی ١٩٩٢ لـە لەنـدەن نووسـراوە و لەلایـەن سـەلاحەدین مودەڕیس وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و مستەفا ساڵح کەریم پێداچوونـەوە بۆ کـردووە، سـاڵی ٢٠١٨ لـەدووتوێی ٢٠٠ لاپـەڕە هـەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**وەرگێڕان**

**١٤- پەروەندەی ئیداری**

پەروەندەی ئیداری، یەکێکە لەو کتێبانەی گەلاوێژ لە زمانی فارسییەوە تەرجەمەی زمانی کوردی کردووە. گەلاوێژ لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، باسی سەردەمی ئاوارەبوونی خۆی و بنەماڵەکەی دەکا لە ئێران، لەوێدا فێری زمـانی فارسـی بـووە، لـەدوای چەنـد دەیـە، ئـەم کتێبـەی عـەزیز نەسینی وەرگێڕاوە.
ئەم بەرهەمە، بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی کارمەنـدانی ئیـداریی دەوڵـەتی وڵاتەکـەمان پـێش سـەعات نـۆی بـەیانی ناگەنـە سـەر کارەکانیـان، بـەڵام مـن وەک هەمیشـە ڕاهـاتبووم سـبەی سـەعات هەشـتی بـەیانی لـە بـەردەمی دائیرەکـەدا ڕابوەسـتم. مـن لـە سەرەتای گەنجیمەوە لە خەڵکی چوارەم و پێنجەم، کە بریتی بوون لە دەرگاوانی و بەردەستان بێزار و ناحەز بووم. ئەم چینی کەسانە هـەر کاتێـک بـە مـن دەگەیشـتن، دەتگـوت گونـاهێکی گـەورەم کـردووە بەرانبـەریان ئەوەنـدە قرەقرِیـان بەسـەردا دەکـرم و ئەوەنـدە ڕاویـان دەنام".
ئـەم کتێبـە لەلایـەن عـەزیز نەسـین نووسـراوە، گەلاوێژ سـاڵی ١٩٩٢ لـە زمـانی فارسـییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی و سـاڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ١٣٠ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

# شیرین تاهیر



## شیرین تاهیر

شـیرین مـحەمەد تـاهیر، سـاڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی حاجیانی سلێمانی لەدایک بووە، قۆناغەکـانی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٧ کۆتا ساڵی خوێندنی ئامادەیی بووە لە پاشـاندا لە بەشـی عەرەبـی زانکـۆی سەڵاحەدین، وەردەگیرێت و زانکۆ بەکۆتا دێنێ. ئێستاش فێرخوازی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە لە بەشی یاسا و ڕامیاریی. شیرین، لە ساڵی ١٩٨٨ـەوە دەستی بە نوسین کردووە، بە هۆی هەندێک بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەیتوانیووە بەردەوام بێت لە نووسین، لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە دەستیکردوە بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی، لە زۆربەی ژمارەکانی (ئەدەب و هونەر)ی کوردستانی نوێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری و کاری وەرگێڕان و شیعر و کورتە چیرۆکی وەشانکردووە، بەردەوام لە گۆڤاری (تەوار) وتار و لێکۆڵینەوەی هەبووە، هاوکات، لە ڕۆژنامەی (ڕێوان، ڕۆژانەی سلێمانی، ژیانەوە، پەڕەموچ، ڕەخنەی چاودێر، گوڵجاروئەدەب، هونەری ڕێبازی ئازدی، خانەقی، گۆڤاری هەنار، گۆڤاری بانە ڕۆژ، ... هتد) شیعر و نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە. شیرین تاهیر، ساڵی ٢٠٠٥ بووە بەرپرسی لاپەڕەی (ئەدەب و هونەر) لە ڕۆژنامەی ژیانەوە، لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٦ـەوە وەک دەستەو ستافی گۆڤاری تەوار کاریکردوە و تا ئێستا بەردەوامە.

شـیرین تـاهیر، لە تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ٢٠١٤ وەک نووسـەر و نـوێنەری یەکێتـی ژنـانی کوردسـتان بەشـداری لە پێشـانگای کتێبـی

فرانکفۆرت کـردووە لە وڵاتـی ئەڵمانیـا. نووسـەر، ئەم بەرهەمـانەی بڵاوکردووەتـەوە، (باڵانسـی ژن لە نێوکاریزمـای نووسـیندا- بەرگـی یەکەم، باڵانسـی ژن لەنێـو کاریزمـای نووسـیندا- بەرگـی دووەم، بە خەونـی گوڵێـک ئەم هەورە خەواڵـوانە گـۆرانی دەڵـێن، پیـرۆزەیەک بە گۆنای پایزەوە، پەنجەرە کراوەکـان ، ژن و ئەفراندن و ئازادیی مەزن ، فەرهەنگی ژن لە نێوان کۆیلەبـوون و شـیعردا، لەوێـم لەورەی دەریـادا لەوێـش نـیم.. مـن!، ئـاهەنگی نیـو کـاتژمێر، پیاوەکـان دەبـن بە ڕووبـار، شۆڕشـی ڕاگەیانـدن لە پێنـاو مـانەوەی شوناسـنامەدا، دیـوانی شـیعری ئەمەریکی نویَ).

<u>**نووسین**</u>

**١- پیرۆزەیەک بە گۆنای پایزەوە**

ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی نووسینی شیعری نووسـەرە، کە پێشکەشـی هەموو ئەو مرۆڤانەی کردووە، کە کەلێنی ڕۆحیان پڕ دەکەن لە پەیامی مـرۆڤ دۆسـتی.. لە پێشـەکی ئەو کتێبە شـیعرییە (ئەژی گۆران) چەنـد پەیڤێکـی لەبـارەی کتێـبەکەوە نووسـیوە و لەبەرگـی پشـتەوەی بەرهەمەکەدا نەخشێنراوە.

ئەم بەرهەمە لە بیست و دوو قەسـیدەی شـیرین تـاهیر پێکـدێت، لەوانە (هەنسکی سێبەری دوێنێ، شـنەبای بێنەوایم هەڵیکرد، چرکە سـاتەکان، ڕۆحـێ بـۆ سـینەی تەنیـایی، ئەلبـومێکی فۆتـۆ گرافـی لە سـێبەری چرپەکانت، دڵێژگە، هارمۆنیای ئاوازێکی فڕیو، ئەستێرەیەک لە پەرژینی هەورا، میـوە کاتییەکـانی تەمەن، خـوڕەی دەنگـی زام، دڵـی سـێبەر و تێربـوونی جەسـتەی خەونێک، چاوی گوڵە گەنـم ومەرگـی ناونیشـانێ، کاتێ ڕوبار خەو دەبینێ، سۆلاوی پەژمردەکان)

لەڕاستیدا، زۆربەی شیعرەکانی نێو دیوانە شیعری " پیرۆزەیەک بە گۆنای پایزەوە" لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کوردستان لەکات و وادەی جیاواز بڵاوکراوەتەوە، لەوانە لە ئەدەب وهونەری کوردستانی نوێ، ڕێبازی ئازادی، ڕێوان، ڕۆژانەی سلێمانی، ئەلەند و ژیانەوە.

ناوەڕۆک و فۆرمی شیعرەکان بۆ خوێنەران شیعر دۆستان، تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک ڕێبازی نووسینی شیعر، ڕێبازی ڕوانگەییەکانە بە هەست و ڕۆحێکی ژنانە، زمانی جیاواز و وێنای شیعری ڕەنگاوڕەنگ ئەو بروسکانەن کە خەونی شاعیر تیایدا هەڵدەقولێت. لە دوا لاپەڕەکانی دیوانەکەدا فەرهەنگۆکەیەک بۆ وشە ناوازە کوردییەکان کراوە، بە مەبەست شاعیر ئەوەی کردووە تا خوێنەری کوردونەوەی ئایندە سوود لە هەموو زاراوەکان وەربگرن.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٣ لەدووتوێی نەوەد لاپەڕە سێ سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- فەرهەنگی ژن لە نێوان کۆیلەبوون و شیعردا**

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە زیاتر لە مەودای سەربەستی ژن و چۆنێتی تێڕوانینی شاعیران لە ژن دەخولێتەوە، هەنگاوی ڕۆشتنە بۆ ڕزگاری و دەرباز بوون لە کۆیلایەتی، لە هەمانکاتدا پیشاندانی نموونە سیمبولییە درەوشاوەکانی ژنیشە، هەروەها بەشێکی زۆری کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییانەیە لە نێوان بەشێک لە شاعیرانی عەرەب وکورد بە تایبەت شاعیرانی نوێگەرایی، بابەتەکەش زیاتر هەڵوەستە کردنە لەسەر چۆنێتی زمانی شیعری شاعیران لە بەرامبەر بینینی ڕۆح وجەستەی ژن، هاوکات چۆنێتی خۆشویستنی ژن لە زومی خۆشەویستیدا شرۆڤەدەکات.

کتێبـــی فەرهەنگـــی ژن لە نێـــوان کۆیلەبـــوون وشـــیعردا، لەم ناونیشـانانە پێکـدێت (مانـای ڕزگـاربون – بەرزی دیوارەکـان، ژن لە ڕۆشنبیری سەربەخۆدا، یاسای ملکەچی، ئاینزای سروشت، کورتبینی لە بیـری هاوچەرخـدا، چـۆن پەیوەنـدی دەکەیـن بە زەمەنەوە ؟، ژن لە درەوشانەوەیدا، ژن لە زومی خۆشەویستیدا، ژن و هێڵی تابلۆی شیعر و زمانی وێنە کێشـان و ئەدەب و دارِشتنی ژیان). هەریەک لەم باسـانە تایبەتمەنـدی و فـۆرمێکی سـەربەخۆیی هەیە، بەشـێوەیەکی واقیعبینـانە دەدوێت و مانا و واتای تەواوی پێوەست بە نووسینەکە دەبەخشێت.

خـوێنەر بە ئەنجـام دەگەیەنـێ. ئەڵبەتە زۆربەی باسـەکان وابەسـتەیە بە ژنەوە، بەئامـــانجی یەکســـانی و دادوەری لەگەڵ هـــاوڕەگەزەکەی و دەرچوون لەو وتە تەقلیدییە پیاو سـالارییانەی کە لەڕابردوو وجوودی هەبـووە. بـۆ بەدیهێنـانی کـۆمەڵگەیەکی تەندروسـتی تـاکێکی گونجـا و سەربەست.

ئەم کتێـبە سـاڵی ٢٠٠٦ لەلایەن یەکێتـی ژنـانی کوردسـتان، پێـنج سـەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- لەوێم لەورەی دەریادا لەوێش نیم.. من!**

ئەم کتێبە، دیوانەی شیعری شـاعیرە، کە بیست و سێ قەسیدەی درێژ لە خۆ دەگرێت، بەجۆرێک قەسیدەکان پڕن لە دنیای نادیاری و جوڵە و بـــزواتن، ئومێـــدی بەهارییانـــە و خەونـــی قوڵیـــان شـــاردۆتەوە و لە چاوەڕوانی دڵنیاییدان بۆ دەرباز بوون.

شـیعرەکانی نێـو ئەم کتێـبە ئەمـانەن (ئەو بـارانەی لە تەممـوزی تـۆدا دائەکا، با بەتەنهـا کۆتـایی بۆ ئێوارە جێنەهێڵین، ئەم تـابلۆیەش هێشـتا تەواو نەبووە، لەسەر زەمینی دڵ هەستەکان خۆیان دەکوژن، سیمبولی نەوتراوەکـــان، ئەو ئەندێشـــانەی ســـبەینێ ڕووتـــدەبنەوە،

تۆمەتی ڕیحانەکـان، شـوێنەوارێک لە منداڵـدانی بـابلا، بەراتـی پـانزەی عیشـق، دێـم بەر لەپچڕانـی ژێیەکـان، پەڕینـەوە لە بـاران، مارشـی ژنە نەوڕەسێک، ئەو کاتەی نیشتیمان نەزۆکە، ببورە لە وەڵامەکانی بـازوت، ژیـانی قەسـیدەیەکی بێتەمەن، گومـان وێـرانەی بتێکـی شـکاو، ئـاوهیچی پێنەوتـوم، بەتـۆ ئەفسـوردەکانی مـن کـاڵ نـابنەوە، دوا وتەم بـۆ ژیـان، چـاوێکم بـۆ دیلـی چـاوەکەی تـرم دەگـری، دورگەکـانی کودەتـای مـن، خوێندنەوەیەکی هارمۆنیانە،من ژنێکم پاشماوەی جادوەکان نیم).

لەوێـم لەورەی دەریـادا لەوێـش نـیم.. مـن! کۆمەڵێـک چەمـک و وشـە و ڕستەسـازی و وشـەکاری جیـاواز، تـاڕادەیەک فەلسـەفی هـاتۆتە نێـو شیعرەکان و خوێنەر بۆ لایەکی تر ڕادەکێشێ، بـۆ وێنە (لەوێم لەورەی دەریـادا، ڕۆحـت لە لەپمـدا داگیرسـاوە، بـابە تەنهـا ئێـوارە بـۆ کۆتـایی جێنەهێڵـین، ئەو ئەندێشـانەی سـبەینێ ڕووتـدەبنەوە، دواخـاڵی کیلۆمەترەکانی ئەم ڕاکردنە لە قسەکانی بەرد تێدەگا).

لەڕاسـتیدا، زۆربەی شـیعرەکانی نێـو ئەم دیـوانە شـیعرییە، لە ڕۆژنـامە و گۆڤـارە کوردییەکـانی کوردسـتان لەکـات و وادەی جیـاواز بڵاوکراوەتەوە. بە نموونە (ژیانەوە، بانەڕۆژ، سپی تر، هەواڵ، هەنار).

ئەم کتێـبە سـاڵی ٢٠٠٦ لە دووتـوێی ١٤٤ لاپەڕە سـێ سـەد دانەی لـێ بڵاوکرایەوە.

**٤- ئاهەنگی نیو کاتژمێر**

ئەم کتێبە کۆمەڵێک کورتە چیرۆکە، لە ڕەنگی بێدەنگی، نووسـەر بەنـاو ئەو یـادەوەرییە تـاڵانەدا گـوزەر دەکـات کە بەشـێک لە ژیـانی ئـێمەی پێوەبەستراوە، ئەو بەهەشتە پڕ خەمانەی بوونەوەری ئێمەی کوشتووە، لە پێشەکیدا نووسراوە: نووسەر بۆ ئەوە دەست نـاداتە قەڵەم تـا مـامەڵە بە گەرمکردنـی ڕووداوەکـانەوە بکـات، بەڵکـو بـۆ ئەوە دەنووسـێت تـاکو

بیلێت.. ئەوە بلێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوەکان نوێن و گەردییان لێنەنیشتووە، لە چیرۆکەکاندا گرفت وقەیرانەکان جۆری ئاوەڵناودەسەپێنێت بەسەر ڕاناووکەسایەتییەکاندا، ئەوە نووسەر نییە ئەوە دیاری دەکات بەڵکو بارودۆخ ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت، بە مەرجێک بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا بێت لە ڕووداووکارەساتەکان بگات."

ئاهەنگی نیو کاتژمێر، لەو چیرۆکانە پێکهاتووە (یاساکانی جەنگەڵ، میترۆی ترازانی.. تەمەنی هیوایەک، لە خانوی ژمارە سفردا، ڕۆژمێری ئاگر، کۆتایی ڕاکردنی هەورەکان، موبتەلا، ئاهەنگی نیوکاتژمێر، شار بە ملپێچی سپیەوە، ڕێگاکان لە کچێک جێدەمێنێ، لە کەنار نۆتەکانی مۆنامۆدا). هەر یەکێک لەم چیرۆکانە کاریگەری هاواری بەشێک لە تاریکترین شەوڕۆژوساتە بێ شکۆکانی مرۆڤە کە بە چێژی سوروسپی، بە جوانی و ناسکی وهەناسەی قوڵەوە نووسراون، فۆرم و ناوەڕۆکی واقیعی ئەم چیرۆکانە بە بەشێک لە نووسینی ئەزموونگەری دادەنرێت.

زۆرێک لە چیرۆکەکانی نێو ئەم کتێبە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاو کراونەتەوە، بەتایبەتی لە (ڕێوان، ژیانەوە، تەوار، ئەدەب و هونەری کوردستانی).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لە دووتوێی هەشتا و یەک لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- باڵانسی ژن لە نێوکاریزمای نووسیندا- بەرگی یەکەم**

ئەم کتێبە لە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی -لە بارەی ژنەوە- پێکهاتووە، کە هەندێک لە بابەتەکان چڕکردنەوە و شرۆڤەکارییە لەسەر دەستەیەک لە ژنی نووسەر بە تایبەتی سەرەتای هاتنە مەیدان

بۆ نووسینی چیرۆک و ڕۆمان لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، ژن وەک خۆی چۆن داهێنانی کردووە لە شاکاری نووسیندا، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک بابەتدا باس لەو شاکارە جیهانییانەی سەرەتا کراوە کە نووسەرانی پیاو نووسیویانە و ژن کەرەسەی سەرەکی نووسینی بابەتەکانیان بوون، ئەڵبەتە لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییان بە هەژموونی ڕۆح و کاریزماو داهێنانی ژنەوە هەیە، لە کۆتایی کتێبەکەشدا وێنەی بەشێک لەو ژنە نووسەرانەی تێدایە کە بە پیشەنگی یاخیبوون لە کلتورەکان دادەنرێن، بە نووسینەکانیان بوونی خۆیان وەک ژن سەلماندووە.

ئەم کتێبە بەسەر پێنج بەش دابەش بووە، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم "ژن – گەڕان بە نێو واقیع و ئەندێشەدا" و " ئایدیای شاعیر بە ڕیالیزمکردنی تراژیدیەکانی ژن". بەشی دووەم " کلیۆپاترا- ژنی نێو مێژوو و پاڵەوانی نێوچیرۆکەکان". بەشی سێیەم "جان ئۆستن- دایکی ڕۆمانی ئینگلیزی" ، "خوشکانی برۆنتی- قوتابخانەیەکی ئەدەبی" و " جۆرج ئیلیوت – شکسپیری ژن". بەشی چوارەم "ڕۆدینکۆ و خوێندنەوەیەک بۆ فەلسەفەی ئەحمەدی خانی". بەشی پێنجەم باڵانسی نووسینی هەندێک لە نووسەرانی ژنی هاوچەرخە لە ناو دنیای نووسیندا، لەو بابەتانە بە ناونیشانی " نووسەرانی ژنی سەدەی بیستەم- ئەو کارانەی لێکتریان جیا دەکاتەوەو کۆیان دەکاتەوە"، " ڕەخنەی ژنانە لە نێوان ڤێرجینیا وڵف وژۆلیا کریستیڤا "، هەڵوەستەیەک لەسەر " ڤیسۆڤا شمبۆرسکا"، دوا بابەتیش لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی "غەریزەیەک بۆ داهێنان- فروغی فروغزاد".

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لە دووتوێی ١٤٢ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٦- بە خەونی گوڵێک ئەم هەورە خەواڵوانە گۆرانی دەڵێن**

ئەم بەرهەمـــە، لە ژمـــارەیەک شـــیعر پێکهـــاتووە، کە لە مـــاوەی نێـــوان سالآنی ٢٠٠٦بۆ ٢٠٠٩ نووسـراوە، لەم قۆنـاغەدا شـاعیر شـیعرەکانی بە هارمۆنیـای ڕەگەزەکـانی ئـاو و هەوا و سروشـت و ژن پشـوو دەدەن، زۆربەی شـیعرەکان بە چـاوێکی جیـاوازتر نوسـراون لەوە دەچـێ بـۆ خەمە جوانەکـان جۆرێـک لە شـەیدایی هەبێت، تـرس لە نـاو پەنجەکانـدا دەکوژێـت، دەسـت لە ملانـی هەور و گـوڵ و خۆشەویسـتی دەبێـت، لە شـــیعرەکاندا ئەو دەنگـــانە دەناســـیتەوە کە بـــۆنی عەشـــقیان لێـــدێت، ئەو کەسـێکی ئـازادە و وشـەکانی هەسـتێکی پاکیـان هەیە هەمیشـە لە دارستانێکدا سەربەستدا دەسوڕێنەوە.

ئەم دیـوانە شـیعرییە، لەم شـیعرانە پێکهـاتووە، کە ئەمـانەن (پەپـولەیەک لە تیشێرتەکەیدا نووسـراوە ڤالانتـایین، ئەفسـانەی خەیـاڵ، ئەو شـیعرەی ژیاننامەی نەبوو خۆم بووم، ئەو نـامەیەی گرفتـارە بە واژۆی خـوداوە، ئۆریانـا و پرسـیارێکی تـر لە خـۆر، بەفرشـایەتی داگیرسـانی ڕۆحـمە، پەرستگای باخێک لە مۆسیقا، دەریاوان، ڕۆیشتن لێرە بە جلی خەیاڵێکی پـاییزەوە، زادەکـانی خواونـد پرسـەی تەهلیلەکـانی مـن، زەنگـی مـارس، ســـــکێچی فریشـــــتەیەکی وێـــــڵ، چارەنووســـــی ڕووتبـــــونەوەی بەربـا، کریسـمس.. دڵـی کەلاوەخـانەیەک خـۆش دەکـات، گوڵـدانی هەورە خەواڵوەکان، پەنجەرەیەکی شکاو، مەزاری مۆم).

لەڕاستیدا، زۆربەی شـیعرەکانی نێـو دیـوانە شـیعری "بە خەونـی گوڵێـک ئەم هەورە خەواڵـــوانە گـــۆرانی دەڵـــێن"، لە ڕۆژنـــامە و گۆڤـــارە کوردییەکانی کوردستان لەکات و وادەی جیاواز بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کتێـــبە ســـاڵی ٢٠٠٩ لەلایەن یەکێتـــی ژنـــانی کوردســـتان، لە دووتوێی ١٠٨ لاپەڕە حەوت سەد و پەنجا دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- بالانسی ژن لەنێو کاریزمای نووسیندا- بەرگی دووەم**

لەگەڵ ئەو ناهاوسەنگییە کەڵەکەبووانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە، بە ئاڕاستەیەکی دیکە هاوسەنگییەکی دیکە لە بەرهەمی دیدی مرۆڤانەدا لە نێوان ئەو حەقیقەتەی فەلسەفە و دنیابینی دەرگایان بە ڕوودا والا دەکات و ئەو چێژی جوانییەش کە لە ئەدەبدا بینینمان ڕادەکێشێ هەردووکیان ویستگەی دروستبوونی کەسایەتی پایە بڵندن لە کۆمەڵگادا. تەواوی بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لەسەر هونەر و فەلسەفەی ژن و پەیوەندی ژن بە دنیای نووسینەوە، کاریگەری پیاوان بە ژن و فیگەری ژن دەردەخات.

بەرگی دووەمی بالانسی ژن، لەچەند بەندێک پێکهاتووە، بەمشێوەیە: بەندی یەکەم: ڕەهەندی فەلسەفەبوونی ژن، ژن وجەستەونووسین، مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ و بە نێرینەکردنی دەسەلاتی ئەدەبی. هاوکات، لە درێژەی بابەتی ئایدۆلۆژیای نووسینی ژندا ئەم نووسەرە ژنانە وەک ژنانی پێشەنگ بە دیدوسەرنجەوە باسیان لێوە کراوە مەدام دی ستایڵ، جۆرج ساند، هارییت بیچەرستۆ، دۆریس لیسینگ، نادین گۆردیمایەر و کلاریس لیسبکتۆر. بەندی دووەم: سەنگی ژن لە نووسینی پیاواندا، هزری ڕەتکردنەوەی بەندایەتی، مانفێست لە دەقی ملوانکەی شێرکۆ بێکەسدا، سەنگی ژن لە بیروبۆچوونەکانی عەلی وەردیدا و شکسپیر- ژن لە مانشێتی ڕەخنەدا. بەندی سێیەم: فیگەری ژن- کاریگەری لەسەر نووسین، کچی ئەکرۆپۆلیس، ئیلاریا دیل کاریتۆ، ڤینۆس میلۆ، وێنەی ژنێکی پاڵکەوتوو و ژنێک لەسەر کورسییەکی نەرم دانیشتووە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن بەڕێوەبەریێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە دووتوێی ٣٠٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

## ٨- پەنجەرە کراوەکان

ئەم کتێبە کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەیە، بۆسەرجەم هونەرەکان کە زۆربەیان ڕەهەندی فەلسەفی و هزرییان هەیە، نووسەر لەسەر ناوەڕۆکی ئەم بابەتانە لە بەشێکی پێشەکیەکەدا دەڵێت: بابەتەکان لە مەودای پۆلینکردنی هونەریی و قسەکردن لەسەریان هەمیشە پەیوەندی گوزارشتکردن و ڕۆحی و هەستی بە یەکیانەوە دەبستێتەوە، بە گشتی وشەکان یەک ڕێگایان هەیە و پەیوەست لەگەڵ خەیاڵ و ئێستاتیکا و هزر لە ئاوێنە پاکژەکەی هونەردا شەوق دەدەنەوە.

ئەم کتێبە لەچەند بەشێک پێکهاتووە، بەم شێوەیە، بەشی یەکەم کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی هونەری ئەدەبییە، بەشی دووەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ژن نووسین و ئازادی ژن، ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە ئەمانەن (شێوەکاری ئیلهامی هونەری شیعر، شانۆ لە میترۆیەکی خێرادا، شیعر و سینەما، ئێوارە بنیاتی دەق، خوێندنەوەیەک بۆ حەقیقەت وتەریقەتی مەحوی، گۆرانیەکانی ڕۆباری سوور، خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە، دەرکەوتنی هێز.. بزوتنەوەی عەقل و عاتیفە).

زۆربەی بابەتاکانی نێو ئەم کتێبە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە لە (ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی ژیانەوە، گۆڤاری هەنار)دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بەڕێوەبەریتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، لەدووتوێی ١٥٤ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- ژن و ئەفراندن و ئازادیی مەزن**

نـاوەڕۆکی ئەم کتێـبە لە ژمـارەیەک وتـار و لێکـۆڵینەوە پێکهـاتووە، کە بەسـەر چوار بەشدا پۆلینکراوە، بەشـی یەکەمـی بە ناونیشـانی( ئـاگری سـوور.. ڕێگـای گەنجینـەی فیکـر) لە ( نـۆ) وتارپێکهـاتووە سـەرجەم وتارەکـان پەیوەسـتن بـۆ هەبـوونی ئیـرادەی ڕاسـتەقینەی ژن. بەشـی دووەم بە ناونیشانی (ژن لەسـەر باڵی هەورەکان)، چەندین لێکۆڵینەوە لەســەر نووســەرانی پێشــەنگ و ژنــانی درەوشــاوەی ســەدەی ژن، دیارترینیان (ڤێرجینیا وۆلف) لە هەموو ڕوویەکەوە باسکراوە لە ژیـان و مـردن و کـۆمەڵەی ( بلـۆمیزبێری)، وتـارو چیـرۆک و ڕۆمانەکـانی بە گشتی خوێندنەوەیان بۆ کراوە، بێجگە لە (وۆڵف) نووسـەرانی ژنـی دیکە لەبەر جیـاوزی بیرکـردنەوە وشـێوازی نوسـینیان و بازدانیـان بەسـەر نەریتـی کۆمەڵگـادا بە شـێوازی لێکـۆڵینەوە لەم کتێبەدا کاریـان لەسـەر کراوە، ئەو ژنە نووسەرەی بە نووسەری ئەدەبی ئیرۆتیکی دادەنرێت.

بەشی سێیەم بەنێوی (ژن لە سنوری هێڵی سووردا) ئەم بەشـە قۆنـاغی ســەرەتاو گەشــەکردنی دەرکەوتنــی توانــای ژنە لە کــاری ســینەماو ڕاگەیاندنـدا، واتە ئەو کـاتەی ژن بە بـێ جیـاوزی ڕەگەز لە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا ڕۆڵـی قارەمـانێتی و ئازایـانەی بینـی و ئیتـر لەم قۆنـاغە بە دواوە ژنـان توانییـان ڕۆڵـی بەهێـزو کـاریگەر ببیـنن لە سـینەمادا و لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابـردووەوە لە بـواری ڕاگەیاندنـدا خەبات و شۆڕشـی گەورەیـان بەرپـا کـرد بـۆ سـەلماندنی هێز و توانـای ژن. بەشـی چـوارەم لێکـۆڵینەوە و مێژوویەکـی کـورتە لەسـەر( ژنـانی جەنگاوەر- ئەمازۆنییەکان).

ئەم کتێـــبە ســـاڵی ٢٠١٦ لەلایەن یەکێتـــی ژنـــانی کوردســـتان، لەدووتوێی ٣١٥ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- شۆڕشی ڕاگەیاندن لە پێناو مانەوەی شوناسنامەدا**

ئەم کتێبە ئاماژەیە بۆ گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن، کە پێگەیەکی سەرەکی هەیە لە پێشڕەوایەتی کردنی کۆمەڵگە، واتە دەتوانێت کاریگەری و هەژموونی هەبێت لە مانەوەی شوناسنامە وەک تاک نەتەوە و ڕەگەز لەهەمانکاتدا ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگ و بناغەییە لە گەیاندنی دەنگی پارت و ڕێکخراوەکان و نەتەوە و ڕەگەزەکان بەشێوەیەکی لۆکاڵی و جیهانی، بە بێ توانا و ڕەزامەندی ژێردەستە و ستەمدیدەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە دەنگەکان ئاوێتە دەبن و جۆرێک لە پەیوەندی مرۆڤانە دروست دەکەن.

ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە بەم شێوەیە، لە بەشی یەکەمدا ئەم بابەتانە بوونیان هەیە (خەباتی ڕاگەیاندن لە کرداری تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی یەکسانیدا، ئاست و ڕۆڵی ژنان لە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی سیاسیدا، کۆمەڵێک دروشمی بەتاڵ.. کۆمەڵێک بەستەڵەکی ئسوڵی). بەشی دووەمدا بە ناونیشانی (ڕسکان لەسەردەمی کێشە گەورەکاندا)یە، ئەم بەشە گوزەرێکە بە ناو مێژووی گۆڤاری تەواردا، کە لە سێ خولی تەمەنیدا چۆن بووە و چی کردووە، بەشێوەیەکی ورد، ئەو باسانە خراوەتەڕوو و قسەی لەبارەیانەوە کراوە. بەشی سێیەم ڕەخنە و وتار لەخۆدەگرێت، کە ئەمانەن (ڕەخنە پەیڤێک لە نێوان کاری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەی ئەهرامی میسریدا، هەشتی مارس- یەکێتییەکی هاوبەش دژی کۆیلایەتی، خۆڕزگارکردن لە سەبازگەی فیکروبەندیخانەی بیروباوەڕەکان، شێرکۆ بێکەس چی دەنووسی بۆ ژنە شەڕڤان وکۆبانێ..؟!). بەشی چوارەمی ئەم کتێبە دیدار و گفتوگۆیە، کە دیدار و چاوپێکەوتنی ژمارەیەک لە شاعیران و نوسەرانی کورد و عەرەب و ئێرانی تێدایە.

زۆربەی بابەتەکـــــانی نێـــــو ئەو کتێـــــبە لە گۆڤـــــار ڕۆژنـــــامە کوردییەکانـــدا بڵاوکـــراوەتەوە. ئەم کتێـــبەش ئامـــادەی چـــاپ و بڵاوکردنەوەیە.

**١١- پیاوەکان دەبن بە ڕووبار**

شیعر، هەوێنی نووسینی زۆربەی نووسەرانە، بەرلە نووسین بەشیعر دەستیان پێکردووە، بەشێکیان تێکەڵ و ئاڵوودەی شیعر دەبن و بەبێ یەکتری هەڵناکەن، شیعر دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیانیان و زۆربەی هەستەکانیان لەو ڕێگەیەوە دەردەبڕن.

ئەم بەرهەمە، چوارەم دیوانە شیعریی شیرین تاهیرە و قۆناغێکی دیکەی شاعیرە بۆ نووسین، چونکە دەکەوێتە دوای ساڵی ٢٠٠٩ واتە دیدگا و ڕوئیای شاعیر بۆ ژیان و هەست و سۆز و درکاندنی ڕاز و نیازەکان هەناسەیەکی خاڵی ترن لە پەنهان، وێنایەکی جیاوازتر بە شتە بەرجەستەکراو و بەرجەستەنەکراوەکان دەدا.

ئەم دیوانە شیعرییە لە بیست و پێنج شیعر پێکهاتووە، کە ئەمانەن (پرسیاری دەروازەیەکی ڕۆحم لە نزیکەوە، گوڵچنێ لە باخێکی بەساڵاچوودا، بە نهێنی پەردەکان لادەدەم، بە یارمەتی ئەم کاتژمێرە، مانیفێستی نێرگزێک لەو ڕێگایە، ئێستا دێیت یان دوای گوزارشتی سبەینێ، میترۆ، برینی ژیانمان برینی جەستەمانە، بێدەنگییە گەورەکان لەو دەنگانە بەسۆزترن، پیاوەکان دەبن بە ڕووبار، تەنها نەرمە بایەک بەسە، چێژی ئازارێکی سپی، خەیاڵم لای دەریاکەیە، خەیاڵەکانی پاییز، دارە پیرەکە، دواچرکە ساتەکانی سێو، ڕۆحی تۆ بۆ ژیانی ژنێکی غەمگین، شاری خەیاڵە شیرینەکان، کچێک لە چاویلکەکانی چرایەکدا، لە نیوەی نیشتیماندا، نزیکتر بوو لە دەریاکە ئەو خۆرە، هەڵبژاردەیەک بۆ تەمەنی من، ئەگەر تۆ لێرە بڕۆی، ئەگەربۆبیابانی بەفر بڕۆم، ئێرە

زانکۆی منالیمه). کۆی گشتی شیعرەکانی نێو دیوانەی شیعری پیاوەکان دەبـن بە ڕووبـار، لە ڕۆژنـامە و گۆڤـارە ئەدەبـی و هونەرییەکـان بڵاوکراوەتەوە، لەوانە (گوڵچار، ژیانەوە، ڕۆژی سلێمانی، کوردستانی نوێ، هەنار، دەستور، تەوار، ڕەخنەی چاودێر).
ئەم دیوانە شیعرییە، ئامادەی چاپکردنە.

**وەرگێڕان**

**١٢- دیوانی شیعری ئەمەریکی نوێ**

نـاوەڕۆکی ئەم کتێـبە ڕوئیـا و فەلسـەفە و دنیـابینی ژمـارەیەک لە شاعیرانی نوێی ئەمەریکایە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە ڕەچەڵەکی (هندی سور)ن و خەڵکانی ڕەسەنی ئەمەریکان، ئەو دانیشتوانەی بە چەندەها شـێوە هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامەیان درا، لە ڕابـردوودا زۆربەی خەڵکەکەی کۆمەڵکوژکران، زۆربەی ئەم شاعیرانەی نێو ئەم دیوانەش نەوەی ڕاسـتەقینەی دانیشـتوانی ڕەسـەنی ئەمەریکـان لەوانە ڕەچەڵەکی(هنـدی سـور) کە پێـنج سـەد سـاڵ لەمەوبەر لەڕێـگەی ئۆقیانوسەوە لەلایەن ئەوروپییەکانەوە وڵاتەکەیان داگیرکراو هەوڵیاندا پاکتـاوی نەژادی ئەم نەتەوەیە بـکەن، بەڵام تـا ئێسـتاش کلتـوری باووباپیران یادگارییەکی شیرینە بۆنەوەکانیان.
لە ئەمەریکـای نـوێ نەوەکـان خەون و ئەندیشـەیان پـڕە لە چیرۆکـی ژیانی ڕاستەقینەی باو و باپیرانیان، لە زمانی شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی وەک (لـویزا ئەردریـچ، ڕۆبرتاهێـل وایتمـان، لیزلـی مـارمۆن و جـوی هـارجۆ) بەشـێک لە کولتـورو چیرۆکـی ژیـانی ئێسـتاو ڕابردوویـان دەبیسـتین، بـۆ نمـونە شـاعیرێکی وەک سـیلکۆ لە قەسـیدەی (پـێش سەردەمانێکی دورودرێژ) بە تەواوی قوڵبۆتەوە لە ژیانی ڕابردوویـان.
لەگەڵ تێڕوانینی خەڵک بۆ ئەم نەتەوەیەو سڕینەوەی شوێنەوارییان بە

دەستی خەڵکانی داگیرکەر، بەشێکی دیکە لەو شاعیرانەی لەم کتێبەدا باسکراون لە نەژادی ( مەکسیکی، ئەفەریقی، چینی و ئەمەریکای لاتین)ن، شیعرەکانیان لێوان لێوە لە ئازار و نائومێدی و خەونی جوان و دەرخستنی ئەو ژیانە بێدەرەتان و ئاست نزمەی تائیستا هاوڕەگەز و بەشێک لە هاونیشتیمانیەکانیان پێوەی دەناڵێنن. بەشێک لەومەکسیکیانەی کە لە خاکی خۆیاندا بە ئاوارە ئەژماردەکرێن، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی لە بەشێکی ئەوخاکەدا دەژین، لە باڕ و قومارخانەکانی ئەوێدا ئەوپەڕی سوکایەتیان پێدەکرێت.

دوکتۆر عابد ئیسماعیل ئەم کتێبەی نووسیوە و شیرین تاهیر لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هاوکات بە دەقە ئینگلیزییەکەی بەراورد کراوە و لەدووتوێی ١٦٤ لاپەڕەدایە، ئامادەی چاپکردنە.

**پەیڤێک**

ئامادە کردن و کۆکردنەوەی بیبلۆگرافیای ژنە نووسەرەکان کارێکە بۆ ئێستا و ئایندە بەگشتی متمانە بەخش وناوازەیە وبە ناوەڕۆکێکی گرنگی کتێبە مێژوویەکان دادەنریت، باخێکیشە بۆ پێشەنگی سییمبولە بەرهەمدارەکان، هەروەک چۆن تا هەتایە قورس و سەنگین وبەخشندە و دڵسۆزانە دایکایەتی دەکات بۆنووسەری ژن و داهێنان و نووسینەکانیان، هەربەوشێوەیەش ئەرشیفی ژنان بەوپەڕی خۆبەخشی ودڵنیایەوە لە لەناوچون و پەراوێز وبیرچوونەوە دەپارێزێت.

شیرین تاهیر
سلێمانی ٢٠١٧
serintahr@yahoo.com

# زێنەب یوسف



## زێنەب یوسفی

زێنەب یووسفی، ساڵی ١٩٦٥ لە سنە-ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەدایک بووە. قۆناغی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە سنە و پۆلی پێنجەم تا قۆناغی ناوەندی لە بیجاڕ و قۆناغی ئامادەیی تا پۆلی یازدەیەم لە سنە دەخوێنێ، لەوەبەدواوە بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە لە خوێندن دوردەخرێتەوە و ڕێگەی خوێندنی پێنادرێ. تەنانەت بێبەشیان کردووە، لەهەموو ئیش و کارێک، واتە ناتوانێ لە هیچ شوێنێکی فەڕمی کاربکات و جار جار، بەهۆکاری جیاواز، بۆ ماوەیەی کاتی دەخرێتە زیندانەوە. ئێستا لەبەشی مودیریەتی خێزانی لە زانکۆ دەخوێنێ.

زێنەب، لە پۆلی دووی سەرەتاییدا دوو کورتە چیرۆک بە نێوەکانی (مداد پاکن، واتە خەتکوژێنەوە، مداد تراش، واتە قەڵەم تەراش) دەنووسێت، لە دواناوەندیدا دەستدەکا بە شیعر نووسین و لە نۆزدە ساڵیدا چیرۆکی (خوابهای پریشان کانی با، واتە خەونە پەشێوەکانی کانی با) نووسیوە.

ساڵی ١٩٩٦ ئەوکاتەی بەرپرسی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەولەوی، سەفەری ئەمریکای کردووە، لەدوای ئەو سەفەرەوە تێکەڵ بە دونیا و ئەدەبیاتی مۆدێرن و نوێ دەبێ. ئەڵبەتە، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە گرفتی بۆ دروست دەکەن، بەتایبەتی لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی.

زێنەب، ساڵی ١٩٩٧ کتێبی "تامەزرۆی لەیلێ" بڵاودەکاتەوە و بەیەکەمین کورتە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە ئەژماردەکرێ و لە بوارەکانی کورتە ڕۆمان، ڕۆمان، کۆمەڵە چیرۆک، شیعر و وەرگێڕاندا دەنووسێ و کاردەکا. بەهۆی گرفتی حکومەت و پێنەدانی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی زۆربەی کتێبەکانی لە باشووری کوردستان چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

زێنەب یوسفی، ئەم بەرهەمانە بڵاوکردۆتەوە، (شەدەی سەرگەردان و ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها، لەم نزیکییەدا، لە بازنەی تەقەدوسدا، سێبەرەکانی میرا، دەبێ ئاگام لە خۆم بێت، چرای ترافیک، تامەزرۆی لەیلێ، لەو شارە کە ژیاوم، چاڵ وە چاڵ، ژنانی بێ پیاو، نازانم کێ بوو). هاوکات، کتێبێکی شیعری ئارام ساڵحی بەنێوی (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) وەرگێراوەتە سەر زمانی فارسی، بەڵام تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە.

**<u>نووسین</u>**

**١- تامەزرۆی لەیلێ**

یەکەمین بەرهەمی پۆستمۆدێرن و شەپۆلی زەینی لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا.. لە ڕۆمانەکەدا هاتووە "باران بە خوڕ دادەبارێت، لە شەقامی حەوتەمدا لافاو هەڵدەستێت و پرسووناژەکە لەرێی شۆفێرێکی تەماوییەوە لەو شەقامە فانتازییانە تێدەپەڕێت و لەو تێپەڕینەدا چاوی بە زۆر کارەسات و خەڵکانی سەیر و سەمەرە دەکەوێت کە لە سەر لافاوەکەدا دیارن. لە کۆتاییدا کەسەکان لە خانوویەکی سەیردا لە شەقامی دەیەم کۆ دەبنەوە و دەگەنە نیوە ون بووەکانیان و هەست دەکەن کە ئیدی کەسێکی تەواو و بێ کێشەن و خۆیانیان دۆزیوەتەوە".

یەکەمین کورتە ڕۆمانی ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەم ڕۆمانە، بەیەکەمین بەرهەمی پۆستمۆدێرن و شەپۆلی زەینی لە بواری چیرۆک و ڕۆمان دادەنرێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان. کە باس لە مرۆڤگەلێک دەکات، لە ژیانیاندا دەکەونە ژێر چەپۆکی نەهامەتییەکانی دەسەڵات و هێدی هێدی هەست دەکەن نیوەی خۆیان ون کردووە و لە باری دەروونییەوە تووشی گرفت دەبن و لە دنیای خەونەکانیاندا بەردەوام لە دووی نیوەکەیتریاندا وێڵن. چیرۆکەکە بە ژنێک دەست پێدەکات و لەگەڵ کەسێکدا بە نێوی لەیلێ بڕیارە لەو ڕۆژە لە شەقامی دەیەمدا یەک ببینن، ژنە بیری نایەت کە ئەم لەیلێیە کێیە و لە چ کاتێکدا بڕیاریان داوەتە یەک تاکوو لەو رۆژە بارانـاوییەدا یەک ببینن و بیری نایەت کە دەبێ لە سەر چی ئەو بڕیارەیان دابێتە یەکتر. لە درێژەی چیرۆکەدا ژنە چەندین جار ڕواڵەت و ڕەگەزی دەگۆڕدرێت. جار، جار دەبێتە کچێکی گەنج یان پیاوێکی سەیر!

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٨ سێ هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- شەدەی سەرگەردان و ئەیر و ئەڤین و ئەژدەها**

ئەم کتێبە کورتە رۆمانی شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی ئەیر و ئەڤین و ئەژدەهای تێدانووسراوە. کورتە رۆمانی شەدەی سەرگەردان لە سەر شێوازی شەپۆلی زەین و شیزوفرێنیای داستانی نووسراوە، کە سێ بەشە و تابلۆ گەلێکی فانتزی و سەرەنجڕاکێشی تێدایە. چیرۆکێک لە بارەی ئەنفالی کورد و بارودۆخی ژیانی ئەو ژن و منداڵانە دەکات، کە لە ژێر دەستەڵاتی ڕژیمی بەعسدا زیندانی بوون و زۆربەی زۆریان لە برسان و کەم ئاوی و ئەشکەنجەدان گیانی بە خاکی کوردستان سپارد. هاوکات، چەندین پاڵەوان دێنێتە مەیدانەوە و

هەوڵ دەدات ناسـوورەکانی ژیانیـان لەو نـاوچە نەگریسـانە بخـاتە بەرچاو و ئێش و ئازارەکانیان هەڵبداتەوە.
ئەیـر و ئەڤـین و ئەژدەهـا، ئەم چیرۆکـانە لەخـۆدەگرێ (کەمەنـد لە کەمەنددا، دار و مریەم، سوجچە ماری خەیاڵ، شرپۆش، دادە کوڵێ، نیـوەی ون) کـۆی چیرۆکەکـان، لە بـازنەی روداوە دەروونییەکـانە و کەسەکانەوە روو دەدەن و ژنان پاڵەوانی نێو ڕووداوەکانن.
کورتەیەک لە چیرۆکی "شرِ پۆش" پیاو هەڵیدایە گۆرانییێکی زۆر کۆن، دەنگی گۆرانیەکەی پیاو و گڤەی گەردەلوول و جیرەی قەفەز، یەکیان گـرت و دەنگێکـی نامۆیـان خولقانـد. گەردەلـوول هـات و گەواڵ گەواڵ هەوری دەهێنـا. گەردەلـوول ئەوەنـدە زۆردار بـوو کە کەس هێـزی راوەستانی پێ نەمابوو. هەموو شتێ وەکوو پەڕەی کاغەزی لێ هاتبوو. هەموو شتێ لە هەوادا دەسووڕایە و پڕ تاو لەوێ تێدەپەڕی. هەموو بوونەوەرەکـان، شـتومەکەکان لە نێوان هەوادا ئاوەژوو دەخولانەوە و دوای چەند جار سووڕان بە دەم گەردەلوولەوە نوقم دەبوون. رواڵەتی هەموویان زۆر سەیر بوو. چۆن بێ ئەوە هیچ دەنگێ ببیسن لە ناکاو لە جێگـای خۆیـان هەڵدەکەنـدران و بە دەم گـڤەی گەردەلـوولەوە نوقم دەبوون....
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بڵاوکرایەوە.

**٣- لەم نزیکییەدا**

ئەمە بەرهەمێکی شیعری زەینەب یوسفییە، کە شیعر بەشێکی گرنگی ژیانی ناوبراوی داگیرکردووە، لەگەڵ شیعر ئاڵوودە و هاوژینی یەکدین و بەبێ یەکدی هەڵناکەن، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ چەندین پەیامی جیاواز و جۆراوجۆر بگەیەنێ و بیخاتەڕوو.

کۆی گشتی شیعرەکانی نێو ئەو کتێبە شازدە شیعرە و زۆربەی شیعرەکان بەدنیا بینییەکی ژنانەوە نووسراون و دنیای ژن وەکوو دووهەمین رەگەزی کۆمەڵگا هەڵدەدرێتەوە. سیاسەت و ئایین و ئێرۆتیزم لایەنە سەرەکییەکانی دنیای ئەم شیعرانەن، دنیای تێکەڵاویی مۆنۆلۆگ و سیلۆلۆگە دەروونییەکانی ژن لەگەڵ راستییەکانی ژیانی ژنەوە وەکوو مرۆڤێکی راستەقینە لە زمانی شیعر و خەیاڵدا، لە خاڵە بەرچاوەکانی دنیای ئەم شیعرانەن.

ئەم کتێبە لەم شیعرانە پێکهاتووە (ژن مرۆڤێکی پڕ لە فڕینە، پیاسە، سپی، ماسی و من، لەم نزیکییەدا، خۆزگە، ڕەهەندێک لە با، نهێنییەکانی ژنێکی زەوینی و ئاسمانی تەفرە، کێ ڕابردووی لەمندا کوشت، باوکم ئێستاش هەموو شتێک لە وێنەی پێشتردا دەبینێت، دارتەل و سێو، تابلۆ، سەفەر، تۆ سێبەرێکی شیرینی، من و ئاوێنەی تۆ، خەو)

لەم دیوانە شیعرییەدا، شاعیر چەندین و پەیامی ڕوون و بەرجەستە و بەرچاوی خستۆتەڕوو، هاوکات ژمارەیەکی زۆر پەیامی تری ئەو دیو وشە ڕواڵەتییەکان دەدا، هاوکات دەیەوێ ڕچەشکێن و ڕیفۆرمخواز بێ، لە شیعردا و تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەبێ، لە شیعر نووسیندا.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، لەدووتوێی ١٢٨ لاپەڕە شەش سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- سێبەرەکانی میرا**

ئەم رۆمانە باس لە ژیانی عەشیرەیەک دەکات، کە ساڵانێکە مردوونە و لە ناو چوونە، تەنیا کەسێکیان لێ نەماوە. بەڵام ئەم مردنە مردنێکی ئاسایی نییە، ئەوان هەموو رۆژێک زیندوو دەبنەوە و دەژین، چوونکە هیچ کامیان بروایان نەکردووە کە مردوون، ژیان و مردن لەیەک رادەدا لەو عەشیرە هەبوونی هەیە، کات مانای نییە و ئەوان عەشیرەیەکی

کۆچەرین کە هەموو وەرزێک شوێن دەگۆڕێن و بەردەوام حکوومەت لە دوویاندایە تاکوو لە ناویان ببات. بەڵام ئەوان بە سەرکەردایەتی دووبرا، سەرۆک و شێخ هەمیشە دەتوانن لە پیلانەکانی حکوومەت خۆیان رزگاربکەن و کۆچ بکەن و نەهێڵێن کەس شوێنیان ئاشکرابکەن، لە کۆتاییدا دەکەونە گەمارۆ و ئاوەکانیان لێ دەگرن و ئەوان بە بۆنەی بێئاوییەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسی نەمانەوە و لە کۆتاییدا سەرۆکی عەشیرەکەی کە دەبنیت بە ئاوێکی ژەهراوی کراو، عەشیرەتەکەی ژەهراوی کراوە هەموویان گوللە باران دەکات و دەیانکوژێت و یەک کەسیشیان ناهێڵێتەوە لە کۆتاییدا خۆشی دەکوژێت، بەڵام خەڵکی عەشیرە بڕوایان نەکردووە کە مردوونە بەردەوام زیندوو دەبنەوە و هەمدیسان خێوەتەکانیان دادەمەزرێننەوە و ژیان دەست پێ دەکەنەوە، عاشقایەتی دەکەن، دەچنە شەڕ و سێکس دەکەن و نان دەخۆن، کۆچ دەکەن، خەیانەت لە یەکتردا دەکەن، کچەکانی عەشیرەی دراوسێ دەدزن، پێکەوە یەک خەون دەبینن و بەردەوام دەژین بەڵام لەکۆتاییدا ڕۆژی مردنەکەیان دووپات دەبێتەوە و دیسان سەرۆک هەموویان گوللە باران دەکات و دەیانکوژێتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا عەشیرەیەکی تری هاوزمان و هاو نەتەوەی خۆیان بوون بە دوژمنیان و ئەوانیش رۆڵێکی ئەوتۆیان دەبێ لەم رۆمانەدا.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ لە دووتوێی ١٤٤ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- چرای ترافیک**

"یەکەمین کتێبی سیناریۆی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا"

شەقام خاڵییە لە هەموو بەرجەستەیەک، "دادە" بە سەر و قژی پیسەوە چاوەڕوانە و لە تەنیشتی چرای ترافیکدا ڕاوەستاوە. کەش و

هەوایەکی توند و بەهێزە. پاش ماوەیەکی کورت دەنگی وەستانی بەرزی ئوتومۆبیلێک بەرگوێ دەکەوێت. ژنێکی گەنج بە جل و بەرگێکی جوان و رێک و پێک کە شۆفێری ئوتومۆبیلەکەیە و لە پاڵ دەستی کوڕێکی بە تەمەن دەساڵاندا دانیشتووە، دەکەوێتە پێش نیگا. دادە لە بازنەیەکی ئەستوور لە نوورە زەرد و سوور و سەوزەکاندا بەرەو ئۆتۆمبێلەکە بەڕێدەکەوێت. دادە دەنووشتێتەوە و دەستی دەخاتە سەر پەنجەرەکە و روو لە ژنە دەڕوانێت....

چرای ترافیک، سیناریۆیەکی کورتە، باس لە ژیانی ژنێکی هەژار دەکات کە بە "دادە" بەناوبانگە و بە یەکەمین کتێبی سیناریۆی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندادەنرێ. دادە لەگەڵ ئەوەدا کە ژنێکی جوان و تا رادەیەک گەنجە و حەزی لە سواڵکەری نییە، هەوڵ دەدات لە رێی فرۆشتنی چا و گێڕانەوەی شیعر و نوکتە بۆ دانیشتوی ئوتومۆبیلەکانی چوار رێیانەکە پارە پەیدابکات و ژیانی رۆژانەی خۆی دابین بکات، بەڵام خەڵکانی ئەو چوار رێیانە کە ئاماژەیە بە خەڵکانی کۆمەڵگا بە گشتی، هەرگیز ئاوڕی لێنادەنەوە جگە لە چەند پیاوێک کە لە رواڵەتدا بۆ کڕینی چا دەڕۆنە شوێنە پلاستیکیەکەی کە لە تەنیشتی چوار ڕێیاندا دایمەزراندووە. بەڵام، لەبنەڕەتدا مەبەستیان کڕینی جەستەی دادەیە و دەیانەوێ سێکسی لەگەڵدا بکەن.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن ناوەندی پەرتەوبەیان-سنە، دوو هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

### ٦- لە بازنەی تەقەدوسدا

ئەم کتێبە لە چەندین چیرۆکی جیاواز پێکهاتووە، لە سەر تەکنیکی نوێی داستانیدایە و بە شێوازی شەپۆلی زەیندا نووسراوە. یەکێک لەم چیرۆکانە چیرۆکی دەلاقەیە کە چیرۆکێکی تری لۆژییە و خاوەن سێ

تابلۆی داستانییە بەس هەموویان لە سەر یەک ئەڵقەدان. ئەم چیرۆکە باسی دەلاقەیەک دەکات کە عاشقی خاوەن ماڵەکەیەتی، ژنێکی گەنج و جوانە ، هێدی هێدی دەلاقە دەبێتە پیاوک کە حەزی لە نزیکبوونەوەی ژنەدایە و هەوڵ دەدات ژیانی ژنە بە ژیانی خۆیەوە موتوربە بکات. رێک لە چەشنی مێردی ژنەکە، بەڵام ژنە لە رێگەی هەندێ هەڵسووکەوتی سەیر دەلاقەکە لە ژیانی خۆی دەر دەکات. لەم چیرۆکە دەلاقە شووناسی ئینسانی هەیە و جۆرێکە لە تەکنیکی مۆدێڕنی داستان. زۆربەی چیرۆکەکانی تری نێو ئەم کتێبە، بەم شێوەیە نووسراوە.

کتێبەکە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێ (دەلاقەی ١، دەلاقەی ٢، دەلاقەی ٣، پانتۆڵی موقەدەس١، پانتۆڵی موقەدەس٢، پەیتا پەیتا ئەستێرەکان..، دڵی موقەدەس١، دڵی موقەدەس٢، دڵی موقەدەس٣، دڵی موقەدەس١٠، دڵی موقەدەس١١، دڵی موقەدەس١٢، ماچە مەستە سەرگەردانەکان).

لە دڵی موقەدەس نۆدا هاتووە "مانگ لە بازنەی تیشکی خۆیدا کەوتووەتە داو، لەم دەشتە بەرینە کەس نییە جگە لە دیمەن، لە دوورەوە دێت، کەفی هەڵهێنا و دیمەن، ئۆۆۆۆف کە چەند ناشیرینی لەم کاتەدا، تەنانەت جوانییە بێ هاوتاکەتیش نایێتە هاناتەوە، لەم شەوەدا زۆر لە خۆت و دنیای دەروونی خۆت دەکەیت.پێموایە هیچکات تا ئەم رادەیە لە خۆت نەچوویتە.سەیر کە دیمەن، سەیر کە پەلکەکانت چەند لە دوو ماری سپی دەکەن، بزانە ئەو دوو مارە سپییە چەند لە تیشکی ئەو چاوانەت دەترسن.."

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

### ٧- دەبێ ئاگام لە خۆم بێت

کێ ئەو دنیایەی لە من و ئیسێ سەندەوە، کێ هەرەسی هێنایە دنیا جوانەکەمان؟ بۆ و لە بەرچی؟ مەگەر ئێمە مافی ئەوەمان نەبوو بە خۆشی بژین؟ بۆ ئاکامی ژیانمان بە خەم و دڵەڕاوکێ و چەرمەسەری و نەهامەتی بێ؟. نا، نەخێر، نەدەبوو ئەوەی بوو، ڕوویدابوایە. لەبەرئەوەی من و ئیسێ هەوڵماندا، دنیایەکی خۆش بۆ خۆمان پێکبێنین و بە گیان و بە دڵیش پاراستمان!

ئیسێ و گوڵێ  تا کاتی ڕۆیشتنیان بۆ زانکۆ پێیان وایە کە خوشک و بران بەڵام بە ڕێککەوت تێدەگەن کە لە دوو باوک و دایکی جیاوازن، برا و خوشک نەبوون، سەرەرای ئەوە کە بەیەکەوە لەیەک خێزاندا بە نێوی خوشک و برا پێکەوە گەورە بوونە. ژیانی پڕ لە چەرمەسەری  و نەداری و بێ دایک و باوکی. کاتێک تێدەگەن  خوشک و برا نین، زیاتر لەیەکدی نزیک دەبنەوە و پێوەندییەکەیان گۆڕانکاری بەسەرداد‌ێ و دەبن بە خۆشەویستی یەکتر، پێکەوە لەگەڵ برا و براژنی سیخور و فەرمانبەری دەسەڵاتدا لەیەک خانوو دەژین بەڵام ژیانیان لەگەڵ ئەواندا جیاوازە. ئیسێ و گوڵێ لە زانکۆدا تێکەڵی چالاکییە ئەدەبی و سیاسییەکانی زانکۆ دەبن لە سنە. برا و  براژنەکەیان  کە  لە ڕێی سیخوڕی و خزمەتکردنی دەسەڵاتەوە  پلەی سەرهەنگییان پێدراوە دەبنە یەکەمین دوژمنی گوڵێ و ئیسێیەوە و لە کۆتاییدا ئیسێ بە دەستی ئەو دووکەسە دەکوژرێت و کچەش هێدی هێدی تووشی شێتی دەبێت و دەبرێتە شێتخانە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەش سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- لەو شارە کە ژیاوم**

ئەم کتێبە بیست و یەک کورتە چیرۆکی تێدا نووسراوە و کەش و هەوای ئەم چیرۆکانە زیاتر لەسەر دنیای دەروونی مرۆڤەکانەوە دەسوورێنەوە و لەسەر شێوازی شەپۆلی زەیندا خولقێندراون.

تێکستێک لە چیرۆکی "ئەو هەموو شاخە" دەستی راستی رێبوارەکە گوتی: من پێشتر هەوساری مایینێکی سپیم بە دەستەوە بوو غارم دەدا لە دەشت و شاخدا.

جادەکە گوتی: ئەی ئێستا چی؟ ئێستات گرینگە، داشتەم داشتەم حسێبی بۆ ناکرێت، دیرم دیرم حسێبە.

دەستی راست گوتییەوە: ئێستا تەنیا چەترێکم پێیە بۆ پاراستنی خۆم لە بارانی بەهاری.

هەر دووقاچەکە پێکەوە گوتیان: رێگامان لە بەرە، رێگا دەپێوین، پێشتربە مایینە سپیەکە و ئێستاش خۆمان ناچارین غاری لێبدەین لەبەربارانە بەهارییەکە تاکوو پێڵاوەکانمان تەڕ نەبن.

دەستی چەپ گوتی: فرت و فێڵن ئێوە. نەکا مەبەستتان لە مایینی سپی، هێسرە لەرەکەی ئاغایە، خستبوویانە دەرەوە بەڵکوو گورگ بیخوات بەڵام بەرێکەوت دەستی ئێمە کەوت و سوواری بووین.

جادەکە دەنگی نێرەوە کرد وگوتی:تۆ خۆ ئێستا هیچت بەدەستەوە نییە جگە لە جانتایەکی هەزار کارە و هەزار رەنگە،ئەرێ چی تێدایە ئەو جانتایە؟بۆ کوێی دەبەیت و مەبەستت لەو جانتایە چییە؟ هەڵە نەبم خرینگەیەکم لێیەوە بیست.

دەسـتی چەپ گوتییەوە:هێشـتا تەقەی کلاشـینکۆفەکەم دێـتە گـوێی هەمووواندا هێشتا هەر. سەیر سەیر چ تەقەیەکە سەیر.
قاچەکـان بە دەم گـۆڕانییەوە ڕێگاکەیـان دەپێـوا: هـۆی خـاڵۆ ڕێبـوار، ئامان خالۆ ڕێبوار.
دارەکان بە دەم قاقاوە لە چەپڵەیاندا.
ئەم کتێبە ئامادەی چاپکردنە.

### ٩- نازانم کێ بوو

ئەم کتێبە بەرهەمێکی شیعریی شاعیر زەینەب یوسفییە، کە پەنجا و دوو شیعر لە خۆدەگرێ. هەندێ لە شیعرەکان بە تەواوەی لە فەزا و لۆکەیشنی شاردایە. شار وەک شوێنێکی نادیار و نیمچە یۆتۆپیا و خزۆک و فرە ڕەهەندە کە بە ئاسانی پێناسە ناکرێت، تێک ئاڵاوێک لە تەکنۆلۆژی، شپرزەیی، دەمامک، هەڵپەرستی، هەژاری، خەسڵەتە باش و خراپەکانی تاکەکان، جیاوازی چینایەتی و زۆر شتی تر. سەرجەم شار ژینگەیەکە کە مرۆڤ ئەهاڕێ و وێرانی دەکات.
بێ مانایی یان سەیال بوون و خزۆکی مەعنا، ئێسکیزۆفیڕنیا و تێکەڵاو کردنی سەبک و شێوازەکان، پرژ و بڵاوی و یەک دەست نەبوونی دەق، تێک شکاندنی ئەسڵە سەلماوەکان و ڕەوایەتە گەورەکان، کایەی زمانی، فرە دەنگی، ئایرۆنی، گروتێسک، پارادۆکسی وشە و واتا، پێرسۆناو... کە ئەمانە گشتیان بە مەبەستی دەربڕینی دۆخی ئینسانی پارچەپارچە کراوی پاش مۆدێرنیتە لە شیعرەکانی ئەم کتێبەدا کەوتوونەتە گەڕ. لە بڕێ شوێنی ئەم دەقانەدا لادان و دەرچوون لە پێوەر و نۆرمە باوەکانی زمان دەبیندرێ. لادان خۆی بە مەبەستی زەق کردنەوەو ئاشنایی سڕینەوە دێتە ئەنجام و بەو هۆیەوە دەقی ئەدەبی لە دەقی ئاسایی جیا دەگرێتەوە. لە دنیای فرە ڕەهەندی ئەمڕۆدا

لادان تا شوێنێ کە پێوەندی نێوان شاعیر و بەردەنگ نەپچڕێ ئەتوانێ بەردەوام بێت، هەڵبەت لە نێوان هەڵەی زمانی و لادانی زمانیدا هێڵێکی زۆر باریک و هەستیار هەیە ، لە هەردوو حاڵەت دا لادان لە یاساو بەزاندنی یاسا هەیە، بەڵام لادان بە ئەنقەستە و لە ژێر دەسەڵاتی شاعیردایە.

نۆستالۆژیا هەستێکی دەروونی تاڵ و شیرینە بەرامبەر بە شتەکان و کەسەکان و هەلومەرج و ژیانی رابردوو، یا دڵتەنگ بوونی زۆر و لە رادەبەدەر بۆ زێد و نیشتمان یان دابڕان لە نیشتمان.

لەم کتێبەدا لە هەر دوو حالەتەکەدا دەرکەوتەی نۆستالۆژیا دەبینرێ، وەک ناوبردنی گەڕەکەکان و شوێنەکان و سەردەم و پێشهاتەکانی رابردوو.

ئەم کتێبە، ئامادەی چاپکردنە.

<u>**وەرگێڕان**</u>

**١٠- ژنانی بێ پیاو**

ئەم رۆمانە باس لە کۆمەڵێک ژن دەکات کە لە سەردەمی شای ئێران لە تاران دەژین. زۆربەی ئەم ژنانە ژیانی هاوبەشییانە پێکنەهێناوە، یان بێوەژنن یان قەیرە کچن، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی موسەدیق سەرۆک وەزیرانی شا کە دژ بە حکوومەت هەڵدەستێتەوە و تارادەیەکی زۆریش بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی تاران تێک دەدات رووداوەکانی ئەم رۆمانە ڕوو دەدەن. لە سەر شێوازی شەپۆلی زەین و ریالیزمێکی سیحرییەوە سووڕ دەخواتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم رۆمانە یەکێکە لە یەکەمین رۆمانە ریالیزمە سیحرییەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێرانی. ئەم ژنانە تووشی زۆر بەسەرهاتی سەیر دەبن، هەریەکەیان لە سووچێکی تارانەوە بێ ئەوە یەک بناسن لە سەر کێشەگەلی سێکسی،

خێزانی یان کۆمەڵایەتی لە خاو و خیزان دادەبڕێن و ڕێگایان دەکەوێتە باخێک، لەو باخەدا کە مولّکی بێ وەژنێکی ئەدەبدۆستە و رۆژانی هەینی خەڵکی ئەدیب و هونەرمەند لەوێ کۆدەکاتەوە، لەگەڵ قەیرەکچێکدا رووبەروو دەبنەوە بە نێوی مەهدۆخت کە خۆی لە زەوینی ئەو باخەدا کێڵاوە و چاوەرێیە تاکوو ببێتە دار. هەموویان بۆ سەوز بوون و ماندگاری دارەکە هەوڵ دەدەن و لەو ماوەدا گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا دێت.

بەشێک لە دوواهەمین تابلۆی ئەم رۆمانە، بەنێوی زەڕین کلاو: زەڕین کلاو لەگەڵ باخەوانی دلۆڤاندا زەماوەندی کرد. سکی پڕ بوو. نیلۆفەرێکی هێنایە دنیاوە. منالّەکەی خۆش دەویست و منالّەکە لە حەوزە بچووکەکەی قەراغ رووبارەکە گەورە دەبوو.

شەهرنوش پارسی پور ئەم کتێبەی نووسیوە و زەینەب یووسفی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەدووتوێی ١٣٦ لاپەڕە، لەلایەن ناوەندی تۆێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی بڵاوکرایەوە.

**١١- چاڵ وە چاڵ**

دەستم درێژەوە کرد و ئارام بەتانییەکەم لادا. دەم و چاوی دوکتور زەردی زەرد هەڵگەڕابووەوە. ئێسقانی کولّمەکەنی قیت و تیژەوە ببوون و چاوە ڕەشە درشتەکانی بەرەو لایەک خزا ببوون. تەنیا غولامانە ئەستوورەکەی وەکوو خۆی مابووەوە. چاوەکانی سەیری میچەکەیان دەکرد. دەتگوت میچەکە ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەیە و چاوەکانی نەیاندەتوانی خۆیان رادەستی سیحری ئەو ئاسمانە نەکەن. بەڵام لێوەکانی وا ئاوەڵا مابوونەوە کە دەڵێی هەر ئیستاکە، هەمان قسەی هەمیشەیی خۆی گوتووەتەوە: مەخسەرەیە، مەخسەرەیە.

پاسەوانە تورکەکە حەپەسا و سەیری دەم و چاوی دوکتوری دەکرد و ناکاو بڕوای هێنا کە چ روویداوە، ڕەنگە هاوکات لە گەڵ مندا بڕوای هێنا. بەتانییەکەی کشایەوە سەر سەری دوکتوردا. وەرگەرایەوە و سەری خستە سەر شانی من. (دوکتور گوتبووی: هەندێ جار لە خراپترین شوێندا، باشترین مرۆڤەکان دەدۆزرێنەوە). لە دەنگی بەرزی گریانەکانی ئەودا هەرا و هوریا کەوتە نێوان قاعەوە و زیندانی قاوشەکانیتریش بەخەبەر هاتنەوە: چ بووە؟ چ بووە؟ کەس وەڵامی پێیان نەدەدا. من ئەژنۆم داکوتا. بەتانییەکەم لادا. چاوەکانی دوکتورم نووقاند. کاتێک ماچم دەکردەوە، گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە لە دژایەتی لە گەڵ راهێنانەکانی خودی ئەودا، دەیگوت: بۆ لە سەر گیانبەخت کردنی خۆت ناڕزایەتی دەردەبڕی لە بۆ شەهیدێک وەکوو تۆ تەنیا یەک کەسیش لە چەشنی جەماوەرێکدایە.""

ئەم کتێبە، کورتە رۆمانێکی سیاسییە، لەناواخندا تایبەت بە سەردەمی شا. چیرۆکەکە لە نێوەندی زیندان و ئەشکەنجەدایە و دوو پاڵەوان لە چیرۆکەدا دەسووڕێتەوە، "دوکتور" وەکوو سیمبولی خەباتکار و شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیری ئەودەمەی گەلی ئێران و "حەمید" وەکوو سەمپاتێکی ئەو بیرو بڕوا رووناکبیر و خەباتگێڕانە بەردەوام لە فلاشبگە رەش و سپییەکاندا، دیار و ون دەبنەوە. رۆمانەکە لە فەزایەکی پڕ لە خەم و کوشتن و بڕیندایە و هەندێ بیرەوەری و قسە و پەیڤینی فەلسەفی و رۆشنبرانە ئەم کورتە رۆمانەی رازاندووەتەوە.

رەزا بەراهانی ئەم کتێبەی نووسیوە و زەینەب یوسفی لە زمانی فارسییەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی، لەئێستادا ئامادەی چاپکردنە.

**قسەیەک**

وادیارە کە پرۆژەی ئەم کتێبە نەک هەر پرۆژەیەکی جیاوازە بەڵکوو خزمەتێکی جیاوازیش لە دەرحەق کۆمەڵگایەک دەکات کە دەبێتە خوێنەری بەرهەمی ژنانێک کە ژیانیان بە گشتی تەرخان کردووە بۆ خوێندن و نووسین تاکوو بتوانن دەسهاتێکی ئەدەبی ئاراستەی کۆمەڵگاکەیان بکەن. لە کۆمەڵگایەکدا کە ژنان بتوانن بێ لاساییکردنی ئەدەبی پیاوان بەرهەمی نوێ بخولقێنن بێگومان ئەو کۆمەڵگایە بەرەو شارستانیەتی هاوچەرخ دەڕوات.لە هەموو وەڵاتێکدا ئەرکی وەپێش بردنی ئەم جۆرە پرۆژانە لە ئەستۆی دەوڵەتەکاندایە، بەڵام کورد لە ئێستادا دەوڵەتێکی دیاری نییە وەک دەسەڵاتی گشتی، کە وایە ئەرکی ناساندنی ژنانی هەڵکەوتە و نووسەر دەکەوێتە سەر شانی بەرەی رووناکبیر و گەنجی کورد تاکوو بتوانن لەم رێگاوە مێژوویەکی باش درووست بکەن بۆ کۆمەڵگای کوردی و زۆرتر و زۆرتر ئەدەب و هزری ژنی کورد بە دنیا بناسێنن.

بەرای من باشتر وایە کاتێک کە ئەم پرۆژەیە کرا بە کتێب و کەوتە بەردەست خوێنەران، لە زووترین کاتدا وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانیتر تاکوو خەڵکانیتریش ئاشنا ببن لە گەڵ کەسایەتییەکانی ژنی کورد و لە رێی خوێندنی کتێبەکانیانەوە زۆرتر کۆمەڵگاکەمان بناسن.

هیوادارم پرۆژە گەلێکیترش بەڕێوە بێت بۆ بەهێز کردنی مێژووی گەل لە چەشنی هەموو وەڵاتە مۆدێڕنەکانیتردا چوونکە کاتێ کە ژن وەکوو نووسەر لە کۆمەڵگادا دەرکەوت ئیدی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناتوانێت بەر بە وەپێشەڤەچوون و گەشەی ئەو کۆمەڵگایە بگرێت.

زێنەب یوسفی.. سنە

پازدەی نۆڤەمبەری ٢٠١٦.

zeynbyousefi٤٣@gmail.com

# کازیوە ساڵح



## کازیوە ساڵح

کازیوە ساڵح، لە سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دەربەندیخان تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠١ ڕووەو کەنەدا ڕۆیشتووە و ئێستا لەوێ دەژی، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی یورک تۆرینتۆ-کەنەدا لە پەیوەندییەکان و سایکۆلۆژیای کلتوری بەدەست هێناوە، دیبلۆمی بالای لە زانکۆی یورک تۆرینتۆ-کەنەدا لەبارەی (کێشەی پەنابەر و کۆچبەران) وەرگرتووە، دیبلۆمی ڕۆژنامەوانی لە کۆلیجی شەرەدنی ئۆکڤێل-کەنەدا وەرگرتووە، ماستەری لەزانکۆی یورکی تۆرینتۆ-کەنەدا لەبارەی (کلتور و جینۆساید) بەدەست هێناوە، خوێندکاری دوکتۆرایە لە زانکۆی کوینی کنگستن-کەنەدا.

کازیوە ساڵح، ئەندامی ئەمەنستی ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتییە، ئەندامی نووسەرانی مەنفایە، ئەندامی نووسەرانی تۆرۆنتۆیە، چەندین ساڵ ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بووە لە میسر.

کازیوە ئەم خەڵاتانەی پێ بەخشراوە، خەڵاتی ڤێستڤاڵی ئامێتا بۆ ئەدەب و هونەر بۆ چیرۆکی (کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد) لە ساڵی ٢٠٠٢، خەڵاتی ڕۆژنامەنووسی چالاک لە لایەن حزبی سۆشیالیستی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣، خەڵاتی پریکس پۆڵ یازیەک بۆ فرە کلتوری لەلایەن وەزارەتی کۆچبەری و پەناهەندە بۆ کەسانی لێهاتوو و خاوەن دەستکەوتی دیار لە ساڵی ٢٠١١، خەڵاتی نەجیب مەحفوز بۆ ئەدەب لە میسر ساڵی ٢٠١٣، خەڵاتی ئالان سیلبەر بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە

جینۆساید/ هۆلۆکۆست و لێکۆڵینەوەی لە کێشەی جولەکە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە لایەن زانکۆی یورک و دراساتی ئەکادیمی جولەکە لە ساڵی ٢٠١٣، خەڵاتی نووسەری لەلایەن کۆلێجی جۆرج براونی تۆرۆنتۆ لە ساڵی ٢٠١٤.

کازیوە ساڵح تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی نووسیوە (حکمەتەکای بە قەرەج بوونم، هاوناز و خاڵخاڵۆکە، ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا، نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە، دوو هاوڕێ و جادوگەرێک، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، دەزگیرانە قوڕینەکەم، پڕۆژەیەک بۆ شکاندنی بێ دەنگی لە سەر پرسی ئەنفال-گفتوگۆیەکی کراوە لە گەڵ نووسەر و ڕوناکبیر کازیوە ساڵح، ئاسمان لە هەموو شوێنێک شینە، خطیبی الطینی، باخچە).

**<u>نووسین</u>**

**<u>کتێبە کوردییەکان</u>**

**١- حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونم**

ئەم کتێبە یازدە کورتە چیرۆکی لەخۆگرتووە و یەکەم بەرهەمی چاپکراوی نووسەرە، ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.

**٢- هاوناز و خاڵخاڵۆکە**

هاوناز و خاڵخاڵۆکە، کتێبێکی مندالآنەی وێنەی ڕەنگا و ڕەنگی و ئامۆژگارییە و دوو چیرۆکی ئامۆژگاری بۆ پاراستینی مندالآنی تێدایە. ئەم بەرهەمە بە زمانی کوردی و هەردوو دیالەکتیکی سۆرانی و بادینی و زمانی ئینلگیزی نووسراوە و بێ بەرانبەر بەسەر قوتابخانەی چەند لادێیەکی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی هۆشیار کردنەوەی مندالآنە سەبارەت بە مین، بۆ وێنە: "ناسینەوەی مین،

مەترسی مین، چۆنیەتی خۆپاراستن لە مین، چۆنیەتی هاوکاریکردنی هاوڵاتیان و هاوڕێیان لەکاتی گیرخواردن لە نێو کێڵگەی میندا.
چیرۆکی هاوناز و خاڵخاڵۆکە لەلایەن کازیوە ساڵح نووسراوە و چیرۆکەکەی دیکە لەلایەن محەمەد ڕەمەزانەوە نووسراوە، لەلایەن شوان عاسی وێنەی بۆ کێشراوە، ساڵی ١٩٩١ لەلایەن (MAJ) بڵاوکراوەتەوە.

**٣- ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا**

ئەم کتێبە لە لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری پێکهاتووە، کە بارودۆخی ژنی کوردی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تێدا باسکراوە، بۆ وێنە: "ڕەهەندەکانی دەسەڵات و کۆیلەکردنی ژنانی بەهێزی لاواز، ژن و بەجیهانی بوون، میکانیزمی گریمانە و بەراوردکردن، ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەم و سەردەمی بە جیهانی بووندا، ناسنامەی ژنی کورد لە تەرازووی 'ئەوی'ی باڵا و ' ئێرە'ی کەناردا، مافی مرۆڤ لە هاوکێشەی دەسەڵاتی خواوەندی و چەوساندنەوەی ژندا، وێناکردنی کۆمەڵ، ژن لە کۆدەکانی زانیاری و پەیوەندیکردندا".
نووسەر، لە بابەتی مافی مرۆڤ لە هاوکێشەی دەسەڵاتی خواوەندی و چەوساندنەوەی ژندا، باسی حەوت جۆر چەوساندنەوە دەکات، یەکێک لەوانە چەوساندنەوەی ڕەمزییەوە، کە دەڵێ "دەکرێت بڵێین ئەم چەوساندنەوەیە لە کولتوور و نەریتەوە سەرچاوە دەگرێت و وەکو خوویەک لەلای مرۆڤ جێگیر دەبێت، بەشێوەیەک ئەگەر چەوسێنەرێکی دیاریشی نەبێت، نەریتی کۆمەڵایەتی وادەکات چەوساوە خۆی بەرهەمی بهێنێتەوە و ببێت بە چەوسێنەری، یەکێک لەو جۆرە چەوساندنەوە ڕەمزیانەی زۆر لەناو ژناندا باوە، بۆ نموونە: دابونەریتی پرسە و

ڕەشپۆشین، ژن ئەو کەسانەی لێوەی نزیکبن هەتا لە ژیاندا بن، نابن بە هیچی و کەسیشی بە ناوی ئەوەوە نییە، تەنانەت ئەگەر منداڵی خۆشی بن، بەڵام لە مردندا ژن یەکەم خاوەنە بۆ هەڵگرتنی باری غەمەکانیان، وەکو ئەوەی مردوەکە تەنها لە ژن ڕۆشتبێت چەندین ڕۆژ خۆی دەکوتێ و خۆی سزادەدات (بە تایبەت لە ناو ژنانی گوندنشیندا زیاتر باوە)، دوایش چەند ساڵێک پۆشاکی ڕەش دەپۆشێ، لە ماددەی پێنجی برگەی یەکدا هاتووە "گۆڕینی ڕەوتە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕەفتاری پیاو و ژن، بە ئامانجی بنبڕکردنی لایەنگری و خوونەریتیەکان، ڕەفتارکردنەکانی تر کە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراون کە یەکێک لەو دوو ڕەگەزە نزمتر یان بەرزتر لەوی تر، یان لەسەر ڕەوتە کرداری پیاو و ژن". بەڵام هێشتا ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر تاک داناوە لەچەندین ڕووی تریشەوە، وەکو ئەو سۆز و بەزەییانەی هەندێ لە پیاوان کە بە ناوی داکۆکی کردن لە ژن دەریدەبڕن (ئەگەر حسابی مرۆڤی بۆ بکرێت، مرۆڤ شایانی ڕێزە نەک بەزەیی)، یان ئەو پیاهەڵدانانەی بەسەر ئەندامەکانی لەشی ژندا، وەکو فاکتەرێکی چێژ وەرگرتن هەڵدەدرێت، قەدەغەکردنی زۆر شوێن و کوچە و بازاڕ لە ژن بە بیانووی ئەوەی تایبەتن بە پیاوان، هەندێ لەو مەسەلە کوردییانەی لەسەر ژن گوتراون، ئەو کارانەی کردنی بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ژن بە ڕەوا نابینرێت، گومان کردن لەو کارانەی ژن دەیکات کە لە ئاستی کاری پیاو یان زیاتردایە....هتد

هەموو ئەوانە پرەنسیپی سەرەکی چەوساندنەوەی ڕەمزی ژنن. بەو خاڵبەندییانەدا دەردەکەوێت کە جگە لە چەوساندنەوەی ئاینی، شەش جۆر چەوساندنەوەی بنەڕەتی لە ژیانی هەموو ژنێکدا هەیە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٢ لەدووتوێی ١٤٨ لاپەڕەدا لەلایەن دەزگا و چاپی سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

**٤- نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە**

نامەکـان بەر لە مـردن نـاخوێنرێنەوە، ژمـارەیەک چیرۆکـی جیـاوازی لـەخۆگرتووە، کە لە کـات و زەمەنـی جیـاوازدا نووسـراوە و لەشـوێنی تایبەتدا پێشکەشکراوە، کتێبەکە ئەم چیرۆکانەی تێدایە (کێ کوشـتنەکەی ئاشکرا کرد؟ تاوانبارەکەی کەنـار دەریـا، ژنێک لە پێکـی ڕابـردوودا، ئەو نامانەی بەر لەمـردن نەخـوێنرانەوە، ئەو بخـوری نەمـری دادەگیرسـێنێ، ژنەکـانی ژەنەڕاڵ، ئەو سـێوی دایکیشـم بەخـواردنی گوناهبـاری کـردم، کچە ئازادەکە، نمایشکاری گۆڕەوی، مەیموونستان).

نووسەر لە چیرۆکێکدا دەڵێ: خۆشەویستم دلارام... لە کوێوە بتگەمێ کە تۆ دەزگیرانێکـی ئەسـمەری و تەنیـا لە مانگەشـەودا دەتـدۆزمەوە، بەڵام ئەوە بـزانە کە مـن هەنـووکە بیسـت و حەوت سـاڵ و نـۆ مانـگ و یەک دوو شـەممەم، وەک خۆشت دەزانیت ئارامم و توانای بەرگری کردنم لە خـۆم و بەرپەچدانەوەی هەمـوو کوکوە دۆڕاوەکـانم هەیە، بەڵام فریـای ئەوە نـاکەوم، چـونکە تەمەنـی مـن ڕێـژنە بـارانی پـایزێکە و وەرزەکـانی کـورتە و لەوە جـوانترە جێگـای "ئەوانەی تێـدا بـکەمەوە، بەڵام کە تـۆ بەشێک بیت لەمن پێت دەڵێم: ئەمڕۆ چەند کەسێکم لەو گرووپە دۆڕاوانە بینـی، ئەوانەی گۆرانییەکانیـان نییە نـاوی بنـێن پـاکی، نەدەتـوانن وێـنە جوانەکـانی ژیـان وەرگـرن و نە ژیـانیش ئەوانـی بەو قیـزەونییە قبـوڵ سـەریان کردبـووە کتێبخـانەی شـار و هەرچـی ڕسـتەیەکی نـوێ و بەکەڵکی تێدابوو دەریـان دەهێنـا و دەیاندایە پـاڵ یەک، ئیتـر ڕیزبەنـدی

وشە و ڕستە لە هەگبەی "ئەواندا" لەوێوە دەستی پێکرد..... (تێکستێک لە چیرۆکی ئەو نامانەی بەر لە مردن نەخوێنرانەوە)
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ لەدووتوێی نەوەد و شەش لاپەڕە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بڵاوکراوەتەوە.

**٥- دوو هاوڕێ و جادوگەرێک**

چیرۆک بۆ منداڵان
ئەم نامیلکەیە چیرۆکی منداڵانی لەخۆگرتووە، نووسەر لە چیرۆکێکدا دەڵێ: "سارا کچێکی چاوکاڵی سپی قژ زەردە، مامۆستاکەی زۆر حەز بە قژە درێژ و خاوەکەی دەکات، هەموو ڕۆژێ سارا لەگەڵ ئالان، کوڕە ڕەشە قژ لوولەکەی دراوسێیان بەیەکەوە دەچن بۆ قوتابخانە.
ڕۆژانە لەڕێگەی قوتابخانەوە سەر لە هەردوو کوکوختییەکەیان دەدەن کە لە کلۆرایی دارێکی پیری گەورەدا بەچکەیان کردبوو، دارەکە لەنێوان کۆلانێکی ئەو دیو شەقامەکەی نێوان ماڵەوە و قوتابخانەکەیاندایە.
لەبەرئەوەی لەڕۆژانی پشووی هەفتەدا سەریان لە کوکوختییەکەیان نەدەدا چونکە قوتابخانەیان نەبوو، لە ڕۆژێکی پشوودا ئالان زۆر بیری کوکوختییەکەیانی دەکرد، بۆیە ڕۆیشت بۆ بینین و یاریکردن لەگەڵیاندا.
ئەم نامیلکەیە لەلایەن کازیوە ساڵح نووسراوە و شێروان موحسین وێنەی بۆ کێشاوە، ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس وەشانیکردووە.

**٦- فیمینستناسی و جڤاکی کوردی**

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و تیۆرییەکی فیمینستانەیە تایبەتە بە ژنی کورد کە لە پێنج بەش پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ژناندا دەسوڕێتەوە و زانیاری خراوەتەڕوو، کە ئەم باسانەی تێدایە (فیمینزم چییە؟، فیمینست کێیە؟، سەرهەڵدانی بیری

فیمینـزم، سـەرهەڵدانی فیمینـزم لە نـاو عەرەبدا، فیمینسـتی کـورد، ئایـا خەبـاتی ژنـی کـورد فیمینسـتییە؟، ئایـا ڕێکخراوەکـانی ژنـی کـورد فیمینسـتین؟، فیمینـزم و ئەنتـی فیمینـزم، فیمینـزم یـا ڕەیسـیزم، بزاڤـی سیاسی لە تیۆری فیمینزمیدا، ئاستی ژنی کورد لە سیاسـەتی نوێدا، ژن چـۆن دەتوانێـت نیـوەی پەرداخەکە پڕ بکـات؟، کـاریگەری ئـابووری و ژنـانی فیمینیسـت، ئامـانجی سیاسـی فیمینسـت، شـەرعییەتی فیمینسـتی سیاسی، خۆشەویستی یا ئازادی سێکسی و ئایدیای فیمینزمی؟، چەمکی خۆشەویستی، دژ و تەبایی خۆشەویستی و سێکس، لەشفرۆشی ئازادی سێکسی یا خیانەتی هاوسەری، ئایا فیمینزم باوەڕی بە ئازادی سێکسی هەیە؟، مرۆڤ-خوود-سەنتراليزمی بوون، ڕەهەندی چوارەمی فیمینزم و تیۆری خەم لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال، فیمینست و خـەمی ئەنفال، تەنیا ژنان دەتوانن فیمینزم بن لە مەسەلەی ئەنفالدا؟)

نووسەر لەکتێبەکەیدا دەڵێ: "ئەو قەیرانەی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردی تێدا دەژی و لە میانەی گوتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی و شێوەی کۆنترۆڵ کردنی دەسـەڵاتی تۆلیتاریدا وەدەردەکەون و لەژیـانی مرۆڤی کورددا تەرجەمە دەبێت. لەوێدا بەشـی ژن کە نیوە زیاتری ئەو کۆمەڵە پێکدەهێنێت وەرگێرانێکی لاوازکراوە بەبەشـی، لە چوارچێوەی ئایـدیای فیمینزمـی ئەم کتێـبەدا، مرۆچەکـان بەسـەر دوو بەشـدا، دابەشـکراوە: ئەوانەی دەڵـێن نیـوەی پەرداخەکە پـڕە بە idealist optimist ناوزەند دەکرێت، ئەمانە خواستی گۆڕانیان تێدا نییە. ئەوانەی دەڵـێن نیـوەی پەرداخەکە بەتـاڵە، لە زانسـتی دەروونـیدا پێـی دەگـوترێ pessimistic/critics ئەمـانە خواسـتی گۆڕانیـان لەسـەروو ئەوهـیە لە واقیعدا".

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ لەدووتوێی ٢٠٠ لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بڵاوکرایەوە.

**٧- دەزگیرانە قوڕینەکەم**

ئەم بەرهەمە ژمارەیەک چیرۆکی جیاوازی لەخۆگرتووە، کە ئەمانەن (تویتەرە چیرۆک، دارسێوەکەی باپیرم، دەزگیرانە قوڕینەکەم یا ژووری ژمارە ٥٠٨، وەرە پێکەوە سەما بکەین، کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟، مەملەکەتی پەڕۆ، تۆماری وێنەکان لە دوکەڵی جگەرەدا، شەهید بوونی گوڵەکانی سەر شورای باخچە، دەرەوەی خەونە شوشەییەکان، کورتە بروسکەکانی غوربەت، بەفر کوژەکان، ئافاتەکانی ڕۆح، خەونە عورفییەکان و گەمەی ئەهریمەن، تراویلکە، پەژفین، تارمایی دۆزەخ، بوونە ونەکان، پزیشکێکی دەوڵەمەند)، ئەڵبەتە بەشێک لە چیرۆکەکان خەلاتی بالای فیستیڤاڵیان بەدەست هێناوە.

نووسەر لە چیرۆکی دەزگیرانە قوڕینەکەمدا دەڵێ: "هەموو کێشەکان لەو ساتەوە دەستی پێکرد کە بڕیارمدا، بەقاچی خۆم بڕۆم و چیتر کراسەکەی دایکم لەبەرنەکەم، گلەییم لێ مەکە، دەزانم زۆر گرانە بەیەک قاچەوە و لە دەڤەرێکدا بە قاچی خۆت بڕۆیت، لە بوونیەوە دایکان کراسەکانیان بە نیواشتی دەهێڵنەوە و تەواو نایدڕن بۆ ئەوەی بەشی لاویەتی کچەکانیان بکات، بەڵام ئەو کراسەی دایکم بۆ من گەورە بوو، ئیگجار گەورە بوو، فەقیانە درێژەکانی وەکوو منداڵی دەستی دەسرازە دەکردم، چرکە درێژەکانی خوارەوەی هەنگاوێکی دەکردم بە سەد. من چیتر قاچە بچووکەکانی منداڵیم نەبوو، ئەو قاچانەی لە بچووکیدا نیوە ڕۆژێکی دەویست تا بگەم بەسەری کۆڵانە درێژەکە، خۆڵە پەتانێ لەگەڵ سروە بکەم، چاوەکانی منداڵیش کورت بین بوون ئەو کۆڵانەم هێندە لادرێژ بوو وامدەزانی درێژترین ڕێگەی دنیایە، ئێستا کۆڵانەکەی منداڵیمان یەک چرکەی لەمن دەوێت بۆ تەیکردن و هەموو

ساتەکانی دیم دەداتەوە دەست، بۆ بینینی کۆڵانە نادیار و نەبینراوەکان، ئەو کۆڵانانەی سەرێکی لەمنەوە دیارە و ....
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەدووتوێی ٢٠٨ لاپەڕە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس وەشانکرا.

**٨- پرۆژەیەک بۆ شکاندنی بێ دەنگی لە سەر پرسی ئەنفال**

گفتوگۆیەکی کراوە لە گەڵ نووسەر و ڕوناکبیر کازیوە ساڵح
ئەم کتێبە وتوویژە لەگەڵ کازیوە ساڵح، کە تایبەتە بە ئەنفال و لەچەندین لایەنەوە شەنوکەوی پرسی ئەنفال کراوە، هەندرێن لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: "بە هەلی دەزانم ئاماژە بە دوو وێنەی نووسەرانە بدەم کە لە سەر پرسی ئەنفال دەنووسن، ئەمڕۆ بەشێک لەو نووسەرانەی کە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن حزبەکان کۆمەکی مادییان دەکرێ، ئەنفالیان کردووەتە سەرچاویەک بۆ بازرگانی. لە بەرامبەر ئەم وێنە خەمهێنەرەدا، چەندین نووسەر هەن، کە بە شێویەکی ئایدیالی بە ڕێگای نووسین و چالاکی جۆراوجۆرەوە، کار بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و بە ماناکردنی پرسی ئەنفال دەکەن، یەکێک لەو نووسەرانە کازیوە ساڵحە. ئەگەرچی ژن زەرەرمەندترین ڕەزگەزی پرۆسەی ئەنفال بوون، کەچی گوایە ئەمڕۆ لە کوردستان ژنگەلێکی بە ناو فیمنست و نووسەرمان بوونیان هەیە، وەلێ ئەوانەی کە ئاگایانە بیر لە ئەنفال دەکەنەوە ناگەن بە پەنجەکانی دەستێک. زۆرێک لە نووسینی ئەو ژنانەش لە چەند ستوون و نووسینی ڕۆژنامەوانی تێپەڕ ناکەن".
کازیوە لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "پەروەدەی کۆمەڵایەتی ئێمە تا ئێستا پەروەردەیەکی سیاسییە، پەروەردەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی نییە، هەر کاتێکیش سیاسەت بەهایەکی خستە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە، ئیتر کۆی ژیان دەبێت بە نمایشێکی کۆمیدی، کۆمیدیایەکی جیاواز... ترسناکترین کۆدیش کە عەقڵ و هزری ئێمەی داماڵیوە لە وەزیفە مرۆیی و شارستانیەکانی کۆی کەسیتی تاکی کورد داڕێژراوی

خواستێکی سیاسیانەیە.. ئەم جۆرە مرۆڤانەش خاوەنی هەڵگری شوناسی مۆدێرنی مرۆڤانە نین".
ئەم دیدارە لەلایەن تەها سلێمان ئەنجام دراوە و هەندرێن پێشەکی بۆ نووسیوە. کتێبەکە ساڵی ٢٠٠٨ لەدووتوێی ١٠٢ لاپەڕەدا لەلایەن هەفتەنامەی ڕێگا بڵاوکرایەوە. ساڵی ٢٠١٣ چاپی دووەمی لەلایەن سەنتەری مارگرێت بڵاوکرایەوە.

**٩- ئاسمان لە هەموو شوێنێک شینە**

ئەم کتێبە بیست و چوار دیداری لەخۆگرتووە، کە کازیوە تیشک دەخاتە سەر گرنگترین کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کولتوورەیەکانی کورد، نووسەر ئەزموونی خۆی دەخاتە تاقیگەوە و لەو ڕوانگەیەوە داوا دەکات ترس ڕەتبکرێتەوە، کۆیلە بوون و سەزەنشتی پەسەند نەکات، تەنانەت ئەگەر ڕەتکردنەوەی وا بکات لە نیشتمانەکەی خۆشتدا جێگەت نەبێتەوە بێباک بە، لە هەموو شوێنێک ئاسمان شینە، بە مەرجێک بتەوێت، پەلکە زێڕینە ببینیت پێویستە نیگات بە ئاسماندا هەڵواسیت. ئەگەر هێزیکی ناچیزەش ئاسمانی شینی پەردەپۆشکرد لێت، ئەوا نیشتمان بخەرە جانتای سەفەرێکەوە و بیبە بۆ بەر هەتاو و ڕوناکی ئاسمانێکی تر، چونکە لە هەموو شوێنێک ئاسمان هەیە و لە هەموو شوێنیکیش ئاسمان هەر شینە. تەنها جیاوازیەک لە سایەی هەندێک ئاسماندا مرۆڤی تاریکی پەرەست زۆرە، بەڵام تەنها ڕوناکی پەرەستەکان پەلکەزێڕینە ئەبینن، تەنها مرۆڤە گەشبینەکان ڕوو لە ئاسمان و پشت لە تاریکی  هەنگاو ئەنێن".
کازیوە دەڵێ: داوا لە تاکی کورد دەکەم پێویستە جیاوازی نێوان بیریار، ڕۆشنبیر و فێرکار یان فێرخواز بکات، ئەمانە کار و ئەرک و دیدەبینیان جیاوازە، ناکرێت بە هەموویان هەر بوترێت ڕۆشنبیر و لەو ڕوانگە تێکەڵەوە جیاوازی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر ناکرێت، نووسەر پۆلینی کاری هەر یەکەیان و پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە دەخاتە ڕوو.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەدووتوێی ٢٨٠ لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس وەشانکرا.

**کتێبە عەرەبییەکان**

**١٠- خطيبي الطيني**

ئـــەم کتێبـــە کۆمەڵێـــک کـــورتە چیرۆکـــی نووســـەری لـــەخۆگرتووە، چیرۆکـەکانی بـە زمـانی کـوردی لـە کتێبـەکانی (نامەکـان بەر لە مـردن ناخوێنـدرێنەوە، حیکمەتەکـانی بە قەرەجبـوونم، دەزگیـرانە قـوڕینەکەم) بڵاوکراوەتـەوە، چیرۆکـەکانی نێو ئـەم کتێبە ئەمانـەن (قصص تـويتريه، شجره تفاح ابی، خطيبی الطينی، تعال لنرقص معا، من الذی کشف جريمه القتل، امرأءة فی ذاکرة قدح، أرقام الصور فی دخان السجائر، مملکة القردة، بخور الخلود، التفاحة التي باكلها فاتهمتني حتى والدتي بالاثم، قاتلة الثلج ، الاحلام العرفية و لعبة الشر، الفتاة الحرة، الانسحاق، الرسائل التي لا تقرا قبل الموت، اربع ثوان من الحكم التي جعلتني غجرياً، ظلال الساحل، متهم ساحل البحر).

کازیوە، لە چیرۆکی مملكة القردة دەڵێ: "حين تصل الي تلك الارض، تستنشق نفساً عميقاً مل صدرك، و لكن يبدو أن الانسان لا يعلم هل أن بكاءه من الفرح أم تراكمات الماضي، فحين تنقطع عن الوطن لمدة طويلة، بدل الابتسامة تجد نفسك تبكي بحرارة دون أرادتك".

ئـــەم چیرۆکانـــە لەلایـــەن جومعـــە جـــەبار لـــە زمـــانی کوردییـــەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی و سـاڵی ٢٠١٣ لـەدووتوێی ١٨٣ لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای الجملی لوبنانی بڵاوکراوەتەوە.

**وەرگێڕان**

**١١- باخچە**

ئـەم ڕۆمانـە سـاڵی ١٩٥٥ نووسـراوە و لـە دوو کـارەکتەر پێکهـاتووە، ئـەوانیش کچێکـی بیســت سـاڵ و پیـاوێکی کامـڵ، لـەنێو یـەکێک لـە

باخچـەکانی پـاریس گفتوگـۆ دەکـەن. ئەم دوو کـارەکتەرە بەرجەسـتەی کولتوور، فەلسەفە، ژیان و بێهودەیی و هەست بە نامۆی ڕاڤە دەکەن. ڕۆمـانی باخچـە لەلایەن مارگرێت دۆزاسـی فەڕەنسـییەوە نووسـراوە و کازیوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن گۆڤاری نڤارەوە بڵاوکراوەتەوە.

**ووتەیەک**

ئـەرشـیفکردن، یەکـێکە لە گرنگتـرین بنەماکـانی پاراسـتنی مێـژوو و شارستانیەت و شوناسنامەی هەر نەتەوە و گروپێکە. ئەو کولتوورەی کە کـورد نیەتـی، ئـێمە هێنـدە لەم بـوارەدا بـێ کولتـوورین کە تەنـانەت کتێبخانە گشتیەکان، کە بە خۆڕایی کتێبەکانیان دەست دەکەوێت، وەکو وڵاتـانی دنیـا بە پـارە نـایکڕن پەرتوکەکـان کۆنـاکەنەوە، ڕۆژنامەکـان ئەرشیفی هەواڵی نووسەرەکان و کارەکانیان نـاکەن. بە ئاستێک بە هەر زمانێک جگە لە کـورد، جگە بۆ کـورد بنووسـیت بۆ هەمیشـە لە سـەر ئینتەرنێـت دەمێنێـتەوە، بەڵام بـڕۆ ناومـان بە کـوردی گوگـڵ بنووسـە، وەکـو ئەوە وایە هیچمـان نەنووسـیبێت، ئەو دەیـان وتـار و کتێـب و دیدارانە چیان بە سەرهات؟، پاش چەند ڕۆژێک نێردرانە تەنەکەی خۆڵ. ئێمە مێژووی خۆمان لە تەنکەی خۆڵدا دەدۆزینەوە و بەڕێی دەکەین. کـورد بەم شـیوەیە ڕێـز لە تـاکە بەرهەم هێنرەکـانی خـۆی، لە مێـژووی خۆی ئەگرێت. بۆیە ئەم کارەی کاک زامدار هەندێک سەختە چوون تا ڕادەیەک کارێکی ئەرشیفیە، قورسە لە کاتێکدا وەکو نووسـەر زۆر جار خۆشـمان کـۆپی بەرهەمەکەمـان لا دەسـت ناکەوێـت، ئەمـەش بەهـۆی نـاجێگیری و لە مەنفـادا ژیـان، بـەڵام کـاک زامـدار هەمـووی دەسـت کـەوتووە. لەدەسـت پێشـخەری دروسـتکردنی ئارشیفیشـدا جـێگەی دەستخۆشیە و خوازیارم لەگەڵ کاتدا لەم بوارەدا زۆر پڕۆفیشناڵ بێت. عەرەب و فارس لە بواری ئەرشـیفکردندا زۆر سـەرکەوتوون، کـورد لە هەموو شتە خراپەکاندا لاسـایی ئەوان دەکاتەوە، بەڵام لایەنە باشـەکانی هەڵـواردووە. جارێـک مـاڵپەڕێکی فارسـیم کەوتە بەر چـاو، هەمـوو

بوارەکـانی جیـاکردبۆوە، زانسـتی، ئەکـادیمی، هـونەری و ئەدەبـی و سیاسـی و ..هتـد، لە ژێـرِ هەر بوارێکـدا سـەدان نـاوی بە کـورتەیەک دەربارەیـان کۆکردۆبـۆوە، بە شـانازییەوە بە خەڵـکە دیـار و بەرهەم هێنەرەکانی ئێرانی ناوزەدکردبوون، بەبێ جیاوازی و هەموو نەتەوە و گرووپە جیاوازەکانی ئێرانی تێدا بوو، بە کوردی ڕۆژهەلاتیشـەوە. گەڕام بۆ ئەوەی بزانم کورد لەم بوارەدا چی کرد، دوو ویکیپیدیای جیاوازم بە ئینگلیزی دۆزییەوە، کە هەر یەکەیان ناوی گرووپێکیان نووسیبوو وەکو ڕۆشـــنبیر و نووســـەر و هونەرمەنـــدی کـــورد لە گەڵ خوێندنەوەیـــدا دەتزانـی کـام گـروپ نووسـیویەتی. بـۆ ئەوەی کـارەکەی کـاک زامـدار پوخـت دەربچێـت چـاکترە مـاڵپەرێکی تایبەتـت بەم بـوارە هەبێـت و لە دروستکردنی کتێبیشدا هەموو نەخرێتە بۆتەیەکەوە.

ڕەچاوی ئەوە بکە ژنێک بۆ دەزگایەک کار ئەکات و مـوچە وەردەگرێت لە بری ئەوەی دەنووسێت، ئەمە ئەگەر ساڵی چوار کتێبیش چاپ بکات هێشـتا کەمە. ژنێکی دیکەش لە دەرەوە دەژی، ڕۆژی هەشـت کـاتژمێر، ئەخوێنیت و خۆی لە خەوتن و ژیان و حەسانەوە بێ بەش دەکات بۆ ئەوەی بنووسێت. دواجاریش لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی کێشـە دەبێتەوە و لە چـاپکردن و دابەشـکردندا. کۆمەڵێک گەنجی وەکو خـۆت کـارێکی باش ئەکەن، گەر پرۆژەیان سەبارەت بەو نادادوەری و دەبڵ هۆزگەری لە ناو کورددا هەبێت. یەکێک لەوانە بۆ نموونە ئەو ژنانەی ژنـی هـۆزی حیزبێک، عەشیرەتێک، هـۆزێکی ڕۆشـنبیری نـین، لەگەڵ مردنـی خۆیانـدا هەمـــوو شـــتێکیان دەمرێـــت، مەگەر بێگـــانە بیپارێزێـــت، لە ســـلێمانیدا ئەوەنـدی مـن ئاگـادارب‌م سـێ ژن بە هـۆی نووسـینەوە ناچـارکراون نیشـتمانی خۆیـان بەجێبـێڵن، ئـەوانیش: مـن، خەنـدان جەزا و ناسـک ئەحمەد، ئایە ئەم دیاردەیە لە هەموو شـارەکاندا ڕوویداوە یـان تەنیـا لە سلێمانیدا؟، پەیوەندی بە شـوێن و بەڕێوەبردنی شـوێنەوە هەیە، یـان بە فکری جیاوازی ژنەکان، ئەمانە پێویسـتە پرس و پرۆژە لای گەنجـان و خەڵکانی وەکو خۆت دروست بکات، بۆ ئەوەی لە لایەک جیاوازی فکری

دەستنیشــان بکــات، لە لایەکــی دی بــۆ ئەوەی فــاڵی ســاختەی هــۆزە جیاوازەکانی باسمکرد بەتاڵ بکاتەوە.

کازیوە ساڵح
٢٠١٩-کەنەدا
kaziwasalih١٢@gmail.com



# باران

**باران**

باران، ساڵی ١٩٨٤ لە سلێمانی لەدایک بووە، پاشان لەگەڵ خانەوادەکەی ڕووەو تاراوگە ڕۆیشتوون و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە و ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. باران لە زانکۆی ستۆکهۆڵم خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ئەدەب و شانۆدا بەدەستهێناوە. ناوبراو ئەم بەرهەمانەی نووسیوە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (نامەیەک بۆ بەهەشت، دەبێت شتێک بگێڕمەوە، ڕۆژێکی تۆزاوی، بۆچی گیا گەشە دەکات؟، ئانیکای ژیر، تەقینەوەکان، ئەڤینی فایدرا، ڕزگاربوو، شێتەکەی سەعات ٤:٤٨، تینوێتی).

**<u>نووسین</u>**

**١- نامەیەک بۆ بەهەشت**

ئەم کتێبە وەک یەکەمین بەرهەمی نووسەر، لە کۆمەڵێک پەخشان و چیرۆکی هەمەڕەنگ پێکهاتووە.. ئەم پەرەگرافە بەشێکە لە نامەیەک کە لەناو کتێبەکەدایە: "من بە بیرم نایەت سێوێکم بە دزییەوە خواردبێ و لادانێک لامدابێت بێ هۆ، کەچی ئەوەندەم لەبیرە دوور دوور پەڕیمە

دەرێی تۆ! شەوانێکی زۆر بۆت گریام، چەندەها ڕۆژ و ساڵ بەدواتدا گەڕام، وەلێ نە سۆراغتم زانی و نە بەرامبەر ئەو تاوانەش کەس هاتە گۆ، من هەر ئەوەندەم لەبیرە سوێم بۆوە بـــێ تــۆ! بیرتدەکەم، بەقەد هەموو ئەو جوانییانەی لەسەر بەهەشت بیستوومانن! خۆشمدەوێیت، بە ئەندازەی پڕمانایی بوونت، هێندەی نزیکی برژانگەکانم کاتێک بۆ بیرکردنەوە لە تۆ لێکیان دەنێم! من دەهرێکە لە تۆ جیام و لە نادیاریتدا بەدوای خۆشمدا وێڵم، بە ڕۆح و بە جەستەشمەوە دەم نا دەمێ، قوڵ لە قوڵی یادەکانتا، پیاسەی ئێوارەیەکی لێڵم.. ئازیزم دەشێت تەمەن لەوە کورتتر بێت کە بە شادبوونەوەت ڕابگەم. ژیانیش لەوە بێنرختر نابێت کە من دوور لە تۆ تیایا هەڵ بکەم. خەسڵەتێکی مرۆڤ، لەبیرچوونەوەیە، ڕاستە، من تا گومڕابوون بڕوای پێ دەکەم، بەڵام ساتێک لەیادکردنی تۆ درۆیە، دەتوانم بێگومانت بکەم!
هەنووکە، ڕەنگە گرنگ نەبێت باسی ڕابردووت بۆ بکەم، هەموو جووڵە و سووتانە پەپوولەئاساکانت لە خۆمدا هەڵدەگرم، دڵەڕاوکێ و بەسەربردنی زەمەنێک لە مێردەزمەدا هەر بە خۆم دەبرم. نا باس لەوە ناکەم کە ڕۆی و دەشمویست داستانی خاڵیبوونەوەی دارستان و پیربوونی دارمێوەکانت بۆ بنووسمەوە، گەرەکم بوو گشت ئەگەرێکی داهاتووت لەم دێرانەدا بۆ چڕ کەمەوە، هێشوو هێشووی ڕەزی بیرەوەریمت پێ ئەزبەرکەم و خوڕ خوڕ ئێستامت بۆ بهۆنمەوە".
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن چاپخانەی کیتابی ئەرزان لە ستۆکهۆڵم، لەدووتوێی نەوەد لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

**٢- ڕۆژێکی تۆزاوی**

ئەم کتێبە، چەند چیرۆکێکی لەخۆگرتووە.. ئەم پەڕەگرافە بەشێکە لە چیرۆکی ڕۆژێکی تۆزاوی نێو کتێبەکە "دوێنێ شەو، لەتاو گەرما،

پەنجەرە بچووکە باریکەکەی ژوورەکەم خستە سەر پشت. بەیانی لە دەنگی ئەو بەخەبەر هاتم، کاتێک ڕەشەبایەکی تۆزاوی دەیهێنا و دەیبرد. پێمخۆش بوو زیاتر بنووم بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگووت باشتر کە زوو خەبەرم بووەوە، ئەمڕۆ دەبێت فریای زۆر شت بکەوم. نیازمە دەمەو ئێوارە بچمە شوێنی مانگرتنەکە. بەر لەوەش پێویستە سەرێک لە دراوسێ غەریبەکەمان بدەم و شاراش ببینم و باسی درەنگکەوتنی میوانەکەمانی بۆ بکەم. نازانم بۆچی ئەمجارە هاتنی ئەو میوانەم لە خەیاڵ دەرناچێت و زۆر دێتە بیرم. میوانەکەمان پیاوێکی کەڵەگەتی ئەسمەری قژ لوولە. بە زمناکۆ بانگی دەکەن. لەمێژە دەیناسین و ماوە ماوە سەردانمان دەکات. من جاران خۆشییم پێ نەدەهات و هەرکاتێک ئەو لە ماڵی ئێمە دەبوو، دەچوومە لای شارای هاوڕێم، یان شارام بانگ دەکرد و دەچووینە ژوورەکەم. بەڵام لەم دووایییەدا چەند جارێک گوێم بۆ قسەکانی شل کردووە، ڕاستتر، قسەکانی گوێچکەمیان تا لای خۆی بردووە. ئەو هەمیشە باسی خەباتی شاخ و پەروەردەی قوتابخانەی شۆڕش دەکات. جەختی ئەو لەسەر تەواوی وڵات و سەربەخۆیی سەرانسەریی و یەکپارچەیی نیشتیمانە ... من تازە دەبمە چواردە ساڵان و سەرم لە زۆر پەشێویی و هەڵچوونی ئەو دەرناچێت بەڵام دڵم لەگەڵ حەماسەتەکەی قوڵپ دەدات و دەخوازم زوو بە زوو گەورەبم. حەزیش دەکەم میوانەکەمان دەرکەوێت و زوو بێتەوە، زوو بێتەوە و درەنگ بڕواتەوە. ئەمجارە لە دەرفەتێکدا پێی دەڵێم قسەم زۆر بۆ بکە".

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن یانەی قەڵەم، لەدووتوێی ١٠٤ لاپەڕ بڵاوکرایەوە.

**٣- دەبێت شتێک بگێڕمەوە**

ئەم کتێبە، لە کۆمەڵێک چیرۆکی ناوەڕۆک جیاواز پێکهاتووە.. ئەمە بەشێکە لە چیرۆکی دەبێت شتێک بگێڕمەوە "ئای خوایە، دەبێت شتێک بگێڕمەوە، دەبێت شتێک لە باری سەرم سووک بکەم. دروست فەرمووویانە بیرکردنەوە ئازارکێشە، چ جای، ئەوەی دەماخت دەکرۆژێت، باسێک و دووان نەبێت. چجای، ئەوەی دەبێتە گرێ کوێرەی دڵت، دۆست بێت و بێگانە نەبێت ... ئاخر من یادەوەریم پڕە لە ڕووداو، هەناسەم بە تۆزی زەمەنێک تەنگە، تژییە لە پێڵەقە و لە داو. من خەیاڵم، لەگەڵ چیرۆکگەلێکدا ڕۆیشتووە، بە دەگمەن دەگەڕێتەوە لای خۆم. کەمن، ئەو ساتانەی قۆڵم لە قۆڵی خۆمدایە و بە تەنها پیاسە دەکەم، بەتەنها چا دەخۆمەوە و بەتەنها دەنووم. من کەمجار لێرەم و ئێستا دەژیم، هەمیشە یان لە ڕابردوودا جێماوم یان نووقمی ئەگەرەکانی داهاتووم.. زۆرم هەیە بۆ گووتن و نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم. دەبێت شتێک بگێڕمەوە، لەبەر هیچ شتێک نا، لەبەر خۆم. تەنها بۆ ئەوەی لە ئێستادا شتێک بکەم.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، لەدووتوێی ١٣٢ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

<u>**وەرگێران**</u>

**٤- بۆچی گیا گەشە دەکات؟**

ئەم کتێبە، لە پەنجا و پێنج بەسەرهات و سەرگوزەشتە پێکهاتووە، بەشێکیان تایبەتن بە کۆمەڵگەی سویدی و دەرخەری کولتوور و تایبەتمەندی وڵاتەکەن. ئەو بەسەرهات و سەرگوزشتانە، پەند ئامێز و بیر بزوێنن و لە سەرانسەری جیهانەوە دەکرێت لە زۆربەیاندا مرۆڤ خۆی ببینێتەوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: "ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە خوێنەر لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە لە ژیان بڕوانێت،

دڵخۆشین بەوەی هەستی شادی و کنجکۆڵیمان بەخشی بێت و زیاتر لە پێدانی وەڵام، پرسیارمان وروژاندبێت. لەم بارەوەیە بە درێژایی ساڵانێک، ئاگادارکراوەینەتەوە کە لەم ڕووەوە سەرکەوتووبووین، هەروەها بیستوومانە کتێبەکانمان لە زۆر شوێندا بەکار هاتوون، وەک کۆڕە تایبەتییەکان، کۆبوونەوەی کارمەندان و لە دەستپێکی وانەی قوتابخانەکانیشدا".

یەکێک لە بەسەرهاتەکان ئەمەیە "گەشتیارێک لە کەنار دەریایەکی دابڕاودا، لە مۆسکۆ پیاسەی دەکرد. لە دوورەوە کەسێکی بەدیکرد و لێی نزیک بووەوە، بینی کە ئەوە ژنێکی گوندنشینی لادێیەکی ئەو نزیکانەیە و خەریکە یەک لەسەر یەک شت هەڵدەداتە ئاوەکەوە.

گەشتیارەکە وایزانی ژنەکە بەرد هەڵدەداتە ئاوەکەوە بەڵام کە نزیکتر بووەوە، تەماشایکرد ئەوانە ئەستێرەی دەریان ئەو خاتوونە دەیخستنەوە ناو ئاوەکە. هەڵبەتە سەر کەنارەکە پڕ بوو لە سەدەها ئەستێرەی دەریا کە بە شەپۆلەکان شۆردرابوونە.

خانمەکە ئەوەی بۆ گەشتیارەکە ڕوونکردەوە کە ئەگەر ئەو، ئەستێرە دەریاکان، نەخاتەوە ناو ئاوەکە، زۆر ناژین و دەمرن. گەشتیارەکە سەری لە پەرۆشی و کردەوەی ژنەکە سوڕما و پرسیاری لە بێهودەیی کارەکە کرد و گووتی:

با ئێمە باسی کەنار دەریاکانی تریش نەکەین، بەڵام خۆ هەر لەسەر ئەم کەنارە هەزارەها ئەستێرەی دەریای لێیە، پێتوایە ئەمەی تۆ دەیکەیت چ مانایەکی هەیە کە تەنها چەند دانەیەکیان هەڵدەیتەوە ناو ئاوەکە؟

ژنەکە بە زەردەخەنەیەکەوە، ئەستێرەدەریایەکی تری هەڵگرتەوە و لەگەڵ هەڵدانیدا گووتی: مانای بۆ ئەمە هەیە کە ڕزگاری دەبێت."

ئەم کتێبە لەلایەن نووسەرانی سویدی کلاس هالباری و ماگنووس کول ئامادەکراوە، باران لە زمانی سویدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن یانەی قەڵەم، لەدووتوێی ١٠٢ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. دواتر کتێبەکە کراوەتە کتێبی دەنگی و بە شێوەی سی دی خراوتە بازاڕەوە، کە لەلایەن سینا حەکیمزادە ئامادەکراوە و ڕۆژان عەبدوڵ خوێندوویەتییەوە، ساڵی ٢٠١٤ ناوەندی غەزەلنووس بەرهەمە دەنگییەکەی بڵاوکردۆتەوە.

**٥- ئانیکای ژیر**

کتێبی ئانیکای ژیر، چیرۆکێکی تایبەتە بە منداڵانی تەمەن چوار بۆ شەش ساڵان، ئێلسا بێسکۆی نووسەری سویدی نووسیویەتی و باران وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

بەشێک لە چیرۆکەکە ئەمەیە "ئانیکا، کچێکی بچووک بوو، لەگەڵ دایک و باوکیدا لە کوخێکی سووری لادێیەک دەژیان. ئەو کیژۆڵەیەکی زۆر ژیر بوو، دەیتوانی خۆی بشوات و قژی دابهێنێت، جلەکانی لەبەر بکات و هەموو قۆپچەکانیشی بەڕێکوپێکی دابخات. هەروەها دەیتوانی هاریکاریی دایکی بکات لە گسکدان و قاپ وشککردنەوەدا. دایک و باوکی ئانیکا، مانگایەکیان هەبوو ناوی (مایرۆس) بوو، کاتێک دایکی شیری مانگاکەی دەدۆشی، ئانیکاش مێشەکانی لێ دەردەکرد".

ئانیکای ژیر، چیرۆکێکی تایبەتە بە منداڵانی تەمەن چوار بۆ شەش ساڵ، ئێلسا بێسکۆی نووسەری سویدی نووسیویەتی و باران وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

کۆی شانۆگەرییەکانی سارا کەین

ئەم بەرهەمە پێنج شانۆگەری بەپێز بە ناوەکانی: تەقینەوەکان، ئەڤینی فایدرا، ڕزگاربوو، تینوویتی و شێتەکەی سەعات ٤:٤٨ لەخۆدەگرێت، هەر یەکێکیان لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکراوەتەوە.

**٦- تەقینەوەکان**

تەقینەوەکان، لەسەروەخی جەنگی بۆسنە و هەرسکدا، لە دەمی ڕمانی شەڕی نێوان سربیا و یوگسلاڤیای پێشوودا، ساڵی ١٩٩٣ نووسراوە. توندوتیژی، کارەساتباری و قێزەونی دیمەنەکانی ئەم شانۆگەرییە ڕەنگدانەوەی زەبر و زەنگ و نالەباریتییەکانی ئەو جەنگەیە کە هاوشێوەی بارودۆخی تەواوی جەنگەکانی جیهانە. ڕووداوەکان تا ناوەڕاستی شانۆگەرییەکە لە ژوورێکی ئاسایی هوتێلێکدا ڕوو دەدەن، کە زیاتر دەروونی بیماری تاک و شێواوی ناخی کۆمەڵگە تاوتوێ دەکەن، لەوە بەدواوە هەمان ژوور دەبێتە مەیدانی جەنگ و تەقینەوەکان سیمای وێران و کەلەپاچەیی دونیای دەرەوە دەخاتەڕوو.

**٧- ئەڤینی فایدرا**

ئەڤینی فایدرا، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٦ـە، داڕێژانەوەی ئەفسانەیەکی یۆنانییە بە شێوازێکی مۆدێرن، لێرەدا کوڕە شا لە گۆمی لیخنی پڕ پیسی و شاهانەیی خۆیدا گەوزاوە و بەبێ ڕۆح ژیان بەڕێ دەکات. لەگەڵ ڕووداوێکی کت و پڕدا، ویژدان سنوورێک بۆ خەمساردی و خراپەکارییەکانی شازادە دادەنێت. فایدرا، کە دەکاتە باوەژنی شازادە و شاژنی وڵات، لە خۆشەویستییەکی ڕێ پێنەدراودا، ئاشقی زڕ کوڕەکەی دەبێت. مەراقی فایدرا بەجۆرێک لە جۆرەکان تاسەی مرۆڤە بۆ مرۆڤ بوون.

**٨- ڕزگاربوو**

ڕزگاربوو، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٨ـە، گفتوگۆی کۆمەڵێک تەوەر دەکات. لەوانە: سیستەم و دەسەڵات، ئەشق و سزا، ناسنامەی جێندەر و هەوەسی سێکسی، ئیدمان و نەخۆشی دەروونی و چەندین بابەت و گرێی دی. ڕووداوەکان لە زانکۆیەکی ڕەمزیدا ڕوودەدەن کە زۆرتر وەک نەخۆشخانەی دەروونی و زیندان هەستی پێدەکرێت. کارەکە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی و جیهانێکی ئاڵۆزی لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا هەیە. بیرۆکە و ڕووداوەکان تێکەڵەیەکن لە ئەفراندنی ئەندێشە و ئەزموونی ڕاستەقینەی خوودی (کەین) لە بنکەیەکی دەروونیدا لە سەر وەختی وەحشەتگەرایی جەنگی بۆسنە و هەرسکدا. دڵەڕاوکێیەکی زۆر لە شانۆگەرییەکەدا بوونی هەیە، هەمووان لە سیستەمێک دەترسن کە ناهێڵێت خۆشەویستی شوێنی خۆی بگرێت.

**٩- تینوویّتی**

تینوویّتی، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٨ـە، کارێکی جیاوازە و قسەکەرەکان تیایدا کارەکتەر نین، بەڵکو ڕۆڵن. ڕۆڵەکان بۆ کێ قسە دەکەن و ئاراستەی باسەکانیان ڕوویان لەکێیە؟ ئاشکرا نییە. لەم شانۆگەریەدا مەودا بۆ خەیاڵی ڕیژیسۆر زۆرە. دەکرێت لێکدانەوەیەکی نمایشەکە ئەوە بێت کە ئەو ڕۆلانە لەسەر تەختەی شانۆ بگەڕێن بۆ نووسەرێک بیاننووسێتەوە. ئەوان پێویستیان بە بینەرێکە بتوانێت بە تێگەیشتنی خۆی لە ڕەهەندی جیاوازەوە، پەیوەندی هەمەجۆر لە نێوانیاندا دروست بکات و بوونیان پێکەوە ببەستێتەوە. کەین خۆی ئەم دەقەی بە تاریکترین کاری دادەنێت.

**١٠- شێتەکەی سەعات ٤:٤٨**

شێتەکەی سەعات ٤:٤٨، بەرهەمی ساڵی ١٩٩٩ـە، دوا دەقی سارا کەینە، کە پاش مەرگی خۆی وەک ڕەشنووس بەجێی هێشتووە و داوای

کردووە سەرەڕای تەواو نەکراوی، نمایش بکرێت. ئەم کارە مۆنۆلۆژێکە زیاتر لە چیرۆکە شیعرێکی درێژ دەچێت. شانۆگەرییەکە بەدیوێکدا ڕەخنەیە لە چۆنیەتی مامەڵە و چاودێری لە نەخۆشخانە و بنکە دەروونییەکان، بەڵام لە قووڵاییدا دەربارەی قەیرانی بوونی مرۆڤە کاتێک پەیوەندیی هارمۆنیی لەگەڵ ناخ و خوودی خۆیدا دەپچڕێنێت.

ئەم زنجیرە کتێبە، لەلایەن سارا کەین نووسراوە و باران لە زمانی سویدییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. کۆی کارەکان لە بۆکسێکی پێنج بەرگیدا ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

**وتەیەک**

هەبوونی کتێبێک بۆ ناساندنی نووسەرانی ژن و ئاماژەدان بە بەرهەمەکانیان، وەک سەرچاوە و گەواهیدان، لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە بۆ خزمەت بە ئەدەبی وڵاتێک بکرێت. ئەمە لەکاتێکدا نەک تەنها لە ڕۆژهەڵات، بەڵکو لە کانوونی وڵاتانی ڕۆژئاواشدا، بایەخی پێویست بە بەرهەمی ئەدەبیی نووسەرانی ژن نادرێت و پەراوێزخستنیان وەک دیاردەیەک هەمیشە جێگای ڕەخنە و لێدوان بووە.. لێرەوە دەستخۆشی لە ئامادەکار و نووسەری کتێبی (ژنە نووسەرەکانی کورد) زامدار ئەحمەد دەکەم کە ئەم هەنگاوە گرنگەی ناوە و هیوادارم کارەکە سەرەتایەک بێت بۆ بایەخدانی بەردەوام بە ئەدەبی ژنانی کورد.

باران

ستۆکهۆڵم ٢٠١٩

baran@live.s



چنار نامیق

**چنار نامق**

چنار نامق، لەبنەڕەتدا خەڵکی کەرکووکە، وەلێ لەبابل لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کەرکووک و ئامادەیی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی دیبلۆمی لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٢ بەشی ڕاگەیاندن/کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینی تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٦ بڕوانامەی ماستەری لە ڕاگەیاندن بەدەستهێناوە.

چنار نامق، ساڵی ١٩٩١ یەکەم شیعری بەناوی (نیشتمان) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردوەتەوە، لەو کاتەوە خەریکی شیعرو نووسینە، بە زمانی کوردی و عەربی دەنوسێت. ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی جیهانە، ئەندامی یەکێتی گشتی نوسەرانی عیراق، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد-لقی کەرکوک، بەرێوەبەری هەرێمی هۆبەی داهێنەرانی عەرەب لە کوردستان، راوێژکاری ناوەندی ئەوروپی- عەرەبی لە وڵاتی نەرویژ، ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن کۆڕبەندی داهێنان لەپێناو ئاشتیدا کە بارەگاکەی لە

لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە، وەک باڵوێزی ئاشتی و بەرپرسی لقی کۆڕبەندەکە لە هەولێر دیاریکرا، لەچەندین فیستیڤاڵ و کۆنفرانسی زانستی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی بەشداری کردوە، لە ئەورووپا، تورکیا، ئێران، میسر، قەتەر و عەممان، بەیروت. ئێستا مامۆستایە لە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر. چنار ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە (بیرەوەرییەکانی رۆژمێرێکی شەکەت، پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە، بەپێکێک دەڵێم بمیووره ناتخۆمەوە، کۆ شیعر، وەرزەکانی هەڵوەرین، بەتۆ دەچم، جینۆسایدو ئەنفالی کورد، اخر المطاف، دور المواقع الالكترونية الكوردية في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الايزيدي، الإبادة الجماعية وأساليب التضليل الإعلامي "نماذج مختارة").

**نووسین**

**کتێبە کوردییەکان**

**١- بیرەوەرییەکانی رۆژمێرێکی شەکەت**

ڕۆژێکی باراناوی سەرەتای گەشتەکەمان بوو، بە نێو وەردەکانی خەم و بێ ئۆقرەیی بووندا، تا بینەقاقا لە قوڕی گوناح چەقین، نەزاهەت و بەرائەتمان قوڕاوی بوو، ئەو قوڕەی نا کە ئادەمی لێ دروست بوو، قورێک بە ماڵی تەنهایی ڕۆحەوە دەدرێت.. خۆرەتاو وشکمان دەکاتەوە و ڕەشەبا دەمانکاتە گەرد و تۆز و باران دەمانکاتەوە بە قوڕ.. لەم جەنگەڵە بێ مەئوایەدا درەختێک نییە سێبەر بۆ مێروولەیەکی ماندووی ژێر مەینەتی دەنکە گەنمێک چێ بکات بۆیە دەبێت سەر لە نوێ بە فرمێسک خۆمان بشۆینەوە.

ئەم کتێبە شیعرییە، یەکەم کتێبی شیعری شاعیرە و ئەم شیعرانەی تێدایە (بیرەوەرییەکانی ڕۆژمێرێکی شەکەت، چاویلکەکانی

قەدەر، ئـارامی کـات و سـەرەڕۆیی دەریاکـان، سـەفەرێک لەسـەر بـاڵی دارشـەقەکان، خـۆر لە بێژنگـی مـاڵە قەرەجێکـدا ئـاوا بـوو، دیـداری ئەسـتێرە، چەپەر، گۆرانییەکـانی دوای جەنـگ، سـەمای درەختەکـان، بیرەوەرییەکـانی ڕۆژمێرێکـی شـەکەت، نـزایەک لە داوێنـی هەورە ڕەشـەکاندا، گەڕانەوە، سـووتان، گیتارێـک لە ژەنینـی ئاوازەکانی وەڕەس دەبێت، ژمارەکانی بێ ئەقرەیی، سەفەری باخچە و خەونـی نـاو ئومێدی گوڵەکـان، جوانییەکـانی داوێنـی گوناهـ دووری، بەشێک لە قەسیدەیەکی تەواو نەبوو).

ئەم کتێـبە سـاڵی ١٩٩٩ لەلایەن بزاڤـی ڕۆشـنبیرانی نوێخـواز، لە دووتوویێی هەشتا لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە**

ئەم کتێـبە شـیعرییە، لەم شـیعرانە پێکهـاتووە (گۆرانییەکـانی مەعشووقێکی ئەفسانەیی، لیمۆ بەهارییەکانی تەمەن، سێبەرەکەم بەخۆم دەچێت، ڕۆمانسییەتی مـن و ئـاگر، چەمەرییەکـانی پێکەنـین، کە مانـگ دەنوێت ئەستێرەکان مەکوژێنەوە، لێوارەکـانی وەڕەسبوون، گەمەکـانی مـن و بیکاتشـۆ، خەونە خێڵەکییەکـانی بیابـان نشـینێ، ڕەچەنینـی سـاتەکان، وەرزێـک باخچەکەمـان داناپۆشـێت، پێکەکـان بیریـان دەچێت بمخـۆنەوە، تابلۆکـانی مـن و زەمەن لە هیچـدا یەک نـاگرنەوە، زەمەنـێکە ڕەنگەکـانم کـاڵ دەبـنەوە، ئەو سـاتانەی بـۆ سـێبەری خەیاڵت دەگەڕام، لە مینای دڵتا مەمنێژە ئیدی گوڵە مینا ناگرم، تۆش وەکو خەم بۆنی عیشقی بەفر دەگرن، مەوسیمەکانی عیشق، غـرووری ژنێکـی شوشـەیی، ئەسـتێرەکان نـاڕژێنە نێـو دەسـتەکانم، تۆپەڵەکـان گەمەیـان بە بێـزاریم دێ، دوا نیگاکـان لە وێسـتگەیەک لێک دادەبڕێن و زینە و نێرگزەکانی جوانی)

ئەم کتێــبە ســاڵی ٢٠٠٤ لەلایەن بزافــی ڕۆشــنبیرانی نوێخــواز، لە دووتوێی ١١٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- بەپێکێک دەڵێم بمبوورە ناتخۆمەوە**

ئەم کتێبە، ئەم شیعرانەی لەخۆ گرتووە (لە نێو تەنهاییمدا بڕوێ، ژیان دەمامک دەپۆشێت، لەسەفەر دەگەڕێمەوە، ئەو، وەرزەکانی تەمەنم، چوون نیشتیمانم لەتە، کەشتی عومر بێ سەوڵ ڕێ دەگرێتە بەر، لە بێدەنگیمدا دەنگ دەڕژێت، بێدەنگی، لەنێوانی عیشقی تۆ و ئەودا، لەودیو پەنجەرەکانەوە، دوور لە چاوشارکێی منداڵی دەستی خەیاڵێکم بگرە، ڕێکەوت، ئەمێستاکە جیام لەدوێنێ، بەپێکێک دەڵێم یمیوورە ناتخۆمەوە، تەمەن ئەوەندەی نەماوە تا لە تەنهاییمدا بڕوێی، گەردیلەکانی جەستەم ئاشناتن، بمگێڕەوە سەردەمی بەر لە ئایدیا، هەمیشە چاوم لە تۆیە).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە-بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، لە دووتوێی ١٣٨ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- کۆ شیعر**

ئەم کتێبە شیعرییە، لەم شیعرانە پێکهاتووە (چاویلکەکانی قەدەر، ئارامی کات و سەرەڕۆیی دەریاکان، سەفەرێک لەسەر باڵی دارشەقەکان، خۆر لە بێژنگی ماڵە قەرەجێکدا ئاوا بوو، دیداری ئەستێرە، چەپەر، گۆرانییەکانی دوای جەنگ، سەمای درەختەکان، بیرەوەرییەکانی ڕۆژمێرێکی شەکەت، نزیک لە داوێنی هەورە ڕەشەکاندا، گەڕانەوە، سووتان، گیتارێک لە ژەنینی ئاوازەکانی وەڕەس دەبێت، ژمارەکانی بێ ئەقرەیی، سەفەری باخچە و خەونی ناو ئومێدی گوڵەکان، جوانییەکانی داوێنــی گوناهــ دووری، بەشــێک لە قەســیدەیەکی تەواو نەبــوو،

گۆرانییەکـانی مەعشـووقێکی ئەفسـانەیی، لیمـۆ بەهارییەکـانی تەمەن، سێبەرەکەم بەخۆم دەچێت، ڕۆمانسییەتی مـن و ئـاگر، چەمەرییەکـانی پێکەنـین، کە مانـگ دەنوێـت ئەسـتێرەکان مەکـوژێنەوە، لێوارەکـانی وەڕەسـبوون، گەمەکـانی مـن و بیکاتشـۆ، خەونە خێڵەکییەکـانی بیابـان نشینێ، ڕەچەنینی ساتەکان، وەرزێک باخچەکەمان داناپۆشێت، پێکەکان بیریـان دەچێـت بمخـۆنەوە، تابلۆکـانی مـن و زەمەن لە هیچـدا یەک ناگرنەوە، زەمەنێکە ڕەنگەکانم کاڵ دەبنەوە، ئەو ساتانەی بۆ سێبەری خەیاڵت دەگەڕام، لە مینای دڵتا مەمنێژە ئیدی گوڵە مینا ناگرم، تۆش وەکو خەم بۆنی عیشقی بەفر دەگرن، مەوسیمەکانی عیشق، غرووری ژنێکـی شوشـەیی، ئەسـتێرەکان نـارژێنە نێـو دەسـتەکانم، تۆپەڵەکـان گەمەیـان بە بێـزاریم دێ، دوا نیگاکـان لە وێسـتگەیەک لێک دادەبڕێن، زینە و نێرگزەکانی جوانی، لە نێو تەنهاییمدا بڕوێ، ژیان دەمامـک دەپۆشـێت، لەسـەفەر دەگەڕێـمەوە، ئەو، وەرزەکـانی تەمەنـم چوون نیشتیمانم لەتە، کەشتی عومر بێ سەوڵ ڕێ دەگرێتە بەر، لە بێدەنگیمـدا دەنـگ دەڕژێـت، بێـدەنگی، لەنێـوانی عیشـقی تـۆ و ئەودا، لەودیـو پەنجەرەکـانەوە، دوور لە چاوشـارکێی منـداڵی دەسـتی خەیـاڵێکم بگـرە، ڕێکەوت، ئەمێستاکە جیام لەدوێنـێ، تەمەن ئەونـدەی نەمـاوە تـا لە تەنهاییمـدا بڕوێـی، گەردیلەکـانی جەسـتەم ئاشـناتن، بمگێڕەوە سەردەمی بەر لە ئایدیا، هەمیشە چاوم لە تۆیە).

ئەم کتێـبە سـاڵی ٢٠٠٦ لەلایەن چـاپ و بڵاوکـراوەی ئـاراس، لە دووتوێی ١٧٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- وەرزەکانی هەڵوەرین**

ئەم کتێبە شانۆنامەیە، هانا، هەنار، زنار، ڕۆژگار و هەڵۆ کارەکتەری سەرەکی نێو شانۆنامەکە.. ئەمە بەشێکە لە شانۆنامەکە، کات سەر لە

بەیانی وەرزی بەهاربوو، خۆرەتاو جارجار سەری دەردەهێنا و گاهێکی دی لەژێر چەتری پەڵە هەورێکی سپیدا خۆی ون دەکرد، هەنار چوون پیشە و خوی هەمیشەیی خۆی، چۆن متمانە بە ژیان و ڕۆژگار نەدەکرد، ئاوهاش بڕوا بەهیچ وەرز و سات و ڕەوتێکی بەردەوام نەبوو. بەشڵەژاوییەوە بەدوای زنار دەگەڕا داخۆ زنا کوێوە چووە

(بەدوایدا سەر دەهێنێتەوە دەرێ)

زنار تۆ لە کوێی وەرە بتگۆڕم ئامادەبە باوکت ئێستا دبێتەوە با دوا نەکەوین دەچینە سەیران.

(وەلێ لە چا تروکانێکا دووچاری دیمەنێکی سەیر دەبیتەوە، دیمەنێک سەراسیمەی دەکات گاهێک لێی ڕق ئەستوور دەبێ، گاهێکی دی بەرەو تێرامانی دەبا).

زنار دەوەرە دەی (ها خوایە ئەوە چییە) هانای شەنگی دێتە بەرچاو کە چاوانی وەک تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە بۆیە دەحەپەسێ، بەپەلە لێی هەڵدێ.

هانا: لە دوورەوە چاوی تێدەبڕێ و بە چاو ئاماژەی بۆ دەکات.

هەنا: ئەی کە مرۆڤێکی بێحەیا و هەستە، خۆ ئەوە دەمبینێت بەدوای کچەکەمدا هاتوومە دەرەوە کەچی چاوم لێدادەگرێت.....هتد

ئەم کتێبە ساڵی ۲۰۰۸ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، لە دووتوێی شەست و چوار لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە

**٦- بەتۆ دەچم**

شێعر ئەو هەستە بەسۆزەی ناخی مرۆڤە و کەڵکەڵەی سەردەمەکەیەتی کە لە بەرانبەر داهێنان و کرداره زمانییەکەیدا دەمی خەیاڵی بۆ

دەکەنەوە. جیهانی شاعیر جیهانی تاکە کەسییە گەڕانێکی زانستییانەی دەوێ تا لە دەقێکی سەرکەوتوودا خۆی بنوێنێ.
ئەم کتێبە بیست و هەشت شیعری تێدایە (سێبەرم بە خەون دەبینی، قاوەیەکی تاڵ.. قاوەیەکی شیرین.. بەتۆ ئەچم، مەڵێ رۆح لەکوێی جەستەیە، متمانە، مەنو، سێبەری یوتوبیای عیشق، پەیام، لەوێ بۆنی عەتری تۆ دێ، وشە گەلێک بۆ ژیان، بارانە و با بەلەنجە دێت، جێی دەرزییەک نەما، شەپۆلەکان تێڕوانینم دەشڵەژێنن، خەم دەمتەنێ، دەتەوێ فێری عیشقم کەی، جەستەی مەلی دڵ ئەسووتێ، گەر ئەستێرەشبی ناتبینم، بۆ ئەبەد بەدواتدا دەگەڕێم، گەرەکمە لە خۆم دەربچم، خۆشبەختیش بەختەوەر نییە، ئەوبوو بەشوێن پێی مندا هات، دەتوێمەوە، بە ناو هەورا پیاسە دەکەم، درەنگە، بۆ کوێ، ساندرێلا، پەیڤێک بە گۆرانی دەچێ و لەنێوان دوو ئینجانەدا)
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی، لە دووتوێی ١٧٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- جینۆساید و ئەنفالی کورد**

شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بە یەکێک لە ترسناکترین کارەساتە مرۆییەکان دێت لە پاش هێرۆشیما و ناکازاکی و هۆلۆکۆست، ئەم تاوانە ئەگەرچی لە کاتی ڕوودانیدا کەمترین ڕۆشنایی خرایە سەر، زۆرینەی ئەو دەزگا راگەیاندنانەش باسی ئەنفالیان دەکرد، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی بەعس بوون و ئەوانیش وەک سەرکەوتنی سوپای عێراق باسیان دەکرد، لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا زلهێزەکان بۆ شەرعییەتدان بە پلانەکانی خۆیان کەوتنە هەڵدانەوەی دۆسییەی تاوانەکانی بەعس، ئەنفال و جینۆسایدی کورد یەکێک بوو لەوانە، لەکاتی ڕاپەڕیندا زۆر دۆکیۆمێنت لەکاتی دەسگرتن

بەسەر دام و دەزگاکانی بەعسدا بەردەست دەکەوتن و لەوێوە دەرگا بۆ ڕاگەیاندن والا بوو تا لەسەر ئەم تاوانە قسەی زیاتر بکەن، یەکێک لەو بڵاوکراوانە گۆڤاری ئەنفالستانە کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەیە.
ئەم کتێبە، تایبەتە بە ئەنفال و جینۆسایدی کوردان، کە توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان کراوە لە ماوەی نێوان ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٢. کتێبەکە ئەم باسانەی لەخۆگرتووە، (چەمکی ئەنفال، ئاماژەکانی پشت ئەم ناولێنانە، ئەنفال لە ڕوانگەی یاسا نێو دەوڵەتییەکانەوە، شالاوەکانی ئەنفال و ئامانجەکانی بەعس، قۆناغەکانی ئەنفال، قەتڵ و عامی دێرسیم، فەیلییەکان، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالی یەک، ئەنفالی دوو، ئەنفالی سێ، ئەنفالی چوار، ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، ئەنفالی بادینان-هەشتەم، نموونە زیندووەکانی قڕکردنی مرۆڤایەتی، کوشتاری ئەرمەن، هیرۆشیما و ناگازاگی، لێک چووەکانی جینۆسایدی کورد و ئەرمەن و جولەکە) هاوکات، لایەنی مەیدانی لە کتێبەکە بوونی هەیە، کە تایبەتە بە گۆڤاری ئەنفالستان، سەبارەت بە سەرهەڵدان و گەشەسەندی گۆڤارەکە.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکووک، لە دووتوێی ١٧٧ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

## کتێبە عەرەبییەکان

### ٨- اخر المطاف

ئەم کتێبە بەشێک لە شیعرەکانی چنار نامقی لەخۆ گرتووە، زۆربەی شیعرەکان لەلایەن شاعیرەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەمە شیعرەکانن، (المعجم الشعری، الفاظ الحب، الفاظ الحزن، الفاظ الطبیعة،

الغاظ السياسية و الوطنية، الاداء بلغة الموروث، الاداء بالكلام المحكي، الاداء باللغة السهلة، نخب هجرك، ملاك، ناعمة، البرد قاس، ناديتة شقيقا صديقا، يا اميري، الحجاب، راية، خيانة، شكوى، لقاء، اهات، امسية، بسمة، اتفقدك، فراق، صمت، دركيات، ندم، الاوان، غاضبة، رائحة التفاح، حينما يهذى الصباح، سواد جدائلي من رماد مديتني، طيور هجرتها السماء، دوم، اخر المطاف، شروق، النجاة، صوب قلبي، احباط، جميع الجهات، البحر، امارة الحب، الحنين، صمت، نضرات، قدح، فيلم، لا شيىء، خيوط، بسمة، الايام، غيمة، احزان، بكاء، خريف، حب، الوحدة، فراق- حميد كشكولي، فى لقاء النجوم- حميد كشكولي، جماليات سفوح الخطيئة- حميد كشكولي، سفر الروضة واحلام الورود اليائسة- ترجمة نوزاد احمد اسود، ليمونة العمر الربيعية- ترجمة نوزاد احمد اسود، سندريلا- ترجمة شمال اكري، قهوة مرة.. قهوة حلوة- ترجمة شمال اكري، انت ترى ظلي كحلم- ترجمة شمال اكري، الان ايضا- ترجمة شمال اكري، رومانسيتى انا والنار- ترجمة شمال اكري، انوى النفاذ من نفسي- ترجمة شمال اكري، اذب- ترجمة شمال اكري، لا تقول اين هي الروح فى الجسد- ترجمة د.عادل كرمياني، اعود من السفر- ترجمة د.عادل كرميان، الي اين- ترجمة د.عادل كرميان، حينما ينام القمر.. لاتطفىء النجوم- ترجمة محمد عبداللة).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن دار الثقافه و النشر الكرديه-بغداد، لەدووتوێی ١١٤ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- دور المواقع الالكترونية الكوردية في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الايزيدي**

ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی ڕای گشتی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ئێزیدییەکان، ئەم کتێبە تایبەتە بە ئێزیدییەکان،

ئێزیدییەکانی دوای هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و وێران کردنی شارەکە و فرۆشتنی کچان و پەناهەندە بوونی خەڵکەکەی. لێرەدا رۆڵی پێگە ئەلەکترۆنییە کوردییەکان خراوەتەڕوو، بەشێوەیەک تاچەند توانیویانە کاریگەییان هەبێ لەسەر ڕای گشتی، خەندان و ڕووداو بەنموونە کاریان لەسەر کراوە.
ئەمە بەشێکە لە کتێبەکە "ساڵی ٢٠١٤ ڕوداوگەلێکی خوێناوی رویدا، کە تێیدا ئێزیدییەکان دوچاری کۆمەڵێک پێشێلکاری بوونەوە لەلایەن داعشەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی رۆڵی پێگە ئەلەکترۆنییە کوردییەکان و مەودای بەشداریکردنی ئەو پێگانەیە لە پێکهێنانی رای گشتی دەربارەی پێشێلکردنی مافی ئێزییدییەکان".
لەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتە سەر ژمارە و جۆر و کارایی پێگە ئەلەکترۆنییەکان لە کوردستان، بۆیە گرنگە لە ئاستی خواستی جەماوەربن ، کە هۆکارێکی یارمەتیدەربن لە بونیادنانی بنەمایەکی بەهێز بۆ کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو کە ستەم و زۆرداری رەتکاتەوە بەرامبەر بە مرۆڤ.
توێژەر پشتی بە سێ میتود بەستووە، ئەوانیش (میتۆدی مێژوویی، میتۆدی روپێوی و میتۆدی شیکاری بە بەکارهێنانی ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆک) و لە پێنج بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، باسی توێژینەوە و چەمک و ڕەهەندەکانی توێژینەوە و گفوگۆکانە. بەشی دووەم، باسی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەکات، وێڕای پێناسە و جۆر و تایبەتمەندی خزمەتگوزاری ئەو پێگانە، هاوکات، جۆر و مێژوی سەرهەڵدان و گەشەسەندنیان بوونی هەیە. بەشی سێیەم، باسی تیۆری لۆبی بێدەنگی و گریمانەکان و ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی تیۆرییەکە کراون. بەشی چوارەم باسی بابەتی کەمینەکان بەتایبەتی

ئێزیـــدییەکان کـــراوە و شـــێوازی ئەو پێشـــێلکاریانەی داعـــش لەبەرانبەریـان ئەنجـامی داوە، دەستنیشـانکراوە. بەشـی پێنجەم تـایبەتە بەلایەنـــی پراکتیکـــی کـــۆمەڵگە و نمـــوونەی تـــوێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوەی لەخۆی گرتووە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن دار غیداء-عەمان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**١٠- الإبادة الجماعية وأساليب التضليل الإعلامي "نماذج مختارة"**

کوشـتنی بەکۆمـەڵ و هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن، ئەم کتێـبە لە دوو بەش پێکهـاتووە، بەشـی یەکەم لە دوو دەروازە پێـک هـاووە لە یەکەمیانـدا چەمـک و پێناسـەی جینۆسـاید، ورۆڵـی دادگـای نێـودەوڵەتی لە بەرنگاربوونەی ئەو تاوانە، نیشانەکانی ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، و قۆناغەکانی تاوانی جینۆساید دەکات.

لە دەروازەی دووەمـدا نموونەکـانی جینۆسـاید لە میـژووی جیهـان و جینۆسـایدی کـورد هەر لە جینۆسـایدی کـوردی فەیلـی و بارزانییەکـان قۆناغەکـانی ئەنفـال جینۆسـایدی هەڵەبـجە جینۆسـایدی ئێزیـدەیەکان دەخاتە روو.

بەشی دووەم، باس لە تضلیلی إعلامي دەکات لە رووی چەمک مێژووی سـەرهەڵدان و جۆرەکـانی و بنەماکـانی ..... هەروەهـا لە دەروازی دووەمـدا باسـی لە تضـلیلی سیاسـی و هەڵوێسـتی میـدیا نـاوخۆیی و جیهـانی دەکـات لە جینۆسـایدی کـوردئەو شـێوازانەی جەنگـی دەرونـی دەکات کە پدژی کورد پەیرەو کرا بۆ جێبەجێکردنی جینۆساید.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن دار غیداء-عەمان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

# چنوور نامیق



**چنوور نامیق حەسەن**

چنوور نامیق، لەبنەچەدا خەڵکی کەرکووکەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧١ لە بەغداد لەدایک بووە، دبلۆمی لە شیکاریی نەخۆشیەکان وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٣ بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی و ساڵی ٢٠١٦ ماستەر لە زمانی ئینگلیزی بەدەستهێناوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە دەستی بە نووسین کردووە و بە زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێ، بەشداری کۆڕی شیعری پاریسی کردووە. لەماوەی ژیانیدا چەندین جار وەکوو نووسەر و شاعیر خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە، بۆ وێنە خەڵاتی فیستیڤاڵی قەڵەمی ئازادی لە میسر پێ بەخشراوە.

چنوور نامیق، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانی جیهانییە، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانە، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردە، سەرۆکی رێکخراوی هەنگاوی نوێیە بۆ پاڵپشتیکردن لەمافەکانی ئافرەت، بەرپرسی بەشی یەکسانی جێندەرە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری تۆڕی رێکخراوە مەدەنییەکانی نەینەوایە، بەرپرسی دەزگای ئەدەبی و رۆشنبیری کەرکوکە.

چنوور، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی کردووە بەکاری ڕۆژنامەوانی، لە دەستەی نووسەرانەوە تاکوو بەڕێوەبەری نووسین و جێگری سەرنووسەر، هەروەها سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بووە،

دواجار سەرنووسەری گۆڤاری شەفەق بووە لە دەزگای شەفەق. تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی نووسیووە (وەسیتەکانی هەڵم، مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، دارتووە تەنیاکە، ئێواران بۆنی خەوم لێدێ تەیمانێکم لەگوڵ جێهێشت، لێوی مەراق، خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم، خوێندنەوەی چەن شاکارێکی جیهانی، ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ، گەڕانەوە) هەروەها کتێبێکی شیعری لەلایەن دوکتۆر کەمال غەمبارەوە وەرگێڕدراوەتە سە زمانی عەرەبی و ئامادەی چاپکردنە، هاوکات لەلایەن دوکتۆر جەمال خضیر الجنابی کتێبێکی ڕەخنەیی لەسەر نووسراوە و ئامادەی چاپە.

**نووسین**

**١- وەسیتەکانی هەڵم**

ئەم بەرهەمە نامیلکەیەکی هاوبەشی شیعرییە، شیعری هەریەک لە شاعیران (یوسف لەتیف، سیوان ناشاد، ڕاوێژ هیرانی، عەبدوڵقەهاری شێخ، نامیق هەورامی...)ی لە خۆگرتووە، ئەو شیعرانەی چنوور نامیق لەنێو ئەم نامیلکەیەدایە شیعری سەرەتا و نێوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشووە و لە ساڵی ١٩٩٧ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

**٢- مەرکانە شکاوەکانی جەنگ**

ئەم کتێبە هەڵگری هەموو خەندە ژاکاو و بزڕکاوەکانی پێشتری کۆمەڵێک جەنگەز بوو، کە هەموو ئەو مەرکانانەی هەڵگری گوڵ و ژیانبوون، ژاکاو شکان. شاعیر لەڕێگەی شیعرەوە دەڵێ: ژیان بۆ هەموو بونەوەرەکانە، ژیان پاداشت نییە کەسێک بە کەسێکی ببەخشێ، ژیان ئەو تەمەنە کورتەیە کە بەشی مومارەسەکردنی خۆشی و خۆشەویستی ناکا، بەشی لێک تێگەیشتن و گەڕان بە دوای شتە

پەنهانەکـــان ناکـــا، کەوایە بـــۆچی چـــاوی تەمـــاح هێنـــدە کـــوێرە و هەموو سەرچاوەکان لیخن دەکا.
ئەم کتێبە لە بیست و چوار شیعر پێکدێ، کە ئەمانەن، (وەچانێ لە ئامێزی ئێوارە خەیاڵێکدا، گۆرانییەکەی غەریب و سەمای سەفەرە رووتەکان، هەورە ساباتییەکان، خەمی من و ڕازی شاملۆ، وچانێ لە ڕۆخی ژانە نارنجییەکان، ئیستێک لە خەوزڕانی شەوێکدا، سەفەری عەدەمی دوێنێ و نەهاتی، مەینەتەتایەکی زەعفەڕانی، چاوەکانم بە سەمای رەیحانە ئەڕێژم، نهێنی شەوە رازە بۆ سبەی، مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، سەولدان لە کەولی مێژوودا، وانەکانی بەر باران، تاراوگە فرمێسکاوییەکانی عومرم، کۆتایی بێستان سێوە، چڵە چنوورێک رادەوەشێنم، دارەداری هەورەکان، دەشتایی ماڵە خەونم بوو، خۆرێک پێش مەوسیمی بارین، ئەتڵەسێکی بێ ئاو، دوانزە چڵە حەزی وشک هەڵاتووی "٩٧" با هەوێنی داگیرسانە، سپێدەکانی ئەودیوی لێڵ بوون و گەڵا چاو بە ئاونگەکانی وەرزێک).
ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەزار دانە دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- دارتووە تەنیاکە**

پاش زەمەنی یەکتر ناسین و پەرت بوونمان لە کۆشی کۆچی بێ نەزەر، ئەمشەوە بە پرشکی زیکری گوڵە هێرۆکانی خەیاڵم ڕووی خەماوین دەشۆمەوە، سەیری ڕووتبونەوەی ژیان دەکەم کتێبی جوانترین ساتەکانی ونبوونم، دەسماڵی گومان دەدەمە سەر شانم تا لەرزی ختوورەیی گریان لە جەستەم دەرچێت و بۆ تاوێکیش شارە لە بیرکراوەانی دیدەنیم بەسەر کەمەوە، ئەڕۆم و پاش چەندین مەرگی پەمەییم ئەو مردوو شۆرەم کە بەنیانی پەنجەکانم جەستەی خەماویم

نەرمەشێل دەکەم ئاهەنگی ماتەمینی مەرگی خۆم و ئازیزانم دەگێڕم، لەسەر تاتەشۆری بێنازیم بۆ تاوێ ڕادەکێشم و خەمی ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی خۆم دامئەگرێ.

ئەم کتێبە سێ نۆڤلێتی لەخۆگرتووە، بەنێوەکانی (دارتووە تەنیاکە، مەئوا، تابلۆ) ئەم چیرۆکانە گێڕانەوەی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال و سەرگەردانی ئەو گەنجە خێر لە خۆ نەدیوانەی تێدایە، کە بەدوای ژیاندا وێڵ و سەرگەردانن، خەم و ناسۆرەکانی ژیانی تێدا خراوەتەڕوو، کە زۆربەی تاکی کوردی بەو قۆناغەدا تێپەڕیووە.

لە دارتووە تەنیاکە، دەوترێ: ڕۆژێکی سارد وەک ڕۆحی تەزیوی گومان، جار نا جارێ درەختەکان بە سەمایەکی شێتانە خۆیان دەدایە دەم تووڕەیی ئەم بایە ساردەی کە وەک دەروێش بە دەم زیکری بێ ئاگایانەوە، هەموو دەورووبەری تێک نابوو، جار جاریش لقوپۆپە چەماوەکان ملیان دەنا بەلارەوە و لە دەوروبەری خۆیان ڕادەمان، چەند دارێیکی ڕووتەوەبووش، لە بەری کانییەکەوە، بە پێوە ڕاوەستابوون و هەندێ لقی چەماوەش لەولاترەوە دەتوت نوێژ بۆ ئەو بەیانییە دەکەن کە هێشتا لەژێر لەشیی قورسی شەودا سەری خۆی کز کردبوو.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ لەلەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، لەدووتوێی ١١٠ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- ئێواران بۆنی خەوم لێدێ**

ئەم کۆمەڵە سکالایە، ئەزموونی تێڕامانە لە مەرکانە شکاوەکانی شەردەمی جەنگ و پەرش و بڵاوی گوڵە بێ ئینجنەکان و ڕژانی خەمەکانی سەر لێوی گۆزە تینوەکانی ژیانە... دەمێکە بۆ ئەو گوڵلە وێڵانە دەگەڕێم کە بەرائەتی ژیانیان شڵەقاند و مەڕکانەکانی ئاو و

گوڵانیان وردوخاش کرد. جا من قومێ ئاوی سازگار شک نابەم دێم وێنەی ژیانێکی تینو لە سەر بەردی ناو کانییەکان دەکێشم.
ئەم کتێبە تایبەتە بەبەشێک لە شیعرەکانی شاعیر، کە لەم شیعرانە پێکدێت (ڕەنگم وەکو بێئۆقرەیی لیمۆیی بوو، ئەمارڕەتی پەنجەکانم، ئێواران بۆنی خەوم لێدێ، لەژێر پێی وەفا هەڵوەرین، تەماشام ژیر دەکەمەوە، شەوەکانم بەتریفە بۆندار دەکەم، نیگاکانم بەدەم نزاوە دەکەون، ئەو گوڵ چنوورانەی بەربۆنی غوربەت کەوتن، چاوەڕێی عەسرانێک دەکەم بۆنی مەغریبی لێوەبێ، تۆزێ لەم لای دیدارەوە تۆبە دەکەم، مەفتەنێکی چۆڵە نیگام، شەقامەکان بۆنی بەسەرچوون دایگرتوون، تا دەرگا کڵۆم دراوەکەی ژیان دەڕۆم، دەمەو بارانێک دێمەوە-بەشی یەکەم، بەشی دووەم- و هەناسەم وەرزی گوڵانە).
هاوکات، چەند بابەتێکی تر لەسەر شیعرەکانی چنوور نامیق دانراوە، کە لەلایەن خەڵکی ترەوە نووسراوە، کە ئەمانەن (ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ-هاشم سەڕاج، نامۆیی و نیگەرانی لە مەڕکانە شکاوەکانی جەنگدا-کەمال غەمبارە، ئافرەت و جادوو.. فاڵ و بەخت گرتنەوە-عەبدوڵقەهاری شێخ، چنور نامیق لە داهێزرانی ساڵێکی بێ زەووەردا-جوتیار، بۆ هەندێک لە دەقەکانی شیعری نەخوێندنەوەی پێکهاتە-ڕەهبەری مەحموود زادە، چەمکی نامۆبوون لە ئەدەبیاتی ئەورووپی و لە شیعری نوێی کوردیدا-د.کەمال مەعروف، لە دیداری شاعیرێکدا-فەیسەڵ هەمەوەندی).
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن کتێبخانەی سۆران، لەدووتوویێ ١١٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

## ٥- تەیمانێکم لەگوڵ جێهێشت

قومێ ئاوی سازگار شک نابەم دێم وێنەی ژیانێکی تینو لەسەر بەردی ناوکانییەکان دەکێشم ئا لەو دێوە بۆنی خاکێکی خوێناوی ئەوەندەی تر پەستم دەکات. بەدەم سیمفۆنیای ئەو هەرەسانەوە لە ناو دێرەی سوتاوەکاندا هاتووچۆ دەکەم بەدەم بالییەیەکی تا بڵێی بالاوە خوو و بەژیانەوە دەگرم، ژیان لەکۆشی ئێوارانێکی لێوان لێو لە پەرت بوون و بۆنی مەرگ و کپ وەکو مەنزڵگەی ئازیزان ئالەوێدا من دەمەوێ جێگای وولاتە وێرانەکەم و ئەو گوڵە بێ نازانە لە هەناسەمدا بکەمەوە..

ئەم کتێبە لە هەژدە شیعر پێکهاتووە، کە ئەمانەن (دەمەو بارانێک دێمەوە، تەمیانێکم لە گوڵ جێهێشت، ماڵەکەم لەگەڵای خەمە، لە دیدەنی گوناهێکدا سپی ئەبم، چاوم خورەی تۆی لێوە دێت، دەمە و حەسرەتی لە ئەودا سێبەر دەکەم، ئەوەی وەتەن کوێ لە من بەولاوەترە، تیژتر لە ڕۆحم تێپەڕە، بەبەری سپێدانەوە دەکەومە ڕێ، تیژتر لە کۆچم تێپەڕە، چەند وردە پروشەیەک، بەر لە ئیمان هێنان بە تۆ، پیاوەکانی کەنار دەریا، دونیایەکی مەست تۆزی لە شێوەی تۆ ئەچێ، تازە درەنگە بۆ ژووان، عومرێک لە سێبەرەکانی سێو، هەنارەکانی لێمەکەوە دوایی رومەتم هەنار ئەگرێ و باخچەیەک لە شنەی کێوان).

ئەو شیعرانەی لەم کتێبەدا بوونی هەیە، جیاوازە لە کتێبە شیعرییەکانی تر، چونکە لە شیعرەکانی تر، ئاسەواری جەنگ بوونی هەیە و لێرەدا زیاتر گەشبینی زاڵە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای شەفەق-کەرکووک، لەدووتوویێ ١١٠ لاپەڕە پێنج سەد لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- لێوی مەراق**

دوور لە دەسەڵاتی بکوژانی هەناسە جوانەکان و ڕێگرەکانی مەملەکەتی جوانی، زەمەنێکی پەنهانیان بۆ تەرخان دەکەم، بەهەشتێکیان لە هەناسەم بۆ بەرپا دەکەم، زەمینێکی ئاڵیان بۆ ڕادەخەم. ئاڵ بە خوێنی گوڵە بێ نازەکانی سەر سینەی کچە بۆ هەمیشە تۆراوەکانی وولاتەکەم. مـن دێم و ئێوارەکانی پەشێویم دەکەمە لانە و هەواڵی جوانی و دزێوەکانی ژیانیان پێ دەگەیێنم، کەچی ئەوندە خەمەکان بەسەرمدا زاڵن تا ماتییەکی ئەوتۆ دەبەخشنە ئەو چەند هەناسە تێپەڕیوەم و هەموو پێکەوە بۆنی خەو دەگرین.

ئەم کتێبە بیست و دوو شیعری لەخۆ گرتووە و تابلۆی قەرەنی جەمیل لەگەڵ شیعرەکە دانراوە، کتێبەکە لەم شیعرانە پێکهاتووە (گوڵە پایزییەکانی ڕەنگیان بردی، خۆم و مەملەکەتی شیعرم مەڕوخێنە، لە ئارامیم سەبر بگرە، پێکێک زەمەن درەنگ بخات، چاوەکانم بونە مۆڵگەی باران، لە شەڕابی لێوی مەراق دەخۆمەوە، هەشت خەون لە چاوی گەرمیاندا، خەونی بیابان لە دییەم نابێتەوە، پیاڵەیەکی پڕ لە ژیان، داغستانێک لە ئاقۆدا، شەوە دوورەکانی ئاقۆ، هەرژنێک چاوەکانی لە گەلایە، دەژاکێم و تیشک دەدەم، باڵەفڕەی ناو ژوورەکانی ئەوساکە، بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە، نازە مەیلە و لێوییەکانی روخسارم، خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم، پڕ چاوانم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە، تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم، وەزرێک بۆ جەفا لێمگەڕێ، سەرکردەیەکی سەرمەست.. وڵاتێکی بێهۆش و زەمەنیش وەکو ئادەمێ رایوەشاندم).

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن دەزگای شەفەق-کەرکوک، لەدووتوویێ ٢٨٧ لاپەڕە پێنج سەد لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم**

ئەم کتێبە شیعرییە، کۆکراوەی کۆی گشتی شیعرەکانی شاعیرە، لە کتێبێکی گەورەدا، ئەمانە بەشێکن لە شیعرەکان، (گوڵە پایزییەکانی ڕەنگیان بردی، خۆم و مەملەکەتی شیعرم مەڕوخێنە، لە ئارامیم سەبر بگرە، پێکێک زەمەن درەنگ بخات، چاوەکانم بونە مۆڵگەی باران، دەژاکێم و تیشک دەدەم، باڵەفڕەی ناو ژوورەکانی ئەوساکە، بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە، نازە مەیلە و لیۆییەکانی روخسارم، خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم، پڕ چاوانم وەرزی تازەم لە بۆ بێنە، تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم، وەزرێک بۆ جەفا لێمگەڕێ، سەرکردەیەکی سەرمەست.. وڵاتێکی بێهۆش و زەمەنیش وەکو ئادەمێ رایوەشاندم، ڕەنگم وەکو بێئۆقرەیی لیمۆیی بوو، ئەمارەتی پەنجەکانم، ئێواران بۆنی خەوم لێدێ، لەژێر پێی وەفا هەڵوەرین، تا دەرگا کڵۆم دراوەکەی ژیان دەڕۆم، دەمەو بارانێک دێمەوە-بەشی یەکەم، بەشی دووەم- و هەناسەم وەرزی گوڵانە، وەچانێ لە ئامێزی ئێوارە خەیاڵێکدا، گۆرانییەکەی غەریب و سەمای سەفەرە ڕووتەکان، هەورە ساباتییەکان، خەمی من و ڕازی شاملۆ، وچانێ لە ڕۆخی ژانە نارنجییەکان، ئیستێک لە خەوزڕانی شەوێکدا، سەفەری عەدەمی دوێنێ و نەهاتی سەبی، مەینەتەتایەکی زەعفەڕانی، چاوەکانم بە سەمای رەیحانە ئەڕێژم، سەوڵدان لە کەوڵی مێژوودا، وانەکانی بەر باران، سپێدەکانی ئەودیوی لێڵ بوون و گەڵا چاو بە ئاونگەکانی وەرزێک، دەمەو بارانێک دێمەوە، تەمیانێکم لە گوڵ جێهێشت، عومرێک لە سێبەرەکانی سێو، هەنارەکانی لێمەکەوە دوایی رومەتم هەنار ئەگرێ و باخچەیەک لە شنەی کێوان).

ئەم کتێبە، ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لەدووتووێی ٤٢٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- خوێندنەوەی چەن شاکارێکی جیهانی**

ئەم کتێبە لەچەند باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێکدێ، لەوانە (خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ڕۆمانی لەگەڵ "با"دا ڕۆیشت، بەراوردێک لەنێوان مادام بۆڤاری و ئاننا کارنینا و بۆچوونی هەندێ لە ئەدیبەکانی جیهان سەبارەت بە هونەری تۆڵستۆی) ئەم باسانە پێشتر لە گۆڤارەکان بڵاوکراوەتەوە، لەدواترد کۆکراوەی لە کتێبی خوێندنەوەی چەند شاکارێکی جیهانی خرایە بەردەستی خوێنەران، ئەڵبەتە پاڵەوانی نێو بابەتەکان، زیاتر ژنن، وەک ئاننا کرنینای تۆلستۆی، ذهب مع الريحی مارگریت میتشل و چەندانی تر.

چنوور بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، دەکا. مێتشیل چۆن دەرئەنجامەکانی جەنگ بەدەردەخات و باسی نەهامەتییەکانی دەکات، کە لە جەنگ دەکەنەوە، هەروەها لێهاتووانە پەی بەو فاکتەرانە دەبات، کە دەبنە زەمینە خۆشکەر بۆ لایەنە باڵا دەستەکان کە ئەو جەنگانە بگێڕن... ئاشکرایە، هەموو کردارێک ئەنجامدەکرێکی دەوێت، لێرەدا کردارەکە (جەنگین)ە، کەواتە بەبێ ئامراز ئەنجام نادرێت، نووسەر چەندین جۆر خەڵکی کردووە بە ئامرازی ئەو دوو لایەنە باڵا دەستە، کە دەسەڵاتی ویلایەتی باکوور و باشوورە، ئەو لە وەسفی خەڵکی جۆرجیای باکووردا، دەڵێت: خەڵکی ئەوێندەر بەلایانەوە شتێکی ئاسایی بوو، کە گەنج و لاوەکانیان هیچ زانست و بڕوانامەیەک بەدەست نەهێنن بە مەرجێک لە شتە گرنگەکاندا لێهاتوو و زیرەک بن، شتە گرنگەکانی لای ئەوانیش ئەمانەن: لۆکەچاندن، سوارچاکی، نیشانە پێکان و سەماکردن بە لێهاتوویی..

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، لەدووتوویێ ١٦٢ لاپەڕە شەش سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- گەڕانەوە**

ئەم کتێــبە، لە چەنــد نــۆڤڵێتێکی جیــاواز پێکهــاتووە، لە نووســیندا تایبەتمەندی نووسەری پێوەدیارە. ئەمە بەشێکە لە نۆڤڵێتی گەڕانەوە، کە لە ماڵ دەرچووین شەقامەکان هەڵوەرینی رابوردوویان ئەدایە دەم گەرمای ئەو پێش نیوەڕۆیە چ کۆتەڵێکی دەم با بوون ئەو رۆژانەی کە لە تەمەنمان رۆیین و لە وەفا ڕووتیان کردینەوە پاش دە ساڵی ون لە ژیانمان، من و باران ئەو شەقامە بێزارانەمان ئەپێوا کە لە ڕاکێشانێکی دوور و درێــژ و لە حەشــمەتی هەنگــاوی نــامووراەدن و پەلەی زەمەن قرچەیــان لێــوە دەهــات. ئەو دەمەی مــن و بــاران لە پەیکەرەکــانی رابــوردوو ئەگەڕایــن زۆر گەرمــا بــوو خواســتەکان بەدەم غەدر و چــاوەڕوانیمەوە ئەتــوانەوە، هەمــوو شــتێک لە چاوانمــدا دە ســاڵ ئەگەڕایەوە پاش، ئەو خورپانە خانیان کردبوومە هێلانە کە گەورەیان کــردم. ئەو دەمــانەی بە ئیقــاعی فڕینــی پەپــولەیەک بــۆنم بە مەرگــی خۆمەوە ئەکرد، بە زۆر پەنجەی ماڵئاواییم هەڵئەبڕی و جەستەم لە قورسایی کارەساتەکانی غەریبی شەکەت دەبوو خۆ ئەگەر ڕۆح داڵدەی بووایە ئەو مەفتەنە وێرانەی ناخی جێ دەهێشت. هەموو قوژبنێکی ئەم شــارە رەنگــی ئەســەفی لە خۆگرتــووە، ئەســەف بــۆ ئەو ڕۆژانەی کە تەنانەت چێژمان لە وێرانبوونیش وەرئەگرت، رۆژانی بەها جوانەکان و گەشبوونەوەی سێبەرەکانی ئارامی، ئا لەم شارە هەموو شتێک سادەیە، تیشــکی ســپی بەیانیــان کەڵەشــێرە لە خەو حێماوەکــان را دەچڵەکێنــێ. ســیماکان ناناســرێنەوە، ئــاخ نــازانم مــن گەورە بــوومە یــا ئەوانەی کە لەوێندەر جێمان، خۆ بە جێمان دەبێتە هۆی خولڤاندنی ئەمڕۆ.

ئەم کتێــبە ســاڵی ٢٠١١ لەلایەن یەکێتــی نووســەرانی کــورد-لقــی کەرکووک، لەدووتوویێ ٢٠٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ**

وشـەکان لێوانم بەخەم دەنەخشێنن. نەسیمی ژانەکان گەمە بە ئـاڵۆزی قژە بژەکەم دەکەن و چاوەکانم بەو زەردەپەڕە دەسپێرم. بۆیە لەوێندەر هەموو شتەکان بۆنی خەویان لێ دێ. لەو ئێوارەیەدا سەرەتاتکێ لەگەڵ قەدەری هەمــوو شـــتە جوانەکـــان دەکەم. ئەو شـــتانەی کە یاســـاغن ئەو جوانیانەی کە بیر لێکردنەوەشیان حەڕام کراوە، بۆیە لەو ئێوارانەدا هەمیشە بۆنی خەوم لێ دێت. خوازیـارم لە سێبەری ئەو ئێـوارە دوورە دەستەدا پشوویەکی مەستانە بدەن و ئاشنایانە هەناسەکان بخوێننەوە.

شـیعرەکانی نێـو ئەم کتێـبە تـاڕادەیەک جیـاوازە لە شـیعرەکانی تـری شـاعیر، لە شـێواز و فـۆڕم و تەنـانەت بەکارهێنـانی چەمکەکـانیش، ئەم کتێـبە شـیعرییە، لەم شـیعرانە پێکـدێ، (کۆمـارە ڕمـاوەکەی تـۆ و لە خاچدانی سەماکانم، خۆرێک لە پاڵ شەوی یەڵدا، ئێوارەیەک پیاڵە وەک چاوم پڕ ئەبێ، بێرەوە بۆ ماڵی دڵم، ئەگەر هاتی بە گەڕەکی باخـا وەرە، ئەم پیاوستانە ئەمکوژێ، هەرایەک لە کۆشی سەما، مۆمێک لە تەنیاییمدا ئەسوتێ، یاداشتەکانی ڕۆخی ساڵ، خەیاڵم لەنـاو بـاخچەیە و چاوانیشـم بەلای تـــۆوە، ملـــوانکەم لەتـــێ مـــانگە، لە پیاوســـتانەوە هەڵـــدێم.. ڕەدووی تەنیـایی ئەکەوم، تەمەن بەشـی دوو دیـارە، دڵـۆپە ڕژاوەکـانی ئەویـن، جێـژوانم مـاڵی پـایزە، مـن و تنـۆکی سـاتەکان، مـریەمێکم لە هەڵوەرین کەوتمەوە، ئادەم بە قومێ شـەڕاب ئەمباتەوە بۆ تاریکی، لە مەزهەبی خەونەکاندا بەچی ئەچێ؟، تاوێ دەسـتی خەیاڵ بەردە، خەون ئەمبینێ، هێشوو هێشوو درۆ ئەگرم و لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ).

ئەم کتێـــبە ســـاڵی ٢٠١٢ لەلایەن یەکێتـــی نووســـەرانی کـــورد–لقـــی کەرکووک، لەدووتوویێ ٢٢٠ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

# شلێر ڕەشید



## شلێر ڕەشید

شلێر ڕەشید، لە کەرکوک لەدایک بووە. کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدینی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٥ ڕووەو کەنەدا ڕۆیشتووە و لەوێ ئیدارە و بەڕێوەبردن "ئۆفیس"ی لە کۆلێجی سەنتنیاڵی تۆرۆنتۆ خوێندووە. ئێستا فەرمانبەرە لەسەنتەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە تۆرۆنتۆ، هاوکات لە نوسینگەی پەنابەرانی کەنەدا و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فیرکردن لە تۆرۆنتۆ وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی و عەرەبییە، بەپێچەوانەوەش.

شلێر ڕەشید ئەم بەرهەمانەی و وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی (سەرمایە، کوڕە بیجامە خەتخەتەکە، دروستکردنی پەیوەندی نوێ چاندنی ڕەگی نوێ، پڵنگە سپییەکە، ئەستێرەکان بژمێرە، شیر و هەنگوین، سەمفۆنیای عەشق، ڕۆژ و گوڵەکانی، ئاهەنگی بێمانایی، چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو)، هاوکات دەیان وتاری لە گۆڤار و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە.

### وەرگێڕان

**١- سەرمایە**

ڕەخنە لە ئابووری سیاسی (بەشی یەکەم)

ئەم نووسینە چەند بابەتێکی کتێبی سەرمایەی مارکسی لەخۆگرتووە و بیری مارکسی تێداخراوەتەڕوو، کتێبەکە ئەم باسانەی تێدایە (گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایە، کاڵا و دراو، کاڵا، دوو فاکتەری کاڵا: بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە یان بەهای پەتی (کاکڵەی

بەها-پێوانەی بەها)، مۆرکی دولایەنەی کار کە لەناو کالاًدا خۆی دەنوێنێ، شێوەی بەها یان بەهای گۆڕینەوە، شێوەی ساکار تاک یان بەڕێکەوتی بەها، دوو پۆلی دەربڕینی بەها: شێوە ڕێژەییەکەی و شێوە هاوهێزەکەی، شێوەی ڕێژەی بەها، ناوەخنی شێوەی ڕێژەیی بەها، دیاریکردنی چەندایەتی فۆڕمی ڕێژەی بەها، شێوەی هاوکێش، کۆی فۆڕمی بەهای سادە، شێوەی بەهای گشتی یان پەرەئەستین، شێوەی پەرەئەستێنی بەهای ڕێژەیی، شێوەی هاوکێشی تایبەت، کەموکوڕییەکانی شێوەی بەهای گشتی یان پەرەئەستێن، شێوەی بەهای گشتی، مۆرکە گۆڕاوەکانی شێوەی بەها، پەیوەندی گەشەکردن لە نێوان شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی هاوکێش، گواستنەوە لە شێوەی گشتی بەهاوە بۆ شێوەی دراو، خووڕەوشتی کالاً پەرەستن و نهێنییەکانی).

ئەم بەرهەمە لەلایەن کارڵ مارکسەوە نووسراوە، شلێر ڕەشید و کەژاڵ حەمەڕەشید، نەوزاد مەدحەت، سەلام عەبدوللا وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠٠٤ لەدووتوێی ٧١ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٢- کوڕە بیجامە خەتخەتەکە**

ئەم ڕۆمانە، باس لە منداڵێکی نۆ ساڵ دەکا، منداڵێکی لاواز و بچوک، بەناوی برونۆ. برونۆ، هەمیشە ئارەزووی لە گەڕان و لێکۆڵینەوەیە، دەخوازێ لاسایی گەڕیدەکان بکاتەوە، خەونی بوو ببێتە گەڕیدەیەکی هاوشێوەی کریستۆفەر کۆلۆمبس. باوکی برونۆ لەڕیزەکانی سەربازی ئەڵمانیا بووە، دوای ئەوەی پلەی سەربازی بەرز کرایەوە بۆ گەورە ئەفسەر و کاری قەلاچۆکردنی جوولەکەکانی پێ سپێردرا، ماڵیان گواستەوە بۆ شوێنێکی زۆر دوور، بەرەو لای کەمپی قڕکردنی جوولەکەکان ڕۆیشتن، ئەو ناوچەیە ناوی (پێکەوە بۆ دەرەوە) بوو.

برونـۆ، زۆر لـەو ناوچەیـە بێـزار دەبـێ، چونکـە لـەو ناوچەیـە جگـە لـە کـەمپی جولەکـەکان هـیچ مـاڵێکی دیکـەی لـێ نـەبوو، هـاوڕێی نـەبوو، قوتابخانـەی لـێ نـەبوو، جیـا لـە مـاڵی خۆیـان هـیچ شـوێنێکی دیکـەی نـەدەبینی. ڕۆژێـک برونـۆ لە پەنـجەرەی ژوورەوە چـاوی بـە کەمپەکـە کـەوت، بڕیاریـدا بەدزیـیەوە بـڕوا و لەنـزیکەوە کەمـپەکە ببینـێ، لای تەلبەنـدی کەمـپەکە چـاوی بە کـوڕێکی جـوولەکەی هـاوتەمەنی خـۆی دەکـەوێ بەنـاوی (شـمۆڵ)، نـاوی یـەکتریان پرسـی و هـەردوو ناوەکـە بەلای یەکدییەوە نامۆ بوو. شمۆڵ وتی: هەرگیـز ئەو نـاوەم نەبیسـتووە، بڕونـۆش وتـی: منـیش نەمبیسـتووە لەوانەیە تـەنیا مـن نـاوم بڕونـۆ بـێ. بڕونۆ، وتـی: منیش نـاوی شـمۆڵم نەبیسـتووە، کەچی شـمۆڵ وتـی: لـەو کەمپـەدا بەهـەزاران نـاوی شـمۆڵ هەیـە، خۆزگـە منـیش وەک تـۆ کـەس نـاوی منـی نەبوایـە. لـەدوای وتـووێژکردن دەرکـەوت هـەردووکیان لـە پازدەی نیسانی ساڵی ١٩٣٩ لەدایک بوونە!

ئـەم ڕۆمانـە لەلایـەن جـۆن بـۆین نووسـراوە و شـلێر ڕەشـید لـە زمـانی ئینگلیزییـــەوە وەریگێڕاوەتـــە ســـەر زمـــانی کـــوردی و ســـاڵی ٢٠٠٩ لـــەدووتوێی ٢١٧ لاپـــەڕە لەلایـــەن بڵاوکـــراوەی دەنگـــەکان لـــە کەنـــەدا، بڵاوکراوەتـەوە. دواتـر و لـە سـاڵی ٢٠١٦ لەلایـەن سـەنتەری ڕۆشـنبیری کەرکووک هەزار دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە.

**٣- دروستکردنی پەیوەندی نوێ چاندنی ڕەگی نوێ**

ڕێبەرێک بۆ سەرچاوە کەنەدییەکان، دایک و باوکانی کۆچکەری خاوەن منداڵی بچووک.. ئەم کتێبە دەروازە و سەرەتایەکی زۆر باشە و تایبەتـە بـەو کۆچبـەر و پەنابەرانـەی ڕوو لـە کەنـەدا دەکـەن و بـەوردی هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی کەنـەدای تێداخراوەتـە ڕوو. کتێبەکـە ئـەم باسـانەی تێدایـــە: (بەشـــی یەکـــەم: لێکۆڵینـــەوە دەربـــارەی منـــداڵ، چـــاودێری

تەندروستی، دابینکردنی کارتی تەندروستی، سیستەمی چاودێری تەندروستی لە کەنەدا، چارەسەری تر، سەردانی دکتۆر، سەردانی دەرمانخانە، پرسیار دەربارەی تەندروستی، دەرکەوتنی نەخۆشی.. بەشی دووەم: چاودێری منداڵ، چاودێری منداڵ لە ماڵەکەت، چاودێری منداڵ لە لایەن کەسانی ماڵەکەت، سەنتەری چاودێری منداڵ، بەرنامەی پێش یاخود پاش تەواو بوونی قوتابخانە، ئەو منداڵانەی کە پێویستیان بە چاودێری تایبەتی هەیە.. بەشی سێیەم: چوونە قوتابخانە، سیستەمی قوتابخانە، دۆزینەوەی قوتابخانەی دروست، تۆمارکردنی منداڵەکەت، ئینگلیزی یا فەڕەنسی، کەلتوری قوتابخانە، بەرپرسیاربن وەکوو دایک و باوک (باوان)، ناردنە قوتابخانەی ئەو منداڵانەی کە پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە.. بەشی چوارەم: سەلامەتی، سەلامەتی لە ماڵەوە، بەرهەمی منداڵان، سەلامەتی زۆر لە پەروەردەکردن، پێپلیکانەی سەلامەتی، کلیلی سەلامەتی، پێپلیکانەی کارەبایی و سەلامەتی منداڵانی خۆت، لستی سەلامەتی ماڵ، سەلامەیت لە شوێنە گشتییەکان، ئۆتۆمبێل و سەلامەتی، پشتوێنی خۆبەستنەوەی ناو ئۆتۆمبێل، سەلامەتی هاتووچۆی گشتی، سەلامەتی لە کەسانی نەناس و غەریب، وەرزی سەلامەتی.. بەشی پێنجەم: پەروەردەکردنی منداڵەکەت لە کەنەدا، شتی بەنرخ، پاشخانی ڕۆشنبیری، بنیاتنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کاری خۆبەخش، سەنتەری ڕاهێنانی بە کۆمەڵ، خول و پڕۆگرام، سەنتەری ڕۆشنبیری و ڕێک و پێک.. بەشی شەشەم: دایک و باوکایەتی خۆش حاڵی، چالاک بوون، دروستکردنی پەیوەندی خێزانی پتەو، بەرنامەی بنچینەیی خێزان، ڕەگەزپەرستی لە کەنەدا ڕاستی یان خەیاڵ، گۆڕانی ئاو و هەوا، پاراستنی مێشکێکی تەندروست، کەسایەتی و چاودێری خێزان، دووگیان بوون، دوای منداڵ بوون.. بەشی حەوتەم: سیستەمی

یاسای کەنەدا، حکومەت، پیادەکردنی سیستەمی یاسا، دادگا، هەڵبژاردن.. بەشی هەشتەم: نیشتەجێ بوون، کرێچێتی، جۆری کرێچێتی، شوێن، گەڕان بەدوای کاردا، ئیمزاکردنی قەرز، کڕینی خانوو.. بەشی نۆیەم: کار.. بەشی دەیەم: بەڕێوەبردنی سەروەتەکانت، چوونە بانق، بەدەست هێنانی کرێدت، پارە کۆکردنەوە، بەکاربردن، باج، باجی داهات).

ئەم کتێبە لەلایەن کینیس مورفی کیلبراید و میهرونیسە ئەحمەد عەلی و پاتریکیا گۆرە و شیڤا سەدیقی نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٠ لەدووتوێی ٨٦ لاپەڕە لەلایەن ئیمیگرەیشنی کەنەدا-تۆرۆنتۆ لەسەرانسەری کەنەدا بڵاوکرایەوە.

## ٤- پڵنگە سپییەکە

ئەم ڕۆمانە، چەند پرسێکی تایبەتی تێدایە، بەتایبەتی بەردەوام بوون و پێداگیری کردن لەسەر هەوڵدان. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە باڵرام حەلواچییە کە بە پڵنگە سپییەکە ناسراوە، لە ماوەی حەوت شەودا و لە ژێر تیشکی ڕووناکی و لەڕێگەی نامەیەکەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی چین، چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لە گوندێکی ناو دڵی تاریکیدا لەدایک بووە، کوڕی پیاوێکی عەرەبانچی بووە، عەرەبانەیەک کە هیچ ئەسپێک یان گیانداریکی تر ڕاینەکێشاوە، بە هێزی باوکییەوە ڕاکێشراوە. دواتر بەرەو هیندستان ڕۆیشتوون، باڵرام لەناو دڵی هیندا بەئاگا هاتبوو فێری شتی نوێ بووبوو، لەکاتیکدا کە شۆفێرەکانی تر سەرقاڵی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی تاوانی هەفتەبوون. بیری لە پلانێک دەکردەوە، وەکو پڵنگێک قەفەزەکەی بشکێنێ و دەربازبێ، وەکو کەڵەشێرێ لە قەفەزەکەی دەرپەڕێ.

باڵرام حەلواچی، خزمەتکار، فەیلەسوف، خاوەنکار، بکوژ، ئەو پیاوەی ژیانێکی ئاڵۆز و سەختی بەسەربردووە و کێشەکانی خۆی و چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە هەوڵدان پێداگیر بووە، دواجار بوو بە کەسێکی سەرکەوتوو لە ژیاندا. جیا لە زیرەکی خاوەنی هیچ شتێک نەبووە، تەنیا زیرەکی یارمەتیدەری بووە بۆ سەرکەوتن. باڵرام، فێرمان دەکات کە ئاین هێز و شەرەفمەندێتی ناخولّقێنێ و پارە هەموو کێشەیەک چارەسەر ناکات،

پڵنگی سپی، ڕۆمانێکە لەبارەی وەرچەرخان لە هیندستانی تاریکەوە بۆ هیندستانی ڕووناک، لەژیانی تاریکی لادێوە بۆ ژیانی ڕووناکی شار، لە شۆفێرەوە بۆ خاوەنکار.

ئەم کتێبە لەلایەن ئارڤند ئەدیگا نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٥ لەدووتوێی ٢٧٢ لاپەڕە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- ئەستێرەکان بژمێرە**

ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی خەیاڵی مێژووییە، لەبارەی هەڵاتنی خێزانێکی جولەکە هاوشانی چەندین خێزانی دیکە، کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم لە کۆپنهاگنەوە بۆ سوید ڕۆیشتوون. ئانماری جۆهنسنی تەمەن دە ساڵ، پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکەیە و دەبێتە بەشێک لە ڕووداوەکان و بە کاتی زۆر پڕ مەترسیدار تێدەپەڕێ، بەمەبەستی ئەوەی ژیانی ئێلینی جولەکە و باشترین هاوڕێی و چەندین جولەکەی دیکە ڕزگار بکات و لە کەمپ دوریان بخاتەوە، کاتێک خاڵە هنرک دەیویست بە نهێنی جولەکەکان بە بەلەم لە کۆپنهاگنەوە بگوێزێتەوە بۆ سوید، لزی خوشکە گەورەی ئانمار و پیتەری دەستگیرانی لز لە ڕیزی بەرگری دانش بوون

دژ بە ئەڵمانییە نازییەکان، تەنانەت لـز لەلایـن ئەڵمـانیە نازییەکـانەوە کوژرا و پیتەری دەستگیرانیشی لەگەڵ چەندین گەنجی دیکەی ئازا گیرا و لەسـێدارە درا، لــە شــوێنی لــە ســێدارەدانەکەیان نێــژران و تــەنیا ژمارەیان لەسەر دانان، نەک ناویان.

ڕۆمانی ئەستێرەکان بژمێرە، لە دونیایی بێ تاوانی منداڵەوە دەتباتەوە نــاو دونیــایی پــڕ پلانــی گەورە و بڕیــار بەدەســتەکان، بەمشــێوەیە بـەجۆرێکی جیـاواز بیـر لـە ژیـان دەکەیتـەوە و فێـری خۆشەویستیت دەکات لەبەرانبەر مرۆڤایەتی بەبێ گوێدانە جیاوازی دینی و نەتەوەیی.

ئـەم ڕۆمانـە لەلایـەن لـویس لـۆری ئینگلیـزەوە لـە ئـەمریکا نووسـراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ســاڵی ٢٠١٦ لــەدووتوێی ١٩٦ لاپــەڕە لەلایــەن ناوەنــدی غــەزەلنووس هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- شیر و هەنگوین**

شـاعیر لـە پێشــەکی کتێبەکەیـدا دەڵـێ: "ئـەمڕۆ دەی ئایـاری ٢٠١٦یـە، کـاتژمێر شــەش و ســی و ســێ خولــەکی ئێوارەیــە، هەسـت دەکـەم بـە تەمـەنترم لـەو کاتـەی کـە ئـەم گەشـتەم دەست پێ کرد، زۆر ماندووم، مێشــک و جەســتەم مانــدووە، بێــزار بــووم، بــەڵام بەهەســتێکی زۆر باشـترەوە، دڵنیام چـی دەکـەم و بـۆچی دەیکـەم، مـن جەسـتەیەکم لـەناو جەسـتەیەکدا، لـە ژیانێـک زیـاتر بـە یـەکجار هـەر ڕۆژەی کەسـێکی نـوێ دێتـە ناومـەوە، لـەو بڕوایـەدام بـەو جـۆرە هەسـت دروسـت دەبێـت، چـی دەڵێیت کـاتێ کتێبێـک بـەناوی تـۆوە لـەودیو نـاوی تـۆوە چـۆن لەسـەر کاردانەوەیەک کە سروشتی بووە ڕەنگ دەداتەوە، وەکو خوێن لـە تـۆوە ڕژاوە".

شـیر و هـەنگـوین ئـەم شـیعرانەی لـە خۆگرتـووە: (ئـازار چەشـتن، خۆشەویستی، لێکدابڕان، سارێژبوون). شاعیر لە شیعری ئازار چەشتندا دەڵێ:

پرسی چۆن ئەوەندە ئاسانە بۆت
بەو جۆرە بۆ خەڵک میهرەبان بیت
کە لێوەکانم وەڵامیان دایەوە
شیر و هەنگوین تک تک هاتنە خوارێ
چونکە خەڵک میهرەبان نەبوون بۆم
یەکەم کوڕ ماچی کردم
شانەکانمی داگرت بۆ خوارەوە
وەکو شووکانی یەکەم پاسکیل
کە بۆ یەکەمجار لێی خوڕیبێت
پێنج ساڵان بووم!

ئەم بەرهەمە لەلایەن ڕوپی کۆڕ نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی و سـاڵی ٢٠١٨ لەدووتوێی ٢٢٢ لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی جەنگەڵ-تاران هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- سەمفۆنیای عەشق**

ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە ڕۆمانە تایبەتەکانی نووسەر، تەنانەت نووسەر دەڵێ: "هێشتا ئەو کەسانە لەدایک نەبوونە کە لێمتێدەگەن" تەنانەت لە چوارچێوەی ئەدەبدا و ڕەخنەگرانی ئەدەب لەڕووی هونەر و گرنگییەوە ئەم ڕۆمانە بە شاکار ناودەبەن.

سـەمفۆنیای عەشـق، بـاس لەکێشـەی سـایکۆلۆژی کەسـێکی دینـدار و پابەنـد بە پەرسـتگە و خواپەرسـتی دەکـات، ئەم قەشـەیە بکـوژ و تاوانکارێکی دەروونییە. تاوانەکەی لەڕێی ئامرازەوە ناکات، بەڵکو مەیلی خۆکوشـتن لەنـاو کەسـێکدا دەچێنـێ و لـە کەسـەکە دەکـات پەنـا بۆخۆکوشـتن ببـات، واتـە: دەبێـتە پاڵنەرێـک بۆکۆتـایی هێنـان بەژیـانی

کچێکی نابینا. ئەم ڕۆمانە ڕووە و دنیای ڕەشبینی و بێ هیوایی لەژیاندا و ماندووبوون بەدەست تاڵاو و ئازارەکانی ژیانت دەبا و دەستەوەستان دەبی لەبەردەم نەبوونی تروسکاییەک بۆ ژیان و پەنابردنە بەر بەخۆکوشتن، هاوشێوەی نوسینەکانی فیۆدۆر دستۆڤسکی و بەلزاکە. سەمفۆنیای عەشق ئاماژەیە بۆشەشەمین سەمفۆنیای بتهۆڤن.

کچێکی نابینا و بێکەس کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەیە و ناو ڕۆژی لەدایکبوونی نەزاندراوە، وەلێ ناوی ژتخوت و جیرترودی بۆ داناوە، تاکە کەسی نێو خێزانەکەیەتی کە لە ژیاندا ماوە، قەشە لەخۆی دەگرێ و لەماڵەوە بەخێوی دەکات، هەرچەندە خۆی وهاوسەرەکەی خاوەنی پێنج منالن. لەدوای ماوەیەک، ژتخود و کوڕەکەی قەشە کە رهاوتەمەنی یەکن، دەکەونە داوی خۆشەویستی یەکترەوە. کاتێک قەشە ئەم هەواڵە لەلایەن جاکی کوڕییەوە دەبیستێ زۆر توڕە دەبێ و دەڵێ: ڕێگە نادەم ئەمە سەربگرێ، دواجاربە خۆکوشتنی کچە نابیناکە کۆتایی دێت.

ئەم بەرهەمە لەلایەن ئاندری ژیدی فەڕەنسییەوە نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٩ لەدووتوێی ١٥٥ لاپەڕە لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- ڕۆژ و گوڵەکانی**

ڕۆژ و گوڵەکانی دیوانە شیعرییەکی ئینگلیزییە و ئەم بەشانەی لەخۆگرتووە: (سیسبوونەوە، کەوتن، ڕەگداکوتان، هەستانەوە، پشکوتن)، شاعیر لە شیعری سیسبوونەوەدا دەڵێ:

لەدواهەمین ڕۆژی خۆشەویستیدا
دڵم لەناو جەستەمدا پارچە پارچە بوو
تەواوی شەوەکەم بەسەربرد
بۆ ئەوەی بتهێنمەوە
دەستمبرد بۆ دوا چەپکە گوڵ

کە پێت بەخشیبووم
لەناو گوڵدانەکەیاد سیس بووبووەوە
دانە، دانە سەرەکانیم لێ کردەوە و
خواردم
هەروەها، لە شیعری هەستانەوەدا دەڵێ:
لەیەکەم ڕۆژی خۆشەویستیدا
منت بە وێنایەکی تایبەتەوە پێچایەوە
پێویستە ئەوەشت بیربێتەوە
چۆن بەشەکەی تری شارەکە خەوتبوون
لەکاتێکدا ئێمە بۆ یەکەمجار بە ئاگابووین
هێشتا دەستمان لێنەدابوو!

ئەم کتێبە لەلایەن ڕوپی کۆر نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ساڵی ٢٠١٩ لەدووتوێی ٢٨٨ لاپەڕە لەلایەن کتێبخانەی مێخەک، هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- ئاهەنگی بێمانایی**

نووسەری ئەم ڕۆمانە خاوەنی هەژدە بەرهەمی بڵاوکراوەیە، بۆ وێنە: (پەرتوکی ئەوانەی کە پێدەکەنن و لەبیردەچنەوە، بێ مۆڕاڵی، ناسنامە، وەسیەتە خەڵەتێنەرەکان، ڕووبەڕووبوونەوە، خەیاڵ، ژیان لە شوێنێکی دیکە).

ئەم ڕۆمانە چەند بابەتێکی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە: (ناساندنی پاڵەوانەکان، شانۆی ماریۆنەت، نهێنییەکی سیحراوی نەخۆشییەکی مەترسیدار، درۆی چاوەڕوان نەکراو و پێکەنینێکی چاوەڕواننەکراو، سەرەتانی نەبوو پشکنینەکەی شێرپەنجە دەرنەچوو، ڕامۆن سەردانی چارلس دەکات، وانەکەی ڕامۆن دەربارەی ڕۆشنگەری و بێمانایی، شانۆی بوکەڵەکان، ئالێن سۆزدارییە نهێنییەکەی ستالین ئاشکرا دەکات، ئالێن و چارلس زۆر جار بیر لە دایکیان دەکەنەوە، ژنێک لە

ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی، کەسێکی کوشت، فریشتە، هەر هەموویان بەدوای مەزاجێکی باشدا دەگەڕێن، چاکەتە سپییەکان و کچە پرتەقاڵییەکە، ڕامۆن بە مەزاجێکی ناشیرنەوە گەیشتە ئاهەنگی کۆکتێل، بانگەوازی کاکۆلیک بۆ مەزاجێکی باشتر، پەڕە بچووکەکەی سەردەکەوێت بەژێر بنمیچەکەدا، فریشتەکان دەکەونە خوارەوە، ئاهەنگی بێمانایی، کەوتنی پەرییەکان).
نووسەر لەژێر ناوی (چارڵس خەو بە شانۆی بوکەڵەوە دەبینێت)دا دەڵێ: "لە فەرهەنگی بێباوەڕی مندا، تەنیا یەک وشە پیرۆزە (هاوڕێیەتی)، چوار هاوڕێی خۆشەویستم لێرە ناسیوە (ئاڵن، ڕامۆن، چارڵس، کاڵیبان)، لە خۆشەویستیمەوە بۆیان کتێبەکەی خرۆشۆڤم هێنا بۆ چارلس بۆ ئەوەی هەموویان خۆشی لێ ببینن.
ئەم بەرهەمە لەلایەن میلان کندیرا نووسراوە و شلێر ڕەشید لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بڕیارە ئەمساڵ لەدووتوێی ١١٦ لاپەڕە لەلایەن کتێبفرۆشی مێخەک بڵاوبکرێتەوە.

**١٠- چەند بابەتێکی وەرگێڕدراو**

ئەم کتێبە دە بابەتی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی لەخۆگرتووە، کە ئەمانەن: (فریدریک ئەنگڵس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینین، کۆمۆنیزم بۆ منالان کۆمۆنیزم بۆ هەمووان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕزگاری ژنان، لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن!، تکتی بەخت -کورتە چیرۆک-، هۆنراوەی پاسپۆرتی سۆڤییەتی شیعری ڤلادمیر مایاکۆڤسکی، ئێرییەڵ و بابە-شیعری سلڤیا پلات، جەندەر، ئازادی ژن لە دیدی کۆمۆنیستییەوە، بۆ ٨ی مارس، لەنەرد کۆون).
هەریەک لەم بابەتانە پێشتر لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان بڵاوکراوەتەوە و تیشک خراوەتە سەر چەند لایەنێکی دیاریکراو، بۆ نموونە لە بابەتی فریدریک ئەنگڵس ژیان و کاریگەرییەکانی لە نوسینی لینیندا، باس لە مارکس و ئەنگڵس کراوە و دەڵێ: "کە ئەوانە یەکەم کەس بوون لە نووسراوەکانیاندا زانستیانە سەلماندیان کە سۆشیالیزم خەیاڵی ئەو

کەسانە نییە کە خەونی پێوە دەبینن، بەڵکو ئامانجی کۆتاییە، ئەنجامێکی پێویستە بۆ بەرەو پێشچوونی هێزی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، ئەو مێژووەی کە تاکوو ئەمڕۆ نووسراوە مێژووی تێکۆشانی چینەکان بووە و سەرکەوتنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی بەسەر چینەکانی تری بەدوادا هاتووە. تا ئەو کاتەی کە موڵکدارێتی تایبەتی و نارێکوپێکی بەرهەمهێنان ئامادەیی هەیە، پرۆلیتار ناچارە درێژە بە خەباتی چینایەتی خۆی بدات لە ڕێی ڕێکخستنی کرێکارانی هۆشیارەوە بە مافە چینایەتییەکانی خۆیان، هەر بۆیە هەموو خەباتێکی چینایەتی لە خۆیدا خەباتێکی سیاسیشە.

ئەم کتێبە لەدووتوێی ١٤٠ لاپەڕە ئامادەی چاپکردنە.

**وتەیەک**

نووسەرێک لەسەر ئەرک و ماندوبوونی خۆی پرۆژەیەکی خستۆتە سەر شانی خۆی و کاری بۆ دەکات، ئەو نووسەرەش کاک زامدار ئەحمەدە. پرۆژەکە کۆکردنەوەی کاری نووسین و وەرگێڕانی کۆمەڵێک ژنی کورد زمانە لە ناوەو دەرەوەی کوردستان، لەژێر ناوی "ژنە نووسەرەکانی کورد.

پرۆژەیەک لەسەر زەمینێک لە دایک دەبێت، زمانی سیاسەت و ئەدەب و شەقامەکەی زمانی پیاوە. زمانێکە بەردەوام کار لەسەر هێشتنەوەی پلە دوویی ژنان دەکات.

بەدڵنیاییەوە نووسەر ئەجنداو پەیامی خۆی هەیە لە وەها پرۆژەیەک، بەڵام ئەو ئەجنداو پەیامە نابێتە ڕێگرلە دیدو بۆچونی کەسانی تر. بۆ ئەو پرۆژەیە. من وەک کەسێک کە هەلی بەشداربوونم هەبووە لەو پرۆژەیە، پێم خۆشە لە چەند خاڵێک و بەکورتی سەرنجی خۆم لەوبارەوە بخەمەڕوو:

١- ئەم پرۆژەیە گرنگیدانە بە ڕەگەزی ژنانی نووسەرو وەرگێڕ.

٢- ئیبرازکردنی پێگەی ژنە لە بواری نووسیندا. بەتایبەت لە دەیەی نەوەتەکانەوە بۆ ئێستا کۆمەڵێک ژن بە شێوەیەکی بەرچاو لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی نووسین و وەرگێڕاندا دەرکەوتوون.
٣- کارکردنە بە ئاراستەی هێنانە دەرەوەو دەسگیرۆییەکی زیاتری ژنان لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا.
٤- سەرباری هاتنە مەیدانی ژنی کورد لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا، بەڵام لە دووبواردا کار لەسەر کۆت و بەندکردنیان دەکرێت. بوارێکیان لە ژێر پەردەی مۆدێرنەتەدا لە هەوڵی بەکاڵاکردنی ژنان دایە و بەردەوامە لەسەرلەوەی ژنان دوور بخاتەوە لە مافە یەکسانیخوازەکانی خۆی. لایەنەکەی تریشیان کە زۆر تراجیدیترە و لەژێر هەژموون و فەرهەنگی ئەو باوەڕەدا سەدان ژن گیانیان لەدەست داوەو بەردەوامە لەوەی عەقڵییەتی پیاو سالاری سەقامگیرتر بکات لە کۆمەڵگەدا. گرنگی ئەم پرۆژەیە لێرەوەیە کاتێک دێت و بە هێمنی و دوور لە هات و هاوار، بەو دوو عەقڵیەتە دەڵێت: ژنان نە بووکەڵەی بازارەکانتانن، نە کێڵگەی پیاوەکانتانن.

لە کۆتایشدا سەرباری دەستخۆشیم بۆ کاک زامدار ئەحمەد هیوادارم ئەم پرۆژەیە لە کتێبێکدا قەتیس نەبێتەوە و بەردەوام بێت لەگەڵ کاروانی خەبات و نووسینی ژنانی کوردستاندا بۆ وەدەستهێنانی مافە جەندەرییەکانیان.

شلێر ڕەشید
تۆرۆنتۆ کەنەدا ٢٠١٩
shlir.rashid@tdsb.on.ca

# نازەنین عوسمان



## نازەنین عوسمان

نــازەنین عوســمان محەمــمەد، ســاڵی ١٩٦٨ لە ســـلیمانی لەدایـــک بـــووە، قۆنـــاغی ســـەرەتایی خوینـــدنی لە قوتابخـــانەی کرمـــانجی ســـەرەتایی و قۆناغی ناوەندی لە نەورۆزی کچان و قۆناغی ئامادەییشی لە خانزادی کچان خوێندووە. ساڵی ١٩٩١ کۆلێژی یاسا و ڕامیـــاری زانکـــۆی موســـڵی تەواو کـــردووە. لەدوای ڕاپەڕیـــن و هـــاتنی ژمـــارەیەک ڕێکخـــراوی بیـــانی بەمەبەســتی کــاری خێرخــوازی، نــاوبراو لەگەڵ ڕێکخــراوی پزیشــکانی بێسنوور کــاریکردووە و بێبەرانبەر وانەی لە فێرگەکــانی ســەید ســادق وتۆتەوە. ساڵی ١٩٩٣دا، بۆ ماوەی ساڵێک وانە بێژ بووە، ساڵی ١٩٩٤ لە دادگــای ســلێمانی بە یاریــدەدەری دادوەر لە دادگــای نەوجەوانــان دامەزراوە. ســاڵی ٢٠٠٤ بــۆ وەزارەتــی پەروەردە گواســتراوەتەوە و لە فێرگەی (ناوەندی کوردستانی نوێ)ی سەیدسادق. ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بەخوێندنی ماستەر کردووە، ساڵی ٢٠٠٩ لە زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی پەروەردەی چەمچەمـــاڵ بـــووە بە مامۆســـتای یاریـــدەدەر، لەبەشـــی پەروەردە و دەروونناسی، بۆ مـاوەی ســێ ســاڵ وانەی دەروونناســی وتۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠١١ـەوە لە بەشی باخچەی ساوایانی زانکۆی سلێمانییە و بریـــاردەری بەشـــە، ئێســـتاش فێرخـــوازی دوکتـــۆرایە لە زانکـــۆی سەلاحەدین.

نازەنین لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە ئەندامی ڕێکخراوی بەهرەی ژنانە، توێژەر، دوو توێژینەوەی ئەنجامداوە. دەستەی نووسەرانە لە گۆڤاری تەوار. هەروەها لە چەندین بڵاوکراوە گوتار و توێژینەوەی بڵاوکردۆتەوە. تاکوو ئێستا ئەم کتێبانە بڵاوکردۆتەوە (دەروازەیەک بۆ ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی، بنەماکانی دروستیی دەروونی، ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی ساوایان، بەکۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ، بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، کێشە دەروونیەکانی ژنانی جیابووەوە لە سلێمانی، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری ڕوداوی ژیانی ڕۆژانە لای ژنانی فەرمانبەر لە سلێمانی، دەروونزانی یاریکردنی منداڵ لەباخچەی ساوایان، گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە، خۆشەویستی و خوێندن و خۆگونجاندن لە لای کچان)

<u>**نووسین**</u>

**١- دەروازەیەک بۆ ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی**

ئەم کتێبە باس لە بابەتی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی دەکات، کە لقێکی سەرەکی زانستی دەروونزانییە، ئەم زانستە ئامانجی سەرەکی ناسینی مرۆڤە بۆ ئەوەی لەڕێگەی بابەتەکانیەوە ببێتە هاوکار و یارمەتیدەر، تا مرۆڤ بتوانێت خۆی بناسێت و باوەری بەخۆی هەبێت و سوود لە توانا و لێهاتووییەکانی خۆی تا ئەوپەری توانا وەربگرێت، لەژیاندا چێژ وەرگر و ئاسودە بژی و لێهاتوویی بەرەنگاربوونەوە و زاڵ بوونی بەسەر بەربەست و کۆسپەکانی بەردەم پرکردنەوە و تێربوونی خواست و پێداویستیەکانی هەبێت، بەمەش باشترین خۆسازاندنی لەگەڵ خۆی و ژینگەی مادی و مەعنەویدا بۆ دروست دەبێت، تا ڕێگای سەرکەوتنی بۆ واڵا بێت.

ئەم کتێــبە لە پێــنج یەکە پێکهــاتووە، لەیەکەی یەکەمــدا بــاس لە ڕوانگەیەکی مێژویی بۆ دەرکەوتنی ئەم زانستە کراوە و ڕونکردنەوە و پێناسەی ئەم چەمکە و جیاوازیەکەی لەگەڵ هەندێک چەمکی تردا وەک چارەسەری دەروونـی فێربـون و پەروەردە، پێشکەش کراوە. لەیەکەی دووەمــدا، پرۆســەی کــۆکردنەوەی زانیاریەکــانە و ئەو هۆکــارانەی کە زانیــاری پــێ کــۆدەکرێتەوە، گرنگــی و جــۆر و ســەرچاوەی ئەم زانیاریـانە بـۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەی ڕێنمـایی خـراونەتە ڕوو، هاوکـات باســــی ئەو کێشــــەکانە کــــراوە، کە دەکەونە ســــەر ڕێــــی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری. لەیەکەی سێیەمدا زیاتر جەخت لەسـەر ڕێـگە و شـێوازە جیاجیاکـانی پرۆسـەی ڕێنمـایی کـراوەتەوە. لەیەکەی چوارەمدا

خسـتنەروی هەنـدێک تیـۆری ڕێنمـایی باسـکراوە، کە دەبـنە کـۆڵەکەی سـەرەکی ئەم پرۆسـەیە. لەیەکەی پێنجەمـدا هەنـدێک لەو کێشـانەی کە ڕێنمایکـار دەتوانێـت ڕۆڵـی هەبێت لە چارەسـەرکردنیدا باسـکراوە، بـۆ نمـوونە ( کێشــەی دڵەڕاوکێــی جیـابونەوە، عینـادی لای منـدڵان، میـز بەخـودا کردنـی بێ ئیـرادی، کێشـەی دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکـان، زهـن بڵاوی وپـارچەبونی بەئاگـایی، لاوازی پـاڵنەری خوێندن، شـەڕانگێزی و بەکارهێنانی قسەی ناشرین، کێشەی پەنجە مژین).

ئەم کتێــــبە ســــاڵی ٢٠١١ لەلایەن بەڕێــــوەبەرێتی چــــاپ و بڵاوکـردنەوەی سـلێمانی، لەدووتـوێی ٣١٢ لاپەڕە پێنج سـەد دانەی لـێ بڵاوکرایەوە.

**٢- بنەماکانی دروستیی دەروونی**

زانستی دروستی دەروونی بۆ خۆپاراستن و پەرەپێدانی تواناکانی تـاک پێویستە لە هەموو قۆناغەکاندا، منداڵی و هەرزەکاری و پێگەیشـتویی و

پیریدا، بۆ هەردوو توخمەکەش پێویستە بەتایبەت ژنان کە پێویستیان بە هەنگاونانی خێرا و بەپەلە هەیە لەم بوارەدا. ئەم کتێبە کۆمەڵێک زانیاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بەزمانێکی سادە خستۆتە ڕوو، تا خوێنەران بەگشتی لێی تێ بگەن و سودی لێ وەرگرن، بەتایبەتی بۆ فێرخوازانی زانکۆ، تایبەت بەشی کۆمەڵناسی و پەروەردەیی.
ئەو بەرهەمە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا، پێناسە و پێوەری دروستی دەروونی، لەبەشی دووەمدا چۆنیەتی شیکردنەوەی هەندێک لە قوتابخانە دەروونیەکان بۆ چەمکی دروستی دەروونی، لەبەشی سێیەمدا قوتابخانەی (شیکاری دەروونی، ڕەفتاریەکان، وجودیەکان، مرۆڤایەتیەکان، جەشتالتیەکان و مەعرفیەکان)، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێک چەمک کە پەیوەندیەکی زۆری بە دروستی دەروونییەوە هەیە. لەبەشی چوارەمدا بابەتی نوشوستی، ململانێ و دڵەڕاوکێ، لەبەشی پێنجەمدا، دروستی دەروونی منداڵ لەگەڵ ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییەکان، باسکراوە.
هاوکات، چەند باسێکی تر خراوەتەڕوو و بەشێوەیەکی ئەکادیمی قسەی لەبارەیەوە کراوە، لەوانە "دروستی دەروونی ژنان و کێشەکانییان. گونجاندنی دەروونی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پاڵنەرەکان و هەڵچون"، "ڕونکردنەوەی هەندێ کێشەی باوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ"، "هەڵچوون و سروشتی هەڵچوون، عەقڵی مەتیقی و عەقڵی هەڵچوون، ڕۆشنبیری و هەڵچوون، ئەرکی هەڵچوونەکان، پێکهاتەی ڕۆشنبیری هەڵچووەکان"، "دروستی دەروونی منداڵ، گرینگی ساڵانی تەمەنی منداڵی، ڕۆڵی خێزان لە دروستی دەروونیدا، پێگەی خێزان بۆ منداڵ چییە؟".
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لەدووتوێی ٣٢٢ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٣- ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی ساوایان**

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لەلایەن دکتۆرە سولاف فائق ئامادە کراوە، پێناسەی باخچەی منداڵان و تایبەتمەندی منداڵ لە تەمەنی سێ بۆ شەش ساڵی لە ڕووی جەستەیی و هەڵچونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتیەوە، گرنگی باخچەی ساوایان و سودەکانی یاری و جۆرەکانی خراوەتەڕوو. بەشی دووەم، لەلایەن نازەنین عوسمان ئامادەکراوە، کە تێیدا باس لە هەموو ئەو خووە خراپانە دەکات کە لەوانەیە لە قۆناغێکی تەمەنی منداڵدا ئەو رەفتارانە ئەنجام بدرێ، هۆکار و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بۆ خوێنەران ئاشکراکردووە، نمونەی کێشە رەفتارییەکانی "شەرانگێزی، گێرەشێوێنی، فرە جوڵەیی لای منداڵ، ئارەزووی پشکنینی زیاد لە پێویست، درۆ لای منداڵ، هێواشی منداڵ، بە گوێنەکردن، شەرمنی و کێشەی قەڵەوی و لاساری و میزبەخۆداکردنی نەویستانە لای منداڵ، بەگوێ نەکرد، هێواشی منداڵ". زۆر بە روونی باس لە جۆری کێشەکان و هەنگاوەکانی چارەسەری کراوە.

بەشی سێیەم، لە لایەن دکتۆر ئەحمەد عەلی نووسراوە، کە تێیدا باسی پەرەپێدان و پێشخستنی کاری باخچەی منداڵانەی کردووە، گرنگی بوونی یاخود زیادکردنی ژمارەی مامۆستای پیاو لەنێو باخچەی منداڵاندا، لەگەڵ هاندانی باوان بۆ بەشداری لە چالاکی نێو باخچەکاندا، بابەتی پەرەپێدان بە پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی منداڵاندا زۆر گرنگە بەتایبەت کە ئێستا کێشەکانی پیس بوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و تواننەوەی شاخە بەستەڵەکەکانی جەمسەری باکور و باشوری گۆی زەوی کێشەیە و مەترسی لە سەر هەموو جیهان هەیە، خراوەتەڕوو.

ئەم کتێبە بەهاوبەشی سۆلاف فائق و ئەحمەد عەلی نوسراوە. ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن بڵاوکراوەی چوارچرا لەدووتوێی ١٥٢ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- کێشە دەروونیەکانی ژنانی جیابوەوە لە شاری سلێمانی**

ئامانجی ئەم تویژینەوەیەی کە بۆ ڕێکخراوی گەشەپێدانی بەهرەی ژنان، ئەنجامدراوە، بریتییە لە زانینی گرنگترین کێشە دەروونیەکانی ژنانی جیابوەوە لە سلێمانی و جیاوازی کێشە دەروونیەکانی ژنانی جیابۆوە، بەگوێرەی گۆڕاوی "ژمارەی منداڵ، کار و پیشەی هاوسەرەکەی، ئاستی خوێندن، تەمەن، ماوەی هاوسەرگیری، کار و پیشەی ژنەکە خۆی" لەگەڵ دیاریکردنی هۆکاری جیابوونەوەی هاوژینەکان. ئەم تویژینەوەیە لە ١٣٠ نموونەی ئافرەتی جیابۆوە لە هاوژینەکانیان، لەناو سلێمانیدا پێکهاتووە.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات، کە زۆرترین کێشەی دەروونی ژنانی جیابوەوە، بەگوێرەی پلەبەندی ئەمانەن، یەکەم: ژنان، هەستدەکەن زوڵمیان لێکراوە. دووەم: نەمانی بڕوا، بە پیاوان. سێیەم: نەمانی بڕوا بە خەڵکی گشتی. چوارەم: توانای خۆکۆنترۆڵکردنیان نامێنێ.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەو ژنانەی منداڵیان هەیە، کێشەیان زیاترە. ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لەنێوان ٣٤ بۆ ٥٠ ساڵیدایە، کێشەی و ئاریشەیان زیاترە، بەراورد بە تەمەنی بچووکتر.

لەڕووی ئاستی خوێندنەوە دەرکەوتووە، ئەو خانمانەی ئاستی خوێندنیان کەمە، لە ئاستی سەرەتاییدایە، زۆرترین گرفتیان بۆ سازدەبێ، بەراورد بەو ژنانەی ئاستی خوێندنی بالاتریان هەیە، بەتایبەتی ئاستی دیپلۆم و بەکالۆریۆس.

تـــوێژینەوەکە، ئامــاژەی بەوەشــداوە، ئەو خانمــانەی کــار و پیشـــەی ڕۆژانەیان هەیە و کەمتر لەماڵەوە، کەمتر کێشە و گرفتی دەروونیان بۆ دروست دەبێ، بەراود بەو خانمانەی کار و پیشـەیان نییە و زۆربەی کاتەکــانی ژیانیــان لەمـــاڵەوە بەســـەر دەبەن -لەبەرئەوەی زۆربەی کاتەکانیـان بێ کـار بەسـەردەبەن و ئەمەش دەرفەتـی بیرکـردنەوەی و تێڕامانیــان زۆر دەبــێ، بە نیگەتیڤــی دەڕوانــن-. ئەمــانە و چەنــدین ئەنجامی دیکە لە توێژینەوەکەدا بوونی هەیە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن ڕێکخراوی گەشە پێدانی بەهـرەی ژنـان-بەشـی تـوێژینەوە، لەدووتـوێی هەشـتا و پێـنج لاپەڕە پێـنج سـەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- شـێوازی ڕوبەروبـوونەوەی فشــاری ڕوداوی ژیــانی ڕۆژانە لای ژنــانی فەرمــانبەر لە شاری سلێمانی**

ئامــانجی ئەم تــوێژینەوەیەی کە بـۆ ڕێکخـراوی گەشــەپێدانی بەهــرەی ژنـان، ئەنجامـدراوە، بـریتییە لە ناسـینی شـێوازەکانی ڕوبەروبـوونەوەی فشــاری ڕوداوەکــانی ژیــانی ڕۆژانەی ژنــانی فەرمــانبەر لە ســلێمانی، هاوکات ناسینی ئەم شێوازانە بە پێی هەبوونی منداڵ و بەپێی ژمـارەی منـداڵەکان و بەپێــی ســاڵانی خــزمەت و بەپێــی ئاســتی خوێنــدن. ئەم توێژینەوەیە لە ٢٢٤ نموونەی فەرمانبەری ژن لە یـازدە فەرمـانگەی نـاو سلێمانی کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردراوون.

ئەنجــامی تـــوێژینەوەکە، بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەوەی خســـتەڕوو کە ژنانی فەرمانبەر بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی فشاری ڕوداوی ژیانی ڕۆژانەیان زیاتر شێوازە باشەکان بەکار هێنراوە وەک "شێوازی خۆ کۆنترۆڵکردن" نەک شـــێوازە خراپەکـــانی وەک "تەســـلیم بـــوون". لای ئەو ژنـــانەی فەرمانبەرن و منداڵیان نییە شێوازی بەرگەگرتنی بەرپرسیاریتی زیاتر

بەکارهاتووە، شێوازی خۆ لۆمەکردن کەمترین بەکارهێنانی هەبووە لایان. لای ئەو ژنانەی یەک تا دوو منداڵیان هەیە شێوازی خۆبەدەستەوەدان زیاترین بەکارهێنانی هەبووە. شێوازی پەنابردن بۆ خواوەند کەمترین بەکارهێنانی هەبووە، لای ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کە سێ تا چوار منداڵیان هەیە شێوازی خۆ خاڵی کردنەوە زیاتر بەکارهێنانی هەبووە. شێوازی خۆ کۆنترۆڵکردن کەمترین بەکارهێنانی هەبووە. لای ئەو ژنە فەرمانبەرانەی کە یەک تا دەساڵ خزمەتیان هەبووە شێوازی نکوڵی کردن، زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە. ئەوانەی زیاتر خزمەتیان هەبووە ١١ بۆ ٢٠ ساڵ شێوازی خۆهێو کردنەوەیان زیاتر بەکار هێناوە.

کۆی ئەم ئەنجامانە پێمان دەڵێن، زیاتر فەرمانبەرانی ژن کە یەک تا دوو منداڵیان هەیە و تەمەن و خزمەتیان کەمە، کەمتر بەرگەی فشارەکان دەگرن و زیاتر شێوازە نەرێنی و خراپەکان بەکاردەهێنن بۆیە چاودێری و هاوکاریان پێویستە، لە کۆتایی توێژینەوەران ژمارەیەک راسپاردە و پێشنیاریان خستۆتە روو.

ئەم کتێبە بەهاوبەشی لەگەڵ شنۆ عوسمان نووسراوە. ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن رێکخراوی گەشە پێدانی بەهرەی ژنان-بەشی توێژینەوە، لەدووتوێی ١٦٥ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٦- بەکۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ**

ئەم کتێبە لە یازدە بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، لەلایەن ڕێژین ئومێد ئامادەکراوە، کە باس لە گرنگی و پێناسە و ئامانج و مەرج و شێوە و ڕەگەزەکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و تیۆرەکانی دەستتێوەرنەدان، تیۆری دروستکردنی منداڵ و تیۆری ململانێی کردووە، هاوکات، باسی لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی

کۆمەڵایەتی لای منداڵ و پێوەندی بە پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە دەکات، لە قۆناغی شیرەخۆری، تا پیری، بە تیۆرەکەی ئەریکسۆن پشتی بەستووە.

بەشی چوارەم تا نۆیەم، لەلایەن نازەنین عوسمان ئامادەکراوە، کە تێیدا باس لە پێناسە و تایبەتمەندی و گرنگی و مەرجی کارلێکی کۆمەڵایەتی و بنەما و قۆناغ و ڕەهەند و ئامانج و ئاست و هۆکارە کاریگەرەکانی سەر کارلێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە روو، لە ڕوانگەی تیۆرە دەروونیەکان، "تیۆری ڕەفتارییەکان، تیۆری نیوکەمب، تیۆری بیرلز و فیلدمان و تیۆری شیکاری کۆمەڵایەتی. هاوکات، باس لەپرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و چەمکی خود دەکات، لە دروستبوون و شێوە و فاکتەری کاریگەر لەسەر چەمکی خود.

ئەم کتێبە، ناساندن بۆ بۆچونە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و باس لە کولتورەکان و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە دەکات، پێناسەی ئاکار و چۆنیەتی گەشەی ئاکاری یاخود ویژدانی لای منداڵ و فاکتەری کاریگەر لەسەر گەشەی ئاکاری دەخاتەبەرباس.

بەشی دەیەم و یانزدە، لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد علی نووسراوە، کە باس لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و پەیوەندی بە سەرکردایەتی کردنەوە دەکات و پێناسەی سەرکردە و جیاوازی نێوان هەردوو چەمکی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی دەکات و جۆرەکانی سەرکردە دیاری دەکات.

ئەم کتێبە بەهاوبەشی ئەحمەد عەلی و ڕێژین ئومێد نوسراوە. ساڵی ٢٠١٤ لەدووتوێی ٢٢٦ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٧- بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**

بەڕێوەبردن زانست و هونەرێکی مرۆڤانەیە، هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەست بە گرنگی و هەستیاری رۆڵی بەڕێوەبردن کردووە لەژیانیدا، ئامانجی بەڕێوەبەردن جێبەجێکردنی کارەکانە بە کەمترین کات و کۆشش، کەواتە بەڕێوەبردن کۆمەڵە پرۆسەیەکە کە لە دوا ئاستدا خزمەت بە دامەزراوەکان دەکات جا ئەو دامەزراوەیە فەرمانگەیەک بێت یاخود خوێندنگە یان باخچەیەکی منداڵان بێت .گرنگی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە زۆر گرنگترە چونکە بەرهەمی ئەم دامەزراوانە ئامادەکردنی تاکەکانی کۆمەڵە، وێرای ئەوەی کە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکە کە هەر دەبێت لە ئەنجامەکانی دڵنیا بینەوە.

ئەم کتێبە لە حەوت بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تا بەشی پێنجەم لەلایەن ئاڤان عەبدوڵلا، نووسراوە، کە تێیدا مێژووی سەرهەڵدانی پرۆسەی بەڕێوەبردن و پێناسەی تیۆرەکانی ماکس فیبەر و فریدریک تایلۆر و هنری ڤایول و لۆسەر جۆلیک و قوتابخانەی رەفتاری کۆن و نوێ، کراوە. بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و پرۆسە کارگێریەکانی وەک پلاندانان و رێکخستن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و بریاردان ناسێندراوە. هاوکات، گرنگترین کارەکانی بەڕێوبەر، تایبەتمەندی بەڕێوبەری سەرکەتوو، جیاوازی نێوان چەمکی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن، تیۆرەکانی بەڕێوەبردن "تیۆری پیاوی مەزن، تیۆری نیشانەکان، تیۆری رەفتاری و تیۆری هەڵوێست و تیۆری کارلێککردن ، باس کراوە.

لە بەشی شەشەمدا، بەڕێوەبردنی پۆل و پێناسەکەی و ئامانج و بنەماکانی، پێوەری بریاردان لەسەر رەفتار و هۆکاری رەفتاری

ناپەسەند، دروستکردنی ڕێنماییەکانی ناو پۆل، چۆنیەتی بەکارهێنانی سزا، بەئاگایی و هۆکاری بێئاگایی خوێندکار لە پۆلدا .خراوەتە ڕوو. لە بەشی حەوتەمدا، سەرپەشتیاری پەروەردەیی و تایبەتمەندیەکانی و ئامانج و ئەرک و شێواز و مەرجەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ڕوونکراوەتەوە .

ئەم کتێبە بەهاوبەشی ڕێژین ئومێد و ئاڤان عبداللّا نوسراوە. ساڵی ٢٠١٤ لەدووتوێی ١٩٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٨- دەروونزانی یاریکردنی منداڵ لەباخچەی ساوایان**

یاریکردن هەر کۆنەوە گرنگی زۆری پێدراوە، چونکە ئارەزووی یاریکردن بە خۆرسکی لای مرۆڤ هەیە، منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە حەزی لە یاریکردن هەیە، لەگەڵ باوانی یاخوود بەتەنیا، زانستە جۆراوجۆرەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر یاریکردن کردووە، زانستی دەروونناسیش بەشێکی باشی لێکۆلینەوەکانی بۆ تەرخان کردووە. کۆمەڵە تیۆرێکیان لەبارەیەوە نوسراوە، لە کۆن و لەسەردەمی ئێستادا، چونکە یاریکردن بە یەکێک لە ڕێگاکانی فێرکردنی منداڵ دادەنرێت لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا بەتایبەت لە سەرەتای منداڵیدا.

ئەم کتێبە لە نۆ بەش پێکهاتووە، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێ، لەبەشی یەکەمدا، باس لە مێژوی دەرکەوتنی یاریکردن و تایبەتمەندی و فاکتەری کاریگەر لەسەر یاریکردنی منداڵ دەکات. لەبەشی دووەمدا، باس لە یاریکردن و کاریگەری لەسەر گەشەی منداڵ دەکات لەرووی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و عەقلی و هەڵچونی و ئاکاری. لەبەشی سێیەمدا، باس لە جۆرەکانی یاریکردن دەکات، بەپێی ئەرکەکەی، بەپێی یاسای یاریکردنەکە، بەپێی شوێن، بەپێی

جۆری بەشداری منداڵ و جۆرەکانی تری وەک (یاری تلقائی، نواندن، خەیاڵی و ڕێکخستنی و هونەری و وەرزشی و جوڵەیی یاری ڕۆشنبیری و ئەلکترۆنی.
هاوکات، باس لە ژمارەیەک تیۆری کۆن و نوێ دەکات، کە لەسەر یاریکرن شیکردنەوەو لێکۆلینەوەیان هەبووە وەک تیۆری ووزەی زیادە، ئامادەکردن بۆ ژیانی ئایندەیی و هەندێکی تر لە تیۆرە کلاسیکیەکان و لە تیۆرە نوێیەکانیش تیۆری جیزل و فرۆبل و شیکاری دەروونی و پیاجیە شیدەکاتەوە. لەهەمانکاتدا، باس لە یاریکردن و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن دەکات لەگەڵ ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا.
ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٤ لەدووتوێی ٢٨٤ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە**

قۆناغی سەرەتای منداڵی قۆناغێکی هەستیار و دیاری گەشەی منداڵە، چونکە ئەو کاتەیە کە منداڵ زیاتر ئامادەیە بۆ گەشە و خۆگونجاندنی دەروونی و ژینگەیی، لەبەرئەوە دەروناسەکان ئەم قۆناغە بە هەستیار ناودەبەن کە کاریگەری و شوێنەواری زۆری دەبێت لەسەر پێگەیشتن و بونیاتنانی کەسێتی لە ئایندەدا.
ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، کەلەلایەن نەزیرە ساڵح نووسراوە، باس لە قۆناغی سەرەتایی منداڵی دەکات و گرنگی پێداویستیەکانی و تایبەتمەندی گەشەی منداڵ لەو قۆناغەدا دەخاتەڕوو و مێژووی سەرهەڵدانی باخچەی منداڵان، گرنگترین زانا پەروەردەییە جیهانییەکانی وەک کۆمنیوس، جان جاک ڕۆسۆ، جۆن لۆک و بستالۆزی و فرۆبل و زانا ئیسلامیەکانی وەک ئیبن مەسکوبە،

ئیبن سینا، برایانی سەفا، ئیمامی غەزالی و ئیبن خەلدون. بەشی دووەم، لەلایەن ئەحـــمەد علـــی نووســـراوە، بـــاس لە بەڕێـــوەبردن و سەرپەرشتیاری باخچەی منداڵان دەکات و ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەبەڕێوەبردنی باخچەی منداڵانەوە هەیە وەک هەیکەلی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان، بواری کارگیری و جۆرەکانی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان، ڕۆڵی بەڕێوبەر بەرامبەر مامۆستا و منداڵ و باوانی منداڵان شرۆڤە دەکات.

بەشی سێیەم، لەلایەن نازەنین عوسمان نووسراوە، باس لە پێوانە و هەڵسەنگاندنی قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە دەکات و هەردوو چەمکـــی پێـــوانە و هەڵســـەنگاندن و جۆرەکـــانی و ئامانجەکـــانی، هەڵســـەنگاندن لە بـــاخچەی منداڵانـــدا، مەرجەکـــانی ئەرکەکەی و هەنگاوەکـانی، دەناسـێنێت و بـاس لە هەمـوو جـۆرە ئامرازەکـانی هەڵسەنگاندن دەکات لەناو باخچەی منداڵاندا وەک سەرنجدان و چیرۆک و چاوپێکەوتن و کارتە وێنەدارەکان و فایلی کاری منداڵ. هاوکات، هەندێک لە فۆرمی سەرنجدانی بەکارهێنراو بۆ هەڵسەنگاندی منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵان نیشاندەدات، کە ئەم فۆرمانە لە لایەن مامۆستا و بەڕێـــوبەری بـــاخچەی منـــداڵانەوە پـــڕ دەکـــرێتەوە، بـــۆ لایەنی پراکتیکی مامۆستا و بەرێوبەر زۆر گرنگە.

ئەم کتێبە بەهاوبەشـی ئەحـمەد عەلـی و نەزیـرە سـاڵح نووسـراوە. ســـاڵی ٢٠١٦ لەلایەن دەزگـــای ڕۆشـــنبیری جەمـــال عیرفـــان، لەدووتوێی ٢٥٤ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- خۆشەویستی و خوێندن و خۆگونجاندن لە لای کچان**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "گونجاندنی کۆمەڵایەتی و خوێندنی لە لای خوێندکارانی کچ لە قۆناغی پۆلی هەشت و نۆی بنەڕەتی لە نێوان

ئەو خوێنــــدکارانەی کە پەیوەنــــدی خۆشەویســــتیان هەیە، ئەو خوێندکارانەی کە پەیوەندی خۆشەویستیان نییە.
ئامـانجی تـوێژینەوەکە بریتـی بـووە، لە ناسـینی ئاسـتی خۆگونجانـدنی کۆمەڵایەتی و خوێندنی لای خوێندکارانی کچ لە قۆناغی هەشت و نۆی بنەڕەتی لە نـاحیەی بەکرەجۆ-سلێمانی بە شێوەی گشتی و پاشـان لە لای ئەو خوێنـدکارانەی کە پەیوەنـدی خۆشەویسـتیان هەیە، ناسـینی ئاستی خۆگونجاندی کۆمەڵایەتی و خوێندنی لای ئەو خوێندکارانەی کە پەیوەنــدی خۆشەویســتیان نیــیە، لەدواتــردا بەراورد کردنــی جیاوازی نێوانیـان کـراوە. نمونەی تـوێژینەوەکە لە ١٢٠ فێرخـوازی کـچ پێکهاتووە، لە فێرگەکانی خاکەلێو و دیمانەی بنەرەتی.
ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە ئاستی خۆگونجاندی خوێندنی و کۆمەڵایەتی بە گشتی ئاستێکی باشـە، بەڵام خۆ گونجاندنی خوێندنی و کــۆمەڵایەتی لای ئەو فێرخــوازانەی کە پەیوەنــدی خۆشەویســتیان هەیە ئاســتێکی مــام ناوەنــدی هەیە، واتە کەمتــر لە ئاســتی ئەو فێرخوازانەی کە پێوەندی خۆشەویستییان نییە.
لەم کتێبەدا، چەند پێشنیار و ڕاسپاردە، لەلایەن توێژەرانەوە پێشکەش کــراوە، بــۆ هۆشــیارکردنەوەی خێزانەکــان و زیــادکردنی ڕۆشــنبیری خێزانەکــان و چــۆنیەتی هەڵســوکەوت کــردن لەگەڵ منـداڵە هەرزەکارەکانیـان، چـونکە زۆر هۆکـاری لاوازی خۆگونجانـدن دەگەڕێتەوە بـۆ نەزانینـی هەڵسـوکەوتی خێـزان لەگەڵ هەرزەکـاران و ڕێنمایی نەکردنیان. هاوکات، بۆ مامۆستایانی قۆنـاغی بنەڕەتـی سـوودی هەیە، بـۆئەوەی زیـاتر شـارەزایی و لێهـاتوویی پەیـدا بکەن، سـەبارەت بەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازانی هاوتەمەن.

ئەم کتێبە بەهاوبەشی لەگەڵ چنار کەمال نووسراوە. ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن ڕێکخراوی گەشە پێدانی بەهرەی ژنان-بەشی توێژینەوە، لەدووتوێی هەشتا و پێنج لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**وتەیەک**

وێرای دەستخۆشیم لە مامۆستا زامدار، دەتوانم بڵێم ئەم پڕۆژەیە گەشتێکە بە نێو توانا و لێهاتوویی ژنانی نووسەر لە باشووری کوردستان، ئەوەی وادەکات کە گەشتەکە بە چێژ و ووزەبەخش بێت ئەوەیە کە نوسەرەکان هێشتا لە ژیاندان و لە چالاکی بەردەوامن، ناساندنیان بەخوێنەر دەبێتە پاداشت و خەڵات و دەستخۆشی بۆ ئەم ژنە نوسەرانە تا بەردەوام بن لە بەرهەمەکانیان، لە ڕویەکی ترەوە ئەم پرۆژەیە تابلۆی کارەکانی نوسەران بەگشتی دەخاتە بەرچاوی خوێنەران، کە ناساندنەکە قوڵتر دەکاتەوە، چۆن؟ کاتێک ژیاننامەی نووسەر بە ووردی دەخوێنرێتەوە لەگەڵ کۆی کورتە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی، ئەوە بەهرەمەندی نووسەر لەهەموو لایەکەوە دەناسێنێت، وەک ئەوەنییە کە خوێنەرێک بە تەنیا یەک بەرهەمی نووسەر بخوێنێتەوە لەم کاتەدا شتێک تێدەگات نەک هەمووی، وەک پارچەیەکی پەزڵە کە بەشێکی وێنەکە دەبینیت و هەمووی نابینیت. ئەم پرۆژەیە گشتگیری و تەواوکاریە بۆ کۆی تابلۆی بەرهەمی نوسەرەکان بەراستی، سەرکەتووبیت.

نازەنین عوسمان
٢٠٠٧ سلێمانی
nazaninosman@ymail.com

# نووسین بۆ منداڵان

فەوزیە ساڵح



**فەوزیە ساڵح**

فەوزیــە ســاڵح عەبــدوڵڵا، ناســراو بــە فەوزیە مەنمی، ساڵی ١٩٧١ لە سلێمانی لــەدایک بــووە، پــەیمانگای تــەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٦ بە ئەمینداری پەرتوکخانە دامەزراوە، ساڵی ١٩٩٩ ڕاژەکـــــەی بـــــۆ وەزارەتـــــی ڕۆشنبیری گواسترایەوە و لەوکاتەوە لە کتێبخانــە دەوام دەکــات، ســاڵی ٢٠٠٤ گواسـتراوەتەوە بەشـی خوێندنـەوە بـۆ منـداڵان و چـالاکی بـۆ منـداڵان ڕێکخســتووە، نزیکــەی بیســت ســاڵە لەڕێگــەی نووســینەوە خــەریکی خزمەتکردنی منداڵانە.

فەوزیــە مــەنمی، ســاڵی ٢٠٠١ بەشــداری پێشــبڕکێی چیرۆکــی لاوانــی ســلێمانی کــردووە و پلــەی دووەمــی بەدەســتهێناوە، ســاڵی ٢٠١٠ لــە پێشبڕکێی چیرۆک پلەی دووەمی ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی ڕانیەی بەدەست هێناوە.

مەنمی ئەم بەرهەمانەی بۆ منداڵان نووسیوە (چەند دانە هـاوریێ، هـاری پۆتەر، وێنەکانی سارای خنجیلە، هو هو هو هو، ئاواتی هەڵەبجە، ڕەوی جنـۆکە و ئاسـکە ڕەشــەبا، تەرەزان، مــاڵی منـداڵان (بەشــی یەکــەم)، دارسـتانی ئاشـتی و هاوکاری، ئاسکە ڕەشـەبا، مـن تـورەم، مـن شـەرم دەکەم، من ئیرەی دەبەم، مـن خەمینم، مـن و هاورێکانم، مـن لەگەڵ تۆ جیاوازیم هەیە، من درۆ ناکەم، من دەترسم، فریشتە ئاواز دەگەڕێتـەوە، هاوڕێگــا، مــن و هاورێکــانم، چیرۆکەکــانی کــارۆ، ســاڵی خوێنــدن، دیاریەکەی کارۆ، تابلۆی گوڵەبەرۆژە، کارۆ و ئەستێرەکان، کارۆ قەڵەو

دەبێت، کتێبخانەکەی کارۆ، کارۆ و ویژدان، کارۆ و دارستانە سەر سورهێنەرەکە، ماڵی منداڵان (بەشی دووەم)، جیهان، هەسارەی زەوی، دەریا و ئۆقیانوسەکان، ڕووەکەکان، گیانلەبەران، بێچووی گیانلەبەران، مێرووەکان، لەناوچونی نەژادی گیانلەبەران، جەستەی مرۆڤ، زانست و ئەزموون، کارگە و تەلارەکان، پێش مێژوو، دایناسۆرەکان، خشۆکەکان، ئەسپەکان، یابانەکان، کات و وەرزەکان، چیاکان، داهێنانەکان، گواستنەوە و گەیاندن، مرۆڤ و وڵاتەکان، ئەشکەوتەکان، پەیوەندییەکان، دارستانەکان، تورەبوونی سروشت، گیانلەبەرانی دەریا، دۆزەرەوەکان، ئێرانی کۆن، ڕۆمانی کۆن، میسری کۆن، یۆنانی کۆن، باڵندەکان، پێنج هەستەکەی مرۆڤ، سروشت لەبەرامبەر مەترسیدا، ژیانی گیانلەبەران، بەرنامەکەی شەمێران)

**نووسین**

**١- ئاواتی هەڵەبجە**

چیرۆکێکی منداڵانە، بۆ سەرووی یازدە ساڵان نووسراوە، بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە دێرە شیعرێکی ڕەفیق سابیرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێ:

به تەنیا جێی مەهێڵن منداڵێکی لاسارە

شار بەردە باران دەکات مانگ دەکا بە کۆلارە

نەتەوەی کورد، کارەساتی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی و کیمیا بارانی بەسەرداهاتووە و بەشێک لە هاونیشتیمانیانی ڕابردوو، ئەو ڕۆژگارە تاڵەیان بینیووە، ئەم چیرۆکە، گێڕانەوەی تراژیدیای هەڵەبجەیە، بە شێکن لە رۆژە تاڵەکانی تەمەنمان . بەڵام من لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە بە خۆپاراست لە گێرانەوە یەکی تراژیدیا باسم لە سەربوردەی هەڵەبجە کردووە بیرۆکەی چیرۆکەکەش باس لە منداڵێک دەکات کە باوکی لە

ناخۆشـی و شـپرزەیدا بـووە و منداڵەکـەی جێـدێڵێ، دواجـار یەکـدی دەگرنـەوە و بەپەلە لەگـەڵ هـاوڕێن و منداڵـەکانی ڕووەو ڕۆژهـەڵاتی کوردستان دەڕۆن.

ئەم چیرۆکە، یەکەم بەرهـەمی بڵاوکراوەی چیرۆکنووسـە،ناميلکەکـە لـە بیسـت و دوو لاپـەڕە پێکهـاتووە و غـەمگین فـەتاح وێنـەی بـۆ کێشـاوە، ساڵی ۲۰۰۷ لەلایەن بڵاوکراوەکانی گۆڤاری پەپوولە بە تیراژی هەزار و پێنج سەد دانە بڵاوکراوەتەوە.

**۲- ڕەوی جنۆکە و ئاسکە ڕەشەبا**

ئـەم ناميلکەیـە، دوو چیرۆکـی لـە خۆگرتـووە، چیرۆکـی ڕەوی جنـۆکە، پـەیامی خـۆی هەیـە، بـاس لە دوو منـداڵی جنـۆکە دەکـات، بە ناوەکـانی (ئەبل و قژبژ)، ئەم دوو جنۆکەیە لە نێوان خێڵی جنۆکەکاندا زۆر زیتەڵە و خۆشەویست و لەبەردڵانن، چونکە ڕاستگۆن. ئـەو خێڵـە هەمیشـە لـە کۆچڕەویـدان و پـێش کۆچکردنیـان چەنـد جنۆکەیـەک دەنێرنـە شـوێنی دەست نیشان کراو، جارێکیان ئەبل و قژبژیان ناردە شوێن و پێگـەی تازەیان، ئـەو دوو جنۆکەیـە ئارەزوویـان لە شـوێنێک دەکرد، کە منـداڵی لێوە نزیک بێ، ڕووەو نێو یانەی یاریکردنی منداڵان ڕۆیشتن، بێ ئەوەی ببینرێن گۆلێک تۆمـار دەکەن، لەو دەمەدا خۆیـان بەگۆزەی کچۆڵەیەکدا دەدەن و دەیشـکێنن، ئیـدی ئـەو دووجنۆکەیـە ئاشـکرا دەبـن و دەبـنە هـاورێی منـداڵان و چەنـدین یـاری خـۆش ئەنجـام دەدەن، هـەرکاتێک جلوبـەرگ لەبەربکـەن دەردەکـەون، ئیـدی ئـەبل و قژبـژ دەبنـە هـاوڕێی منداڵەکان....

ئەم ناميلکەیـە، سـاڵی ۲۰۰۸ لەلایـەن خانـەی سـمۆرە بـۆ چـاپی منـداڵان بڵاوکراوەتەوە.

**٣- دارستانی ئاشتی و هاوکاری**

ئەم چیرۆکە، باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکات، بە ئەندێشەیەکی قووڵ ڕووداوەکـان دەگێڕێتـەوە، بەشـێوەیەک دار و درەخـت و کـارێز و باڵـدارەکان لەگەڵ یـەکتر گفتوگـۆ دەکەن، ڕەشـەبا کـاریگەری گـازی ژەهری خەردەل بەرەو هەورامان دەبات.

کاتێـک باڵـدارەکان کـاریگەری گـازی ژەهـری خـەردەل لەگەڵ خۆیـان دەبەنە دارستانەوە، درەخت و گیاندار و باڵندەکان بـا تـاوان بـاردەکەن، بەهێنانی زەهرەکە، دواتـر مـام خـۆر دەردەکەوێت و تـاوانی بـا لادادە و دەڵێ: بـا ویسـتوویەتی ئـەو گـازە ژەهراوییە لەسـەر خـەڵک لابدا، بەڵام پەلەی کردووە خۆی بە دارستانەکەدا کێشاوە.

شێرکۆ و شـەم کە دوو منداڵی هەورامانن و سـەرقاڵی یـاریکردن بـوون، بـەو گـازە ژەهراوییـە نـەخۆش دەکـەون و دایـک و باوکییـان منداڵـەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەن...

ئەم نامیلکەیە لەلایـەن سـروە مـەحمود وێنـەی بۆ کێشـراوە، چیـرۆکە لە بیسـت و حـەوت لاپەرە پێکهـاتووە، سـاڵی ٢٠٠٩ لەلایـەن مەکتەبـی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان (ی.ن.ک)ەوە هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٤- ماڵی منداڵان (بەشی یەکەم)**

ئەم نامیلکەیـە لـە دوو چیـرۆک پێکهـاتووە، بەناوەکـانی بـاڵ نەخشـین و مـاڵی منـداڵان. بـاڵ نەخشـین، پەپـولەیەکی جـوان و نەخشـاو و بەرەنـگ بـوو، دەیویسـت بـە دەوروبەری خـۆی ئاشـنا و شـارەزابێ، بـەڵام بـەبێ پرسی دایک و باوکی ناڕواتە دەرەوە، دوای وەرگرتنی مۆڵـەت لـە دایک و باوکی بەرەو گەشت دەڕوا، لە گەشتەیدا دەبێتە هاوڕێی گوڵ و هەنگ و پەپولەکـان، ئەڵبەتـە ڕووبـەڕووی چەنـدین کارەسـاتی نـاخۆش و

نەخوازراو دەبێتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆماڵەوە داوای لێبووردن لە دایک و باوکی دەکات، کە پێداگیری لەسەر گەشتەکەی کردووە.
دووەم چیرۆکی ئەم نامیلکەیە، باس لە هەنگێکی زەرد دەکات، کە پورەکەیان لەسنوری نێوان رۆژهەلاتی کوردستان و باشوری کوردستانە. هەنگە زەرد، لەسەر سەر یەکێک لە شانە هەنگەکاندا بە گەورەی دەنوسێ: منداڵە ئازیزەکان شیلەی هەنگوینی ناو ئەم شانانە هەتا هەتایە تام و چێژی لە دەمتاندا دەمێنێتەوە، وەرن تامی بکەن، چونکە هەنگە زەردە هەر گولێکی بۆن خۆشی بینیبێ بۆن و بەرامەکەی هەڵگرتووە و دواجار داویناوە.
ئەم نامیلکەیە لە بیست و شەش لاپەرە پێکهاتووە، ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان (ی.ن.ک) هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**٥- ئاسکە ڕەشەبا**

ئاسکە ڕەشەبا، چیرۆکێکی منداڵانە. لەنێو چیرۆکەکەدا ئایشێ رەشەبا هەیە، کە ناوی یەکێک لە کچۆڵەکانی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووی سلێمانییە و لە گەڕەکی سەرشەقام ژیاوە، ئەو کیژۆڵە بچووکە، زۆر لە رەشەبا دەترسا. چیرۆکەکە گرێی ترس و ڕەواندنەوەی منداڵانی تێدا باسکراوە.
ئاسکە، ڕۆژانە خەریکی کۆکردنەوەی تۆوی گوڵە لەنێو باخچەکان، بەڵام هەرکاتێک ڕەشەبا بێ، ناچێتە کۆکردنەوەی تۆوی گوڵ، تەنانەت ناچێتە قوتابخانەش، لەبەرئەوە مامۆستای قوتابخانە دەیەوێ ئەو ترس و گرێیەی ئاسکە کۆتایی پێ بێنێ و پلانی بۆ دادەنێ، لە قوتابخانە دەرگای لەسەر کلیل دەدا و ئەو ترسەی بۆ شیدەکاتەوە، بە وردی ئاسکە تێدەگەیەنێ و جۆرەکانی ترسی بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

ترسی بەجێ وەک ترسان لە کەسانی نامۆ، یاخود دەستکاری کارەبا و ڕۆیشتن بەنێوەڕاستی شەقامدا. هاوکات، ترسی نابەجێ هەیە، ئەو ترسانەن کە لە بیر و هزری خۆماندا دروستمان کردووە، بۆ نموونە ترس لە ڕەشەبا و ترس لە شەو و تاریکی، لەکۆتاییدا ئاسکە ئەو ترسەی نامێنێ و ڕووەو ڕەشەبا دەڕوا.

ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن خانەی سمۆرە لەدووتوێی بیست و هەشت لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**٦- هاوڕێگا**

ئەم نامیلکەیە، لە چوار بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بەناونیشانی (سڵاو هاوڕێ شیرینەکانم)، بەشی دووەم بە ناونیشانی (سەرەتای ڕووداوەکان)، بەشی سێیەم بەناوی (ڕووداوەکانی بیابان)، بەشی چوارەم لەژێر ناوی (لەڕێی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان)دا نووسراوە.

چیرۆکەکانی نێو ئەو نامیلکەیە جیاواز و جۆراوجۆرن، بە شێوەی ڕەنگاو ڕەنگ چاپکراوە، بۆ ئەوەی کۆبیری منداڵان بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. بەشی یەکەمی چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکا: "سڵاو هاوڕێ شیرینەکانم، ناوی من ڕاسوە گیانداریکم لە شیردەرەکان لە مشک ئەچم، بەڵام تۆزێ گەورەترم هەندێ جار مشکی خورمایشم پێدەڵێن، ڕەنگی من خۆڵەمێشییەکی تۆخە و جاری واش هەیە خورمای دەنوێنم، لە بیابانەکانی ئێران و عەڕەبستان و ئەفریقا و دارستانەکانی ئەفریقا و ئاسیا دەژیم".

ئەم نامیلکەیە لەلایەن سروە مەحمود وێنەی بۆ کێشراوە و ساڵی ٢٠١١ لەدووتوێی چل و هەشت لاپەڕە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان-هەولێر هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

### ٧- من و هاوڕێکانم

ئەم نامیلکەیە، هاوشێوەی بەشێک لە نامیلکەکانی دیکە، چەندین پرسیار دەوروژێنێ، بۆ نموونە: هاوڕێ کێیە؟ ئایا هاوڕێی زۆرت هەیە؟ ئایە نهێنیەکانت یان قسەی دڵت بۆ هاوڕێکەت یان هاوڕێکانت باس دەکەی؟ ئایا لەکاتی پێویستدا بەرگری لە هاوڕێکەت دەکەیت؟

ئەم نامیلکەیە بۆ منداڵان گرنگ و بەسوودە، کە دەتوانێ لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەوە لایەنی پەروەردەیی و پەرەپێدانی بەهێز بکات.

ئەم نامیلکەیە، ساڵی ٢٠١١ لەدووتوێی سی و دوو لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

### ٨- چیرۆکەکانی کارۆ

چیرۆکەکانی کارۆ لە چەند نامیلکە چیرۆکی فێرکاری پەروەردەیی پێکهاتووە، بۆ نموونە:

چیرۆکی یەکەم ساڵی خوێندن، ئەم چیرۆکە باس لە منداڵێک دەکات کە لەڕووبەڕووبوونەوەی مامۆستا دەترسێت و نیگەرانە لە چوونی بۆ خوێندنگە.

دیاریەکەی کارۆ، چیرۆکێکە بە زمانی گیاندار نووسراوە، کاتێک باوکی کارۆ پەیمان بە کارۆ دەدات گەر بەیەکەم دەچێت، دیاری بۆ دەکرێت.

تابلۆی گوڵەبەرۆژە، باوکی کارۆ بە ئەندێشە و فەنتازیایەکی بەربڵاو وێنەی گوڵەبەڕۆژە و دارگوێز و سمۆرە دەکێشێت.

کارۆ و ئەستێرەکان، چیرۆکێکی پڕ لە ئەندێشە و فانتازییایە، کە کارۆ لە دەرئەنجامی پرسیارە زۆرەکانی لەدایە گەورەی لەبارەی ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ دەستی دەکەوێ.

کارۆ قەڵەو دەبێت، ئەم نامیلکەیە باس لە خواستی منداڵکی قەڵەو دەکات کە دەخوازێت بەژداری وەرزشی خوێندنگە بکات، بەڵام زۆری کێشی لەشی و قەڵەوی ڕێگەی یاریکردنی پێ نادات.
کتێبخانەکەی کارۆ، ئەم نامیلکەیە باس لە دوو برا و خوشکێک دەکات، کە ئارەزووی زۆریان لە کتێبخانە و خوێندنەوەی کتێب هەیە، بەیەکەوە سەردانی کتێبخانە دەکەن، بەڵام بەهۆی دووری کتێبخانە لە ماڵیان دایکیان ڕێگریان چوونە کتێبخانەیان لێدەکات.
کارۆ و ویژدان، لەڕێگەی چەند پرسیارێکی فەلسەفی لۆژیکی ناوەڕۆک و ناواخنی منداڵان دەجولێنێ.
کارۆ و دارستانە سەر سورهێنەرەکە، ئەم نامیلکەیە چیرۆکی گیانبازی و پاڵەوانبازی پر لە سەیر و سەمەرە و سەرسورهێنەر و هەنگاونانە بۆ نێو دارستانێکی مەترسیدار.
هەریەک لەو نامیلکانە نێو چیرۆکەکانی کارۆ، لە چل و هەشت لاپەڕەدا پێکهاتووە، ساڵی ٢٠١١ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەی سەمۆرە بڵاوکراوەتەوە.

**٩- ماڵی منداڵان** (**بەشی دووەم**)

ئەم چیرۆکانە بەناوی ماڵی منداڵان دانراوە، ئەڵبەتە لە چیرۆکەکانی بەشی یەکەمی ماڵی منداڵان جیاوازە. ئەم نامیلکەیە، هەشت چیرۆکی لە خۆگرتووە، چیرۆکەکان ئەمانەن:

١- گەشتی مێرولەکان: ئەم چیرۆکە گەشتی مێرووڵەکانی لەخۆگرتووە و لەڕێی هاتوچۆکردنی مێرووڵەوە پەیام بە منداڵان دەدا و چەندین بیرکردنەوەیان لا دروست دەکا.
٢- پێنج هەستەکە: ئەم چیرۆکە باس لە منداڵێک دەکات کە لەسەر داوای مامۆستایەکەی دەیەوێ ڕاپۆڕت بنووسێ. منداڵەکە

ڕاپۆرت لەسەر هەستەوەرەکانی جەستە دەنووسێ و بەپێی سەرچاوەی زانستی و باوەڕپێکراو باس لە هەستەوەرەکان دەکات.

٣- دایکە مریشک و بێچوەکانی: ئەم چیرۆکە باس لە مریشک و ٢١ جوجەڵەی تازە تروکاو دەکا، پەیامی ئەو چیرۆکە ئازار نەدانی پەلەوەر و باڵندەنەکانە.

٤- ئەفسونی زەردەخەنە: ئەم چیرۆکە زیاتر باس لە خوێندکار و خوێندنگا دەکا، هەریەک لە قوتابییەکان دید و ڕوانینێکی جیاوازیان هەیە و هەریەکە بەشێوەیەک بۆ ئایندە دەڕوانێ.

٥- بابانوێڵ چۆن دەزانێت حەزم لە چییە؟: ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی سەری ساڵی نوێ و دیاری بابانوێڵە بۆ منداڵان، دواجار منداڵەکان بەدەم گوێگرتنەوە خەویان لێدەکەوێ، بەیانی و لەدوای لەخەو هەستان بابانوێڵ دیارییان پێدەبەخشێ.

٦- ماڵی منداڵان: ئەم چیرۆکە باس لەلوت بەرزی و خۆ پەسەندی و خۆ بە گەورە زانی مرۆڤ دەکا، ئەمەش لەڕێگەی وردبوونەوە و هەست ڕاگرتنی مامۆستایەکی خانم دەردەکەوێ.

٧- دیسان ماڵی منداڵان: ئەم چیرۆکە باس لە کاری بە کۆمەڵ دەکا، لەڕێگەی دروستکردنی گروپ و دەستە لە خوێندنگا منداڵان فێر دەکرێن.

٨- گیاندارەکانی ناو ئاو: ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی زانیاری و چێژ بەخشە، ڕووداوەکە لە ژێر دەریا ڕوودەدا و لەڕێی فەنتازییاوە دەگێڕدرێتەوە.

ئەمناملیکەیە، لەلایەن (کازیوە سابیر) وێنەی بۆ کێشراوە، ساڵی ٢٠١٣ لەدوتوێی شەست و چوار لاپەڕەدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە بڵاوکراوەتەوە.

**١٠- بەرنامەکەی شەمێران**

ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە باس لە سێ منداڵ دەکات، لە کۆرەوی ساڵی ١٩٩١ـدا و لە ڕێگا و کۆڕەودا یەکتر دەناسن، هەر سێ منداڵەکە لە خێزانەکانیان دابڕاون، دواتر دەچنە خانەی نەوجەوانان و دەست بە خوێندن دەکەن، شەمێران کە یەکێکە لە منداڵەکان، بەرنامەی ساڵێک بۆ خۆی و هاوڕێکانی دادەنێ بۆ ئەوەی بەرگەی سەختی ژیان و ناخۆشییەکانی بگرن، بەشێوەیەک ئەگەر منداڵ لە خێزانیش دووربکەوێتەوە بتوانێت بەهێز بێ و توانای ژیانکردنی هەبێ و هیوا و ئومێدی بۆ داهاتوو هەبێ.
لەدوای ماوەیەک شەمێران و هاوەڵەکانی بە کۆڕەوەکە دەزانن و لە باجەخان دەپرسن ئەم روداوە کەی بووە و چۆن بووە، ئێستا ئەوان لە کوێن؟ باجەخان وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: ئەم روداوە لەساڵی ١٩٩١ ڕوویداوە، بەڵام ئێستا شەمێران پزیشکە و عەوداڵ ئەفسەرە لە شەڕی دژ بە داعش دەجەنگێ و ئومێد وەزیری پەروەردەیە و خزمەت پەرەوەردە و فێرکردنی منداڵان دەکا.
ئەم ناملیکەیە لەلایەن کازیوە سابیر وێنەی بۆ کێشراوە، ساڵی ٢٠١٦ بەسپۆنسەری کۆمپانیای قەیوان لەدوتوێی پەنجا لاپەرە بڵاوکراوەتەوە.

**وەرگێڕان**

**١١- چەند دانە هاورێ**

ئەم چیرۆکـە، بـۆ منـداڵانی تەمـەن شـەش و حـەوت و هەشـت سـاڵ نووسراوە، کە باس لە دروست کردنی پەیوەندی و هاورێیەتی دەکات، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە زاری گیانداران منداڵان فێردەکەن، چۆن سڵاو بکەن و پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دروست بکەن.

ناوەرۆکی چیرۆکەکە، باس لە سمۆرەیەک دەکات، کە ڕۆژانە لەگەڵ دایکی دەڕۆنە کۆکردنەوەی بادەم، لەکاتی ڕۆیشتنیان بە ڕێگادا سڵاو لە هەموو گیاندارەکانی دارستان دەکەن.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، سمۆرە دەیەوێت بزانێ چەند هاورێی هەیە، بە سەبەتەیەک بادەمەوە بەلای هاوڕێکانی دادەڕوا، هەر هاوڕێیەکی دەبینێ بادەمێکی پێ دەدا، دواجار سەبەتەکەی هیچ بادەمێکی تێدا نامێنێ، ئەوسا نیگەران دەبێ، چونکە نازانێ چەند هاوڕێی هەیە. چۆلەکەیەک دیمەنی غەمباری و غەمگینی سمۆرە دەبینێ، لەبەرئەوە پرسیار لە غەمبارییەکەی دەکا، ئەویش باسەکە بۆ چۆلەکە باسدەکا، لەبەرانبەردا چۆلەکە دەڵێ: نیگەران مەبە، تۆ پڕ بە سەبەتەیەک بادەم هاوڕێت هەیە، سمۆرە بەم قسەیە زۆر دڵخۆش دەبێ.

ئەم نامیلکەیە لەلایەن مەجید راستی نووسراوە، فەوزی مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٦ لەدووتوێی شازدە لاپەڕە لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**١٢- هاری پۆتەر**

ئەم چیرۆکە، باس لە منداڵێکی زۆر بچووک دەکا، کە جادوگەرێک دایک و باوکی دەکوژێ. دواجار لەلایەن پاسەوانانی بە سۆز و میهرەبانی (خوێندنگەی جادووگەری)یەوە دەهێندرێتە ماڵی پوری.

دوای ئەوەی هاری تەمەنی دەگاتە چواردە ساڵ بەدوایدا دێن و دەیبەنە خوێندنگەی جادوگەری، وردە وردەو لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، هاری پۆتەر بۆی دەردەکەوێ دایک و باوکی زۆر دەوڵەمەند بوون و سەروەت و سامانەکەیان لەلایەن ئەو جادووگەرەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لە ئەنجامدا هاری پۆتەر دەبێتە سەرکێشترین و بەتواناترین خوێندکاری جادووباز.

ئەم نامیلکەیە بە زمانی فارسی نووسراوە و فەوزی مەنمی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٦ لە دوتوێی شازدە لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

**١٣- وێنەکانی سارای خنجیلە**

ئەم نامیلکەیە بۆ منداڵانی تەمەن شەش و حەوت و هەشت ساڵ نووسراوە و دوو چیرۆکی لەخۆگرتووە.

چیرۆکەکە لە زمانی گیاندارانەوە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە. چیرۆکی یەکەم، باس لە وێنەکێشانی سارای خنجیلە دەکات، کە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ کرم، لەم ڕێگایەوە جۆرەکانی هێڵی شکاوە، هێڵی چەماوە، راستەهێڵ و بازنە فێری منداڵان دەکات. چیرۆکی دووەم، باس لە گفتوگۆی نێوان سارا و وێنەی گوێچکە ماسییەک دەکات و زۆر بە قوڵی ڕۆدەچێتە نێو گوێچکە ماسی و دیمەنەکانیان.

ئەم ناميلكەيە لەلايەن محمد رەزا شەمسی نووسراوە و فەوزی مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٦ لەدووتوێی دوازدە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

**١٤- هو هو هو هو**

چیرۆکی هو هو (بای دەریایی) بۆ منداڵانی تەمەن هەشت ساڵ و نۆ ساڵ نووسراوە. ئەم چیرۆکە، باس لە منداڵێکی کەنار دەریا دەکات، لە گوندێکی دوورە دەستدا لەگەڵ دایە گەورەیدا ژیان بەسەر دەبا. ڕۆژێک لە ڕۆژان تەنیایی نیگەرانی دەکات و لەکەنار دەریاکەدا دەست بە گریان دەکات، دەنگی ئوهو ئوهوی گریانی بای دەریا دێت بە دەنگییەوە و پێی دەڵێ: تۆ بانگی منت کرد و هوهو هوهوت کرد؟ لەوە بەدواوە ئەو کیژە بچووکە دەپێتە هاوڕێی نەسیم و بەیەکەوە گەشت دەکەن، چەندین گەشتی دەریایی پڕ لە سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدەن، بەرەو ئاسمان و بۆ لای پەڵە هەورەکان دەڕۆن.
ئەم چیرۆکە مەبەستیەتی پەیامی هاوڕێیەتی دروست و ڕاست بگەیەنێت.
ئەم ناميلكەيە لەلايەن ئاتو سانگاهی شیرازی نووسراوە و فەوزی مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٧ لەدووتوێی بیست و چوار لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

**١٥- تەرەزان**

ئەم ناميلكەيە لە کۆمەڵێک چیرۆک پێکهاتووە، تەرەزان نێوی یەکێک لە چیرۆکەکانە، ئەو چیرۆکانەی لەم ناميلكەيەدا بوونی هەیە، ئەمانەن: "تەرەزان، ئەو چەقەڵەی بوو بە تاوس، هانی و کچی پاشا، نەورەسەکان، ڕێوی کلک سوتاو، زاڵ و سیمرخ، زال و ڕوودابە".

ئەگەرچی ئەم چیرۆکانەم لەنێو کۆمەڵگەی فارسیدا نووسراوە، بەڵام چیرۆکەکان تام و چێژ بە منداڵانی کوردیش دەبەخشێ، چونکە تاڕادەیەک کولتور و فەرهەنگیان لەیەکدییەوە نزیکە. چیرۆکەکان زیاتر ئامۆژگاری ناڕاستەوخۆی لەخۆگرتووە، بۆ پەروەردەی منداڵان بەسوودە.

ئەم بەرهەمە بەزمانی فارسی نووسراوە و فەوزی مەنمی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٨ لەدووتوێی سەد لاپەڕەدا لەلایەن چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا وەشانکراوە.

**١٦- دەمەوێت قسە بکەم**

دەمەوێت قسە بکەم، لە هەشتناملیکەی دەروونناسی جیاجیا پێکهاتووە، کە بۆ کاتی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە خوێندنگە نووسراوە، زیاتر بۆ ئەو کەسانە گرنگن کە مامۆستا و ڕاوێژکارن و سەروکاریان لەگەڵ منداڵاندا هەیە، چارەسەری هەموو گرێ دەروونییەکانی نێو کۆمەڵگە دەکات، دەمەوێت قسە بکەم ئەم نامیلکانەی لەخۆگرتووە (من تورەم، من شەرم دەکەم، من ئیرەی دەبەم، من خەمینم، من و هاورێکانم، من لەگەڵ تۆ جیاوازیم هەیە، من درۆ ناکەم، من دەترسم). لە نامیلکەی (من شەرم دەکەم) کۆمەڵێک پرسیاری جیاواز وروژێندراوە و تێیدا هاتووە

هاورێیان و منالآنی خۆشەویست سڵاو
ئایا تائێستا لە دۆخێکی تایبەتدا شەرمتان کردوە؟
کاتێک شەرم دەکەن چیتان لێ بەسەردێت؟
ئایا بەرامبەرەکەتان لەوە تێدەگەن شەرمتان کردوە؟
چین ئەو شتانەی دەبنە هۆی شەرمنی ئێوە؟
ئایا هەموو کەس لەیەک بارودۆخدا شەرم دەکەن؟
یان هەریەکە و لە شتێکدا و لەدۆخێکدا شەرم دەکات؟
ئایا هەستی شەرمنیتان لە کەسێکی تردا بینیوە؟
ئایا چ کاتێک بەکەسێک دەگوترێت شەرمن؟

پێتان وایە لەگەڵ کەسی شەرمندا چۆن هەڵسوکەوت بکرێت؟
ئایا تائێستا کەسێکتان بینیوە کە شەرم لە ئێوە بکات؟
دواجار، وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدرێتەوە و دەگەنە چارەسەری بن بەست.
نووسەر، دەڵێ: لەبەر دوو هۆکار ئەم بابەتانەم هەڵبژارد، یەکەم: لەلای ئێمە ئەم جۆرە نووسراوانە بۆ مێردمندالآن کەمە، هەوڵیشمداوە بابەتەکان لە فەرهەنگی کوردەواری خۆماڵی نزیک بکەمەوە. دووەم: ناوەڕۆکەکەی گشتگیرە و تایبەتە بەهەموو ماڵ و خانەوادەیەک.
ئەم نامیلکانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و فەوزییە مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. هەریەک لەو هەشت نامیلکەی نێو دەمەوێت قسەبکەم، لە سی لاپەڕەدا پێکهاتووە، ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**١٧- فریشتە ئاواز دەگەڕێتەوە**

فریشتە ئاواز دەگێڕێتەوە، نامیلکەیەکە دوو نامیلکەی لەخۆگرتووە و بۆ مندالآنی سەرووی تەمەن دوازدە ساڵ نووسراوە.
نامیلکەکە زیاتر فێرکارییە، باس لە نۆتەکانی مۆسیقا دەکات، دانە دانە نۆتەکان بە زمانێکی زۆر سادە و ئاسان و ڕەوان بە مندالآن دەناسێنێ و نۆتەکانیان فێر دەکا، ئەم فێرکارییە لەڕێگەی گێڕانەوەی پڕ لە ئەندێشەی فراوانەوە باسکراوە.
ئەم نامیلکە فێرکارییە بە پەڕەی ڕەنگا و ڕەنگ چاپکراوە، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی مندالآن ڕاکێشێ و ئارەزووی فێربوونیان زیاد بکات.
ئەم نامیلکەیە لەلایەن مهیار ئەفشار نووسراوە و فەوزی مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١١ لەدووتوێی چل لاپەڕەدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی مندالآن-هەولێر هەزار دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**ئینیسکلۆپیدیای زانستی**

ئینیسکلۆپیدیای زانستی، لە سی و پێنج بابەتی زانستی پێکهاتووە، کە بۆ منداڵان پڕ زانیاری و بەسوودە، نامیلکەکان بە سەرەبابەتی ئینیسکلۆپیدیای زانستی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکان دەست پێدەکات، ناوی نامیلکەکان ئەمانەن:

**١٨- جیهان**

**١٩- هەسارەی زەوی**

**٢٠- دەریا و ئۆقیانوسەکان**

**٢١- ڕووەکەکان**

**٢٢- گیانلەبەران**

**٢٣- بێچووی گیانلەبەران**

**٢٤- مێرووەکان**

**٢٥- لەناوچونی نەژادی گیانلەبەران**

**٢٦- جەستەی مرۆڤ**

**٢٧- زانست و ئەزموون**

**٢٨- کارگە و تەلارەکان**

**٢٩- پێش مێژوو**

**٣٠- دایناسۆرەکان**

**٣١- خشۆکەکان**

**٣٢- ئەسپەکان**

**٣٣- یابانەکان**

**٣٤- کات و وەرزەکان**

**٣٥- چیاکان**

**٣٦- داهێنانەکان**

**٣٧- گواستنەوە و گەیاندن**

**٣٨- مرۆڤ و وڵاتەکان**

**٣٩- ئەشکەوتەکان**

**٤٠- پەیوەندییەکان**
**٤١- دارستانەکان**
**٤٢- تورەبوونی سروشت**
**٤٣- گیانلەبەرانی دەریا**
**٤٤- دۆزەرەوەکان**
**٤٥- ئێرانی کۆن**
**٤٦- ڕۆمانی کۆن**
**٤٧- میسری کۆن**
**٤٨- یۆنانی کۆن**
**٤٩- باڵندەکان**
**٥٠- پێنج هەستەکەی مرۆڤ**
**٥١- سروشت لەبەرامبەر مەترسیدا**
**٥٢- ژیانی گیانلەبەران**

وەرگێڕ لەبارەی ئەم نامیلکانەوە دەڵێ: نزیکەی دە ساڵە لە بەشی خوێندنەوەی منداڵان و چالاکی منداڵان کارم کردووە، لە نزیکەوە ئاگادارم و دەزانم منداڵان چ بابەتێکیان پێویستە و داوای چیان کردووە، لەبەرئەوە ئەم بابەتانەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی منداڵان پڕ بکەمەوە.

هەریەک لەو نامیلکانە نێو ئینیسکلۆپیدیای زانستی، لە سی و یەک لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن چەند نووسەرێکی ئەوروپییەوە نووسراوە و فەوزییە مەنمی لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٣ بەشێک لە گۆڤارەکان لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە چوارچرا بە تیراژی دوو هەزار دانە بڵاوکرایەوە و بەشێکی دیکەیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

# زارا ستاوەند



**زارا ستاوەند**

زارا ستاوەند، ناسراو بە گوڵاڵە، ساڵی ١٩٧٤ لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئورمیە وەرگرتووە. پازدە ساڵە مژیلی وێنەکێشانە و بە دروستکردنی وێنەی کلاسیکی دەستی بە تابلۆ کێشان کردووە، لەماوەی ژیانیدا چەندین پێشانگای بۆ تابلۆ کلاسیکی و مۆدێرنەکانی کردۆتەوە، بۆ وێنە: (پێشانگا لە هەولێر، پێشانگا لە ماکۆ، پێشانگا لە مهاباد، چەندین پێشانگای جیاجیا لە ورمێ)، هەروەها وێنەی بۆ شەش کتێبی منداڵان کێشاوە.

گوڵاڵە، ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٧ ئەندامی هیلال ئەحمەر بووە، ئەندامی تەعاونی ژینگە پارێزی مەهاباد بووە و نوێنەری ئەو ڕێکخراوە بووە لە ورمێ، دامەزرێنەری ڕێکخراوی سەوزبیرانی مەهابادە، دەستەی نووسەرانەی گۆڤاری (بەیان)ە لەبەشی منداڵان. گوڵاڵە، خەڵات و ڕێزلێنانی فێرگەی هونەرهای تەجەوسوومی بۆ فێرکاری هونەرە جوانەکان پێبەخشراوە، هاوکات وەکوو خانمی چالاک و نموونە بانگهێشتی پارێزگای ورمێ کراوە.

ستاوەند، پۆستەرێکی کوردستانی لەسەر قاشی زێڕ و زیوی خڕخاڵ و بەرمووری کۆنی کوردەواری و سەرپۆلەی مێخەک بەند دروستکردووە، دەخوازێ لەداهاتوودا ببێتە پۆستەری گەورە بۆ کورد و کوردستان. ئەو پۆستێرە لە قاشێک و چوار پەڕەنگی گرێدراوی قاشەکە پێکهاتووە، پەڕەنگەکان پیتی (ئـ ئـ تـ سـ) بە پیتی ئینگلیزی لەسەرە، بەمانای چوار پارچەی کوردستانی "ئێران، ئێراق، تورکیا،

سوریا" دێ. لەنێوەڕاستی قاشەکەدا، ڕۆژێکی زەرد هەیە و پیتی (ک)ی لەنێودایە، بە مانای کوردستان، دواجار چوار پارچەی کوردستانی سەر پەڕەنگەکان، بەستراوە بە کوردستانی گەورەی قاشەکە لەنێو ڕووناکی خۆردا.

ئەو نووسەرە مەهابادییە ئەم بەرهەمانەی هەیە (هۆنراوە بۆ منداڵان، خۆشەویستم گیان لەبەران جوان بناسنە، نمە نمەی باران، مەترونجە، پیلان، کەری نەزان، باخچەی گوڵ و ڕێحانە، تابلۆی مۆدێرنە، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، شیعر بۆ منداڵان).

**<u>نووسین</u>**

**١- هۆنراوە بۆ منداڵان- دایە**

ئەم نامیلکە شیعرییە لەلایە زارا ستاوەند (گوڵاڵە) بۆ منداڵان نووسراوە و ژمارەیەک شیعری تێدایە و وێنەکانیش لەلایەن خوودی شاعیرەوە کێشراوە و دانراوە، لە شیعرێکدا دەڵێ:

دەڵێ هەستە بەیانە
هەتاو لەژوور میوانە
ڕۆژی نوێ چاوەڕوانە
بڕۆن بۆ قوتابخانە
جوان دەم و چاوتان بشۆن
تێر نان و چاتان بخۆن
پۆشکای جوان بپۆشن
نازتان بەمن بفرۆشن

ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠٠٧ لە باشووری کوردستان لەدووتوێی ١٢ لاپەڕە پێنج سەد دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٢- خۆشەویستم گیان لەبەران جوان بناسنە**

سەفەرێک بۆ دونیای پڕ لە جوانی بوونەوەران، ئەم نامیلکە شیعرییەی زارا ستاوەند بۆ منداڵان نووسراوە و ژمارەیەک چیرۆکە شیعری تێدایە و وێنەکانیش لەلایەن خوودی شاعیرەوە کێشراوە و دانراوە، لە شیعری (تاوس)دا دەڵێ:

ئەو مەلە شۆخ و شەنگە
پەڕ و باڵی سەد ڕەنگە
چاو لێکە تاجی سەری
بۆمان دەکا دڵبەری
بەلەنجە و لار و نازە
داخەکەم بێ ئاوازە

ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠٠٨ لەدووتوێی ٣١ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٣- نمە نمەی باران**

ئەم نامیلکە شیعرییەی زارا ستاوەند بۆ منداڵان نووسراوە و ژمارەیەک شیعری لەخۆگرتووە، شاعیر لە شیعری (نمە نمەی باران)دا دەڵێ:

تک تک، تک تک، باران، باران
هەستی جوانی ئەوین داران
دونیا جوانەکاتی باران
یارەبی بباریێ باران
خۆ حەشار دەدەن چۆلەکان
لەبن گەڵا و چڵی داران

ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠٠٨ لەدووتوێی ١٦ لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٤- مەترونجە**

ئەمناميلكە شيعرييە، وێنەكانی لەلايەن ڕێبين سامانی بۆ كێشراوە و دەيان شيعری منداڵانی لەخۆگرتووە، شاعير لە شيعرێكدا دەڵێ:

حلوور بلوور تەكاشە
كەوسی پياوان كەڵاشە
سووک و فێنک و جوانە
كەڵاشی هەورامانە
كەواپاتۆڵ مرادخانی
رانک و چۆغە و سۆرانی
پشتوێن واڵی گرێچن
بزانە چەند شۆخ دەبن.

ئەم ناميلكەيە ساڵی ٢٠٠٩ لەلايەن بڵاوكراوەی تاران لەدووتوێی ١٢ لاپەڕە دوو هەزار دوو سەد دانەی لێ بڵاوكرايەوە.

**٥- پيلان**

ئەم ناميلكە شيعرييە لەلايە زارا ستاوەند بۆ منداڵان نووسراوە و ژمارەيەک شيعری تێدايە و وێنەكانيش لەلايەن خوودی شاعيرەوە كێشراوە و دانراوە، ناوبراو لە شيعرێكدا دەڵێ:

ڕۆژێک كوڕێكی لاواز
هاوڕێی ڕێوێكی فێڵباز
دەڕۆيشتن بە ڕێدا
بە بەر تاو و نيسێدا
بەڵكو شتێک گير كەوێ
مشكێ يا بێچوو كەوێ
بێچوو چركێ مارمێلكێک

یان لە بن پووشیٚ هێلکێک

ئەمناملکەیە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بڵاوکراوەی ئورمیە لەدووتوێی ١٥ لاپەڕە پێنج هەزار دانەی لیٚ بڵاوکرایەوە.

**٦- کەری نەزان**

ئەم ناملکە شیعرییە لەلایە زارا ستاوەند (گولاڵە) بۆ منداڵان نووسراوە و ژمارەیەک چیرۆکە شیعری تێدایە و وێنەکانیش لەلایەن خوودی شاعیرەوە کێشراوە و دانراوە، لە شیعری (کەری نەزان)دا دەڵیٚ:

ڕۆژیٚ لە ڕۆژگاران

لەگوندیٚ دوور لە شاران

دەژیا کەرێکی گویٚ قیت

کلک درێژ و چاو زیت

ئەم ناملکەیە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بڵاوکراوەی ئورمیە لەدووتوێی ٢٣ لاپەڕە پێنج هەزار دانەی لیٚ بڵاوکرایەوە.

**٧- باخچەی گوڵ و ڕێحانە**

ئەم ناملکە شیعرییەی زارا ستاوەند، کە بۆ منداڵانی نووسیوە ژمارەیەک شیعری تێدایە و وێنەکانیش لەلایەن خوودی شاعیرەوە کێشراوە و دانراوە، لە شیعری (خواردنی بەسوود)دا دەڵیٚ:

حلوور بلوور تەک و تووک

لەجێی چیپس و برێشتووک

بخۆ نۆکە فەریکە

توو، هەر تۆوی کوولەکە

پستە و بادامی داری

برێشکە یان سەرداری

ئەم نامیلکەیە، سیدییەکیشی بۆ منداڵان لەگەڵدایە و خوودی نووسەر خوێندۆتییەوە، ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن بڵاوکراوەی سنە لەدووتوێی ٣٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٨- کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان**

ئەم نامیلکەیە دە کورتە چیرۆکی لە خۆگرتووە، وێنەی چیرۆکەکان لەلایەن نووسەرەوە کێشراوە. چیرۆکەکانی نێو ئەو نامیلکەیە بۆ مێردمنداڵان نووسراوە و باسی (سەرهەڵدان، سەبووری، ئەو شتانەی بەهایان هەیە و بە ئەستەم وەچنگ دەکەن...) دەکات. نووسەر، ئەزموونی ژیانی خۆی و دەوروبەری لەبارەی منداڵانەوە باسکردووە و ڕێنموویی منداڵان دەکا بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان ڕێگا و ژیانی داهاتوویان دەست نیشان بکەن.
ئەم نامیلکە ئامادەی چاپکردنە.

**٩- تابلۆی مۆدێرنە**

ئەم بەرهەمە ٤٢ تابلۆی مۆدێرنەی ستاوەندی لەخۆگرتووە، کە نزیکەی حەوت ساڵە دەستیکردووە بە کێشانی تابلۆی مۆدێرنە (هونەری مانادار)، بەشێک لەو تابلۆیانەی لە پێشانگاکانی مەهاباد و ورمێ نمایش کردووە. ئەو تابلۆیانە ناویان نییە، چونکە سروشتی تابلۆی مۆدێرنە وایە، پێویستە بینەر لەدید و ڕوانینی خۆی ناو لە تابلۆکان بنێ.
ئەم بەرهەمە ئامادەی چاپکردنە.

**١٠- شیعر بۆ منداڵان**

ئەم نامیلکە شیعرییە دە شیعری لە خۆگرتووە، بۆ نموونە شیعری (فەڕش، بێ خێ، پەپوولە، مار، تووتی) تێدایە، شاعیر لە شیعری (تووتی)دا دەڵێ:

تووتی
تووتێکم هەبوو
چوو بۆ ئاسمان
چەرخی لێدەدا
لەنێو هەرورەکان
خۆم ئازادم کرد
دامە دەستی با
بە کەیف و شاد بوو
لێی دەدا قاقا
ئەم نامیلکە شیعرییە ئامادەی چاپکردنە.

# شیلان گەیلانی



**شیلان گەیلانی**

ئامینە گەویلی، ناسراو بە شیلان گەیلانی ساڵی ١٩٥٣ لە سنە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی وەفایی سنە خوێندووە. ساڵی ١٩٧٦ ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان تێکەڵی دونیای ئەدەب و خوێندنەوە دەبێ، ساڵی ١٩٨٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەرەو ئەراکا جێهێشتووە، لەدوای پێنج ساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان. شیلان گەیلانی ساڵی ١٩٩٩ یەکەمین خولی وانەی کوردی لە ڕۆژهەڵات دامەزراندووە، ماوەیەک وانەی ڕێنووسی کوردی وتۆتەوە، لەماوەی ژیانیدا چەندین وتار و بابەتی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەماوەی نێوان ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣ سەد و پەنجا چیرۆکی بۆ بەشی پەڕەی مندااڵنی ڕۆژنامەی هەولێر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ماوەی سێ ساڵ بەڕێوەبەری بەشی پەڕەی مندااڵنی ڕۆژنامەی هەولێر بووە، بیست و چوار وتاری کۆمەڵایەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

گەیلانی ساڵی ١٣٥٧ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی ژنانی مەریوان بووە، لەماوەی ژیانیدا چەندین خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامەی پێشکەش کراوە، بۆ وێنە خەڵاتی دەنگی ژن لە پێشکەوتنی فەرهەنگیی کوردستاندا، خەڵاتی شاعیری بەناوبانگی کورد مەستوورەی ئەردەڵانی، خەڵاتی دراوی زێڕ بۆ پێشبڕکێ ڤستیڤاڵی ساڵانەی شیعری کوردستان لە کامیاران، خەڵاتی ڕێزلێنانی نووسەری خۆبەخشی بڵاوگەی نەخۆشییە شەکرییەکان، خەلاتی ڕێزلێنان بۆ نووسینی شانۆی ئۆلۆمپیادی گیانداران لە هەولێر، خەڵاتی فەرهەنگی پێبەخشراوە.

گـەیلانی ئـەم بەرهەمانـەی نووسـیوە (بیـرەوەری گـەڵاکان، شـوێنەکان، ئۆلـەمپیادی گیانـداران، فریشـتەی دیـان، پیشـەکان، ماشـێنەکان، بـێ سـەرمیچ، دیارییـەکان دایـە، ماسـیخۆرەی داوبـاز، ژنـانی نـاوداری کوردستان).

**نووسین**

**١- بیرەوەری گەڵاکان**

بیـرەوەری گـەڵاکان، وتـووێژی نێـوان گـەڵا جیاجیاکـانی لـەخۆگرتووە، لەشـوێنێکدا گـەڵای غـەریب و گـەڵای هەشـت پەنجـە بەمشـێوەیە قسەدەکەن.

گەڵای غەریب: سڵاو براینە، خوشکینە ماندوو نەبن، من چاک ماندووم زۆر دەمێکە بە ڕێگەوەم با لـە تـووش نـەوزەرەوە تـاکوو سـپیدار هـەڵی بڕیم، هێندەی سزا دام وەک ئاسکۆڵەیێک بەرر پـەلاماری شـێر کـەوتبێ، هەموو گیانم بریندارە، بەڵکو لەم باخی گشتییەدا وازم لێ بێنـێ ئـەی تۆ گەڵای هەشت پەنجە لەکوێوە هاتووی؟

گەڵای هەشت پەنجە: من ئەڵێی؟ کورە باسی من هـەر مەکە، دوێنـێ کـە لە ناکاو دەمم لکا بەم زەویە سارد و سڕەدا زەنـەقم چـوو. دایکم نێوی سپیدارە نازناوی هـەشت پەنجەیە، تـا دوێنـێ خـۆم لکانـدبووە ملییـەوە و جارجـار جووڵـەیێکم ئـەکرد، زۆرم خـەو دەهـات لـەناکاو چۆلەکـەیێ لـە تـرس واشـەیێک کـە ڕاوی نـابوو خزایـە باوەشـی منـی بێچـارە، هـەر ئەوەنەم توانین هاوارم کرد، دایکە گیان.. ئیتـر نـەمزانی شـەوە یا ڕۆژە، درام بە زەویدا خوا ڕەحمی کرد ملم نەشکا خۆ بای زەلان واز ناهێنێ.

ئـەم نامیلکەیـە لەلایـەن شـیلان گـەیلانی نووسـراوە و حەمیـد فـەتتاحی وێنەی بۆ کێشاوە، ساڵی ٢٠٠٢ لەدووتوێی بیست و سێ لاپەڕە لە سنە بڵاوکرایەوە.

### ٢- شوێنەکان

شوێنەکان، کۆمەڵە شیعرێکی شیلان گەیلانی لەخۆگرتووە. شاعیر، لە شیعری (من کێم)دا دەڵێ:

من کێم؟ جوان و قەشەنگم
گەورەم و ڕەنگاو ڕەنگم
سەوزم پڕ لە چیمەنم
جوانە دەشت و دیمەنم
حەوزەکەم پڕ لە ئاوە
بەنێو بانگم لەو ناوە
ئاوەکەم بە فەوارە
بەرزە هەتا ئێوارە
پڕ هەتاو و سێبەرم
دێن بۆ لام نەرمە نەرمە
جێگای یاری و وەرزشم
شوێنی خۆشی گەردەشم
دڵخۆش و میهرەبانم

ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدووتوێی دوازدە لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

### ٣- ئۆلەمپیادی گیانداران

ئەم بەرهەمە شانۆییە بۆ منداڵان و تازە لاوان نووسراوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەدەبیاتی منداڵان لقێ ناسکە لە درەختی چڕ و پڕی ئەدەبیات، کە بەداخەوە لە لایەن نووسەرانەوە بایەخی ئەوتۆی پێ نادرێ، ئەو هەوڵەش کە دراوە بەرتەسک و کەم خایەنە. نووسین بۆ منداڵان، گەلێک زەحمەتە و بەرپرسیارییەتی نووسەر زۆر گرنگە.

زۆرجار نووسەر وای زانیوە چونکە خوێنەرەکەی منداڵێکی ساکارە، کەوایە دەتوانێ زۆر سانا بنووسێت، وەک ئەوەیە کە نووسەر نەزانانە بەدەم شەپۆلی دەریاییکی نامۆ یاری و مەلە بکات و پاش ماوەیێ بەبێ ئامانج بگەڕێتەوە. لەحالێکدا پسپۆڕانی پەروەردە و پێداکوژی هێشتا بە تەواوی دنیای منداڵیان نەناسیووە، چونکە دنیای منداڵ پڕ سەیر و سەمەرەتر لەوەیە کە لە پێش چاو ئێمەدایە. ئەگەر نووسەری منداڵ وێنەیەک لە دنیای پڕ ڕەمزی و ڕازی منداڵ بخولقێنێ، هێشتا لایەپەڕەیەک لە فەتنازیا و واقیعی منداڵی خستۆتە ئاراوە.
ئەم بەرهەمە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس لەدووتوێی ١١٠ لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٤- فریشتەی دیان**

فریشتەی دیان، بەرهەمێکی شیعرییە و کۆمەڵێک شیعری جیاوازی پەروەردەیی منداڵانی لەخۆگرتووە. شاعیر لە (چیرۆکی من و هەڵاڵە)دا دەڵێ:

چوومە باخچەی منداڵان
بەیانیێ بۆ سەردان
دەنگی قاقا و پێکەنین
بردمیە دۆخی شیرین
گۆنا سوور وەک هەلامە
بۆن خۆش بوون وەک شەمامە
نە زیز بوون بوو، نە زاری
پێکەنین بوو دەباری
ناکاو لە پشت سەرمەوە
دەنگێک هات بە شەرمەوە

چاوێکی پڕ لە ئەسرین
بەجێی بزە و پێکەنین
شیلان گەیلانی ئەم بەرهەی نووسیوە و شیوا شکووهی وێنەی بۆ کێشاوە، ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن ناوەندی تاڤگەی سنە لەدووتوێی شازدە لاپەڕە پێنج هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٥- پیشەکان**

پیشەکان، ژمارەیەک شیعری منداڵانی لەخۆگرتووە، کە بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی سەرنج ڕاکێش بڵاوکراوەتەوە. شیعرەکان زیاتر باس لە پیشە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەکات، شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێ:
من کێم پیشەم کامەیە
میوەگەل جوانم هەیە
هەم ترێ و هەم هەناری سوور
هێناومە لە باخێ دوور
نارەنگیم هەیە جار جار
پرتەقاڵ دێنم بەبار
خەیار دێنم بۆ ئێوە
ناسکە بیخۆن بەپێوە
حەمەی هەرمێ فرۆشم
دەسماڵێ لەسەر کۆشم
ئەم بەرهەمە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان لەدووتوێی دە لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٦- ماشێنەکان**

نامیلکەی ماشێنەکان ژمارەیەک شیعری منداڵانی پەروەردەیی لەخۆگرتووە، کە بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی سەرنج ڕاکێش بڵاوکراوەتەوە، شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێ:

لاچن ئادەی خەبەر دار
ژووریک و تەخت و بیمار
کەوانی مانگ لە شانم
هەموو شوێنی دەزانم
لەڕێگای نەخۆشخانە
کارەکەم فراوانە
لە هەرکوێ جێ خەتەرە
دڵم لێی بەخەبەرە
بە ئاژیر و دەنگە دەنگ
هەڵدێم نەکەومە درەنگ

ئەم نامیلکەیە لەلایەن ئاری لەتیف وێنەی بۆ کێشراوە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان لەدووتوێی شازدە لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٧- بێ سرمیچ**

ئەم بەرهەمە کۆمەڵێک شیعری بۆ گەورە ساڵان لەخۆگرتووە، شیعرەکان شیعری فێرکاری و ناساندنی دەوروبەرە بە منداڵان، بۆ نموونە لە شیعری (ماسی)دا دەڵێ:

ماسی گیان
زەریا لەبیربکە
تا دەم هەڵبڕی

قولابەکان
لە خاچت دەدەن
دەترسم
دەترسم ڕۆژێ حەسرەتی ئەم ڕووبارە
لەسەر دڵتا قەتیس ببێ

ئــەم بەرهەمــە ســاڵی ٢٠١٠ لەلایــەن چاپخانــەی ڕۆشــنبیری هــەولێر لەدووتوێی هەشتا و هەشت لاپەڕە بڵاوکرایەوە.

**٨- ماسیخۆرەی داوباز**

ئەم چیرۆکی منداڵانە لەشێوەی شیعر نووسراوە، نووسەر لـە پێشـەکیدا دەڵـێ: "ڕۆڵـەکانم تکاتـان لێدەکـەم زمـانی دایکـی بپـارێزن و لـە مـەرگ ڕزگـاری بکـەن، خـوای مـەزن لـە قورئانـدا فەرموویـەتی زمـان یـەکێ لـە نیشانەکانی منە و کەس حەقی نییە فەرق و جیاوازی بخـات و گاڵتـە بـە شێوەزارەکانی تر بکات". شاعیر، لە (ماسیخۆرە)دا دەڵێ:

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو
گەورەتر لەو کەسێ نەبوو
ڕۆخانەیک بوو لە دوورەوەو
ماسیخوەرێک لەو ژوورەوەو
بەینێ هەر ڕاوی نەبوو
لاواز و مردارەو بوو
لەبەر خویەوە بۆڵەبۆڵ
ئەیوت کوانێ نەرم و نۆڵ
چەبکەم ئاهم چنیاگە
هێز لە پاما ئەماگە

شیلان گەیلانی ئەم بەرهەمەی نووسیوە و گولاڵە ناسری وێنەی بۆ کێشاوە، ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی گوتار لەدووتوێی دوازدە لاپەڕە پێنج هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**٩- دیارییەکان دایە**

نامیلکەیەکی شیعرییە، کۆمەڵێک شیعری جیاجیا لەخۆگرتووە، لەوانە: (بۆ خاوێنی وڵات،
شارەدارم، من ئاگر کوژێنم، دەستکردنی شاری خۆمان بکڕین، چوار ڕیان)، شاعیر لە شیعری (شاری سنە)دا دەڵێ:

کوردستانەکەم
گۆرانێی منە
جوانترین شارە
شارەکەم سنە
کێوی ئاویەر و
گوڵزاری مەسناو
زۆر بێوێنەیە
بینینی بە چاو
دیارییەکەی
کونجی گەزۆیە
شیرین و خۆشە
پێشکەش بە تۆیە

شیلان گەیلانی ئەم بەرهەمەی نووسیوە و شیوا شکووهی وێنەی بۆ کێشاوە، ساڵی ٢٠١٦ لەلایەن ناوەندی کانی کتێبی سنە لەدووتوێی دوازدە لاپەڕە هەزار دانەی لێ بڵاوکرایەوە.

**١٠- ژنانی ناوداری کوردستان**

لە کۆنەوە تا ئێستا

شیلان گەیلانی لەم کتێبەدا هەوڵیداوە ژیاننامەی سەرجەم ژنە نووسەر و دیارەکانی کوردستان بنووسێتەوە، لە خانزادی میری سۆران و مەستوورەی ئەردەلانییەوە دەستی پێکردووە و ژنە دیار و بەرچاوەکانی پارچەکانی کوردستانی لەخۆگرتووە. گەیلانی باسی ٦٧٠ ژنی کوردی کردووە.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "ژن، سەرەڕای ئەوەی نیوەی کۆمەڵە، دایکی نیوەکەی تریشە، لەو کاتەوە ژنسالاری لەمێژوودا بنەبڕکرا، دنیا هەر بەرەو نەهات و نەهاتی ڕۆیشتووە و کولتور و هزری پیاوانە بووەتە پێوانەی ژیانی هەموو مرۆڤ. بەڵام، لەنێو ئەم کوولتوورەش تاڕادەیێک تروسکایی شۆڵەی ژنیش بە بیرێکی پیاوانە جیهانیان شرۆڤە کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوە قەڵەمی ژنانی مێژووش گەورەترین سەرچاوەیە بۆ تێگەیشتن لە دنیای ژنانەی ژیانی جیهان".

ئەم بەرهەمەی نووسەر ئامادەی چاپکردنە.

کۆتایی